هەرێمی کوردستان- عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاوتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر

# پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا

نامەیەکە
پێشکەش کراوە بە ئە نجوومەنی کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
بەشێکە لە پێویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن
هەڵمەت سەردار عومەر - بەکالۆریۆس زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ٢٠٠٧

بەسەرپەرشتی
پ . د . یوسف شەریف سەعید

جۆزەردان ٢٧١٣ کوردی     رەجەب ١٤٣٤ کۆچی     حوزەیران ٢٠١٣ زایینی

بسم الله الرحمن الرحيم

الْيَوْمَ نَخْتِمُ عَلَى أَفْوَاهِهِمْ وَتُكَلِّمُنَا أَيْدِيهِمْ وَتَشْهَدُ أَرْجُلُهُمْ بِمَا كَانُوا يَكْسِبُونَ .

[ يس : ٦٥ ]

# ڕاپۆرتی سەرپەشت

ئەم نامەیە بە ناونیشانی ( پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا ) بە سەرپەرشتی من لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین/ هەولێر ئامادەکراوە ، بە شێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا .

ناو: پ . د . یوسف شریف سعید
سەرپەرشت
مێژوو : / / ٢٠١٣

بە پێی پێشنیازی سەرپەرشت ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن دەکەم .

ناو : د.جبار أحمد حسين
سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا
لە بەشی زمانی کوردی
مێژوو : / / ٢٠١٣

## ڕاپۆرتی لیژنەی گفتوگۆکردن

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن ، ئەم نامەیەمان خوێندەوە ، بە ناونیشانی ( پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا ) ، کە لەلایەن قوتابی ( هەڵمەت سەردار عومەر ) ئامادەکرابوو، لەگەڵ قوتابییەکە گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆك و لایەنەکانی تری کردوو بریارماندا ، شایەنی ئەوەیە بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێ بدرێت .

ناو : پ . ی . د . قیس کاکل توفیق
سەرۆکی لیژنە
مێژوو :    /    / ٢٠١٣

ناو: پ . ی . د . عبدالوهاب خالد موسی
ئەندام
مێژوو :    /    / ٢٠١٣

ناو : د . رحیم قادر سورخی
ئەندام
مێژوو :    /    / ٢٠١٣

ناو : پ . د . یوسف شریف سعید
ئەندام و سەرپەرشت
مێژوو :    /    / ٢٠١٣

لەلایەن ئەنجوومەنی کۆلێژی زمانەوە پەسەند کرا .

ناو : پ . ی . د . شادان جمیل عباس
ڕاگری کۆلێژی زمان بە وەکالەت/ زانکۆی سەلاحەددین
مێژوو :    /    / ٢٠١٣

# پوختەی نامە

مرۆڤ وەك دروستكراوێكی بەرجەستەكراو خاوەنی جەستەیەكە لەگەڵی لە دایك دەبێت و دەژی و دەمرێت هەر بە هۆی لەشی تێكەڵ بە جیهان دەبێت و هەڵسوكەوت لەگەڵ دەوروبەری دەكات ، ئەم لەشەی مرۆڤ لە چەندین بەشی جۆراوجۆر پێكهاتووە ، بە گوێرەی هەر زمانێك ناو لەو پێكهاتەو ئەندامانە نراوە وەك نزیكترین ناونراو لە خودی مرۆڤەكان خۆیان ، لەناو ئەو زمانانەی سەر بە هەمان خێزانن لەگەڵ زمانی كوردی و لە زارو شێوەزارەكانی زمانی كوردیدا لێكچوون و جیاوازی گەورە لە نێوانیاندا دەبینرێت ، كە ئەم لێكچوون و جیاوازیانە نەبۆتە رێگر لەبەردەم بەشداریان لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا ، بەڵكو لەهەندێك باردا دەبن بە تەواوكەری یەكتر ، كە دەتوانرێت بەشێكیان بە یاسا دەنگییەكان لێك بدرێنەوە . سەرەڕای دروستكردنی لێڵی لە فەرهەنگ ، ناوی ئەم پێكهاتانە چەندین پەیوەندی واتایی فەرهەنگییان لە نێواندا هەیە ، و لەم توێژینەوە تیشكیان خراوەتەسەر .

ناوی ئەم پێكهاتانە بەرێگاو چەشنی هەمەرەنگ ڕۆڵی گرنگیان هەیە لە زمان بەگشتی و لەبەرهەمهێنان لە فەرهەنگ بەتایبەتی ، ئەم ناوانە وەكو خۆیان ، یان لە چوارچێوەی یەكەی فەرهەنگی تر بەسوود وەرگرتن لە ڕێگاكانی بەرهەمهێنان لە زماندا كاریگەری پڕبایەخ و بەرچاویان هەیە لە گەشەپێدان و دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ و ناتوانرێت ڕۆڵیان فەرامۆش و كاریگەریان پشتگوێ بخرێت . بۆ پێشاندانی ڕێگاكانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی سوود لە دابەشكردنی (جان تۆرنییە) وەرگیراوە بە كەرستەی ناوی پێكهاتەكانە لەش ، دواتر بە خستنە رووی ئاماری چەند فەرهەنگێكی گشتی و تایبەتمەند و هێنانەوەی چەند تێكستێك رادەی كاریگەری ناوی ئەو پێكهاتانە روون كراوەتەوە ، ئەمەش بۆ زیاتر پاڵپشتی كردنی توێژینەوەكەمان و زیاتر دەرخستنی بەرهەمدارییان لە زماندا .

# پێشکەشە بە

- گیانی باوکـــــم ،

دایکـــــــــــــــــــــم ،

براکانم ،

خوشك و براژنەکەم .

- بەو مامۆستایەی یەکەم پیتەکانی پێناساندم و دەرگای زانیاری بە ڕوومدا کردەوە ، ئەوانەش ، کە وشەیەکیان لێوە فێربووم ، و دەبم .

- سەرجەم هاوڕێیانی تەمەنم .

- تۆش کە دەیخوێنیتەوە .

# ناوەڕۆک

# ناوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| هێماكان ، ناوە كورتكراوەكانی زار و شێوەزار و شارو شارۆچكەو هۆزەكانی ناو فەرهەنگی كوردستان | VIII |
| زاراوەكان | IX |
| لیستی ناو و لاپەڕەی خشتەو نەخشە ڕوونكاری و هێڵكارییەكان | X |
| پێشەكی | XII-XI |
| **بەشی یەكەم : یەكە فەرهەنگییەكانی لەش و پۆلینی پێكهاتەكان** | |
| ( ١/١) وشەی پێكهاتەكانی لەش | ١ |
| ( ١/١- ١) ڕەچەڵەكی وشەی پێكهاتەكانی لەش | ١ |
| ( ١/١-٢) بنەڕەتی و گشتی لە فەرهەنگدا | ٧ |
| ( ١/١-٣) چالاكی و سستی لە بەكارهێنان | ٧ |
| ( ١/١-٤) كۆمەڵەی كراوە و داخراو | ٨ |
| ( ١/١-٥) تاریك و ڕوونی وشە | ٨ |
| ( ١/١-٦) واتاو چەمكی وشەی پێكهاتەكانی لەش | ٨ - ١٠ |
| ( ١/١-٧) جیاوازی و هاوبەشی لە ناوی پێكهاتەكانی لەشی مرۆڤ و گیاندارانی تر | ١٠-١١ |
| ( ٢/١) فەرهەنگی پێكهاتەكانی لەش و پۆلێنی پێكهاتەكان لە ڕووی شوێن ، و بوون | ١٢ |
| (٢/١-١ ) پێكهاتەی بەرجەستە | ١٢ |
| ( ٢/١-١-١) پێكهاتەی دەرەوە | ١٢تا ٢٥ |
| ( ٢/١-١-٢) پێكهاتەی ناوەوە | ٢٥ - ٣٦ |
| ( ٢/١-١-٣) پێكهاتەی ناوەند | ٣٧ -٣٩ |
| ( ٢/١-١-٤) پێكهاتەی دەنگی | ٣٩-٤١ |
| (٢/١-٢) پێكهاتەی نابەرجەستە | ٤١ |
| **بەشی دووەم : پێكهاتەكانی لەش و ئاستەكانی زمان** | |
| ( ١/٢) ئاستی دەنگسازی | ٤٢ |
| (١/٢-١) فۆنیمە ناكەرتییەكان | ٤٢ |
| (١/٢-١-١) هێز | ٤٢ |
| ( ١/٢-٢) پێكهاتەكانی لەش و یاسا فۆنۆلۆجییەكان | ٤٣ |
| (١/٢-٢-١) لێكچواندن | ٤٤ |
| (١/٢-٢-٢) لەناوچوونی دەنگ | ٤٦-٤٧ |
| (١/٢-٢-٣) جێگۆركێی ، و هەڵگەرانەوەی دەنگ | ٤٨ |
| (١/٢-٢-٤) دەنگگۆركێ | ٤٩- ٥٣ |
| (١/٢-٢-٥) گونجان و نەگونجان | ٥٣ -٥٥ |
| (٢/٢) ئاستی وشەسازی | ٥٦ |
| (٢/٢-١) پێكهاتەكانی لەش لە ڕووی ناوەڕۆك | ٥٦ |
| (٢/٢-٢) پێكهاتەكانی لەش لە ڕووی ڕۆنان | ٥٧ |

| | |
|---|---|
| (٣/٢) واتاسازی وشەی پێکهاتەکانی لەش | ٥٨ |
| (٢/٣-١) لێڵی واتای وشە لەناوی پێکهاتەی لەش | ٥٨ |
| (٢/٣-١-١) فرە واتا | ٥٩ |
| (٢/٣-١-٢) هاوبێژی | ٦٠ |
| (٢/٣-٢) پەیوەندییە واتاییەکان | ٦١ |
| (٢/٣-٢-١) پەیوەندی جێنشینی | ٦١ |
| (٢/٣-٢-١-١) هاوواتا | ٦٢ |
| (٢/٣-٢-١-٢) داپۆشین | ٦٧ |
| (٢/٣-٢-١-٣) بەش لە گشت | ٦٩ |
| (٢/٣-٢-١-٤) جیاوازی | ٧٠ |
| (٢/٣-٢-١-٥) دژواتا | ٧٠ |
| (٢/٣-٢-٢) پەیوەندی تەکنشینی | ٧٢ |
| (٢/٣-٢-٢-١) هاوڕێیەتی | ٧٣-٧٢ |
| **بەشی سێیەم : لێکسیکەکانی پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی بە پێی دابەشکردنی (جان تۆرنییە- Jean Tournier ).** | |
| (٣/١) بەرهەمهێنانی فەرهەنگی | ٧٤ |
| (٣/١-١) پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا | ٧٤ |
| (٣/٢) ڕێگاکانی بەرهەمهێنان لە خودی زمانەکە | ٧٥ |
| (٣/٢-١) ڕێگای وشەسازی واتاسازی (مۆرفۆسیمانتیك) | ٧٧-٧٥ |
| (٣/٢-١-١) بەرهەمهێنان بە ڕێگای دارشتن (لاگرلکاندن) | ٧٧ |
| (٣/٢-١-١-١) بەرهەمهێنان بەپێشگرلکاندن | ٧٧ |
| (٣/٢-١-١-١-١) بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش | ٧٨ |
| (٣/٢-١-١-١-٢) بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش | ٧٨ |
| (٣/٢-١-١-١-٣) بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش | ٧٩ |
| (٣/٢-١-١-٢) بەرهەمهێنان بەپاشگر لکاندن | ٧٩ |
| (٣/٢-١-١-٢-١) بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش | ٧٩ |
| (٣/٢-١-١-٢-٢) بەرهەمهێنانی ئاوڵناوی داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش | ٨٢ |
| (٣/٢-١-١-٢-٣) بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش | ٨٣ |
| (٣/٢-١-١-٣) بەرهەمهێنان بە جووتگر لکاندن | ٨٣ |
| ١- ئاوەڵکاری داڕێژراو .٢- ئاوەڵکاری دەستەواژەیی (فرێزبەند) | ٨٣ |
| (٣/٢-١-١-٤) دارشتنی پێچەوانە | ٨٤ |
| (٣/٢-١-١-٥) بەرهەمهێنانی گەردانی | ٨٤ |
| (٣/٢-١-٢) بەرهەمهێنان بەڕێگای لێکدان | ٨٥ |
| (٣/٢-١-٢-١) بەرهەمهێنانی ناوی لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش | ٨٥ |

| | |
|---|---|
| ٨٩ | (٣/٢-١-٢-٢) بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی  لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش |
| ٩٠ | (٣/٢-١-٢-٣) بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری  لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش |
| ٩١ | (٣/٢-١-٢-٤) بەرهەمهێنانی چاوگی لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش |
| ٩٥ | (٣/٢-١-٢-٥) دەستە |
| ٩٥ | (٣/٢-١-٣) بەرهەمهێنان بە ڕێگای داتاشین ، یان تێکەڵکردن |
| ٩٦ | (٣/٢-١-٤) بەرهەمهێنان بە ڕێگای لاسایی کردن ، و هەڵگەڕاندنەوە |
| ٩٦ | ١- بەرهەمهێنان بەلاساکردنەوە  .٢ – تێکشکاندنی مەبەستداری ڕێزمان . |
| ٩٦ | (٣/٢-٢) ڕێگای ڕستەسازی واتاسازی |
| ٩٦ | (٣/٢-٢-١) بەکارهێنانی ڕستەسازی |
| ٩٧ | ا- هەڵگەڕانەوە ،  ئاوەژووکردن |
| ٩٧ | ب –بەرهەمهێنانی ڕستەسازی |
| ٩٧ | (٣/٢-٢-٢)  بەرهەمهێنانی واتایی |
| ٩٧ | (٣/٢-٢-٢-١) گۆڕانەکانی پەیوەست بەواتا |
| ٩٧ | ١-  فراوانبوونی واتای وشە (گشتاندنی تایبەت) |
| ٩٨ | ٢-  تەسکبوونەوەی واتا (تایبەتمەندکردنی گشت ) |
| ٩٩ | (٣/٢-٢-٢-٢) گواستنەوەی واتا |
| ١٠٠ | ١-  بەرهەمهێنان بە خواستن (Metaphor) |
| ١٠١-١٠٢ | ٢-  بەرهەمهێنان بەخوازە (Motonymy ) |
| ١٠٣-١٠٤ | (٣/٢-٢-٢-٣)  ئیدیەم |
| ١٠٤ | (٣/٢-٢-٢-٤) شێوەکانی واتا گواستنەوە |
| ١٠٥ | (٣/٢-٣) ڕێگای وشەسازی |
| ١٠٥-١٠٦ | ١-  کلیپپینگ (لابردن) ٢- ئەکرۆنیم (کورتکردنەوە) |
| ١٠٦ | (٣/٢-٤) ڕێگای پراگماتیکی |
| ١٠٧-١٠٨ | (٣/٣) ڕێگای دەرەوەی زمانەکە |
| ١٠٩ | (٣/٤) ئامار و نەخشە ڕوونکاریەکان |
| ١١٨ | (٣/٥) پێکهاتەکانی لەش و هەندێ چالاکی تر |
| ١١٨-١٢١ | (٣/٥-١) پێکهاتەکانی لەش لە زاراوەسازکردن |
| ١٢١-١٢٢ | (٣/٥-٢) پێکهاتەکانی لەش لە سوێند خواردن ، دوعاکردن ، سڵاوکردن |
| ١٢٢-١٢٣ | (٣/٥-٣) پێکهاتەکانی لەش لە ناونان |
| ١٢٣-١٢٥ | (٣/٥-٣)) پێکهاتەکانی لەش لە سێ دەقی جیاواز |
| ١٢٦ | ئەنجامەکان |
| ١٢٧-١٣٠ | سەرچاوەکان |
| I | پوختەی  نامە بە زمانی عەرەبی |
| A | پوختەی نامە بە زمانی ئینگلیزی |

## هێماكان

| | |
|---|---|
| /  / | نیشانەی فۆنیم لە فۆنۆلۆجی ، و نیشانەی مۆرفیم لە مۆرفۆلۆجی |
| C | کۆنسنانت |
| V | ڤاوڵ |
| < > | جێگۆڕكێی دووكەرت لەیەك كاتدا |

## ناوە كورتكراوەكانی زار و شێوەزار و شارو شارۆچكەو هۆزەكانی ناو فەرهەنگی كوردستان

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ئەردە | ئەردەلان | دەل ، دە | دەلوو | كە | كەركوك |
| ئێرە | ئێرەوان | دهۆ | دهۆك | كەڵ | كەڵهور |
| بابا | بابان | دز ، دزە | دزەیی | كۆ | كۆیە |
| باد | بادینان | رەوا | رەواندز | گەر | گەرگەری |
| بار | بارزان | زاخ | زاخۆ | گۆ – گۆرا | گۆران |
| باك | باكوور | زەن | زەنگەنە | لو | لوڕ |
| بڵ | بڵباس | زر ، زرا | زراری | مامە .مە | مامەش |
| بۆتا | بۆتان | ژە | ژەنگار | مەرگە | مەرگەوەر |
| پر | پردێ | سل | سلێمانی | مەلیش | مەلیك شایی |
| پژ | پژدەری | سوو | سوورچی | مەن | مەنتك |
| تا | تاڵەبانی | شار | شاروێران | مو – موك | موكریان |
| جا | جاف | كەل | كەڵهوری | وا | وان |
| جە– جەبا | جەباری | كۆ | كۆیە | هەر | هەریر |
| خا | خانەقین | گەر | گەرگەری | هەم – هەمە | هەمەوەند |
| خان | خانی | شك | شكاك | هەو – هەورا | هەورامی |
| خۆ | خۆشناو | شن | شنۆ | هل – هەو | هەولێری |
| دا | داودە | شو | شوان | یە | یەزیدی |
| دەر | دەربەندی | فە | فەیلی | | |

# زاراوەکان

| ئینگلیزی | کوردی |
|---|---|
| Metaphor | ئاوەڵواتا (خواستن / خوازە) |
| Ameliorative Change | بەرز بوونەوەی واتا |
| eia nomatop | بەرهەمهێنان بەلاسایی کردنەوە |
| Llexical Relationships | پەیوەندییە واتاییەکان |
| Suffixation | پاشگرلکاندن |
| Prefixation | پێشگرلکاندن |
| Taboo | تابۆ |
| Narroing Of Meaning | تەسکبوونەوەی واتا |
| Combination | تێکەڵکردن |
| Metonymy- Motonymy | خوازە – درکە (مجاز مرسل) |
| Blending | داتاشین |
| Derivation | دارِشتن |
| Agglutinating Language | زمانە نووساوەکانە |
| Overstate | زیادەرۆیی |
| Widening Of Meaning | فراوانبوونی واتای وشە |
| Acronym | کورتکردنەوە |
| Transfeence Of Meaning | گواستنەوەی واتا |
| Clipping | لابردن |
| Affication | لاگر لکاندن |
| unding Comp | لێکدان |
| Ambiguity Lexical | لێڵی فەرهەنگی |
| Pejorative Change | نزمبوونەوەی واتا |
| Class transfer – Conversion | هەڵگەڕانەوە ، ئاوەژووکردن |
| Borrowing –Loan processes | وەرگرتن |
| Word Formation | وشە ڕۆنان |

# لیستی ناو و لاپەڕەی خشتەو نەخشە ڕوونکاری و هێڵکارییەکان



| خشتەو نەخشەو هێڵکاریەکان | ناوی خشتەو نەخشەڕوونکاری و هێڵکاریەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| خشتەی ژمارە (١) | ڕاددەی لێکچوون و جیاوازی پێکهاتەکانی لەش لە زمانانی سەر بە خێزانی ئێرانی لەگەڵ زمانی کوردی | ٢ |
| خشتەی ژمارە (٢) | ڕاددەی لێکچوون و جیاوازی پێکهاتەکانی لەش لە نێوان (کوردی ، و پەهلەوی ، و فارسی) | ٣-٥ |
| خشتەی ژمارە (٣) | ڕاددەی لێکچوون و جیاوازی (کوردی و فارسی ) ئەو وشانەی لە پەهلەوی نەبوون | ٦ |
| خشتەی ژمارە (٤) | ناوی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ وەك یەك بێت | ١٠ |
| خشتەی ژمارە (٥) | ناوی پێهکاتەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ جیاواز بێت ، یان لە یەکێکیان هەبێت لە ئەوەکەی تر نەبێت | ١١ |
| خشتەی ژمارە (٦) | ئاماری پێکهاتەکانی لەش بە گوێرەی فەرهەنگی کوردستان | ١٠٩ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (١) | پێکهاتەکانی لەش بە گوێرەی فەرهەنگی کوردستان | ١١٠ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٢) | وشە لێکدراوەکان لەفەرهەنگی کوردستان | ١١٣ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٣) | وشەی سادە و داڕێژراو لە فەرهەنگی کوردستان | ١١٣ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٤) | کۆی یەکەی فەرهەنگی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی یەکەی تری فەرهەنگی لە فەرهەنگی کوردستان | ١١٤ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٥) | فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە | ١١٤ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٦) | کۆی یەکەی فەرهەنگی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی یەکەی تری فەرهەنگی لە فەرهەنگی کوردستان ، و فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە | ١١٥ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٧) | کۆی زاراوەی پزیشکی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی زاراوەی تری پزیشکی لە فەرهەنگی پزیشکی | ١١٥ |
| نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٨) | کۆی ئیدیۆم کە پێکهاتەکانی لەش بەشدارن لە ڕۆنانیان لە فەرهەنگی ئیدیۆم | ١١٦ |
| نەخشەی ڕوونکارییەکانی ژمارە (٩ ، ١٠، ١١) | ڕێژەی سەدی بەشداری پێکهاتەکانی لەش یان ئەو وشانەی بەشدارن لەڕۆنانیان بەگوێرەی فەرهەنگەکانی (کوردستان ، هەنبانە بۆرینە ، ئیدیۆم ،پزیشکی) بەنەخشەی ڕوونکاری جیاواز | ١١٧ |
| هێڵکاری ژمارە (١) | ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆجی | ٧٦ |
| هێڵکاری ژمارە (٢) | جۆرەکانی مۆرفیم | ٧٧ |

# پێشەکی

# پێشەکی

## ١- ناونیشان و هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوە :

ناونیشـانی توێژینەوەکـە (پێکهاتـەکانی لـەش لەبەرهـەمهێنانی فەرهەنگیـدا) یـە، ئـەم توێژینەوەیـە هەوڵدەدات وەڵامی پرسیاری سەرەکی بداتەوە ، کە ئایا پێکهاتـەکانی لـەش دەبنـە هـۆی بەرهـەمهێنان لـە فەرهەنگدا ؟ ئەم بەشدارییەیان تا چ ڕاددەیەکە و لەچ ئاستێك دایە ؟ لەپاڵ ناساندی پێکهاتـەکانی لـەش بەگوێرەی فەرهەنگی کوردی و دەرخستنی هەندێ دیاردەی دەنگسازی و واتاسازی ئەم پێکهاتانـە و ئـەو یەکانەی ڕوێدەنێن ، کە تا ئێستا توێژینەوەیەکی سەربەخۆی بەم شێوە ئەنجام نەدراوە بۆ دەرخستن و پیشاندانی ڕۆڵـی پڕبایـەخ و گرنگـی نـاوی ئـەم پێکهاتانـە وەك دانـەی فەرهـەنگی لـە زمانـدا و بەتایبـەتی بەپێزییەکەی لەبەرهەمهێنانی یەکەی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا .

## ٢- سنوور و کەرستەی توێژینەوە:

ئـەم توێژینـەوە لـە سـنووری دیـالێکتی کوردی ناوەڕاسـت دایـە ، نامەکـە بـۆ توێژینـەوە لـە بـواری کارکردن لە ناوی پێکهاتەکانی جەستەی مرۆڤ تەرخانکراوە بۆ دەرخستنی ئاستی کاریگـەری نـاوی ئـەم پێکهاتانە لە بەرهەمهێنانی یەکەی فەرهەنگی لە زمـانی کوردیـدا ، بـەڵام بـەپێی پێویسـتی گرنگیمـان بـەو ئاستانەش داوە کە پەیوەنـدارن بەیەکـەی فەرهـەنگی ، لـە پـۆلینی پێکهاتـەکان و هێنانـەوەی نموونەکانـدا یەکەی فەرهەنگی زۆربەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی کراوە بە کەرستەی لێکۆڵینـەوە . هـەروەها بۆ دەست گەیشتن بە سـەرجەم ئـەو وشـانەی پێکهاتـەی لەشـن یـان پێکهاتـەی لـەش لـە ڕۆنانیـان بەشـدارە پێویستیمان بەکۆکردنەوەی وشەی هەموو ئەو فەرهەنگانـە بـووە، کـە لـەزمانی کـوردی لەبەردەسـتدابوون لـە هـەموو بـوار و لـە هـەموو شـێوە زارەکـان ، دواتـر سـەرژمێری کردنیـان و دەرهێنـانی سـەرجەمی ئـەو وشانەی کەناون بۆ پێکهاتە جیاوازەکانی لەش لە کۆی زارو شێوە زارەکان و ئەوانەش کەپێکهاتەی لـەش بۆتە بەشێك لە ڕۆنانیان ، ئینجا بەراوردکردن و جیاکردنەوەو لابردنی دووبارەکان و هێشـتنەوەی ئـەوانی تـر ، پێشـتر (تـا نووسـینی ئـەم نامەیـە) لـە هـیچ فەرهـەنگێکی سـەربەخۆ ئـەنجام نـەدراوە . لـەم بـوارەدا فەرهەنگی کوردستان وەکو پێگەو تەوەری نامەکە دەستەبەرکراوە .

## ٣- ڕێبازی توێژینەوە:

لەم توێژینەوەیەپـەیڕەوی ڕێبـازی پەسـنی (سینکرۆنیك) کراوە ، بەڵام سروشتی توێژینەوەکە وا دەخوازێ هەندێ جار پەنا بەرینە بەر ڕاستییە مێژووییەکان و بەراوردکردنیان بە زمانانی تر .

## ٤- ناوەڕۆکی توێژینەوە:

ئەم توێژینەوەیە لە پێشەکی و سێ بەش و ئەنجام پێکهاتووە .

### بەشی یەکەم

لەم بەشەدا بە ناونیشانی (یەکەی فەرهەنگی لەش و پۆلینی پێکهاتەکان ) ە ، هەوڵدراوە وەك یەکەی فەرهەنگی لەهەندێ ڕوانگەی جیاجیاوە سەیری ئەم وشانە بکرێت ، وەك ڕەچەڵەکی وشە ، مێژووی بەکارهێنانی ئەو وشانە ، بنەڕەتی و گشتی ، چالاکی و ناچالاکی ، کۆمەڵەی کراوە و داخراو ، تاریك و روونی وشەو ، واتاو چەمکی ئەو وشانەو بەراوردکردنیان لەگەڵ ناوی پێکهاتەکانی لەشی گیاندارانی تر . پاشان فەرهەنگسازدان و پۆلینی ئەو پێکهاتانە لە رووی شوێن و بوونەوە ، و خستنەرووی ناوی ئەو پێکهاتانە بەگوێرەی ناوچەو دیالێکتە جیاوازەکانی زمانی کوردی .

### بەشی دووەم

ئەم بەشە کە (پێکهاتەکانی لەش و ئاستەکانی زمان) ە ، ئەو ئاستانە بە هەند وەرگیراون کە پەیوەندارن بە یەکەی فەرهەنگییەوە لێکدەرەوەی ئەو گۆڕانانەن کەبەسەریەکەی فەرهەنگی داهاتووە ئەو پەیوەندییانەی لە نێوانیاندا هەیە، ئەمانەش خۆیان لە ئاستەکانی دەنگ و وشە و واتا دەبیننەوە لە ئاستی دەنگدا ڕۆڵی فۆنیمە ناکەرتییەکان و یاسا دەنگییەکان لەسەر ئەو وشانە ڕوونکراوەتەوە ، لەئاستی وشەسازیدا ، وەك ناو لە ڕوانگەی جیاجیا سەیرکراون لە ئاستی واتاسازیش لەژێر ناوی واتاسازی پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی لێڵی واتای وشە و پەیوەندییە واتاییە جێنشینی و تەکنشینییەکان خراوەتە ڕوو .

### بەشی سێیەم

(لێکسیکی پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا بەپێی دابەشکردنی جان تۆرنییە) ، ئەو ڕێگایانە ڕوونکراونەتەوە کە لە زمانی کوردیدا دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی یەکەی فەرهەنگی بە کەرستەی پێکهاتەکانی لەش ، کە دابەش دەبێت بۆ ڕێگاکانی خودی زمانەکە و ڕێگای وەرگرتن ، کە ڕێگای یەکەمیش دابەش دەبێتە سەر دوو ڕێگای سەرەکی (گۆڕان لە شێوە ، و گۆڕان لە واتا ) ئەمانەش لەنێوان خۆیاندا چەندین ڕێچکەی دیکەیان لێدەبێتەوە ، و هەریەك لە ڕێگاکانی خودی زمانەکەو ڕێگای وەرگرتن بەرامبەر یەك دەوەستن . لە کۆتایی ئەم بەشەش ئاماری چوار فەرهەنگ و ئاماری هەر پێکهاتەیەك لە فەرهەنگی کوردستان بە خشتەو ، نەخشەی ڕوونکاری خراوەتە ڕوو . پاشان بەکورتی ڕۆڵیان لە زاراوەسازی و سوێندخواردن و دوعاکردن و ناونان ، و پێشاندانی ئەم پێکهاتانە لە سێ دەقی جیاواز بۆ دەرخستنی چالاکیان لەدەرەوەی فەرهەنگ و زیاتر پاڵپشتی کردنی توێژینەوەکە هەموو ئەوانە لە ژێر ناوی هەندێ چالاکی تری ئەم پێکهاتانە دەبینرێن .

لەکۆتایی نامەکەشدا دەگەینە ئەنجامی توێژینەوەکە ، و لیستی سەرچاوە و پوختەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی .

# بەشی یەکەم

# یەکەی فەرهەنگی لەش و ، پۆلێنی پێکهاتەکان

## (١/١) وشەی پێکهاتەکانی لەش

پێکهاتەکانی لەش ئەرکە هەمەچەشن و جۆراوجۆرەکانی جەستەی مرۆڤ رادەپەڕێنن . لەشی مرۆڤیش ، وەکو جەستەی سەرجەم گیانەوەرانی تر لە کۆمەڵە ئەندامێك پێکدێت . ئەوانیش دابەش دەبن بۆ کۆمەڵە شانە و خانەیەك و ئەرکی ئۆرگانیان هەیە ، بەڵام دواتر ئەرکی تریشیان بینیوە . هەروەك ئەندامانی درکاندن لای مرۆڤ جگە لە ئەرکی ئۆرگانیان ئەرکی درکاندنیشیان ئەنجام داوە ، بە هەمان شێوە ئەگەرچی لەسەرەتادا ئەم ناوانە تەنیا ناوی پێکهاتەکانی لەش بووبێت ، بە سوود وەرگرتن لە ڕێگاکانی بەرهەمهێنان ئەوخاسیەتەی پێبەخشیوە کە لەبەرهەمهێنانی فەرهەنگی رۆڵیان کاریگەرە و بەشداری گرنگیان هەیە . وشەکانی زمان بەگشتی وەك دانەیەکی زمان ، لە ناویشیاندا یەکەکانی پێکهاتەکانی لەش بەتایبەتی مێژوویەکی دوورو درێژیان هەیە و بەرهەمی تێپەربوونی چەندین سەدەن ، کە ( بابەتی سەرەکی لە لێکۆڵینەوەی لێکسیکۆلۆژیدا وشەیە ، بەڵام پێناسەیەکی گشتی وشە ، کە هەموو لایەك کۆك بن لەسەری و لە دانە لێکسیکێکانی دی جیای بکاتەوە تاکو ئێستا لە زانستدا نەکراوە ، هەرچەندە کۆششی لەو بارەوە زۆربووە .) ( فاروق عومەر سدیق ٢٠١١: ١٥) ، بۆیە ئێمە هەوڵدەدەین پێکهاتەکانی لەش وەکو دانەیەکی لێکسیکی لە چەند ڕوانگەی جیاجیاوە سەیر بکەین بۆ ئاشنابوونی زیاتر بەو وشانە .

## ( ١/١- ١) ڕەچەڵەکی وشەی پێکهاتەکانی لەش

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ وشەکانی زمانی کوردی لە ناویشیاندا پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی ڕەچەڵەکەوە دابەش بکرێن بۆ :

١- وشەی کوردی ڕەسەن: (ئەو وشانەن کە لەسەدەی (٩) ی زایینەوە هەتا ئەمرۆ پەیدابوون )[١] ، بەشێك لەو وشانەی پێکهاتەی لەشن دوای ئەو سەردەمە دروست بوون و تازەییان پێوەدیارە ، و بەبەراورد بە وشە ئێرانیی و هیندۆ ئەورووپییەکان ، تەنها لە فەرهەنگی زمانی کوردی دەبینرێن . ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دوای جیابوونەوەی زمانی کوردی دروستبوون وەك ( منداڵدان ، میزڵدان ، ریخۆڵە ، نێوچاوان ، ماسوولکە ، ........) .

٢-وشەی ئێرانی : ( لە ناو وشەی ڕەسەنی کوردی گەلێك وشەی گرنگ هەن ، کە بەرەگەز ئێرانین . ئەو جۆرە وشانە مێژوویەکی کۆنیان هەیە و بە نیسبەت زمانی کوردی و زمانە ئێرانییەکانی ترەوە میراتییەکی گرنگ و بەنرخن .) ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٥: ٣٧،٣٤) . بەشێکی بەرچاولەناوی پێکهاتەکانی لەش وشەی ئێرانیین ، کە هەندێکیان لە ناو زۆربەی زمانەکان وەك یەك بەکاردێت ، یان بە کەمێك جیاوازییەوە کە زۆرجار جیاوازیەکان هێندەی جیاوازی نێوان دیالێکتەکانی زمانی کوردی لێدێت ، یان وشەکە لە زمانێکی سەر بەخێزانی ئێرانییەکان وەك یەکێك لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی دەبینرێت . بڕوانە ئەم نەخشەیەی خوارەوە ، کە تەنها نموونەیە بۆ دوو پێکهاتەی لەش . ڕاددەی لێکچوون و جیاوازی لە زمانانی سەر بە خێزانی ئێرانی لەگەڵ زمانی کوردی دەردەخات .

---

[١] دەبێت ئەورەحمانی حاجی مارف لە ئەنجامی کۆمەڵێك بەڵگەی زانستی گەیشتبێتە ئەو دەرەنجامە ، کوردستان موکریانیش هەمان مێژوو واتە سەدەی ( ٩،٨ ) دەکاتە کۆتاهاتنی پەهلەوی ، لای ئێمەش بوونی ئەو وشانەش تەنیا لە فەرهەنگی کوردی هۆکاری بە نموونە هێنانەوەیەتی .

| | کوردی | | فارسی | تاجیکی | تاتی | بلوجی | تالیشی | ئەفغانی | ئۆسیتی | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | سەروو | ناوەڕاست | | | | | | | | |
| | سەر | سەر | سەر | سەر | سەر | سەر | سەر | سەر | سەد | |
| | چاڤ | چاو | چەشم | چەشم | چوم | چەم | چەش | چەم | چەستە | |

**خشتەی ژمارە (١)**

لە وشەی (سەر) تەنیا ئۆسیتیەکەی دەنگێکی گۆڕاوە ، هەرچی (چاو) ە ، بە ئاشکرا شێوەی زمانەکانی سەر بە خێزانی ئێرانییەکان لە شێوە زارەکانی کوردی دەبینرێت ، وەك ( چەم ) ، کە لە(بلوجی و ئەفغانی) دا هەیە، لەشێوەی (هەورامی و ڕۆژبەیانی) بەکاردێت ، (چەش) یش ، کە لە (تالیشی) دا دەبینرێت ، لە شێوەی (فەیلی) زمانی کوردی بەکاردێت[٢] .

(لە نێو نووسراوانی زمانانی ئێرانی سەردەمی نێوەڕاستدا کەماوەی سەدەکانی (٤ ، ٣پ . ز – ٨ ، ٩ ز) دەگرێتەوە ، زاراوەی پەهلەوی بەشێوەیەکی فراوان بەرچاو دەکەوێت زمانی پەهلەوی لەسەدەی دووەمی پێش زایین تا حەوتەمی زایینی زمانی میری بووە ، کتێبی ئاوێستای پەیامبەری ئێرانی – زەردەشت بەشێوەیەکی ئەم زمانە نووسراوەتەوە . زمانی پەهلەوی سێ شێوەزاری هەبووە ، باکوری ڕۆژئاوا ، کە بە پەهلەویك و هەروەها بەنێوی ئەرشاکیش هاتووە ، باشووری ڕۆژئاوا – پارسیك هەروەها بەساسانیش نێوبراوە ، شێوە زارەکانی ڕۆژهەڵات) ، کەواتە ئەو ناوانەی کە پێکهاتەی لەشن و لە خشەکانی دواتری ئەم توێژینەوەیە ئاماژەیان بۆ کراوە بەلایەنی کەمەوە لە سەدەکانی پێش زایینەوە دەبینرێن ، و تا ئەمرۆش زۆربەیان وەکو خۆیان ، یان بە کەمێك گۆڕانەوە بەکاردێن ، یان لەشێوەزارەکان بەرچاو دەکەون . دەکرێت بەشێکیان بۆ مێژوویەکی زۆر کۆنتریش بگەڕێنەوە ، وە لە ( دۆزینەوەی بەندیوار (پەیوەندی) لە نێوان زمانی کوردی و زمانانی کۆنی ئێراندا بەتایبەتی پەهلەوی کە ئەمرۆ پەهلی (فەیلی) ین و کوردن ) (کوردستان موکریانی ٢٠٠٨:٦٥ ،٥) ، ناوی ئەم پێکهاتانە هەبوونی ئەم بەندیوارییە سەر ڕاستردەکەنەوە ، چونکە (لە باری زمانانی هیندۆئەوروپیدا بەشێوەیەکی تایبەت ئەو یەکە فەرهەنگیانەی بەهێزترین دەرخەری خزمایەتین ، بریتین لە ژمارەکان (١ تا ١٠) ، و ناوی ئەندامانی لەشی مرۆڤ ، و کاری (بوون– یکون ) ە .) (محمود السعران ١٩٩٩:٢٤٨) .

---

٢ دەکرێ ئەمە بۆ بەشێکی تری ناوی پێکهاتەکانی لەش ڕاست بێت ، و بەتوێژینەوە پشت ڕاست بکرێتەوە .

## ڕاددەی لێکچوون و جیاوازی پێکهاتەکانی لەش لە نێوان (کوردی ، و پەهلەوی ، و فارسی)

| **کوردی** | **پەهلەوی**[٣] | **فارسی** |
|---|---|---|
| ١. ئارەقە (خۆه) | ey□X | خوی |
| ٢. ئەژنۆ | zanuk | زان |
| ٣. ئێسك | □Ast - Astaxvn | استخوان |
| ٤. ئەنگوست | Angusht | انگشت |
| ٥. ئەنیشك | âranj | ارنج |
| ٦. بازوو | Bâzuk | بازو |
| ٧. بەر | var | بر (سینه ، مەمك ، باوەش ) |
| ٨. بەز | pih□ | پیه |
| ٩. بڕبڕە | Muhrak | مهره |
| ١٠. برژانگ | Mezûk | مژه |
| ١١. برۆ | Bruk - Buy | ابرو |
| ١٢. بیلبیله | Martom | مردم ، مردمك |
| ١٣. پاژنە | Pâshnak | پاشنه |
| ١٤. پەنجە | Panjak | پنجه |
| ١٥. پەراسوو | Pahluk | پهلو |
| ١٦. پێ | pay | پا – پای |
| ١٧. پێست | Pust | پوست |
| ١٨. تەن – لەش – قالب | lash - kalpat- Tan | تن – لش – کالبد |
| ١٩. تف | Xayuk | خیو ، تف |
| ٢٠. جگەر | Jigar | جگر |
| ٢١. جومگە | Band | بند |

[٣] کۆی وشە ( پەهلەوی و فارسی ) یەکان لە فەرهەنگی عەمید وەرگیراون ، بۆکوردییەکانیش پشتمان بە فەرهەنگی گۆڤەند و زنار بەستووە ، بڕوانە سەرچاوەکان .

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| .٢٢ | چاو | Chashm | چشم | |
| .٢٣ | چەرم | Charm | چرم | |
| .٢٤ | خوێن | Xûn | خون | |
| .٢٥ | دەست | Dast | دست | |
| .٢٦ | دەم | □□□Da | دهان | |
| .٢٧ | دەمار | Rag - pay | رگ – پی | |
| .٢٨ | ددان | Dandân | دندان | |
| .٢٩ | دڵ | Dil | دل | |
| .٣٠ | ڕوو – چارە | çihrak - roy | رو – چهره | |
| .٣١ | ریش | Rish | ریش | |
| .٣٢ | ریخۆڵە | Rôt - rotik | روده | |
| .٣٣ | ڕان | Ran | ران | |
| .٣٤ | زەرداو | Zahrak | زهره | |
| .٣٥ | زمان | Zuwa-n | زبان | |
| .٣٦ | سەر | Sar | سر | |
| .٣٧ | سك | Ashkamb | شکم | |
| .٣٨ | سمت | nak□Sr | سرین (سمت و ران) | |
| .٣٩ | سیپەلك | Shush | شش | |
| .٤٠ | شان | Sufak | سفت | |
| .٤١ | شەویلاگ | êrwara | اروارە | |
| .٤٢ | شیر | Shîr | شیر | |
| .٤٣ | فرمێسک | Srishk - ars -ashk | ارس – سرشك - اشك | |
| .٤٤ | کەلەکە | □Kas | پهلو ، کش | |
| .٤٥ | کەمەر | Kamar - miyan | کمر – میان | |
| .٤٦ | گەردەن | artan□ | گردن | |
| .٤٧ | گەروو | Galuk | گلو | |
| .٤٨ | گورچیلە | Gurtak | گرده | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٩. گوون | Xâyik | خایه | |
| ٥٠. گۆشت | □Gôsht | گوشت | |
| ٥١. گیان – ڕەوان | □Jân - ruân | جان – روان | |
| ٥٢. گیس – گیسوو | Ges - gêsuk | گیس – گیسو | |
| ٥٣. لێو | Laf - lap | لب | |
| ٥٤. مەمك | Pestân | پستان | |
| ٥٥. موو | Môy | موو | |
| ٥٦. میز | Gomêz | گمیز | |
| ٥٧. مێشك | Mazg | مغز | |
| ٥٨. ناوك | Nâf | ناف | |
| ٥٩. كۆم | Nishin | نشین | |
| ٦٠. نێوچاوان | Pêshânik | پیشانی | |
| ٦١. نینۆك | Nâxon | ناخن | |

**خشتەی ژمارە ( ٢ )**

لە خشتەی دواتر هەندێك لەو وشانەی لەپەهلەوی بەرچاونەکەوتوون ، تەنیا کوردی و فارسییەکەی تۆماردەکەین کە ڕادەی لێکچوون و جیاوازی ناوەکانی تێدا دەردەکەوێت .

**ڕاددەی لێکچوون و جیاوازی ( کوردی و فارسی ) ئەو وشانەی لە پەهلەوی نەبوون**

| کوردی | فارسی |
|---|---|
| ١. باوێشك | خمیازه |
| ٢. پشت | پشت |
| ٣. پێلوو | پلك |
| ٤. چەناگە | چانه |
| ٥. خاڵ | خال |
| ٦. زمانە بچکۆڵە | ملاز |
| ٧. زولف | زلف |
| ٨. سپڵ | سپرز |
| ٩. سمێڵ | سبیل ، بروت |
| ١٠. سینە | سینه ، بتیا |
| ١١. قرخێنە | اروغ |
| ١٢. کاکۆڵ | کاکل |
| ١٣. کرکراگە | کرکراتك - چرندو |
| ١٤. کەللە | کله |
| ١٥. کلێنچکە | دنبالچه |
| ١٦. گووپ | لپ - بج |
| ١٧. گوێ | گوش |
| ١٨. لووت – کەپوو | بینی |
| ١٩. لینگ | لنگ |
| ٢٠. ماسولکە | ماهیچه ، مایچه |
| ٢١. مناڵدان | بچەدان |
| ٢٢. میزڵدان | ابدان - ابدانك |
| ٢٣. نەرمەی گوێ | خاج |
| ٢٤. هۆش | هش |

**خشتەی ژمارە ( ٣ )**

٣-وشەی هیندۆ ئەورووپی : بەشێکی تری وشەکانی زمانی کوردی ، ئەو وشانەن کە دەچنە ناو ئەو بوارەوە ، ئەگەر بەدواداچوونێکی ورد بۆ کۆی ئەو وشانە بکرێت ، لە ناو زمانانی سەر بەو کۆمەڵەیەن پێکهاتەکانی لەشیش دەبینرێت دیارترینی ئەو پێکهاتانەش (دڵ) ە .

٤- وەرگرتنی وشەی بێگانە : بروانە بەشی سێیەم (٣/٣) .

( ١/١-٢ ) **<u>وشەی پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی وشەی بنەڕەتی و گشتی لە فەرهەنگدا</u>**

فەرهەنگی هەر زمانێك دەبێت بە دوو بەشەوە ( بنەڕەتی و گشتی ) ، ( فەرهەنگی بنەڕەتی ئەو پۆلە وشانە دەگرێتەوە ، کە بە درێژایی چەند سەدەیەك بە چەسپاوی و بە بێ گۆران ماونەتەوە . ئەمانەش بەدەربڕینی کۆمەڵێك چەمك و بیرەوە بەستراون ، کە لە ژیانی میللەتدا زۆرپێویست و گرنگن ، تارادەیەکی زۆر بە ژیانی کلتووری و مێژوویی و بارودۆخی ئەو گۆرانانەی بەسەر میللەتدا دێن نەبەستراونەتەوە ) ( بەرانیکۆڤا ١٩٧٣:١٣٨ ) [٤]. پێکهاتەکانی لەش لەپاڵ ئەو وشانەی پەیوەندییان بە خزمایەتی ، گەردوون ، جۆری سەرەکی ئاوەڵناو ، ژمارە ، جێناوە بنچینەییەکان ، ناوی ڕووداوەوە هەیە ، دەچنە پۆلی ئەو وشانەی ، کە فەرهەنگی بنەڕەتی زمان دیاری دەکەن وشە فەرهەنگییە بنەڕەتییەکان بەبەراورد بە وشەکانی تری زمان بەوە دەناسرێنەوە کە تەمەنیان زۆرترەو کەمتر بەر کاریگەری گۆران دەکەون بە وشە ڕەسەنەکانی زمان دادەنرێن ، کە بەشێکیان لەو زمانانەی سەر بەیەك خێزانن لێکسیمی هاوبەشن ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە وشە بنەڕەتیەکان لێیان هەڵناوەرێ و لەناوناچن یان وشەی نوێیان بۆ زیادنابێ ، ئەگەر لەکارکەوتنی وشە لەسەرخۆ بێت لەکارکەوتنی ئەو وشانە بە بەراورد بە وشەکانی تری زمان لەسەرخۆترە ، سەرەرای ئەوەی وشە بەگشتی خێرا ون نابێت ، هەندێ جار لە چوارچێوەی ئیدیەمێکدا دەمێنێتەوە .

( ١/١-٣ ) **<u>وشەی پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی چالاکی و سستی لە بەکارهێنان</u>**

بەهۆی نزیکی پێکهاتەکانی لەش ، لە خودی مرۆڤ خۆیەوە و بەردەوام پێویست بوونی و بەکارهێنانی خستوویەتییە خانەی وشە چالاکەکانەوە ، لە ڕۆنانی وشەی دیکەش چ ئەوانەی تازە بەرهەم هاتوون و نەچوونەتەبواری بەکارهێنانەوە یان مردووەکان دەکرێ ناوی پێکهاتەی لەش ببینرێت . ( بە پێی چالاکی و فراوانی بەکارهێنان وشەکانی زمان جیاوازن بە شێکیان گەنجینەی وشە چالاکەکانن ، و بەشەکەی تر گەنجینەی وشە ناچالاکەکانن ) ( بەرانیکۆڤا ١٩٧٣:١٣٥ )[٥] . بۆ نموونە وشەکانی (پارشێو، ڕەمەزان ، سەرفترە ،.....) کاتین . هەرچی وشەی چالاکە ( ئەوانەن کە لە ژیانی ڕۆژانەدا بەکاردەهێنرێن و هەردەم لەسەر زارن و لە چاپەمەنییەکاندا بەرچاو دەکەون ، وشە سستیش ، کە کەم بەکاردەهێنرێت ، ئەویش ئەو وشانەن کە زمان هێشتا پێویستی پێیان نەبووە یان پێویستی پێیان نەماوە ) ، وشە سستەکانیش جیا دەبنەوە بۆ وشە مردووەکان و وشە تازە لە دایك بووەکان ، تازە لەدایك بووەکانیش (ئەو وشانەن کە بۆ مانایەکی ناسراوی دانەیەکی زمانی بەکاردەهێنرێن و تازە هاتوونەتە ناو زمانەوە و هێشتا نەچوونەتە ڕیزی وشەی چالاکی زمانەوە ) (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٥:٣٤،٥٧) .

---

[٤] ( **تابان محمد سەعید ٢٠٠٨:٩** ) .

[٥] ( **هەمان سەرچاوەی پێشوو** ) .

## ( ١/١-٤ ) وشەی پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی کۆمەڵەی کراوە و داخراو

پێکهاتەکانی لەش وەکو یەکەی فەرهەنگی دەچنە خانەی ئەو وشانەی سەر بە کۆمەڵەی کراوەن ، ئەو جیاکردنەوە گرنگەی لە نێوان ئامرازە ڕێزمانییەکان ، کە سەر بە (کۆمەڵەی داخراو ) ن لە لایەک ، و وشەکانی فەرهەنگ ، کە سەر بە (کۆمەڵەی کراوە) ن ، بۆ (ئەندری مارتنیت – Andre Martinet ) ، دەگەڕێتەوە ، کە یەکەمیان سەر بە کۆمەڵەی داخراون ، چونکە بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت ئامرازێکی پەیوەندی نوێ ، یان جێناوێکی کەسی نوێ دابهێنرێ ، بۆیە پێشکەوتنی ئەم یەکە ڕێزمانیانە ڕوونادات ، تەنها بە درێژایی مێژوویەکی زۆر نەبێت ، هەرچی دانانی دووەمە بە بەشێك لە کۆمەڵەی کراوە هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ نوێبوونەوەی بەگوێرەی پێویستییە بەردەوام و بێ سنوور و پێشبینی نەکراوەکان . (جان بريفو ، جانفرانسوا سابليرول ٢٠١٠:٢٨) .

## ( ١/١-٥ ) وشەی پێکهاتەکانی لەش لەڕووی تاریك و ڕوونی وشە

سەرەرای کەمی وشەی سادە لە زمانە ( لکاوەکان – نووساوەکان) دا وەك زمانی کوردی ، بەشێکی بەرچاو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش دەچنە خانەی وشە ناروونەکانەوە لەبەرئەوەی وشەی سادەن ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ( بەشێکی کەمی وشەکانی زمانی کوردی وشەی سادەن کە لە زانستی زماندا بە وشەی تاریك دادەنرێن ، لەبەر ئەوەی واتاکانیان لە فۆرمەکانیانەوە پێشبینی ناکرێ ، و کوردی بە ڕێگای ئاوێتەکردن زۆرینەی وشەکانی پێك دێنێ ، جابە لێکدانی دوو فۆرم بێت یان بە ئاوێتەکردنی فۆرمێك یان زیاتر لەگەڵ گیرەکەکاندا ، ئەم وشە ناسادانەش زۆر و کەم بە وشەی ڕوون دەژمێرێن ، بە لەبەر چاوگرتنی وشەکانی وەك (پایزەبرا ، چنگ لەسەر شان) کە ژمارەیان کەمە .) (محمد معروف وصباح رشيد ٢٠٠٦:٤١) ، و بە واتای فەرهەنگی خۆیان بەکار نایەن و یەکەی ئیدیۆمین .

## ( ١/١-٦ ) واتاو و چەمکی وشەی پێکهاتەکانی لەش

( وشە یەك واتاکان لە ئاسانترین بارودۆخدا ئەگەر یەك واتاش بگەیەنێت ، هەرچەندە ئەوەش دەگمەنە ، ئەوە لە ریزە دەنگێکی بەستراو ، کەلایەنی دەرەوەی وشە پێکدێنن (قاوغی فۆنەتیکی وشە) ، و ئەو شتەی کە بە وشەدانراوە ، بیر/ چەمك (sense) ، کە وشە لە مێشکدا ئامادە دەکات ، ئەم ڕەگەزانە لە زمانەوانیشدا واسەیرکراون ، کە وشە ناوی شت دەنێت ، وشە خاوەنی بیرە ، بیریش ڕەنگدانەوەی تایبەتییەکانی شت و مەکە لە مێشکدا.) (فاروق عومەر سديق ٢٠١١:٢٣) . دوانەی هێماو signifie و هێمابۆکراو significant لە دوای سۆسێر بۆ سێگۆشەی واتایی پێشخرا ، یەکەم کەسانێکیش ئۆگدن و ریچاردز Richards ogden بوون بۆچوونی خۆیان لەبارەی بنەماکانی سێگۆشەی واتایی خستەروو ، کە واتاناسان لەسەر ناونان و بنەماکانی گۆشەکانی هاوڕانەبوون .

**بیرۆکە** (thought or reference) **وێنەی پێکهاتەی لەش لە مێشك**



**سەرچاوە** (referent) **خودی پێکهاتەکە**  **هێما** (symbol) **، یان ناوی هەرپێکهاتەیەکی لەش**

**پێکهاتەکانی لەش ئەوانەی بەرجەستەن وێنەیان لە مێشك بۆ دروست دەبێت ، هەرچی نابەرجەستەکانیشە وێنەیان نییە وەك (گیان ، هەست ، بیر ، سۆز ، ...) . مەرجیش نییە بیرۆکەکە وێنەی بینراوی هەبێت ، دەکرێت لە ڕێگای یەکێك لە هەستەوەرەکانی ترەوە وێنەی بۆ بکێشرێ وەك بە دەستلێدان یان بە بیستن لای نابیناکان ، یان دەکرێت تەنیا لە ڕێگای ئەقڵەوە پەی بە بوونی هەندێکی تریان ببەین ، چونکە بیری ڕووتن لە ئەنجامی زۆر دووبارەبوونەوەی ڕووداوێك و شارەزایی جیاوازەوە هاتبنە ئاراوە وەك ئازایی ... (محمد محمد یونس٢٠٠٧:١٠٠) .**

**چەمك بەسەر دوو جۆردا دابەش دەبێت (چەمکی گشت لا ئەو جۆرەیە کە تێکرای زانیاری مرۆڤ دەربارەی ئەو شتە دەگرێتە خۆ ، ئەو زانیاریانەش جیاوازن ، بەپێی جیاوازی خەڵکی وەك ئاستی خوێندەواری و رۆشنبیری ، سروشتی پیشەو تایبەتێتی تریش ، دووەم : چەمکی یەکلا ، یان شێوە چەمك لای هەمووئەندامانی قسەکەرانی کۆمەڵێك کە بە زمانێك بدوێن وەك یەك وایە ئەم چەشنەیان بەتەنیا کەمترین و گشتیترین و لەهەمان کاتیشدا تایبەتیترین نیشانەیە کە پێویست بن بۆ دەرخستنی جیاوازی شتومەك بەدەستەوە دەدەن .) ، شێوەچەمك (بەشێکە چەمکی گشتی بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەسە بۆئەوەی چەمك بە ئیلیمێنتێکی (رەگەز) دیاریکراوی سروشت و واقیعەوە ببەستینەوە کە تێیدا رەنگی داوەتەوە ، لە وشەدا تەنیا بەشێکی چەمك دەردەکەوێت کە گشتی بێت و لە ناوەرۆکەکەشی بێ هیچ گیر و گرفتێك تێبگەین ، هەر لەبەر ئەمەشە واتای وشە هەژارترە لەچەمك ، کەواتە دەتوانرێت بووترێت کەوشە دەربری تەنیا بەشێکی چەمکەکە لە ئەنجامی پراکتیکی ناو کۆمەڵدا پێوەی چەسپاوە ، لەوانەیە لە وشەیەکدا چەندین چەمك هەبێت وەك ورچ – مرۆڤی قەڵەو – گیانلەبەری دڕندە یان یەك چەمك بە وشەیەك زیاتر دەربڕێت زانستی زمان / زمانەوانی .) (فاروق عومەر سدیق ٢٠١١:٣٣) .**

**بۆیە لە پرۆسەی ناونان بەگشتی و لەکاتی ناونانی پێکهاتەکانی لەش لەبەرئەوەی ( ئەو نیشانە تایبەتیانەی کە دەبن بەبەردی بناغە لە پرۆسەی ناوناندا لە میللەتێکەوە بۆ میللەتێکی تر دەگۆڕێن ، ئەگەر ئەو میللەتانە لەیەکتری نزیکیش بن ، بەڵام هەریەکێکیان تایبەتمەندی خۆی هەیە ، مرۆڤ لەهەرشوێنێك بێت لە جیهاندا چەمك دەردەبرێت ، بەڵام رەنگ و بۆی نەتەوایەتی لە جۆرو چەشنی چەمکدا بە هەموو زمانێکەوە دیارە ، بۆ نموونە لە زمانی رووسی بە ورچ دەڵێن** (medvid) **واتە (هەنگوین خۆر) ، لە زمانی لیتۆڤی بە ورچ دەڵێن** (klolis) **واتە (قژلوول) (سەرچاوەی پێشوو ل٣٤) .**

ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە لە هەر زمانەو سیفەتێك بۆتە هۆی ناونانی ئەو ئاژەڵە ، دەکرێ لە سەرەتاکانی ناونانی پێکهاتەکانی لەش سیفەتی زەقی هەریەك لەو پێکهاتانە بووبێتە هۆی ناونانیان ، بەڵام زۆر زەحمەتە پەی بەو نیشانانە ببەین کە بوونەتە هۆی ناونانیان بۆیە دەبێت پەنا بۆ ئیتمۆلۆجی ببەین ، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا زۆربەی ناوی پێکهاتەکانی لەش وشەی سادەن و وشەی سادەش دەچێتە خانەی وشە واتا ناروون و لێڵ و تاریکەکان ، بەڵام ئەو وشانەی کە لە مۆرفیمێك زیاترن واتە ناسادەن دەتوانین ساناتر چەمکەکەی بدۆزینەوە .

بەنموونە وشەکانی پێکهاتەی لەش (پەنجە ، دەست ، چاو ،.......) . وشەی سادەن و ئاسان ناتوانین چەمکی ناونانەکانیان بدۆزینەوە ، بەڵام بە گەرانەوە بۆ ئەوەی لەکوردی و ئەو زمانانەی سەر بەهەمان خێزانن کاتێ ناوی ئەو ئەندامانەیان ناوە ، ژمارەی پەنجەکان بۆتە نیشانەی زەق ، کەپەنجە لە (پێنج + ە) ەوە . ناونرابێ کە ژمارەی پەنجەکانی هەردەستێك پێنج پەنجەیە . و دەستیش لە (دە+ ئەموست ) پێکهاتبێت ، چونکە کۆی پەنجەکانی هەردوو دەست دە ئەنگوستە ، لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنان و بەمەبەستی وزەپاراستن و کەمکردنەوەی ئەرکی ئەندامانی ئاخاوتنەوە لەئەنجامدا دەنگ لەناوچوون و بوون بە پەنجەو دەست ، چونکە ( زۆربەی ئەو وشانەی ئەمرۆ حیسابی یەك مۆرفیمیان بۆ دەکرێت ، بەپێی ئەو زانیاریە ئیتمۆلۆژیانەی هەمانە ، هەموویان لەیەك مۆرفیم زیاتر پێکهاتوون ) (سەرچاوەی پێشوو ل٦٤) . یان چاو کە دەکرێ لە (چەم) ەوە هاتبێ کە بەهۆی خواستنەوە دروست بووە ، چونکە لە سیفەتی رژانی فرمێسك و ئاو لەیەك دەچن .

## ( ٧-١/١ ) جیاوازی و هاوبەشی لە ناوی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ و گیاندارانی تر

مرۆڤ کاتێك ناوی لە ئەندامانی جەستەی خۆی ناوە ، نزیکترین شت لەخودی خۆی جەستەی خۆی بووە ، هەر لە زووەوە هەمان ناویشی بۆ ئەو ئەندامانەی لەشی گیانەوەرانی تر گواستۆتەوە کە لە شێوەی ئەندامەکانی لەشی خۆی دەچێت ، و هەمان ناوی جەستەی خۆی لێناون ، بەڵام ئەمە بۆ هەموو ئەندامەکان راست نییە ، چونکە جیاوازی گەورە هەیە لە پێکهاتەی دروستبوونی بەشێکی زۆری ئاژەڵان لەنێوان خۆیاندا و لەگەڵ مرۆڤ لێرە نامانەوێ بە درێژی بچینە ئەو باسەوە ، بەڵام روون نەکردنەوەی لێڵی دروست دەکات لەولایەنەی کە ناوی بەشێك لە پێکهاتەکانی مرۆڤ و گیاندارانی تر بۆ یەکتری بەکاردەبرێ ، کە دەکرێ لێکچوون و جیاوازییەکان بەم شێوانەبن .

**ناوی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ و ئاژەڵ وەك یەك بێت**

| مرۆڤ | ئاژەڵی شیردەر |
|---|---|
| دڵ | دڵ |
| جگەر | جگەر |
| چاو | چاو ......هتد |

**خشتەی ژمارە ( ٤ )**

**ناوی پێکهاتەکان لە مرۆڤ و ئاژەڵ جیاواز بێت ، یان لە یەکێکیان هەبێت لە ئەوەکەی تر نەبێت**

| مرۆڤ | ئاژەڵی شیردەر |
|---|---|
| پێست | کەوڵ |
| موو | خوری (مەڕ) |
| مەمك | گوان |
| دەم و لووت | لموز |
| ــــ | سم |
| ــــ | قۆچ |
| نینۆك | ڕنۆك – چڕنووك ......هتد |

**خشتەی ژمارە ( ٥ )**

ئەوەی لێرەدا جێگەی تێبینی و باسکردنە لایەنی جیاوازی ناونانی پێکهاتەکانی لەشی مرۆڤ و گیاندارانی ترە ، ئەگەرچی جیاوازن لە ناونانەکان ، بەڵام ناوی پێکهاتەی ئاژەڵ بۆ مرۆڤ وەك ( ڕنۆك لێدان ، لموز شکاندن ، کەڵبە لێگیرکردن .) و بە پێچەوانەش واتە بەکارهێنانی ناوی پێکهاتەی مرۆڤ بۆ گیانەوەرانی تر بەکاردێت ، کە دەکرێت حاڵەتی یەکەم لەم نموونانە زیاتر بۆ نیشاندانی بێ ڕێزی و کەمکردنەوەی بەرامبەر بێت ، یان بە هەر مەبەست و ئامانجێکی تر ئەم بەکارهێنانانە ببینرێت . هەرچی ناوهێنانی ئەندامی ئاژەڵ بەناوی ئەندامی جەستەی مرۆڤە لە نموونەیەکی وەك : شیشێك مەمکم خوارد . بەڕەچاوکردنی ئەو دەوروبەرەی ئەو ڕستەیەی تێدا گوتراوە ، مەبەست خواردنی مەمکی مرۆڤ نییە ، بەڵکو شیشێك گوانی ئاژەڵی خواردووە ، بەهەر هۆکارێك بێت ئەو خواردنەی کە دەیخوات بە ئەندامی جەستەی مرۆڤ ناوی هێناوە . ......هتد .

## ( ٢/١ ) فەرهەنگی پێکهاتەکانی لەش وپۆلێنی پێکهاتەکان لە ڕووی شوێن ، و بوون

لەم توێژینەوەیە کە ڕۆڵی ئەم پێکهاتانە تاوتوێ دەکات لە زماندا، ناکرێت کۆنەکرێنەوە و پۆلێن نەکرێن و دابەش نەکرێن . بەهۆی بوونی زار و شێوە زاری جیاواز وەك هەر زمانێکی تر ، یان ئەو گەشەو گۆرانانەی بەسەر ئەم وشانە هاتووە گۆکردنی جیاوازی ناوی ئەو پێکهاتانە دەبینین ، چونکە بەو گۆکردنە جیاوازانەیانەوە بەشدار دەبن لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا ، بۆیە هەوڵدراوە بە گوێرەی فەرهەنگی کوردی و هەبوونی ناوی ئەم پێکهاتانە لە فەرهەنگدا تۆماربکرێن ،ئەگەرچی لەکاتی کۆکردنەوەی ناوی ئەو پێکهاتانە ئەوە بەرچاو کەوتووە ، کە زمانی کوردی ناوی لە بەشێك لە پێکهاتەکان ناوە ، بەڵام لە پاڵدا بەشێك لە پێکهاتە و ئەنزیم و هۆرمۆن و رژێنی لەشی مرۆڤ هەن کە لەفەرهەنگی کوردیدا نین تا تۆماربکرێن . سەرەتای لێکۆڵینەوە و تۆمارکردنی ناوی ئەم پێکهاتانە لە زمانی کوردیدا بەستراوەتەوە بە دەرچوونی یەکەم ڕێزمانی کوردی ( ماورێزۆ گارزۆنی Maurizio garzoni) لەساڵی ١٧٨٧ کە لەپاڵ کورتەیەکی ڕێزمانی کوردی و فەرهەنگێکی ئیتاڵی – کوردی ناوەرۆکەکەشی بریتییە لە پێشەکی (١–١٠) ، ئەلف و بێ (١١–١٦) ، ژمارە (١٧–١٨) ، ناو (١٩–٢٦) ، کردار (٢٧–٤٥) خشتەی جێناو (٤٥–٥٤) ، ناوی وەرزەکانی ساڵ و ڕۆژەکانی هەفتە ئەندامانی لەش (٥٤–٦٢) (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٤:٨-٩) گرنگی ئەو پێکهاتانە لەهەر زمانێك و لە زمانی کوردیش ئەو تایبەتییەی پێ بەخشیووە ئەگەرچی ناون، بەڵام بە تەنیا وەکو بەشێکی سەربەخۆ باسی کردووە ، (٨) لاپەرەی بۆ تەرخانکردووە لەپاڵ ناوی وەرزەکانی ساڵ و ڕۆژەکانی هەفتە ،ئێمەش بەپێی شوێن و بوونی ئەم پێکهاتانە و بەکارهێنانە جیاوازەکانی ئەم ناوانە لەزمانی کوردی ، بەگوێرەی ریزبەندی فەرهەنگی پۆلینیان بۆ دەکەین ، بە خۆ دوورگرتن لە وشە تابۆکان .

### ( ٢/١-١ ) پێکهاتەی بەرجەستە :-

### ( ٢/١-١-١ ) پێکهاتەی دەرەوە :-

#### ١- ئەژنۆ[٦]

**ئەژنۆ** (جومگەی نێوان ڕان و لوولاکە) ، **ئەژنوو** (باك) (ل٢٩) ، **جۆنگ** (باك . ل٣٢٨) ، **چمچ** (هەورا . ل٣٢٨) ، **چۆك** (ل٣٣١) ، **چۆنگ** (باك . ل٣٣٢) ، **ڕەزانوو** (فە . ل٤٨٥) ، **زانوو، زانی** (شوا) (ل٥١٩) ، **زەرانی** (کف . ل٥١٩) ، **زەنگۆڵ** (هەورا . جا . ل٥٢٧) ، **زرانوو** (فە) ، **زرانی** (ل٥٢٩) ، **زرۆنی** (هەورا . ل٥٣١) ، **ژەنوو** (باك . ل٥٤٨) ، **ژنۆ** (باك . ل٥٤٩) ، **کووك** (زا . ل٧٩٥) ، **کوودك** (ل٧٩٦) ، **وژنگ** (جا . ل٨٩٧) .

#### ٢- ئەستۆ ، گەردەن ، مل[٧]

**ئەستۆ** ، **ئەستۆك** (ل٣١) ، **خەن** (هەو) ، **خەناق** (باك) (گەردەن ، ئەستۆ ، مل) (ل٣٦٣) ، **ستۆ** (ئەردە ) (هەراسان ، باك ، باد) ئەستۆ ) ، **ستۆه** (باد) ، **ستوو** (زا) ، **ستووکوور** (باك) (ل٥٨٩) ، **سکور** ، **سکورت** ، **سکورد** (ل٥٩٣)،**گەردەن** ، **گەردن** (ل٨٠٧) ، **مل**[٨] (باك.ل٨٦٠) ، **ناق** (ڕۆژ . ل٨٧١) ، **هەسك** (باك) (ل٩١٣) .

---

[٦] لە( هـ . ب ) وشەکانی : **زانۆ** ( ل٣٧٤ ) ، **ژوونی** ( ل٤٠٠ ) ، **قج** : ١- فرزەندەی مێوینە ، دۆت . ٢- ئەژنۆ . ٣- پوز و بەلەك . ٤- ددان گڕ ، کەسێ لێوی کورتە و ددانی دیارە . ٤- لەسەر هەست . ( ل٥٤٩ ) ، **کودك** ( ل٦٢٧ ) ، **مەنگۆل** ( ل٨٣٦ ) ، **هژنوو** ( ل ٩٤٧ ) ، **یەرەژن** :١- ئەژنۆ ، زرانی ٢- ئانیشك ، هەنیشك ( ل١٠٣٠ ) بەو واتایە هاتوون .

[٧] لە( هـ.ب ) وشەکانی: **ئەستوو** ( بەرزایی نێوان شان و سەر ) ( ل٢٢ ) ، **سوکر** ( پێسیر ، مل ، گەردەن ) ( ل٤٢٨ ) ، **قەرپك** : ١- مل ، ئەستۆ . ٢- پێسیر ( یەخە ) ( ل٥٧٧ ) ، **گەردە** : ١- ڕێزە گوڵینگێکی ڕەشی ئاوریشمی کە لە سەریانی دەپێچن . ٢- گەردن . ٣- خاکە ڕەژی . ٤- کورتە باڵای قەڵەو . ٥- ناوە بۆ پیاوان . ( ل٧٢٧ ) ، **هستو** ( ل٩٤٧ ) ، **هوستو** ( ل٩٥٧ ) ، **هەستۆ** ( ل٩٧٥ ) بەو واتایەهاتوون .

[٨] **گرد ، تە پە** . ( بار، باد ) **شان** . ....... . ( **باك** ) **لا** ، **بەش** ، **شان**، **هۆزێکی کوردە** .

### ٣- **ئەنیشك**[٩]

**ئانیسك** (ئەردە ) ، **ئانیشك** (موك) (ل١٧) ، **ئەرزنج** (فە. ل٢٨) ، **ئەنیزك** (باك . باد) ، **ئەنیشك** (ل٣٧) ، **بەلەچەك**[١٠] (ل٩٢) ، **بەلەمرك** (فە . خانە . ل٩٣) ، **بلەمرك** (خا . ل١١٢) ، **قنگا نیسك** (ئەردە . ل٧١١) ، **قورنازك** (ل٧١٨) ، **قونانیشك** (جا) ، **قونەنیشك** (ل٧٢٢) ، **قوونانیسك** (جا) ،**قوونەنیشك** (هەورا) (ل٧٢٤) ، **كونارشك** (ل٧٩٤) ، **لەمرك** (ل٨٣٥) ، **مرك**[١١] (لو . ل٨٥٨) ،**هەرەزەنی** (هەو . ل٩٠٩)،**هەنیشك** (دزە . ل٩٢٤) .

### ٤- **بازوو**

**بازۆڵە** ، **بازوەن** (فە) (قۆڵ) ، **بازوو**[١٢] (بابا) (ل٥٥) ، **باڵ**[١٣] (ل٥٨) ، **پیل**[١٤] (ل٢٠٦) ، **قۆڵ**[١٥] (ل٧١٤) .

### ٥- **باسك**[١٦]

**باسك**[١٧] (ل٥٦) ، **باهوو**[١٨] ( ل٦٤) **پەیك**[١٩] (باك . ل١٦٧) ،**چەمپل** (باسك ، دەست لەسەری قامكانەوە تا بن هەنگڵ ) (باك . ل٣١٦) **زەند** (بروانە پەراوێزی زەند لە جومگە) ( فە . ل٥٢٦) ، **ساقۆل**[٢٠] (ئەردە . ل٥٥٧) .

---

[٩] لە( ه.ب ) وشەكانی: **باڵنج** : ١- باڵگە ، سەرین .٢- ئانیشك . ( ل٤٦٧ ) ، **میرك** : ١- بەر دەستی میر . ٢- جێگەی ڕۆنیشتنی میر لە كۆردا . ٣- ئانیشك . ( ل٨٦١ ) ، **هانیشك** ( ل٩٤٢ ) ، **هەرەژنە** ( ل٩٧١ ) ، **هەنیشغ** ( ل١٠٠٨ )، **یەرەژن** : ١- ئەژنۆ ، زرانی . ٢- ئانیشك ، هەنیشك ( ل ١٠٣٠ ) بەو واتایە هاتوون .

[١٠] ئانیشك. كوولەكەی خواردن بە پاككراوی و بە پارچە پارچەی درێژو تەنك وشك دەكەنەوە بۆ چێشتی زستانێ . تلیسمە ( پارچە زەوی كشتوكاڵی گچكەیە ،ل١١٢ ) . كوولەكەی پارچە كراو لەناو دۆشاو دەیكوڵێنن ، جار جارە هەرمێشی تێدەكەن . ( وا ) مرەبا ، ڕوب .

[١١] ئانیشك . ( باك ) هەڵامەت .

[١٢] مانگا یا وڵاخی بەرزە و ئاژاڵی ڕەش و سپی . قۆڵ ، باهوو .

[١٣] باڵی باڵندان ، شاقەل . ( فە ) قۆڵ ، نێوانی شان و ئانیشكێ ، بەقۆڵی جلكانیش دەڵێن . پاڵ ، باڵ ، ناو ، نێو ، دوڕ ، هەندوڕ ، لەباڵ یەكنان : لە پاڵ یەكنان ، لە نێو یەكتری نان . پێوانەیەكە لەسەری پە نجەوە تا كە پۆ . دەست لەسەری قامكانەوە تاشان .

[١٤] شان ، قۆڵ ، پەل . ( باك ) ....ا ڕەش : جەرگ .... سپی : سی ، سیپەلاك . ... ی بەرازی : ڕانی بەرازی .

[١٥] جۆرە عەرەبانەیێكی بێ پێچكە چتی قورسی پێ دەكێشن . تیرە ، جووم ، دەستەیەك لە مەردووم ، ڕێگا ، هەندێ . ( ئەردە ) ئەستوور . ( باد ) زەند ، زەندك ، پیل ، هێچك ، باڵ ، نێوانی شان و ئانیشكێیە . دەستە ، كۆمەڵە ، ( فە ) بازوەن . داری ئەملاو لای عەرەبانەیە . چتی ئەستوور . هەرێم ، ناوچە ، توور ، تووێر ، ... موكریان : ناوچەی موكریان .

[١٦] لە( ه . ب ) وشەی: **زەنگە** : ١- نێوانی جومگەی دەست و ئانیشك . ٢- نێوانی زرانی و پا . ( ل٣٩٠ ) بەو واتایە هاتووە .

[١٧] ( باك ) پەیك ، ( هەورا ) باهوو ، بازۆڵە ، چەمبڵ ، چەنگ ، نێوانی جومگەی دەست و ئانیشكێیە . بستوو ، ملە ، كەل ، تەپۆلكە ، ملە شاخێكی باریك و یا ئەستوور و كورتە ، ( هەك ) دەستە ، بەرە ، كۆمەڵە .

[١٨] شوورەی كەنار باخچان . شاهێنی تەرازوو . ( ژا ) بن دەست ، ژێر دەست ، ( هەورا ) تەختەی پان . دەست یا باسك . زبر ، زوور. داری دارەرای وەتاغێ ( داری سەری خانووی ژووری دانیشتن ) . باسكی كێوی .

[١٩] باسك . وەڵام ، سوراخ ، پۆسە . چالاك ، زیرەك ، چە پەر ، پۆستە ، تەتەر ، شاتر ،كەسی نامەبەر. ئەستێرەیەكە لە هێزی كێشندەدا ، بەدوای ئەستێرەیەكی لەخۆی گەورەتر وەكو مانگ بۆ زەوی . بەردەستێكی بچووكە هەمیشە لە گەورەكەی جودا نەبێتەوە .

[٢٠] لوولاك . باسك . سەرەتەی ترێیە .

### ٦- بەلەك ولوولاك[٢١]

**بەڵەك**[٢٢] (هەر، ل٩٣) ، **بۆقل** (بەلەكی لاقی ، پووز . نەرم ، شل (بۆ گۆشتی )) (باك . ل١٢٣) ، **پاق**[٢٣] (ل١٤٤) ،**پووز** (ل١٨٦) ، **پوویز** (ڕۆژ . ل١٩٠) ، **پیز**[٢٤] (فە . كف . ل٢٠٤) ، **چۆقل** (نەرمەی بەلەكێیە ، لوولاك ، لاق ) (باك . ل٣٣٠) ، **دوڕیش** (باد . ل٤٦٠)، **دڕووشێ** (زا) (ل٤٤٧) ، **ساق**[٢٥] (ل٥٥٦) ، **سپیلك**[٢٦] (ل٥٨٨) ، **قەوینی پا** (فە . ل٧٠٢) ، **لوولاق** ، **لوولاك**[٢٧] (ل٨٤٠) ، **مەشكە لاق** (خۆ) ، **مەشكەلوولاك** (خۆ) (ل٨٥٣) .

### ٧- پاژنە[٢٨]

**پاژنـە** (هـەورا)،**پـاژنۆ** ، (ل١٤١) ،**پـانی**[٢٩] ( بـاد) ، **پانیـە** (بـاد) (ل١٤٩) ، **پـەحنی** (بـاد . ل١٥٢) ، **پـەهنی** (بـاد . ل١٦٦)،**جیك** (ل٢٩٤) ، **قومپاژنە، قومپانی، قومپانیە**( هەورا) (ل٧٢٢) ، **قوونپانی، قوونپێنی**(دەر) (ل٧٢٤).

### ٨- پە نجە[٣٠]

**ئەمووس** (جا ) ، **ئەموست** (لا٣٥) ، **ئەنگوس** ، **ئەنگوست** (هەو) ، **ئەنگوشت** (ل٣٧) ، **پەنجە** (كە . بابا . ل١٦٤) ، **پەنجك** (دەر . ل١٦٥) ،**پتلیوی** (گۆ . ل١٦٨) **پل**[٣١] (موك . ل١٨١) ، **پیچی** (باد . ل٢٠٣) ، **پیلك**[٣٢] (ل٢٠٦) ، **تبل**

---

[٢١] له( ه . ب ) وشەكانی: **گاللۆر** ( پێشەی بەلەك ) (ل٦٨٤) ، **قۆڵمە** (ئێسكی بەلەك ) (ل٥٦٨) ، **قیپ** : ١- بەلەك ئەستوور . ٢- لاسك ئەستوور . ٣- بەلەكی پا .٤-لەڕولاواز . (ل٥٩١) ، **گیتر** : ١- شەل بەهەردوولادا . ٢- لەتەر ، بەلەك . ٣- ئێسكی بەلـەك . (ل٧٦٠) . **لەتەر** ( پووز ، بەلەك ) (ل٧٦٨) ، **هەژگ** : ١- بەلەك ٢- باسك و زەند . ٣-ڕەشكەی كاكێشان . ٤- لكـەداری وشـك .٥- ئـالاش . ٦- تێخوڵی سەوزە و میوە . (ل٩٧٣) ، **هێت** : ١- خۆت . ٢- سمت و كەفەڵ . ٣- ڕان بەگشتی لە ئەژنۆ بەرەو ژوور تـا بـن زگ . ٥- ورد .٦- بەلەك . ٧- وڵمە گۆشتی زل .٧- خاڵێگە . (ل١٠١٣) بەو واتـایە هاتوون .

[٢٢] لەگەڵ هەموونیشانەكانی مەڕان بـەكاردەبرێت ، جـۆرە گیایەكـە ، (هـەورا ، دەر) پـووز ، (ڕەوا) بـۆقی بەلـەك ،....، (بـاك) بەلۆریناتك ، (شار) میكووك ، گیایەكە ، (باك) بەڵەك . (باك) .... یٚ بەلۆریناتك ، (باك) ... یٚ گووری .

[٢٣] پاك ، خاوێن ، ... كرن : پاككردنەوە . لوولاك .

[٢٤] لوولاك ، پووز ، بەلەك ، نەرمەی لوولاكی پێیە . (باد) كووزەلە ، جۆرە گیایەكە .

[٢٥] لوولاك ، لوولاق . (باك) پووزەوانەی خوری و موویە . لاسكی گیا و گوڵان و قـەدی دارانـە ، بـۆ لاسكی گـۆرەویش بـەكاردەبرێت . (هەورا) ساخ ، ساغ ، دژی نەخۆش . ریقنەی شلی پەلەورانە . تەپ ، سل ، ساقەگوو .

[٢٦] جۆرە گوڵێكی كێوی و سپی و بێ پەڵەیە . گڵە سپی ، ماینی سپی بێ پەڵە،سپی واش، ئەسپی سپی . (ڕەوا) ... ی پێ : لای پێشەوەی لوولاكییە ، ئێسكی لوولاكییە . جێگایەكە گڵی سپی بێت .

[٢٧] (باد) دوڕیشی ، ئێسكی بەڵەكییە ، (ڕەوا) سپیلكی پێ .

[٢٨] له( ه . ب ) وشەكانی: **پاژنو** ( ل٩٨) ، **پاشنی** (ل٩٩) ، **لە پان** (ل٧٦٧) بەو واتـایە هاتوون .

[٢٩] پانیەی پێ . بەرینی ، بەرینایی ، پانایی ، (باك) بێمێزی ، بەری چت لەلای تەسكیەوە .

[٣٠] له( ه . ب ) وشەكانی: **پێچی** (ل١٣٠) ، **تل** :١- ورگ ، عور ، گیپاڵ . ٢- بزوتن لەسەر لا ، خلار ، گلار . ٣- قامك ، تبـل ، كلـك ، ئەنگوست . (ل١٤٩) ، **تلهی** (ل١٥٠) ، **د پل** (ل٢٨٩) ، **كیلك** : ١- قامك ، ئەنگوست . ٢- قەڵەم ، كلك . ٣- ڕیپۆقی چاو . (ل٦٧٩) ، **گست** ، **گشت** :١- بادراو ، باخواردوو . ٢- گشت ، تێكـڕا . ٣- قـامـك ، ئـەنگوس . (ل٦٩٦)، **گێشـت** (ل٧٤٣) ،**هنگسـت** ، **هنگوسـت** (ل٩٥٢) ،**هونگوست** (ل٩٦١) ، **هەنگوست** (ل١٠٠٧) بەو واتـایە هاتوون .

[٣١] پارچە گۆشت . (باك . سوور) قامك ، پت . قوون ، كوون ، قنگ . ئازار ، ئێش . فیشـقە كردنـی تـۆوی مرۆیـە لـە نێـو قامیشـیدا بۆدەرەوە . (موك) كۆم ،نێوی قوونێیە . پەر باڵندە . بۆ پاڵپشت بەكار دەبرێ وەكوو شل و پل . (ئەردە) پلە ، بە دوو قامكان پلە لێدان . تاو ، خول ، سووڕخواردن .

[٣٢] قامك ، تپل . ئەو دەستە كەسەیە كەدەچن بووكێ بێنن . (باد) پۆستەچی ، چە پەرچی . ڕان ، گەل ، پۆل ، بۆ منداڵان و ئـاژەڵان و باڵندان بەكار دەبرێ . پوولەكەی زێرە ژنان لە كڵاو پێچ و شوێنانی تری خۆیانی دەدوورن .

(باد) ، **تپل** (باك . باد ) (ل٢٣٩) ، **تل**[33] (خۆ . زاخ . باد . ل٢٤٧) ، **تلك**[34] ، **تلی**[35] ، **تلهە** (باك . ل٢٤٨) ،**تلیك** (یەز . ل٢٤٩) ، **تیلك** (ڕەوا . هەو . ل٢٧١ ) ، **قامك** (ل٦٨٧) ، **قەمك**[36] (ل٧٠٠) ، **كلك**[37] (فە . شووا) ، **كلكە**[38] (هەورا) (ل٧٧٢) ، **گلك**[39] (هەورا . ل٨١٦) ، **گوست** (خۆ . ل٨٢١) .

## ٩- پێ و لینگ[40]

**باق**[41] (باد . ل٥٨) ،**پا** (لو . فە . هەورا . دەر . ڕۆژ . زەن . ل١٣٦ ) ، **پاچك**[42] (ل١٣٨) ، **پاق**[43] (باك . ل١٤٤) ،**پەل**[44] ، **پەی**[45] (ل١٦٦) ، **پێ**[46] (ل١٩٠) ، **قاچ**[47] ( كە . ل٦٨٣) ، **قول**[48] (ل٧١٩) ، **لاق** (پێ ، قاچ ، باق ، پەی ، لنگ، لینگ ،

---

[33] ( هەورا . ڕۆژ ) پشكەڵی ئاژاڵی وردەیە ، كە زستانان تەڕە ، بە شیاكەش دەڵێن . ( هەورا . زەن ) جاڵە ، گاشە بەرد ، تاوێرە بەرد . ( هەورا . كۆن ) چڵ ( چڵی گیا و ئیتر ) . سەگی تۆڵە . چتی هەڵبژاردە ، بێهاوتا . ( ڕەوا ) كۆڵ ، تێلە . ( ئەردە ) چڵ ، برووسك . تڵە تڵ ( سۆی برینان ) . ( خۆ . زاخ . باد ) قامك ، تبل . ( باد . سوو ) زگ ، سك ، ورگ . خل ، تلۆر ، خلۆر ، پل ، تلێر ، خلێر . ( باك ) سەكۆ ، گرد ، تەل ، تە پۆلكە . كەمێلە . ( بارستایی چڵكی لەشی مرۆیان و خوری ئاژاڵان ، كە پشكڵی پێوە وشك بووبێتەوە ( ل٧٥٦ ) .

[34] ( ڕەوا ) سەری قامك . ( باك ) قامك . ناوكی درێژە وەك خورما ، تیلماسكێكە لە ترێ .

[35] ( شەق . خۆ ) گلووەی ترێ . ( باك ) قامك ، قامكی گەورە دوو گرێی هەیە، بەڵام ئەوانی تر هەریەكەی سێ گرێیان هەیە .

[36] قامك . دزی چالاك ، دزی ناقۆلا .

[37] قامك . دارێكی درێژە دەكرێتە بێڵ وخاكەناز و زەنگەن و پاچ و تەور و ئیترەوە . چتێكی باریكە لە ئاستی سمتە چووڵەی یەكسم و ڕەشەوڵاخ و كەرو ئێستر و ئیتر پەیدا دەبێ و سەر هەڵدەدا .

[38] قامك، تپل . داوێنی كێو . ئەنگوچك . چتێكە وەك مرۆر ( گیایەكە ، زیوان ) بەڵام ئەم بچووكترە و كلكێكی باریكی هەیە.

[39] قامك . لاسكی گە نمە شامی بێ دەنك .

[40] لە( ه . ب ) وشەكانی: **كاچ** : ١- كەفچی ، كوچك . ٢- قاچ ، لنگ. ٣- شتی بێ نرخی ناو ماڵ . ٤- خزگە ماسی . ( ل٥٩٦ ) ، **لیق** : ١- لاق ، لۆق ، لنگ . ٢- ئاوی دەم . ، **لێق** : ١-ماستی ئامیان نەگرتوو ، شل .٢- گۆشتی لیچق و لەڕ . ٣- لاق ( ل٧٨٢ ) ، **ننگ** ( لاق ، پا ، پاق ، لنگ ، نگ ) ( ل٨٧٠ ) بەو واتایە هاتوون .

[41] لاق ، پێ ، بەلەك . ( باك ) باقە ، تەڵابی ، قەفت ، گورزە . ... ا دەست :جومگەی دەست . ( باد ) پووز. ( باك ) نێركی سیر و پیازیە .

[42] پێچك ، پێ ، پا ، قاچ و قوول . ( باك ) پەرۆی كۆن ، دەسگرە ، دەزگرە ، كۆنكە . جلكی شڕو وڕو دڕاو .

[43] پاك ، خاوێن . لوولاك .

[44] دۆڵ و نێوانی دووشاخان . پەڕێك كاغەز . دۆڵ ، شیو ، دەرە . ( موك ، هەورا ، ڕۆژ ) ئەندام ، دەست ، قۆڵ و باسك . .... هتد

[45] ( هەورا ) بۆ ، لۆ ...تۆ : بۆتۆ . ( باك ) دوا ، پاش ، پشت . ... چوون : دواكەوتن ، شووێنكەوتن . پێ ، لاق ، پا . ... دان ئەردێ : پێداگرتن . ... ژێ بەردان : وازلێهێنان ، بەجێهێشتن . ... شوێن : پێ بردن : شوێن بردنە سەر . دۆن ، ڕێگا . ... بردن : پێ زانین ، دڵ بۆچوون ، ڕێ بردنە سەر ، شوێن هەڵگرتن . ڕەگی سپی . وردە دەماری لەش . بن و بێخ ، قووڵی بن ئاوە . ...دان : لە رووبارانا پێگەیشتنە زەوی بۆ پەڕینەوە .

[46] لاق ، قاچ ، پا ، قول ، پەی . ئەندازەی درێژی پێیەكی . ڕاوەستان بە پێوە . لا ، كن : پارەم پێیە . بە ، لا ، پێم وابە ، لام وایە ، بەمن وایە . ڕۆژوو : پێیە : بەرۆژووە . لەلا ، لەكن ، وێ ، جەم : پارەم ... یە . پارەم لەلایە . ...... هتد .

[47] پێ ، لاق ، پاو قووڵ ، قول . ( زەن ) كەمەر ئاسنین . ( كە ) وردە بەردی سپی كە گەمەی قاچێنی پێدەكەن . ( باك ) گیایەكە . ( باك ) كلكی بزن و ڕەشە وڵاخ و ولاخی بەرزەیە . ناوی نەخۆشی ودەردێكە .

[48] كوڵ ، كولن ، جۆش . ڕەش، قولە ڕەش . دەسكێكی گچكە لە گەنم و جۆی شین وگوڵ و گیا و چیلكە ، ( باك ) قەفت ، دەسكە ، قولچە ، سەلووك ، چتی كوڵ ، قوڵپی چت لەسەر ئاگر ، سەری تیژی هێلكە . ( باك ) كون ، ...كردن : كونكردن . باش وێستانی هەلووك بە جۆرێك ، كە ژێرەكەی بۆش بێ ، بۆئەوەی تا كە بەدار هەلووك لێتدا بەرز بێتەوە . بەش ، پشك . ( موك ) دەست ، چەنگ ، پر بە دەستی گژوگیا . ( فە ) لاق ، قاچ ، قاچ و قول ، پێ بەندەی ڕەشكۆڵە ، زەنگە. ( فە . موك ) پێ لەگەڵ قا پی بەكاردەبرێت . ( هەورا ) قوڵتە ، كوور،كوونی دیوار و چتی تر . ( باك ) چل ،... دان : چڵدان . مرۆڤی پێست ڕەش ، بەندەی ڕەشكۆڵەی پێست ڕەش ، قوولە ڕەش . قوڵە .

(باك) بۆق ) (ل٨٣٠) ، **لنگ**[٤٩] (ل٨٣٨) ، **لۆق**[٥٠] (ل٨٣٩) ،**لینجی** (لنگ) ، **لینگ** (لنگ . تاوەی چێشتی) (ل٨٤٤) ، **نگ** (باك . ل٨٨٠) .

**١٠- پێست**[٥١]

**ئاڤار**(چەرمی ئاژاڵ و ئیتر،کەوڵ ) (ل١١) ، **پۆس** (هەورا ) ، **پووس**[٥٢] (فە) ، **پۆسە** (زەن) ، **پۆست** (باك) ، **پۆسی** (هەورا) (ل١٨٧) ، **پێس** (ئەردە)، **پێسە**[٥٣] ، **پێست** (ل١٩٥) ، **چەرم** (ل٣٠٩) ، **قەلەخ** (ئەردە . ل٦٧٩) ، **کەڤەل** (باك) (پێست ، کەوڵی ئاژاڵ ) ،**کەڤل** (باك) (ل٧٤٨) ، **کەول** ، **کەوڵ**[٥٤] (ل٧٦٠) ، **کوڕك**[٥٥] (باك . ل٧٨٧) ، **گوێن** (کە . ل٨٢٥) ، **لۆنك** (پێست . فۆتە .) (ل٨٣٩) .

**١١- پێلو**[٥٦]

**بەڵگ** (ئەردە . ل٩٤) ، **پەلك**[٥٧]، **پەڵك**[٥٨](ل١٦٢) ، **پشت چاڤ** (باك . ل١٧٨) ، **پێڵە**[٥٩] (موك) ، **پێڵوو** (هەورا . ل٢٠٠) ، **پیلوو** ، **پیڵوو** (ل٢٠٦) ، **خلێف**[٦٠] (ل٣٧٢) ، **فەرووز** (باك . ل٦٦٦) ، **قەپێلك** (ل٦٩٠) ، **قپێلك** (ل٧٠٣) ، **کۆپك** (باك . ل٧٧٥) .

**١٢- چەناگە**[٦١]

**ئارچەن** (باك . ل٤) ، **ئەرزەن**[٦٢] (باك ) ، **ئەرزنك** (باد) ، **ئەرزینگ** (ل٢٨) ،**چەن** (چەند ، ئان . (باك) **چەنەگە** . (هەورا) دەرزی) (ڕۆژ . فە. ئەردە ) ،**چەناخ** (ئەردە) ، **چەناکە** ، **چەنە**[٦٣] (فە. موك ) ، **چەناگە** (هەورا) ، **چەنەگە** ( هەورا)

---

[٤٩] **مالاَتێکە جووتێکی ساز بکات .... ی گۆرەوی . ( باك ) لاق ، لوولاك . . . . ی وی لە هات : پێی وی بۆ ئێمە ڤربوو . سرکی تفەنگ : تفەنگ لەسەر لنگە . تاك ، تا ، دوولینگ گۆرەوی : جووتە گۆرەویەك . لنگە ، قاچ ، دوولنگ . ... بار، دووتا .**

[٥٠] **شەقاو ، هەنگاو ، لاق . ... درێژ : لاق درێژ ، لۆقن .**

[٥١] **لە ( ه . ب ) وشەکانی :کاشوول :١- بریتییە لە پێست . ٢- سواڵەتی سەربان دا پۆشین . ٣- قاشووڵە ( وردە سواڵەت بۆ منداڵان ) . ( ل٦٠١ ) ، کەوەڵ ( ل٦٧٣ ) ، قاشل ، قاشوول ( ل٥٦٥ ) بەو واتایە هاتوون.**

[٥٢] **پێست . لووس ، بەلاَن بەتەنێ بەکار نابرێ ، بەڵکو دەڵێن : لووس و پووس .**

[٥٣] **پێست ، پۆست ، چەرم . ( هەورا ) وا ، ئەوا ، وەها .**

[٥٤] **پێست . پێست لێکرانەوە . ( هەورا ) سەخردان ، کەوڵی نان .**

[٥٥] **پێست . ( دزە ) کوێڕوو ، کوێڕۆك ( دەردی گەنم ) . ( باك ) منداڵ ، نۆکەری منداڵ . ( بار ) کۆخە ، کۆکە .**

[٥٦] **لە ( ه.ب ) وشەکانی : پەڵگ ( ل١٢٣ ) ، قەپەلك ( ل٥٧٤ ) ، مچکولی ( ل٨٠٦ ) بەو واتایە هاتوون .**

[٥٧] **( باك ) بلۆق . ( هەو ) گەی دار و گوڵ . لقی دار و درەخت . گووفەك ، سەران گوێلك ، جێگای خۆڵە مێشیە . پەڕی گوڵی . پێلوو .**

[٥٨] **پێلووی چاو . زڕە ئەسپیندار . سوورە چنار .**

[٥٩] **کەڵ یا گامێشێکە شاخی بە پشتەوەدا شکابێتەوە . ( ئەردە ) پێلووی چاو . ( بڵ ) ژنێکە سەر تاوسی بێ واتە پێشە سەری تووکی لێنەهاتبێ و پێستی ڕووت بێت . مرۆی بەد مەست . ( ئەردە ) قۆزاخەی کرمی ئاوریشم . پیلوو .**

[٦٠] **کەندووی مێش هەنگوینە . کالان ، کێلان ،بەرگی خە نجەر و شیرییە . توویژو تووێك و کاژێکە ، کەلەشی گیاندار هەڵیدەدا . ( باك ) پێلوو ، پەلکی چاو ، پێچدان و پێچ خواردنی مار .**

[٦١] **لە( ه . ب ) وشەکانی: زەنج : ١- چەنە ، چەناگە . ٢- زنە ، زۆنگ ( زەمینی شل و خاو ) ( ل٣٩٠ ) ، زنج : ١- چارداغی لە قامیش ٢- حەوشی لە چە پەر و لە قامیش بۆ مالاَت تێکردن . ٣- چەناگە . ٤- دووشتی پان و پەل کە ئامرازی مۆسیقان . ٥- کوتەك . ( ل٣٨٢ )، زیقەنە ، زینج ( ل٣٩٤ ) ، گچە : ١- بێچووی چێڵ ٢- گچچە ( وشەی لێخوورینی گا ) .٣- چەناگە. ( ل٦٨٧ ) بەو واتایەن .**

[٦٢] **چەنەگە ، چناگە . شارێکی وێرانی کوردانە ، کەوتۆتە نێوانی وڵاتی خەرزا و هەسکێف .**

[٦٣] **چەنەگە . زەوییەکە قورێکی هێندە بە تینی هەبێ لاقی ولاَخان بگرێ . ( لو ) هێندە .... ی قرانیك . ( خۆ . موك ) هەرەس .**

(ل٣١٧) ، **چنكه** (ئەردە ) ، **چناگە** (جا . ڕۆژ) ، **چناوە** (لو ) (ل٣٢٨) ، **ڕێدین** (باك . ل٥١٠) ، **زەنی** (باك . ل٥٢٧) ، **زنچ** (هەورا . كە ) ، **زنخدان** (كەل ) (ل٥٣٧) .

١٣- **دەست**

**تەت** (چەچە ، دەستی چكۆڵە ، چەچ لە زاراوەی منداڵاندا) (باك . ل٢٢٠) ، **چەچ**[٦٤]، **چەچە**[٦٥] ،**چەچلە** (ئەردە ) (ل٣٠٨) ، **دەس** (هەورا . بابا) ، **دەست**[٦٦] (ل٤٢٤) .

١٤- **ڕان**[٦٧]

**ئێت** (باك . ل٤٣) ، **ڕان**[٦٨] ( موك . كە . بابا . ل٤٨٠) ، **كاماخ** (ڕان ، سمتی مرۆڤ و گیاندارانی تر ) ( باك . ل٧٣٥) ، **كماخ** (ل٧٣٥) ، **هێت** (باك . ل٩٣٣) .

١٥- **ڕوو**[٦٩]

**بەر**[٧٠] (ل٧٠) ، **بیچم** (ل١٢٨) ، **جەفەر** (پژ. ل٢٧٧) ، **چارە**[٧١] (ل٢٩٧) ، **چەهرە** (ل٣١٩) ، **چروچاو** ، **چڕوچەم** (هەورا) ، **چڕوچەنە** (ئەردە) (ل٣٢٢) ، **دەكو دیم** (ل٤٣٥) ، **دەم وچاو** (ل٤٤٠) ، **دیدار**[٧٢] (ل٤٧٢) ، **دیم**[٧٣] (هەورا) ، ، **دیمە**[٧٤] (ئەردە) (ل٤٧٣) ، **ڕەزا** (ل٤٨٤) ،**ڕۆخ**[٧٥] (باك . ل٥٠٠) ،**ڕوخ**[٧٦] (باك) ، **ڕوخسار** ، **ڕوو**[٧٧] (ل٥٠٣) ،

---

[٦٤] **پە نجە ، چەچلە ، دەست لە زاراوەی ساوایان ، ( باك ) تەت ، چەچە ، چەچڵە .**

[٦٥] **چەچ ،چەچلە ، زاراوە ساوایان ، ( باك ) حونجەیی ( حینجە ) ، ڤاڤێر ..... كردن . حونچەیی كردن ، ڤاڤێركردن ( هەڵاواردن : هەڵاوێركردن ،لێك جیاكردنەوە ( ف . ك . ل ٩١٦ ) .**

[٦٦] **لە سەری پە نجەوە تا سەری شان ، پەلی بەنی ئادەمی و هەمووگیاندارێك لە شانیەوە تاكو پە نجەكانیەتی . ..... هتد .**

[٦٧] **لە( ه . ب ) وشەی : ڕاهن : ١- لە زرانی بەرەو ژوور تا زگ . ٢- گوندێكی كوردستانە ( ل٣٤٤ ) بەو واتایە هاتووە .**

[٦٨] **بەشێكی زۆر ئەستوورە لە لاق لە نێوانی ئەژنۆ و سمت دایە . ( دەر . كە . جا . هەورا ) مێگەل ، گەلەی بزن و مەڕان .**

[٦٩] **لە ( ه . ب ) وشەكانی : رووك : ١- چروچاو ، روخسار . ٢- شوێنی باریك بەسەرچڵی بریندار . ( ل٣٥٣ ) بەو واتایە هاتوون.**

[٧٠] **( كەل . زەن . باك ) پێش ، بۆكاتە ، بەرلەتۆ . بەری داران . منداڵێكە ، بێچووێكە لەناو زگی دایكیدا . ( باك ) بەرد ، كوچك ، تەوەنی . ( هەورا ) دەرگا ، دەرك . پێشەوە ، بەرگەدە . تووكی بەری مرۆڤان ..... بەڵغ هی سەماوەر . ( شەم ) روو : بەرلەمن : روولەمن ..... تاد . بەش: بەرە دروێنەیەك : بەشە دروێنەیەك . كەنار ، لا ، ئەو بەری چۆمێ . یاد ، ئەزبەر : وانە و هەڵبەست لەبەركردن . پۆشین : جل لەبەركردن . بەرینی . پانایی ، ئەو چیتە بەری پانە . مەمك ، لەمە. سینگ ، سینە . خوری : بەركرن ،خوری لە پشتی ئاژاڵان كردنەوە . گوللە : بەرێ تفەنگێ ، بەرێ تۆپێ . لا ، كن ، نك ، جەم : بەر من ڤاهات . بۆر ( ُ ) ، پێشەوە : بەردەم . بەدوای هەر ناوێكەوە بێت دەیكاتە ناوی بكەر : رە نجبەر ، فەرمانبەر ..... ......هتد .**

[٧١] **تەگبیر ، راوێژ ، بیر و را . دیمەن ، دیدار ، روخسار ، دیم ، ..... تاد . چارەسەر ، دۆزینەوەی رێگا ....تاد . بنی كچان ، خوێنی كچان . باشار ، دەرقەت ، تیمار ، ... ی نەخۆشی و برینان : تیمار .**

[٧٢] **( رەوا ) سوورە دار ، دارێكە بە داری بەرووی دەچێ ، چارە ، دیما، دیم ، ( ژاوە ) سەر باسك ، سەردەست .**

[٧٣] **بار ، لا ، دیو ، دیوی ئەملاو ئەولا. ( موك ) چاوم پێكەوت . (( هەورا . كۆن ) ڕوو،ڕووخسار ، دیدار ، دەم و چاو . ( هەورا ) ژوور ، هۆدە ، دیو ، ( هەورا ) خدە ، سووخەت ، پێناسراو .**

[٧٤] **ڕوو ، ڕووخسار ، دەم و چاو . ڕووكێشی ساجی بە خۆڵە مێشی ، ڕووكێشی دیواری ، سواخ .**

[٧٥] **ڕوو ، ڕووخسار . ( هەو . كە . رەوا . باك ) لا ، كن ، جەم ، نك ، كەنار ، قەراخ ، لێوار ، ئالی ، تی .**

[٧٦] **ڕوو ، ڕووخسار . ئێسكخۆرە ، باڵندەیەكی ئەفسانەییە . ( باك ) كەنار ، قەراخ ، لێوار . ناوی دوو داشانە لە داشەكانی شەترەنج .**

[٧٧] **چروچاو ، روخسار ، چارە . ( فە ) رێوی . هۆ ، بۆنە ، لە ... ئەوە وە : بەهۆی ئەوەوە ، رووكار دیوی دەرەوەی هەر چتێكی بێ ، بەردەم . ( باك ) چوم ، ڕووبار . زات ، بر ، ئازایی : لە ... ی نایێ ، واتە زات ناكات . ساختە ، ڕوواڵەت ، ریو ( فێڵ ) .**

**ڕووچك**[٧٨] ( باك) ، **ڕووخ** (ل٥٠٥) **ڕی**[٧٩] (ل٥١٣) ، **زەڕ**[٨٠] ( هەورا . ل٥٢٠) ، **سكووم** (باك . ل٥٩٣) ، **سوومان** (باد . ل٦٠٧) ، **سیما** ، **سیمان** (ل٦١٦) .

## ١٦- روومەت و گوپ[٨١]

**ئەلیك** (ل٣٥) ، **ڕوودێم** (باك . ل٥٠٦) ، **ڕوومەت**[٨٢] (ل٥٠٧) ، **ڕوویمەت** (هەر . ل٥٠٨) **قەوینی گوپ** (فە . ل٧٠٢) (کوڵمە)، **کوڵم** ، **کوڵمە** ( ل٧٩٢) ، **گپ** ( هەورا . ل٨١٢) (گوپ ، روومەت) ، **گۆنا**[٨٣] ( هەورا . جا . ل٨١٩) ، **گووپ** (ل٨٢٠) ، **لام**[٨٤] ، **لاٚم** (باك) (گوپ) ، **لامچی** (باك) ( روومەت) ، **هنارك** (باك . ل٩٢٨) .

## ١٧- سەر[٨٥]

**سەر**[٨٦](ل٥٦٢) ،**سەرك**[٨٧] (باك) ،**سەلك**[٨٨](ل٥٨٢) ، **کەللە** (ل٧٤٩) .

## ١٨- سنگ

**سنگ**[٨٩]، **سنگك** (زیپکە . سنگ ) (زا) (ل٥٩٧) ، **سینە** (موك . کەل . هەورا. ل٦٠٦) ، **سینەك**[٩٠] (فە)، **سینگ** ( بڕوانە پەراوێزی سنگ جگە لە کرمی ناو زگ ) (ل٦١٦) .

---

[٧٨] دزێو ، ناحەز ، روو ، رووخساری ناشرین . دەم و چاو بۆ هی ناشرین بەکاردەبرێ .

[٧٩] ( فە ) ڕوو . ریگا ، ریگە . ( یەز ) ریش ، ڕدێن .

[٨٠] چارە ، ڕەزا . ( موك ) زەڕەی کەرو ئیسترانە .

[٨١] لە( هـ . ب ) وشەکانی: **گووب** ( ل٧٠١ ) **گۆن**: ١- گۆنا ، کوڵمە . ٢- ئاژەڵی مێچکە. ٣- گیان ، رح . ٤- خوێن ، هوون .(ل٧١٨ ) ، **گۆنە** :١- کوڵمە . ٢- جۆر . گیپ ( ل٧٢٠ ) ،**لۆپ** : ١- فرەنجی . ٢- لباد ، کولاو ، تەحت ، تات . ٣- سەر کوڵمە ، روومەت . ٤- بەرەی ئەستوور . ٥- باڵدارێکی مەلەوان وەك مراوی . ( ل٧٦٠ ) بەو واتایە هاتوون .

[٨٢] تەختاییەکی بێ موو لەژێر چاوان و تەنیشت کە پۆوە . ( باك ) ناوبانگ . رێز ، روو ، هونەر ، بێ ... : بێ هونەر ، بێ رێز .

[٨٣] کوڵمە . ( باد ) لام . ( کە ) ... گۆن : هەمەڕەنگ .

[٨٤] لەلام ، لەکن من . ( باك ) ڕوومەت . عوزر .

[٨٥] لە ( هـ . ب ) : وشەی : **سار**:١- بەرانبەر گەرم ٢- داباریني بەرد ( سەنگە سار ) ٣- سەر ( خاکەسار ) ٤- جاڕ، شوێن ، جێ ٥- حوشتر ( سارەوان ) ( ل٤٠٦ ) بەو واتایە هاتوون .

[٨٦] بزێویەکە لەسەر پیتی ئارەوی دادەنرێت ( فتحه ) .لا. سەرەوە ،لای ژوورەوە . ...... . جار، سەرێکی چوومە لای بارامی لەماڵ نەبوو . بان، سەرچاو: بان چاو . ئەندازەو سەرە ئاوێکە کە کشتوکاڵی پێ ئاو دەدرێت : گۆڵەکە سەرێکی ئاو هەیە . گەورە ، سەردار ، سەرلەشکر . سەرپۆش ، سەرمێز ، سەر مە نجەڵ ، سەری شووشە و زارەوانە . یەکەم، بەرایی . نووك ، کۆتایی ، بنەبان. گەیاندنەسەر: کۆتایی پێدان . کەس ، تاقە گیاندارێك . کەللەی سەری گیان لەبەران ، ..... هتد .

[٨٧] لە قەننەو سەبیلەییدا، ئەو شوێنەیە کە تووتنی تێدەکرێ . ( باك ) مەبەس ، ئامانج . ( خۆ ) سەر.

[٨٨] ( خۆ ) سەر ، سەرك . ( باك ) سەلە، سەوەتە . بەبنی پیواز و توور و چەوەندەر و شێلم و چتی واش دەڵێن . ( زا ) سوەتە.

[٨٩] کرمی ناو زگ . ( هەورا ) سینە ، داو ، سینگ . ...کوتان :تووك لە کەسکی کردن ، پێهەڵکاڵان . ( ئەردە ) شوژن . سنگی دار یا ئاسن : هۆرە ،سەمەندۆل . ... ئاسن : گوڵمیخ ، ( باك ) سنگك ، دار یا ئاسنێکی سەر تیژە لە دیوار یا بە زەویدا دادەکوترێ ، پانایی نێوان هەردوو مەمك و خووارتر چۆڵەمەی مل . ( باك ) خەتی کار ، پۆپەی کەڵەبابی ،کرمی گەدە .

[٩٠] سینگ . جۆرێکە لە کاغەزی قوومار .

## ١٩- **شان**[٩١]

**پۆل**[٩٢] (ل١٨٩) ، **تليقانێ** ( قەڵاندۆش) (کە . ل٢٤٩) ، **دەفە**[٩٣] (ل٤٣٣) ،**شان**[٩٤] **شانە** (هەورا) (ل٦٢٢) ،**شەپك**[٩٥] ، **شەپيلك** (ل٦٢٥) ، **قەڵادۆشان** (ئەردە ) (بان شان) ، **قەلاندۆش** ، **قەلاندۆشکان** ، **قەلانقووچ** (هەو) (ل٦٩٦) **کەت**[٩٦] (موك . ل٧٣٨) .**گورمك** ( کۆتايی شان) (ل٨٢١) .

## ٢٠- **کەلەکە**[٩٧]

**پەهلی** (فە . ل١٦٦) ، **تەلۆك**[٩٨](کۆ . ل٢٣٢) **تەموو**[٩٩]، **تەمۆ** (ل٢٣٣)، **خاڤك** (پێچە ، رووبەند . کالای دڕاوی رزيوو . (باك) خاڵگە ، کەلەکە ، مووسڵدان ) (باك . ل٣٥٢) ، **خاڵگە** (ل٣٥٣) ، **خاڵيگا** (ئەردە) ،**خاڵيگە** (بابا) (ل٣٥٤) ،

---

[٩١] لە(ه . ب ) وشەکانی: **باڵەکە** (ل٤٦) **پەل** : ١- شە پۆڵ . ٢- بەرانبەری قووڵ . ٣- لاق و دەست ( لەچوار پەلان گوێی ساغە ) . ٤- باڵی باڵندە . ٥- پەلەو لەز ( بەرەو کوێ پەل بووی ) . ٦- پارچەو جلك و ئەسباب ( کەل و پەل ) . ٧- دەستە ، پۆل . ٨- لکی دار . ٩- دڕکی دار. ١٠- پەنگر . ١١- شيوەڵە ، دۆڵ. ١٢- دڕك ، چقڵ ( پەلێکم لە قاچ راچووە ) . ١٣- قلێشەدار . ١٤- گەلا ، پەلك . ١٥- پارچە ، پاژ( پەلێکم بۆ لەو نانە بکەوە ) . ١٦- تيرەيەك لە هۆز و عەشيرەت . ١٧- بڕاوی وەك نووکە قەڵەم . ١٨-باسك و پە نجە : ( دەست و پەلت پيسە ) . (ل١٢٢)، **پيل** : ١- شان و سەر قۆڵ . ٢- دەست و پێ بەيەکەيەکە . ٣- دراو ، پول . ٤- پرد ، جسر . ٥- باتری وشك . (ل١٣٥) ، **دۆش** : ١- ناو شان ، مل . ٢- گۆشتی لای سەروی ڕانی مەڕ. (ل٣٠٣) ، **شوو** : ١- شان ، مل ... ...... هتد .(ل٤٧٥) **قولی** (ل٥٧٠) ، **قەڵادۆش** ، **قەڵادۆشە** ،(ل٥٨٣) ، **قەلاندووش** (ل٥٨٤) ، **کفت** (ل٦١٧) ، **کليتە** (ل٦٢١) ، **کوك** : ١- قەڵاندۆش . ٢ - بەقيمەت ، بايی دار . (ل٦٣٧) ، **کۆڵ** : ١- تێڵەکە .٢- سەرشان ، قەڵاندۆش . ٣- ئاژاڵی بێ شاخ . ٤- قامك پەريو . ٥- بێچووی دڕندە و ئاسك . ٦- دەرزی و سووژنی نووك پەريوو . ٧- پاشگی بە واتا : کەسێ کە زەوی دەداتەوە . ٨- گيايەکی دەشتە دەخورێ . ٩- خا ، پوخت نەبووگ . ١٠- کاڵ ، کرچ ١١- بريتييە لە ناشارەزا لەکار . ١٢- رەبەت ، سيپە (بۆسە) . ١٣- مستە کۆڵە ، مشت . ١٤- بەرێك لە بەرەکانی دار مازوو . ، **کۆڵنج** : ١- کرچ و کاڵ . ٢- با دە ناو شان وەستان ، قۆڵنج . ، ٣- ناو هەردوو شان . (ل٦٤٠) ، **کە پۆڵ** (ل٦٤٩) ، **کەلەکوچ** (ل٦٦٦) ، **گوردی** (ل٧٠٥) ، **گورمك** : ١- پێشەی شان . ٢- گرۆڤەر ( خر وەك تۆپ ) . ٣- زۆپ ، زەق . ٤- کلۆ ( هەر وردێکی يەکتر گرتوو ) (ل٧٠٦) ، **ميان پۆڵان** (ل٨٣٨) ، **نەڕڕ** (ل٨٨١) ، **هنگڵە** (ل٩٥٢)، **هەرمە** (ل٩٧٠) . بەو واتايە هاتوون .

[٩٢] ... ی قوتا بخانان ، تەشق (تەوژم ) . ... ئاو : تەشقی ئاو دەشکێ . کۆمەڵە و دەستەی باڵندانە . ( سوور) پۆلوو، پەنگر . ( زاخ . دهۆ) شان . (باك) شە پيلکی شان .

[٩٣] مرازێکی ئاهەنگ و بەزمانە ، دەفك ، دەف . شانەی جۆلایی . بە ئێسکی شان و شە پيلکی ئاژەلا نيش دەلێن .

[٩٤] باسك ، باڵ ، تيرەشان . تەنيشت تۆقەسەری گرد و چيايانە. پلە ، ريز ، گەورەيی شکۆ بارە ، حەنا ، ئەنازە . ( هەورا ) شانە . (زاخ . دهۆ . باد ) پۆل . (باك) پيل ، پی ، مل ، ئێسقانی راست و چە پی ژێر مل ، کە هەردوو قۆڵی پێوەيە . شايان ، شيان، ئافەد . پيشان ، رەوابوون . تووانين ، لە توانادابوون . شانە ، ماڵهەنگ . بزنێکە سەری زەرد بێ . پنك ، خاڵ . خاو ..... شکان : خاو شکان .

[٩٥] چۆغە . شاڵ و شە پك . پێل ، شە پيلك . تەختەی هەرە گەورەی شانييە . تەختەی جۆلايی .

[٩٦] قەتێ (باڵندەيەکە ) . تەختی نووستنێ . (زا ) وێنجە . (خۆ) تاق ، تاك . کەرت ، لەت ، کوت ، پارچە . کەدی دارانە بە گەلاوە . (باك ) جۆرە پاقلە و جۆرە گيايەکە . شان ، پتر لەگەڵ وتەی کۆڵدا بەکاردەبرێ : .... و کۆڵ : واتە شان و کۆڵ . لادانێکە لە نانەواخانەدا ئاردی تێدەکرێ . (باد ) يەك .

[٩٧] لە(ه . ب ) وشەکانی: **برك** : ١- خاليگە ، کەلەکە . ٢- دەردو ژانی خاليگە . ٣- حەوز ، ئەستێل . ٤- هاوێشتن (برکی دە : بيهاوێژە ، فرێيدە ) . (ل٥٢) ، **قەبرخە** (ل٥٧٢) ، کێلەکە ، کێلەکێ (ل٦٧٩) ، **نۆق** : ١- خاڵێگە ، کەلەکە . ٢- قوم بوون لو ئاودا . ٣- کەمبەر ، کەمەر . (ل٨٧٤) بەو واتايە هاتوون .

[٩٨] خاڵگە ، کەلەکە ، تەراد . نەرمايی لا تەنيشت گۆشتە نەرمەکەی سەر پەراسووەکانە .

[٩٩] دارێکی ئەستوورە ، هەڵدەکۆڵرێ پەڕەی ئاشی تێدەخرێ ، تۆپی ئاشی . تەنيشت ، لا قەبرغە .

**غالیگە** (ل٦٦٢) **قەبرەخە** ، **قەبرغە** (ل٦٨٩) ، **قەپرخە** (ل٦٩٠) ، **کەلەکە**[١٠٠] (ل ٧٥٠) ، **کێلەك** (باك . ل٨٠١) ، **گەبرگە** (لو . ل٨٠٦) ، **هالینگا** (کە) ، **هالینگە** (هەورا ) (ل٩٠٥) .

## ٢١- کونی لووت[١٠١]

**تفنك** (ل٢٤٦) ،**خمخم** (منگن . تفنك )، **خمخمك** (باك . ل٣٧٢) ، **خنخك** (باك . ل٣٧٣) ، **فرتك** (تفنك ، کوونە لووت ، هێڵنج) (ل٦٦٩) ، **فرنك** ( باك ، ل٦٧٠) ، **قولبیڤل** ( باك ، ل٧٢٠) ، **ماك**[١٠٢](کە . ل٨٤٧) ، **وڵەو لووتیٚ** ( هەورا . ل٩٠٠) .

## ٢٢- گۆزینگ[١٠٣]

**چوو**[١٠٤] (ل٣٣٣) ، **قاپ**[١٠٥] (ئەردە) ، **قاپارگە** (قولەپێ) (ل٦٨٢) ، **قاپوولە** (گۆزنگی پێ ، قولەپێ ، قولاپە) (جا ، ل٦٨٣) ، **قولاپە**[١٠٦] (ل٧١٩) ، **قولەپە** (ئەردە) ، **قولەپێ** (هەورا) ، **قولە فیسقە** (ئەردە) ، **قولە قاچ** (ل٧٢٠) ، **قونیك** (ل٧٢٣) ، **گۆزینگ** (باك ، ل٨١٨) ،**گوێزنگ** (موك) ، **گوێزینگ** ( ل٨٢٥) .

## ٢٣- لچ[١٠٧] و لێو

**لەو**[١٠٨] (لو . ل٨٣٦) ، **لەی** (هەورا) ،**لچ**[١٠٩] ( کە . جا . دەر . فە . هەورا . ل٨٣٧)،**لێڤ** (باك) ، **لێو** (ل٨٤٢) .

---

[١٠٠] **خاڵگە** ، تەنیشتی گیاندار لەژێر دەستی یەوە تا ژوور کلۆتی . کاسەی کەل ، کە ئاوی تێدەکەن بۆ مریشك و سەگان . سواڵەت .

[١٠١] لە( هـ . ب ) وشەکانی : **خرناش** ( ل٢٤٢ ) ، **خووخنك** ( ل٢٥٠ ) ، **خەرناش** ( ل٢٦٣ ) ، **فرمك** ( ل٥١٨ ) بەو واتایە هاتوون .

[١٠٢] هێلکەی گونییە . ( فە ) تفنك ، کوونە لووت . گلێکە هەوێنی دۆشاویە . مەستی و سەرخۆشی . بنچینە . میکرۆب . بنچینەی برینان . ( باك ) دایکی بێچووە بەرخ و کاریە . مێ ، مێینە . ( هەورا ) خاڵی گەورەو پەڵەی گەورە . پارچە خاکێك و ئیدی . ( باد ) دایك . زمانی دایك . لە زاراوەی کۆنیشدا بەکاربراوە ، وەکو دوژمنێك گازی دوژمنی خۆی بکات .

[١٠٣] لە( هـ . ب ) وشەکانی : **زەنگوو** : ١- قاپ ، گوێزنگ . ٢- رکێف ، ئاوزەنگی . ، **زەنگی** : ١- ئاوزەنگی . ٢- قاپ ، گوێزنگ . ٣- وەك : زەنگوڵە( گوارەی پیاڵە زەنگی ) ( ل٣٩٠ ) . ، **کاب** : ١- قاپ ، میچ ، جگ ، چوو . ٢- قاپ ، گوێزنگ . ( ل٥٩٥ )، **گۆزەك** ، **گووزەك** : ١- قاپی پا . ٢- بیباری ڕەش .، **گۆزەکە** ( ل٧٠٩ ) ، گوێزك ، گوویزك ( ل٧٢٣ ) ، هویرك : ١- هویر ( ورد ) . ٢- گاتوو ، شاتوو . ٣- گوێزنگ ، قاپ . ( ل٩٦١ ) بەو واتایە هاتوون .

[١٠٤] بڕو ، بێ هەست ، دەستم چووە : دەستم لەسەرمان سڕبووە . ( ئەردە ) داری وشك ، چێو . ( موك ) ڕۆیشت ، ( هەورا ) لووا ، بۆ تاکە کەسێکی نەدیوو بەکاردەبرێ . ( موك ) گوووێزنگ ، قاپ ، دووئێسکە دەرپەریووەکانی ئەملاو ئەولای قولاپەیە ، جگ ، میچ . گە : لە ... چوون : لەگەچوون ( موك ) لەشێوەی شێوازەوە لەجیاتی ( کیر ) بەکاردەبرێ ، نەء ، نەء ، نا ، نەخێر .

[١٠٥] قولاپەی کەڵەباب ، شوشەی نەفت و چتی دی . ( هەورا . فە . شووا ) گوێزنگ ، چوو ، ئێسکە خرە دەرپەریوەکانی لای راست و چەپی پێیە ، رەقەڵەی نێوان پێ و لوولاکی پێ . ( کە . هەورا ) جگ ، میچ . ( ئەردە ) چوارچێوە ، پەرواز . قولاپە ، قولەپێ ، لاق ، قاچ ، قول . قاپ و قاچاغی ناو ماڵ ، ئامان .

[١٠٦] قولە پێ ، گوێزنگ ، قاپە رەقە ، گوهیشك ( باك ) . قولاپە. چتێکی لووت چەماوەی تیژە دەگیرێتە هێندێ چت .

[١٠٧] لە ( هـ . ب ) : **لیچ** : ١-لێو ، لو ، لەو ٢- قەراغ ، کەنارە ٣- مێوژی کوتراو ٤- لچق ، لنج ٥- ئەستێرك ، گوڵاو ( ل٧٨٠ ) . **لیڤ** ( ل٨٧٢ ) . بەو واتایە هاتوون .

[١٠٨] لە ئەو . چونکە ، ( باك ) بەهۆی . ( لو ) لێو .

[١٠٩] لەلای خەڵکی سلێمانی لێوی خوارەوەیە . لێو . ( خۆ . گەر ) وڵاخ و ئاژاڵی چڵێس و نەوسن یا کە فێر ی خواردن دەبێ . لێوی وڵاخ و ئاژاڵ و مرۆیە .

### ٢٤- لووت[١١٠]

**بیفل** (باك) ، **بیڤل** (باك) (ل١٣٣) ، **بیهڤل** ( باك . ل١٣٦) ، **پت**[١١١] (ل١٦٨) ،**پۆز**[١١٢] (شكا، ل١٨٦) ، **دەفن** ( باد . ل٤٣٤) ، **دەماخ**[١١٣] (ل٤٣٦) ، **دفن** (باك . شەم . ل٤٤٩) ، **دم**[١١٤] (ل٤٥٥) ، **كاپۆلك** (ئەردە . ل٧٢٧) ، **كەپ** (چەمۆڵە . (سوو) كەپۆ) (هەورا . ل٧٣٧) ، **كەپۆ** ، **كەپۆل** (ئەردە . ل٧٣٨) ، **كەپوو**[١١٥] (ئەردە) ، **كەپیلە** ( باد . كە) ، **كەپووڵ كەپی** ( باك) (ل٧٣٨) ، **لووت** (فە. ل٨٣٩) ،**لووییت** (كە . ل٨٤١) ،**لییت** (هەورا . فە . ل٨٤٣) .

### ٢٥- مەچەك[١١٦]

**زەند** ( بروانە پەراوێزی زەند لە جومگە) (فە . ل٥٢٦) ، **زەوڵە** ( رەوا . ل٥٢٧) ، **مەچ** (قەیدك ، مەچی دەست) (ل٨٥٠) ، **ئەرەج** ( ئەردە ) ( مەچەك ، باسك) (ل٢٧) ، **بازەند** (مەچەك) (ل٥٥) ، **بەند** (ل٩٥) ، وەند (ل٨٩٦) ،**فەرشك** (باك) ( مەچی دەست ، مووچەی دەست ) (ل٦٦٦) ، **مەچەك** ( هەورا) (ل٨٥٠) .

### ٢٦- مەمك[١١٧] و گۆی مەمك

**بەروو** (پێشووە ، ( باك) مەمك) (ل٨٣) ، **تل مەمك** (فە) (گۆی مەمك ) (ل٤٦)، **چچ** (باك) (مەمك ، چچك) (ل٣٢٠) ، **چێچە** (سەر گۆی مەمك ) (ل٣٣٦) ، **چیجك** (زا) (چیچك) ، **چیچە**[١١٨] (هەورا) (ل ٣٣٨) ، **چیچك**[١١٩] (باد) ، **چیچی**[١٢٠]

---

[١١٠] لە(هـ.ب) وشەكانی: **بەڤل** :١- بێڤل ، لووت ، كە پۆ . ٢- كێویەكی درندەیە لە تیرەی پشیلەیە . ٣- دوژمنی زۆر سەخت . (ل٨٢) ، **بێڤل** (ل٩٢) ، **تونك** (ل١٥٦) ، **فرنك** (ل ٥٠٨) ، **زنجی** : ١- كە پۆ ، كە پی ، لووت . ٢- پاژێك لە گۆشت . زنژ (ل٣٨٢) ، **كا پۆك** ١- خانووی باڵدار ،هێلانە، هێلین ،لانە . ٢- بێڤل. كا پۆل (ل٥٩٦) ، **كە پووگە ، كە پووی** (ل٦٤٩) ، **نوفت** (ل٨٧٤) . بەو واتایەن .

[١١١] (موك) نەخت ، تۆز ، . ئەوەندەیە بەسەری دوو قامكان هەڵدەگیرێ . پتە، پەلە پیتكە ، بە پشتی پە نجەی دەست لە چتێك بدرێ . (زرا . ڕۆژ. لو) لووت ، كە پۆ . قامك ، تپل . پتە بەقامكی شادەو گەورە لە گووپی كەسێكدان . (هەورا) پلتۆك . (باك) ژێككەڵە ، چكۆڵە ، قشتیلە ، جووان . خۆشەویست ، نازدار . بۆژن بەكاردێ وەك (عزیزتی) عەرەبی . (ساڵە) ناوی قوون ، كۆم . (زا) نوختە.

[١١٢] (باك) كە پۆ . (باك) قووللەی كێو . (باك . جەلا . شكا . بار . كۆ . پر . جا . هەكا) كە پۆ ، لووت ، بۆ مرۆ ، لمووز بۆ وڵاخ و ئاژاڵانە . دەوروبەری زار ، پۆزە، قە پووز ، (خۆ) هۆرە . (بڵ) فش و ئەستوور ، فش و بڵاو .

[١١٣] كەیف ، شادمانی . مێشك . (رەوا) دەرێكی وڵاخانە كەئالیكیان لەكاتی خۆیدا پێنەدرێتن تووشی دەبن . (ئەردە) لووت ، كە پۆ .

[١١٤] زار ، دەم ، دەو . (ڕۆژ. فە) كلك ، دوگ ، دونگ . (خۆ. مامە ) كە پۆ ، لووت .

[١١٥] شەویلكە . بێددان ، كوندە بەبوو. كە پۆ ، لووت . (فە) جوورە پە پوولەیێكە لەناو باخ و باخچە و كشتوكاڵاندا ، لەش گچكەو باڵ گەورە و رەنگ بۆرە .

[١١٦] لە(هـ . ب) وشەكانی: **بەند** :١-حە پسو زیندان . ٢- گەی قامكان . ٣- جومگەی دەست . ٤- پێوەندی زیندانی . ٥- مانەوە .٦- حیلەو گزی . ٧- جۆگەی گەورە و هەڵبەستراو . ٨- بەرگیرەی لافاو ، سەد .٩- گیرو گرفت . ١٠- پارچەیەك لە قەسیدەی شیعر. ١١- كورتە گۆرانی . ١٢- بەستە كاغەز . ١٣- قەدەغە . ١٤- بڵندایی لە تەختاییدا . ١٥- پێنجەم حەوتەی زستان . ١٦- وەخت ، جەنگە .(لەسەر و بەند) . ١٧- ساڵی جووتكردنی گا ( ئەم گایە دوو بەندە ، سێ بەندە) . كابچك (جومگەی دەست ) ( ل٥٩٥) ، **كاپچك** ( جومگەی دەست ) ( ل٥٩٥) ، **زەندك** ( جومگەی دەست) ( ل٣٩٠) ، **ئەرەج** (مەچەك ، بەندی نێوان پە نجەو باسك ، جومگە) ، **مەچك** ( زەند ، نێوان جومگەو ئانیشك) * ( ل٨٢٣) ، **مەچەك** ( زەند ، قۆڵ ) (ل٨٢١) بەو واتایە هاتوون .

[١١٧] لە(هـ.ب) وشەكانی: **مەمڵ ، مەملە ، مەمە** : ١- مەمك . ٢- ناوی پیاوانە . ٣- شیر لە زاراوەی زارۆكان . ، **مەمكە** : ١- مەمك . ٢- شتێكە لە گۆی مەمك دەچێت منداڵی پێ دەخافڵێ . ٣- دوو دەنكی درشت لەناو تەزبیحدا . ٤- هەر قیتێكی خڕی بچكۆڵە . (ل٨٣٢) .

[١١٨] (هەورا) چیچكە ، مەمكی ئافرەتانە . گۆی مەمكیە ، گوان ، چڵی گوان .

[١١٩] جووجیلەی مریشكان و چۆلەكە . مەمك ، گۆی مەمك . (سۆ) سێچكە ، جۆرێكە لە بەرەكانی دار مازوو .

[١٢٠] (هـ ) مەمك . چیچكان ، چنچكان ، وتەیەكە بە منداڵی ساوا دەگوترێ تا دانیشێ . دانیشە .

(ل٣٣٩) ، **سەر چیچك** (گۆی مەمك) (ل٥٦٩) ، **شاقوت** ( چیچە ، چل ، گۆی مەمك) (ل٦٢١) ، **گۆی مەمك** (ل٨٢٠) ، **مەم** (باد . هەورا ) ، **مەمك** (ل٨٥٤) ، **مەمۆڵە** ، **مەمێ** (هەورا) (ل٨٥٥) .

## ٢٧- موو و جۆرەكانی

### ا- موو[١٢١]

**پۆڕ**[١٢٢] ، **پـوورت** ( زاخ . دهۆ ) (ل١٨٦) **پـۆڤ** (باك . ل١٨٨) ، **تفتيـك** (ل٢٤٦) ، **تـووك**[١٢٣] (فـه . ل٢٥٩) ، **كـورك**[١٢٤] (هەورا . ل٧٨٧) ، **كوڵك**[١٢٥] (ل٧٩١) ، **موو**[١٢٦] (ل٨٦٣) ، **مى**[١٢٧] (باك . ل٨٦٦)، **هەڤداك** (باك . ل٩١٥) .

### ب- مووی سەر و جۆرەكانی[١٢٨]

**ئەگريجـە**[١٢٩] ( ل٣٤) ، **بسـك**[١٣٠] (ل١١٠) ، **پەرچـەم**[١٣١] (ل١٥٤) ، **پەلكـە**[١٣٢] (كـەل . هـەورا . ل١٦٣) ، **پـرچ** (ل١٧١) ،**پسـك**[١٣٣] (ل١٧٦) ، **تووالێـت** (ل٢٥٦) ، **تيـت**[١٣٤] ( هـەورا ) ، **تيتـك**[١٣٥] (ل٢٦٨) ، **زلـف** ، **زڵـف** (ل٥٣٥) ، **زولـف** ،

---

[١٢١] لە( هـ . ب ) وشەی : **موويە** ( ل٨٢١ ) یش بەو واتایە دێت .

[١٢٢] باڵندەيەكە بۆرە و لە كەوی چكۆڵەترە و گۆشتيشی خۆشترە . تاجی سەری باڵندانە . پان ، پان و پۆر . ( زا ) كاكۆڵ ، موو ، پرچی سەر و قژی سەری مرۆڤانە . گوشاد ، فراوان . ( باك ) پرچ ، تووك ، قژ. ( ئەردە ) پەڕ، تێكچرژاو، بۆ باخ و مێش و ئيتر . باڵندەيەكی دەشتييە بـە زۆری لە گوێی ئاو و شيناييياندا دەژی ، كونجەو گۆشت خۆشە هێندەی كەوێكييە ، زڕە كەو .

[١٢٣] تێكوڵی دار و ئيتر . تووكی ورد و سووك ، موو . كوتو كوڵكی ئاژاڵ و ماڵات . پرز، پرزە،كوڵك . نزا ، داخـوازی گەنـد، ويسـتی خـراو . تووك لێكردن: پێهەڵكاڵان ، سنگ لێكوتـان، لە سنگدان . ڕەوشت وخوو. ( زاخ ) تووی خواردنێ . موو ، پۆر، پۆرت ، پەڕ. ( ڕۆژ) تيتـك .قـژ. تووكی نەرمی باڵندان . ڕەنگ،تين، هێز...... هتد .

[١٢٤] گەندە تووك ، تفتيك،تووكێكی زۆر نەرمە لە بن مووی بزنی دەروێ .(كە . هەورا . بابا ) كڕ، قە پك .مەرز ، مەرەز . ( باك . يـەز . بـۆ ) گيرفان . بەرگن .

[١٢٥] مووی كورت كە بۆ رستن دەست نەدا . ( باك ) كڵاوی شوانـان . دووچار ، تووش: تووشبوو بە كوڵكيەوە : .....هتد .

[١٢٦] مووی مرۆيان.دەردە پيسە، دەردێكی زۆر ئێش دارە ،لە قـامكان پتر پەيدا دەبێت كە دەربوو نێرتكەكەی دەردەهێنرێ چاك دەبێتەوە.

[١٢٧] مەڕ، من، مەڕی سپی سێ ساڵانەيە . ( فە ) موو، تووك .

[١٢٨] لە( هـ.ب ) وشەكانی: **بژ** : ١- جگە ، غەيرە . ٢- ياڵ ، تووكی ملی يەكسم وشێر. ٣- كاكۆڵ . ٤- مووی راستەوە بوو لـە ترسـان يـان لـە سەيران .، **بژی** : ١- كاكۆڵی سەر هەنيە ، گوودڵە . ٢- وشەی رێز ، نەمری . ٣- ياڵ . ( ل٥٥ ) **پلك** :١- خوشكی باوك ، پو . ٢- كەزی پرچ . ٣- چلكن ، گەمار . ٤- گلان ، پل . ( ل١١١ ) ، **پەرچووكە** ( مووی لەسەر هەنيە قرتـاو ) ( ل١١٨ ) ، **پەلك** : ١- زولف ، كەزی . ٢- گـەڵا . ٣- لكەدار . ٤- پێڵوی چاو . ( ل١٢٣ ) ، **تونجك** ( كاكۆڵی سەر تەوێڵ ) ( ل١٥٦ ) ، **چينك** ( زلف ، چرچی سەر لاجـانگ ) ( ل٢٢٣ ) ، **زاج** ( كـاكۆڵی منداڵ ) ( ل٣٧٠ ) ، **زووف** ( ل٣٨٤ ) ، **كاكول** ( ل٦٠٢ ) ، **گيسك** ، **گێسو** ، **گێسی** ( كەزی ، پرچ ) ( ل٧٦٣ ) بەو واتـايە هـاتوون .

[١٢٩] ئەو لزگە موانەيە، كەدوای بڕانەوەی لەسەر ناوچاوان ڕادەوەسـتێ ، لای هەندێكيشـيان ئـەو مووانـەی سـەری ئافرەتـە كـە لەسـەر ڕوومەتەكانی ڕادەوەستن .

[١٣٠] قاو ، لا، ( فە ) ئەگريجە ، زولف ، ( هەورا ) زڵف، ئەو لزگە مووانەيە ، كە ئافرەتـان بەسەر لاجانگيانـدا شـۆردەكەنەوە، ئەگريجـەی درێژە . ( شو ) كولانەی مريشك ، ( فە ) قولانج . ( فە ) باڵەخانە ، كۆشك .

[١٣١] تووكی كورتكراوەی سەر ڕوو كە بە قەف ڕادەوەستێ ، بەرچاوگە ، مووی ناوچەوان ، كەبە مەقەست خشت كرابـێ بـۆ جـوانی .( هـەورا ) پێچە ، ڕووبەند .

[١٣٢] پرچی هۆنراوە وە . پەليك ، ( هەو . كۆ ) ، ( باد ) هەلووك ، خواردەمەنيەك بووبێتە پەسيسە( لا١٦٣ ) . بەندی كەواو كراس.

[١٣٣] فسە زمان ، لاڵە پەتە . ( ڕۆژ. باك ) پشيلە ، پسنگ : ... بەژی : پسكا بەڕی : پشيلەی چۆڵی . بسك .

[١٣٤] پرچ . تيتك . قژ . ( باك ) لاواز ، بێ تووك ، بێ تين . ( فە ) تووی دار و باران .

**زوڵف**[١٣٦] (هەورا) (ل٥٣٩) ، **فەکڵە** ( کاکۆڵ ، توالێت ، لاجانگ) (هەورا ، ل٦٦٧) ، **فکڵە** ( هەورا ، ل٦٧٣) ، **قژ**[١٣٧] (ل٧٠٧) ، **کاکل** ( باك ، ل٧٣٣) ، **کاکۆڵ**[١٣٨] (ل٧٣٤) ، **کەزی**[١٣٩] (هەو . باك . ڕەوا . ل٧٤٤) ، **کرینچك** (پەرچەم) (ل٧٦٧) **گۆدیلە** (کاکۆڵ) (ل٨١٨) ، **گوودلە** ( هەورا) ، **گوودیلە** (ڕۆژ) (ل٨٢٠) ، **گیس** (دەر) ، **گێس** (شوا . فه . ل٨٢٧) .

## پ- برژانگ[١٤٠]

**برژان**[١٤١] (ل١٠٢) ، **برژانگ** (هەورا) ، **برژۆڵ**[١٤٢] (ل١٠٣) ، **بژانگ**[١٤٣] ، **بژۆڵ** (شا) ، **بژوولك** (باد . بار) ، **بژێلك** (سوو) (ل١٠٩) ، **بشکۆڵ** (باك . ل١١٠) ،**پرژۆڵ** (ل١٧٢) ، **مژە** ، **مژگوول** (باك) ، **مژوولانگ** (ژا) ، **مژوولك** (بار) ، **مژییلانك** (باد) ، **مژۆڵ** (ل٨٥٩) ،**مووژانگ** (باك)،**مووژوولانگ** (باد)،**مووژەلانگ** (باك) (ل٨٦٤) ، **مێژیلانك** (باد) .

## ت- برۆ[١٤٤]

**ئەبرۆ**(ل٢٦) ، **برۆ** (ڕێزە موویەکی کەوانەدارە بەسەر کاڵانەی چاوەوە.جۆرە ماسییەکە) ، **بروە** (بۆتا) ، **برویٚ** (هەورا) **بروو**[١٤٥] (باك) (ل١٠٤) ، **برم** (فه ، ل١٠٣) ، **برە** (جۆرە ماسییەکە . برۆ) ، **بریی**١٤٦ (زا . ل١٠٥) .

## ج- ڕدێن[١٤٧]

**ڕەە**[١٤٨] (باك) ، **ڕەهدین** (باك) (ل٣٩٣) ، **ڕە**[١٤٩] (باك،ل٥٠٨) ، **ڕدێن** (ل٤٩٥) ، **ڕندێن** (خۆ،ل٤٩٩) ، **ڕوە** (زاخ . ل٥٠٣) ، **ڕێن** ((هەورا) ڕان ، مێگەل . (باك) ڕدێن ، ڕیش) (دەر. ل٥١٢) ، **ڕی**[١٥٠] ، **ڕیە** (باد . ل٥١٣) ، **ڕیش**[١٥١] (ل٥١٤) .

---

١٣٥ **تووك ، قژ ، موو ، ئەگریجە . ( باك ) تۆدان ،گەرای مریشك و ماسی و هیتر . ( بالە . ڕۆژ) پور ، پلك ، خوشکی باوك . تووتکە سەگ . ( لو ) نوشتوو مووڕووی ناوچاوانی منداڵ . ( باك ) قازەلاخ ، تیتل ( باڵندەیەکە گۆشتی دەخورێ ) . ( باك ) تیتی ( دەنگی بلوێر . دەنگی جۆرە چۆلەکەیەکە. وشەی بانگکردنی بزنە ) . ( شار ) ئەگریجە.**

١٣٦ **گیس ، قژ . ئەگریجە ، گیسوو ، پەرچەم . ئەو بەشە تووکەی ئافرەتانە کە بەسەر نێوچاوانیدا دێتە خوارێ .**

١٣٧ **.... بوون . بۆر خواردن ، بەزین لەبەربەرەکانی پیلەو ئاخافتنێدا . کەف : وەك هەڵچوونی ماستی ترش وئیتر . لقی وردی درەخت یا مووی سەر .تووك، پۆر، موو، پۆپ ، مووی پەرێشانی سەر ، جووتەڤانی . ( ئەردە ) کەفی چت وەك ماستی ترشاو .**

١٣٨ **فکڵە ، کاکل . خولامانە ، خولامانی . ( زا ) پۆر پەرچەمێکە بە پشتە سەری نێرینەندا شۆڕدەبێتەوە ، بە قرتاوی هێڵرابێتەوە .**

١٣٩ **پرچ ، ( دەر ) گیس ، ( کەل ) پەلکە ، پرچێکە لە پشتەوە هۆنرابێتەوە . بە قەبزەی ئاویش دەڵێن . ( باك ) حەسیر . دەمارە شاڕەگ .**

١٤٠ **لە ( ھ . ب ) وشەکانی: برژاو :١-براشتی ، بریان٢- برژانگ ( ل٥١ ) ، بژۆلك ( ل٥٥ )، مرژنگ ( ل٨٠٤ )، مژاك١- مژۆڵ، برژانگ ٢- مژی لێدا ( ل٨٠٧ ) ، مژان :١- داریٚ لە ئامووردا ٢- بژۆڵ ، بژانگ ، برژانگ ٣- مریستن ( ل٨٠٧ ) ، مژانگ ( ل٨٠٧ )، مژۆڵك ( ل٨٠٨ ) ، مژەو ( ل٨٠٨ ) ، موژین ( ل٨١٩ ) ، مەژولانك ( ل٨٢٩ ) ، میرزینگ ( ل٨٤١ )، میژولانك ( ل٨٤٣ ) بەو واتایە هاتوون .**

١٤١ **سووربوونەوەی هەندیٚ چت بە ئاوور ، ( هەورا ) برژیان ، ( دەر ) برشیای . برژانگ ، مژۆڵ .**

١٤٢ **برژانگ ، مژۆڵ . ریشووی خاولی و ئیتر. بژی گوڵەگەنم و جۆ.**

١٤٣ **ریزە مووی سەر پێلووی چاوانە ، مژۆڵ . قەلداس واتە : بژی گوڵەگەنم و جۆ . ریشووی چت . خۆدۆزین .**

١٤٤ **لە( ھ . ب ) وشەکانی: بورگ ( ل٦٢ ) ، موژەلانك ( ل٨١٩ ) . بەو واتایە هاتوون .**

١٤٥ **برۆ. قامیش . گەرمە ژان ، دەردو ئێشی منداڵبوونێیە .**

١٤٦ **برێتی ، خۆزگە، بریا، کاشکی. بات ،بریٚ، بریان،( خۆ ) خۆزی ، لەجیاتی . ( زا ) برۆ.**

١٤٧ **لە ( ھ . ب ) وشەکانی : ئەڕدێن ( ل٢١ )، ڕدین ( ل٣٤٥ ) ، ڕێوی : ١ – ڕدێن ، ئەڕدێن ٢- ڕێڤی ، ڕۆڤی ٣- ڕێبوار . ( ل٣٦٩ ) ، ڕێە ( ل٣٦٩ ) ، هەردیسە( ل٩٦٧ ) بەو واتایە هاتوون .**

١٤٨ **ڕەگ . ڕیش ، ڕدێن . ( زا ) پەی( دمار ) ( ف .ك .ل١٦٦)، ڕیشە .**

١٤٩ **ڕەگ . ( زاخ ) ڕدین ، ریش . ڕەگ و ڕیشەی گیایان ، ڕەگ ، دمار .**

١٥٠ **( فە ) ڕوو . ڕێگا ، ڕێگە . ( یەز ) ریش ، ڕدێن .**

## چ- سمێڵ[١٥٢]

**سبیل** (سمێڵ ، (لو) سەبیلە (ی جگەرە گێشان)). (ل٥٨٥) ، **سمبێل** (باك . ل٥٩٤) ، **سمێل** (ل٥٩٥) ، **سمێڵ** ، **سمبێڵ** (ل٥٩٦) ، **سوول**[١٥٣] (باد . ل ٦٠٧) ، **سوێڵ** ، **سویل** (لو) ، **سوێل** (كە . هەمە . شو ) (ل٦٠٨) ، **سێوڵ** (فە . ل ٦١٢) ، **سیوڵ** (فە. ل ٦١٧) .

## ٢٨- گوێ[١٥٤]

**کێچووك** (هەورا . ل٧٩٩) ، **گۆ**[١٥٥] (ل ٨١٧) ، **گۆش**[١٥٦] (كە . ل ٨١٨) ، **گووچك** (باد . ل٨٢٠) ، **گوش**[١٥٧] (كە . ل٨٢٢) ، **گوه** (باك . ل٨٢٤) ، **گوێ** ، **گێ**[١٥٨] (هەو . ڕەوا . شوا ) (ل٨٢٥) .

## ٢٩- ناوك[١٥٩]

**نافك** (فە) ، **ناڤك** (باك) (ل٨٧٠) ، **ناوك** ( نافك . ناوكی میوە .) (كە . هەورا . لو . ل٨٧٣) ،**نەوك** (فە . ٨٧٨) ، **نێڤك** (باك . ل٨٨٥) ، **نێوك**[١٦٠] (ل٨٨٦) .

## ٣٠- نەرمەی گوێ[١٦١]

**بەلك**[١٦٢] (باك . ل٩٣) ، **بەڵك گوێچكە** (ل٩٤) ،**پەلووگۆش** (بەڵگەی گوێ) (هەورا . ل١٦٣) ، **چیچكە**[١٦٣] (شن . ڕەوا) ، **چیچڵە** (چیچكە) ، **چیچیلە** (نەرمایی و بەڵگەی گوێ) (ل٣٣٩) ، **چینچكە** (چیچكە) ، **چیلچیلە** (كۆ) ،**چیلك**[١٦٤] (موك) (ل٣٤٠) .

---

[١٥١] ڕدێن ، ڕیش، پیاو و نێری و بزن ڕیشیان هەیە . (باك) برین ،كولكی حەڵەبێ ، زیپكە. (باك) نیری جووتی .

[١٥٢] له (ﻫ . ب) وشەكانی : **زمبێل** ، **زمێل** (ل٣٨١) ، **سمبێڵ** (ل٣١٨) . بەو واتایە هاتوون .

[١٥٣] جورنە ، تاڤگە ، پلوسكی ئاو . (فە) سمێڵ . جار ، نۆبەت ، كەڕەت ، هەل . (بڵ) سوولاڤ ، پرژ .

[١٥٤] له (ﻫ.ب) وشەكانی : **گوو** : ١- ... ٢- ئەندامی بیستن . (ل٧٠١) ، **گۆچك** (ل٧٠٣) ، **گووش** (ل٧١٠) ، **گوه** (ل٧٢٠) ، **گۆهچك** ، **گوەش** (ل٧٢١) ، **گوێچكە** (ل٧٢٢) ، **گویە**(ل٧٢٤) ، **گێچكە** :١- گوێچكە ،گوێ.٢- گێج خواردن (دنیا لەبەر چاو سوران) (ل ٧٤١) .

[١٥٥] گوێ . ڕەگی گۆتن . دوگمە ، بشكوژ . دارێكی گۆینە بە چەوگانی لێ دەدەن . بەهەموو چتێكی دەڵێن كە خڕ بێ . كوودە ، هۆل . جوولان ، هەست ، هێز : دەستم لە گۆ كەوتووە . گۆی مەمكی ، چیچكە ، چیچلە ، چیچە .

[١٥٦] گوێ . گۆچ ، پەروەردە بە ژەك .

[١٥٧] گوونیە . (هەو) تەلیس . (فە) گوێ . جۆرە گیایەكە .

[١٥٨] گوێ . ...كەر ، كە تەنیا بۆ جنێودان بەكار دەبرێت ، ئەو كەسەیە كە .....

[١٥٩] له (ﻫ.ب) وشەكانی : **ناڤ** : ١- وشەی پێناسین بۆ هەرشتێ ٢- دوڕ دەروونی هەر شتێ ٣- نافكی زگ . (ل٨٥٤) ، **ناك** : ١- پاشگری بە واتای خاوەن (خەمناك ، سامناك) ٢- فەقیر ،بێچارە ٣- ناوك ،نێوك (ل٨٥٦) ، **نەهە** : ١-ناوك ، نافك ٢- نهۆ ، ئێستە ٣- نۆك ، نخە (ل٨٩٠) ، **نێڤك** (ل٨٩٦) . بەو واتایە هاتوون .

[١٦٠] ناوك ، ناڤك . (هەورا) نەهە، ...ی شووتی : ناڤكا شفتی .

[١٦١] له (ﻫ . ب) وشەكانی : **بەلگێ گۆه** : نەرمەی گوێ (ل٨٤) ، **چیچك** :١- چیجك (سەری گوان و مەمك) ٢- گوڵی دەشت كە پشكوتبێ ٣- چوێلەكە . ٤- جوجكە مریشك . ٥- نەرمەی گوێ ، شلكەی گوێ . ٦- م .. ت ...ك ...ی مێوینە .٧- پارچە گۆشتێكی بچووك . (ل٢٢١) ، **گووهوك** : نەرمەی گوێ ، شلكەی گوێ (ل٧٢١) ، **نەرمكا گوه** : شلكەی گوێ . (ل٨٨١) . بەو واتایە هاتوون .

[١٦٢] گەڵا ، پەلك . ... ا گون ، بەڵگەی گوێ ، بەڵگەو گوش . بەرگ ، جلك . ریش سپی و گەورەی ئاوایی و هۆز .

[١٦٣] بەڵگەی گوێچكە . شلكەی خوارەوەی گوێیە. (كۆ) ورتكەنان ، چینچك ، ...كردن : كەمە دانیشتنێكە بەسەر چینچكانەوە .

[١٦٤] (باك) چلك (هێندێك ،بارێكی گچكە ، باراشێك ، ل٣٢٧) ، نەرمە و بەڵگەی گوێیە . (سل ، باك) چلك ،گیایەكە بەرەكەی وەهێشووی ترێی دەچێ و وردە ، دەكرێتە خۆشاو . (باد) بالۆكە .

### ٣١- **نێوچاوان**[١٦٥]

**ئانی**[١٦٦] (ل١٧) ،**ئەنی** (باد . کە . باك . ل ٣٧) ، **پێشانگی** ، **پێشانی** (نێوچاوان . (فە) سبەینێ ، بەیانی زوو) (جا)، **پێشەنی** (باك) (لا١٩٦) ، **پیشنی** (فە . ل٢٠٦) ، **تەوڵە** ، **تەوێڵ** (هەورا . جا ) (ل٢٣٨) ،**توێڵ**[١٦٧] (ڕۆژ . مەن . هەورا . ل٢٦١) ، **تێوڵ** (فە) ، **تێوێڵ** (ل٢٧٢) ، **تێوڵ** (دەل . فە) ، **تێوێڵ** (ل٢٦٧) ، **دەیلەم** (نێوچاوان ، ناوی تیرەیەکی گەورەیە لەکورد ) (ئەردە . ل٤٤٤) ، **فەرشەن** ، (ل٦٦٦) ، **فکڵە** (کاکۆڵ ، توالێت . نێوچاوان ، چاڵایی پشت مل) (هەورا . ل٦٧٣) ، **ناوچاوان** ، **ناوچەوان** (بابا. لو ) (ل٨٧٢) ، **نێوچاوان** (ل٨٨٦) ، **هەنی**[١٦٨] ، **هەنیە** (موك) (ل٩٢٤) .

### ٣٢- **نینۆك**[١٦٩]

**ناخوون** (هەورا . شوا ) ، **ناخووین** ( جا . دەل . ڕۆژ ) (ل٨٦٩) ، **نەینووك** ( باك . ل٨٧٨) ، **نۆخان** (فە . ل٨٨١) ، **نینگوین**[١٧٠] (دەر . ل٨٨٦) ، **نینك** (باد) ، **نینۆك** (دەل) (ل٨٨٨) ، **هەنێوك** (خۆ . ل٩٢٧) .

## ( ٢/١-٢-١-٢ ) پێکهاتەی ناوەوە :

### ١- ئاڵوو

**ئاڵك** (ئەردە . ل ١٤) ، **ئاڵگ** ، **ئاڵنگ** ، **ئاڵوو**[١٧١] (ل١٥) ، **تینگ** (ئەردە . ل ٢٧١) ، **مەڵاژە** (مەڵاشوو . (موك) ئاڵوو ) (بار . موك) ، **مەڵاژوو** (ئاڵوو ، مەڵاشوو . .... کەفتی : ئاڵوودار) (ل٨٥٤) ، **مەرازە**[١٧٢] (باك . ل٨٥١) .

### ٢- ئێسك و جۆرەکانی :

### ا- ئێسك[١٧٣]

**ئێسك** ، **ئێستك** ، **ئێسقان** (دەر . بابا) (ل٤٤) ،**پەڵان** (ئەردە . ل١٦١) ،**پێشە**[١٧٤] (زەن . هەورا. جا . ڕۆژ . ل١٩٦) ، **زەڕڕە** (ل٥٢٠) ، **سخان** (لو . فە . ل٥٩٠) ، **سقان** (ئەردە . ل٥٩٣) ، **سۆقان** (کە. ل٥٩٩) ، **سوخال** (فە . ل٦٠١) ، **سووقان** (دەلۆ . ل٦٠٧) ، **هەستی** (باك . ل٩١٣) ، **هێستك** (سور) ، **هێستی** (شکا) ، **هێسك** (دەر) (ل٩٣٤) .

---

[١٦٥] **لە ( ه . ب ) وشەکانی : پشنی** ( ل١١٠ ) ، **تێڵ** ( ل١٧٦ ) ، **جەمین** ( ل١٩٠ )، **عەنی** ( ل٥٠٨ ) ، **نۆتك** : ١- توێڵ ، ئەنی ، ناوچاوان . ٢ - دەنکی ناو میوە . ٣- رشك ، نوت . ( ل٨٧١ ) . **فکلە** : ١- توێڵ ، ئەنی . ٢- مووی سەر ئەنی . ٣- قوڵایی پشت مل . ( ل٥٢١ ) .

[١٦٦] ( باد ) نێوچاوان ، ( باك ) ئیدی ، دەتا ، ئەدی ، ( هەورا ) ئەمە : بۆ یەکێکی مێینەو نزیکە .

[١٦٧] تەوێڵ ، نێوچاوان . تاپوو، سامان و ئاو و زەویەکە کە لە پێش مێر دەیدا بە کەسێکی کە لە داهاتی وی گوزەران بکات .

[١٦٨] هەنیە . ( سن . هەورا ) شووتی . ( باك ) نێوچاوان دێت . ( زا ) هێ ، هۆ و پیاوێ هێ . ( هەورا ) هێشتا .

[١٦٩] لە( ه.ب ) وشەکانی: **ئاخون** : ١- مەلای عەجەمان ٢- نینۆك ( ل٣ ) ، **ناخو** ( ل٨٥١ ) . بەو واتایە هاتوون .

[١٧٠] ( دەر ) نووخان . ( بار ) مێگوان ، گوێلکە مێیەکی سێ ساڵانەیە .

[١٧١] گرێیەکی خڕە لەدەوری گەروو پەیدا دەبێ ، لە تاو تووێی ئێش و ئۆف یا وەرگەرانی مل یا سەر یا لەسەرمان پەیدا دەبێ . ئاڵوو لەبەر تەوژمی برینیش لە گەلێك شوێنی لەش پەیدا دەبێ لە جومگەکاندا . تێکەڵ ،تێکەلاو ، بەڵان بەتەنها بەکار نابرێ بۆ وێنە لەگەڵ خەو دەبێتە خەواڵوو .

[١٧٢] ساڵێکە لە تەمەنی سەگی . ئاڵوو هاتن : بن شەویلکەکان ئەستوور دەبن ، تف قووت نادرێ . مەرازە هاتن ، مەرازە کەوتن .

[١٧٣] لە ( ه ، ب ) وشەکانی: **ئیسخوان، ئیسقان** ( ل٣٢ )، **کاتە** :١- لکی تازە پاش سەرچن کردن ، وەج ( کاتەی تووتن ) ٢- خێرۆك ( دەخڵی لەتۆمی رژاوی پار هەڵێدابێتەوە ) ٣ - بریتییە لە گورگ ٤- ئێسك . ( ل٥٩٦ ) ، **هەست** : ١- دارایی بوو ٢- ئاگا ، حەس٣- ئێسك ٤- توند ، هەس ٥- هەشت ، حەفت ویەك ( ل٩٧٥ ) ، **هەستو** :١- ئێسقان ٢- ناوکەمیوە ( ل٩٧٥ ) ، **هەستە** : ١- ئەستێ بۆ پووشوو ( ئاسن بۆ ئاگر کردنەوە ) ٢- ڕاستەوەبە٣- ئەسپایی ، لەسەرخۆ ٤- هەتە٥- ئێسقان ( ل٩٧٥ ) بەو واتایە هاتوون .

[١٧٤] لای پێشەوەی لەشی گیان لەبەران ، پێشەڵ . نیاوە . چەقالە، ناووك . ناوکی رەقی میوەیە . ناوکە جنجك.کار، فەرمان ، ئیش .

### ب- بڕبڕەی پشت[175]

**بڕبڕاگە** ، **بڕبڕاگی** (هەورا) ، **بڕبڕە ومازی**(هەورا) ، **بڕبڕە**[176] (ل١٠٢) ، **پشتەمازە** (ل١٧٧) ، **پشتماز** (باك) ، **پشمازە** (ل١٧٨) **ترەختە** (ئەردە . ل٢٤٠) ، **تەرختە** (ئەردە . ل٢٢٤)، **تیرەغە** ، **تیرەقە**(ل٢٦٩) ، **تیرەقەی پشتی**(کۆ . دەر . خۆ ) ، **تیرۆمازێ** (هەورا) (ل٢٦٩) ، **تیغەرە** (ل٢٧٠) ، **تیلەقەی پشتی** ( گەر . ل٢٧١) ، **سنسل** (باك . ل٥٩٦) ، **کەڵەژەی پشتی** (شا. ل٧٥٠) ، **گارگارە** (کە. ل٨٠٤) ، **مازگ** (فە. ل٨٤٦)، **مازی** (کۆ . ل٨٤٦) ، **مۆڤك** (باك . ل٨٦٣) .

### پ- پەراسوو[177]

**پاراسوو** ، **پارخان**(باك . ل١٣٩) ، **پارسوو** (باك . ل١٤٠) ، **پەراسوو**[178] (ل١٥٢) ، **پەرەکە**[179] (ئەردە . ل١٥٣) ، **دەن**[180] (شار . ل٤٤٠) ، **دەنە** (کە . ل٤٤٠) ، **دەندە**[181] (هەورا . فە. ل٤٤٠) ، **دەنك**[182] (ئەردە . ل٤٤١ ) .

### ت- شەویلاگ ( ئێسکی چەنەگەیە کە ددانی لەسەر دەڕوێ )

**ئارزەن** (باك) ، **ئارگووشك** ( باك) ، **ئارۆشە** (شەویلکە ، لاجانگ) ، **ئاڕوو**[183] (ل٥) ، **ئالیگووشك** (دەنگی گڕی گەروو ، شەویلکە) (باك . ل١٦) ، **شەویلاك** ، **شەویلە** ، **شەویلکە** (ل٦٣٨) ، **کاجیرە** ، **کاچێر** ، **کاچێڕە** (ل٧٢٨) ، **کاژێڕە** (نەرمایییەکەی سەر نێوچاوان ، (موك) کاکیلە ،خلێنە . (بابا) شەویلکە ، خاڵیکە) (دزە . ل٧٣٢) .

### ج- قاقلۆق[184]

**قاف**[185] (ل٦٨٥) ، **قاقلۆق** (باك . ل٦٨٦) ،**کاپۆڵ** (باك) ، **کاپۆلك** (ئەردە) (ل٧٢٧) ، **کاپێل** (ڕەوا . ل٧٢٨) ، **کاژەڕە** ، **کاژەلاك** ، **کاژەڵە** (ل٧٣١) ، **کاژێر** ( کاژەڵە . دەلاقەی نێو دیوار) ، **کاسەسەر** ، **کاسەوسەرەی** (هەورا) ، **کاسەی**

---

[175] لە (ھ . ب ) وشەکانی : **ستونا پشت** ( ل٤١٣ ) ، **مازگە** ( ل٧٩٠ )، **مازە**:١- ناوەراستی پشت، مۆغەرە ، بڕبڕەی پشت . ٢-شان، پیل ( ل٧٩١ ) **مرۆخە** :١- مازە پشت ، بڕبڕە ٢- مێشکی ناو ئێسکی لەش . ( ل٨٠٥ )، **مۆرتخە** ( ل٨١٧ )، **مۆرەغە، موورەغە ، مۆرەگە، مووڕێ** ( ل٨١٨ )، **مۆڤکا پشت** ( ل٨٢٠ ) بەو واتایە هاتوون .

[176] هەمو وشەکانی ژێر بڕبڕەی پشت . کەمکەمە ، پارچە پارچە . بڕبڕەی پشتی : پشتیوان،یاریکار . داسێکی گچکەیە .

[177] لە فەرهەنگی ( ھ . ب ) وشەکانی : **پەراسی** ( ل١١٧ ) ، **دننە** ( ل٢٩٨ ) ، **دەندەل** ، **دەننە** ( ل٣٢٩ ) ، **سیسی** :١- پەراسوو ٢- ژاکاوی ٣- دانۆکە کەنگر ٢- وشەی دنەدانی سەگ بۆ______ ( ل٤٥٦ ) بەو واتایە هاتوون .

[217] **پاڵوو** ، دەنکە ، دەنك ، کەلەکە . چەندئێسکێکی کەوانەدارە لەراست وچە پی لەشی گیاندارانـدا ، سەرێکیان بەستوونی سنگەوە سەرەکەی تریشیان بە بڕبڕەی پشتێوە نووساون .

[218] پەراسوو ، پەرەی چتی . پەرەی ئاش وئیتر .

[180] گرد ، تە پە . ( باك ) دەنگ ، دەی . ( هەورا ) پەراسوو . ( باد ، باك ) کوو پەی گەورەیە . دەنگ .

[181] ( موك ) ئەو زمانەیە لە کەرستەی جووتیاراندا کە گاسنی تێدەخرێت . ئاموور ، هەوجار .

[182] دانە ، دەنکە ، قل . بۆدانەویًلەو هەمووچتێکی دەبێ . ناووك ، دەنکە چەقاڵە . یەك ، تاك . ( شار ) کەمێك ، تۆزێك ، نەختێك .

[183] ( فە . سوور . دەر . کۆ . هەو ) هاروێ ، خەیار . ( باك ) شەویلکە . مەلاشوو ، ئاسمانەی ناو دەم .

[184] لە( ھ . ب ) وشەکانی : **کاپۆڵ** : ١- قاپێلك . ٢- قاپێلکە سەر . ٣- گیای وردکراو . ٤- قەسەڵ . ٥- کای لەگەڵ حەری ( قوڕ ) ، بۆ بان سواخ دان . ، **کاتك** ، **کات** : ١- دەم ، سات ، تاو . ٢- خێرۆك ( دەخلی لە تۆم رژاوی پار هەڵیدابێتەوە ) ٣- زەمین ، قاد ( شۆرەکات ) . ٤- کەللە سەر . ٥- پشت مل . ( ل٥٩٦ ) ، **کاژە** : ١- بنەی کاروان لە دەشت . ٢- رەبەت ، بۆسەی ڕاوچی . ٣- ئێسکەسەر . ( ل٦٠٠ ) . **کافا** : ١- قەحف . ٢- پشت مل . ( ل٦٠١ ) ، **کاکۆت** ( ل٦٠٣ ) ، **قاپێلکەسەر** ( ل٥٤٢ ) ، **قەحف** ( ل٥٧٥ ) ، **کەپوو**: ١- قەحف ، قاف ، قاپێلکە سەر . ٢- بێڤڵ ، دم ، کەپ . ٣- پوکاوڵە ، چەمبۆڵە ( پە نجەی بلاو ) ٤- ددانی پێشین . ٥- پیری بێددان . ( ل٦٤٩ ) ، **کاتات** : ١- قەحف ، کەللەسەر . ٢- پشت مل ( ل٥٩٦ ) بەو واتایە هاتوون.

سەر (ل٧٣٢) ،**کامێڕە** (باد . ل٧٣٥)، **کەپوول** (ل٧٣٨) ، **کلۆخ** (کاسە سەر ، کەللە سەر ، کەبەبێ گۆشت و پێست بێ) (باك . ل٧٧٣) ، **کوڵۆخ** (باد) ، **کولووخ** (باد) (ل٧٩٢) .

## چ- کلێنچە[186]

**تەری**[187] ( باك . ل٢٢٥) ، **جوجکە**[188] ( ل٢٨٨) ، **قلێنچك** (ئەردە . ل٧١٠) ، **قۆرگ** (زا . ل٧١٣) (کلێنچکەی مەردووم ) ، **کلنجك** (کە) ،**کلۆت** (کلۆك ، کولۆت) ( ل٧٧٢) ، **کلۆك** (جا) ( کلۆت، سمت ، کەلەکە) ، **کلێجە** (شن) ، **کلێژە** (رەوا . باك) ، **کلێنچە** ، **کلێنچك** ، **کلێنچە**، **کلینجك** (فە) (ل٧٧٣) .

## ح- نێك

**ئەسکل** (پۆلووی ئاوری . (هەورا) نێك ، ئێسکەکەی سەرەوەی ڕانییە) (داو . زەن . جەبا)، **ئەسکنجە**[189] (ل٣٢) ، **زیزەڵە** (شا . ل٥٤٣) ، **قوڵسان** ( کە . ل٧٢٠) ، **قوڵقووڵە** (شن . ل٧٢١)،**کۆڵمك** (موك . ل٧٨١) ، **کولیمەك** (باك) ، **کوڵمك** (نێك ، کوڵۆك) (موك )، **کوڵۆك**[190] ، (ل ٧٩٢) ، **نیك** (هەورا . دزە . ڕۆژ . کە. ل٨٨٤)، **نێك** (هەورا . ل٨٨٥) ،**نێهك** (باك . ل٨٨٦) .

## ٣- بەز[191]

**بەز**[192] (ل٨٥) ، **پی**[193] (ل٢٠٣) ، **پیم** (فە . دەر. ل٢٠٦) **پیو**[194] **پیپە** (لو) ( ل٢٠٧) ، **وەز** (گوێز . (زا) ئەمن ، ئەز . (ڕۆژ) بەز) (هەورا . ل٨٩٤) .

## ٤- بیلبیلە[195]

**بەبەڵە** (بەبە لە زاراوەی منداڵی گچکە یە . ... ی چاو : بیلبیلەی چاو ) (ل٦٥) ، **بیبك** (باد) ، **بیبکە** (باد) ، **بیبۆك** (باك) ، **بیبی** ( بووکی منداڵان . بیبیلەی چاو) (هەورا) ، **بیبی چەو** (فە) ، **بیبیلە** (منداڵی تازە بوو و ساوا ، بەبەڵەی چاو) ، **بیبیلەوچەمی** (هەورا) (ل١٢٧) ، **بیلبیلە** (ل١٣٤) ، **پیبك** (باك) ، **پیبۆك** (باك) (ل٢٠٣) ، **سۆما**[196] ( کە .

---

[185] **قەفقاز ، چیای .... : چیای قەفقازییە . (کۆ) قافکە ، ئاڵقەیەکە لەسەری گوریسان دەخرێت . پێشمەرگەی زۆربایی ...کردن : بەزۆر مرۆ کردنە پێشمەرگە . (باك) قاب ، کاسە. .... یٚ سەری : کاسەی سەری . ... گولان :گلێنە ، کاسەی گولان . ناوی تیپێکی ئابێی کوردییە . هەل : لە ... خۆی داگرتم : لە هەلی خۆیداگرتم .**

[186] **لە(ە.ب) وشەکانی : قلێچکە (ل٥٥٧) ، کلیژ (ل٦٢١) ، کلێنچکە ( ل٦٢٢) . بەو واتایە هاتوون.**

[187] **کلکی سەگ و ئیتر ، دووڤ . کلێنچکە . دووك .**

[188] **کلێنچکەی گیانلەبەران ، قلێنچکە کلکی ئاژاڵ و ماڵات . جووجەڵە ، جووجیلە .**

[189] **زیزەڵە ، قوڵقوڵە ، نێك ، (بانە ) ئەسکەنج ، ئێسکەکەی سەرەوەی ڕانییە ، لە خوارەوەی کەلەکە .**

[190] **نێهك ، نێك ، ئێسکی سەرەوەی سمتیە . نۆکی .... : نۆکی کوڵەك . سمت .**

[191] **لە (ە . ب ) وشەی : پیو : پیڤ ، چەورایی ناو زگ . (ل١٣٤) بەو واتایە هاتووە .**

[192] **وەز ، پیو ، چەوری نێو زگی ولاخ و ئاژاڵانە ، بێجگە لە دووگ . (باك) بەز ، غار ، بەغاردان و بەزین، اردانی ئەو ئەسپەی خۆشە .**

[193] **بەو ، بەم . (هەورا) تۆ ... شیرینی : تۆ بەم شیرینیەی . شان ، پایە ، پێ ، بە ... : بە پێی . وەشڵەی ... کەسەی : خۆزگە بەو کەسەی .(هەورا) پیو ، پییە . (باد) پووك .**

[194] **(ڕۆژ) پیم . (دەر) دوون ، گووزوو . (هەورا) پی . بەزی تواوەیە . چەورییەکە ، کەلە بەز و ناو زگی گیاندار بگیرێ .**

[195] **هەرچەندە لە (ە . ب) وشەکانی (بیبیلە و ڕەشێنە و گلێنە ) جیانەکراوەتەوە ، بەڵام وشەکانی : ڕەهن (بیبیلەی چاو)، ڕەهنك (بیبیلەی چاو) (ل٣٦٤) ، گوللی : ١- بیبیلەی چەم . ٢- دەنکە ترێ ، بۆڵ . (ل٧١٥) . بەو واتایە هاتوون.**

[196] **کونی دەرزی ، بێ ... : بێ کوون . (کە ، ڕۆژ) ناوەندی هەردووك پێلووی چاوی یە . ئاسۆ . (هەورا) ڕووناکی چاو ، بینایی چاو ، ڕۆشنایی ، هێزی دیتن ، توواناى بینین .**

ڕۆژ) ،**سۆمایی** (بیبیلەی چاو) (ل٦٠٠) ، **کەچك** ( کەوچك . (باك) بەبەڵ . ... ا چاۋ : بیبیلەی چاو) (باد) ، **کەچکا چاۋ** (ل٧٣٩) ، **کەنیشك**[١٩٧] (جا . هەمە .ل٧٥٧) ، **کێچك** (بەبەڵەی چاو) (باك . ل٧٩٩) .

## ٥- پدوو[١٩٨]

**بدوو** (کەسێکە بزانێ بدوێ . پدوو) (ل١٠٠) ،**پدوو** (هەو . باك) ، **پدۆ** ، **پدی** (باك ) (ل١٦٩) ،**پوو** (پووك . ( ئەردە) پەرۆ ، پووشوو . دەستەچیلە) (شکا . شەم . ل١٨٤) ، **پۆدوو** ( زا . ل١٨٦) ، **پووك**[١٩٩] (ل١٨٨) ، **پووتی** (باك) ، **پی**[٢٠٠] (ل٢٠٣) ، **خازمیك** (باك . ل٣٥١) ، **هاروێ، هاروو** (هاروێ ، خەیار . (هەورا) پووك ، **خلێنە** ) (هەو . بار . خۆ) (ل٩٠٤) .

## ٦- جگەر[٢٠١] ( پارچە گۆشتی سووری ناسکە لە خوار سیپەلاکەوە ، بە قوڕقوڕاگەی گیاندارەوە نووساوە ) .

**پشا رەش** (باك ،ل١٧٧) ، **جەرگ** (ل٢٧٦) ، **جەگەر** (باك ،ل٢٧٧) ، **جگەر** (جەرگ . ڕۆڵەی مرۆڤان ) (ڕۆژ . بابا . ل٢٨٣) ، **کەزەب** (باد . ل٧٤٤) ، **یەهەر** (هەورا . ل ٩٤٠) .

## ٧- جومگە[٢٠٢]

**جگمە**[٢٠٣] ( ل٢٨٤) ، **جم**[٢٠٤] ، **جمژگە** ، **جمشرگ** (ئەردە) ، **جمگە**[٢٠٥] ( ل٢٨٥) ، **جوگمە** ، **جومژگە** ، **جومشگە** ، **جومگە**[٢٠٦] ، **جونگە**[٢٠٧] (ل٢٨٨) ، **خرتك**[٢٠٨] ، **خرتگە** ، **خرتڵە** ( باك) ( خرتك) ( ل٣٦٧) ، **زەند**[٢٠٩] ( فە) ، **زەنگە**[٢١٠] ( ل٥٢٦) ، **گرێنچك** (گە . گرێی قامکان) (بار. ل٨١٤) ، **مووچە**[٢١١] ( ل٨٦٣) .

---

[١٩٧] کەنیلە ، کچ ، کیژ ، دۆت ، دووێت . نەوەی مێینەی باوك و دایکە . ( هەورا ) بەبەڵەی چاو ، ( کۆ ) بیبیلەی چاو .

[١٩٨] لە( ه.ب ) وشەی : **پودو** : پووك ، گۆشتی ددانان . ( ل١١٤ ) بەو واتایە دێت .

[١٩٩] گۆشتی دەوروبەری ددانان . پووچ . چنگاوڵ . چەمۆڵە ، پووکاوڵ ، ( ئەردە ) پە نجووڵە . باو بارانێکی ساردە . سێڵاو، لافاو . ( لو ) پووچ ، پووت ، پووتەڵ ، هوڵۆڵ . ( باك ) بەفری وشك واتا ئاودار نەبێ .

[٢٠٠] بەو ، بەم . ( هەورا ) تۆ ... شیرینی : تۆ بەم شیرینیەی . شان ، پایە ، پێ ، بە ... : بە پێی . وەشڵەی ... کەسەی : خۆزگە بەو کەسەی .( هەورا ) پیو ، پیبە . ( باد ) پووك .

[٢٠١] لە( ه . ب ) وشەکانی : **ملاك** ( ل٨١١ ) ، **مەلاك** : ١- جەرگ ٢- جەرگ و ناو ( ل٨٣٢ ) ، **مەڵاك** :١- کەوچك ٢- جەرگ و ناو ( ل٨٣٢ ) ، **مێلاك** : ١- مەڵاك ٢- چێژە ، چەشتن ( ل٨٤٥ ) ، **وڵك** :١- گورچك ، گورچەویلە ٢- جەرگ ، کەزەب ( ل٩١٥ ) ، **هیلك** : ١- جەرگ و ناو ، دڵو جەرگ و گورچیلە ، مێلاك ٢- حیلکەی دەنگی بەرزی پێکەنین ، قاقا ، تریقە ( ل١٠٢٠ ) ، **یەهر** ( ل١٠٣٥ ) . هەن .

[٢٠٢] لە( ه . ب ) وشەکانی: **جمشیرگ** ( ل١٨٤ ) ، **مووچ** : ١- جومگە . ٢- ڕووناخۆش ( مڕو مووچ ) . ٣- ماچ ، رامووس ( ماچو مووچ ) . ٤- لار ، چەمین . ٥- قوت ، بۆ گوێ دەڵێن ( گوە مووچ کردن ) . ( ل٨١٦ ) ، **وردەڵە** : ١- زۆر چکۆڵە . ٢- جومگە . ( ل٩٠٩ ) . **گەه** : ١- گە ، بەندی قامك و قامیش . ٢- جومگە . ٣- جار ، دەم . ٤- نۆرە ، نۆگە .٥- گە ، پێ چەقاندن . ٦- جێگە . ٧- کونە بەراز . ( ل٧٣٨ ) ، **گە** : ١- بەندی ئێسك ( پام لە گە چووە ) . ٢- مان گرتن لە ڕۆیشتن ( ئەم ئەسپە گە دەگرێت ) . ٣- پاشگری بە واتای جێ . ٤- ئەگەر . ٥- باریکایی سەر پشتی ئەسپ . ( ل٧٢٢ ) ، **وەند** : ١- ئێش ، ئازار . ٢- لاوچاك ( لەوەند ) . ٣- ئەندازە لەشتێ ( ئەوەندەم بوو لەوەندەشیان کردم ) . ٤- بەند ( کەمەر بەند ، بازی بەند ) . ٥- جێگە ، وەن ( ئەڵوەن ) . ٦- لەمەڕ ، وتەی پاڵدان ( کاکە وەند ، سەکوەند ) . ٧- کۆوەبوون ( زەماوەند ، گۆوەند ) . ٨- پارچە لە گۆرانی . ٩- ئاوبەند ، سەد ، بەند ، لەمپەر . ١٠- جمگە ، جەمسەر ، بەندی ئێسقان . ١١- ئازا نەترس ، بوێر . ( ل٩٢٧ ) ، **وەندە** : ١- زبارە ، هەرەوەز . ٢- خاوەن ( جووت وەندە ) . ٣- ئاگادار ، وان ( خەروەند ) . ٤- جمگە ئێسك ، بەند ( سێ وەندەی پشتم ) . ( ل٩٢٨ ) . **خرکە** : ١- کوچك ، خیزی پڕ بە مشت . ٢- جومگەی دەست و پا .٣- ئەستوورایی ڕەق لە پێست . ٤- فەرمانی کۆکردنەوە . ٥- فەرمان بە( گرۆڤەر) بازنەیی کردن . ( ل٢٤٢ ) . **خرتکە** ( جومگەی دەست وپا ) ( ل٢٤١ ) . **موچیا** ( جومگەی پا ) ( ل٨١٦ ) ، **کاوك** ( جومگەی دەست و پا ) ( ل٦٠٨ ) ، **گەرمچەك** ( جومگەی دەست و پا ) ( ل٧٢٨ ) ، **مونك** ( بەندی قامك ) ( ل٨٢١ ) ، **وەنگ** ( بەند و جەمسەری ئێسقان ) ( ل٩٢٨ ) ، **ماچلەك** ( بەندی ئەندام ) ( ل٧٨٨ ) ، **گەهە** ( گەی قامکان ، بەندی تبل ) ( ل٧٣٨ ) .

٨- **چاو**[٢١٢] (لەبەر ئەوەی پێلوی دەچێتە سەر ، خستمانە پێکهاتەی ناوەوە ، بروانە ( تشریح الإنسان ، ویکیبیدیا، الموسوعە الحرە) ، بە ئەندامێکی ناوەوەی داناوە ) .

**چاڤ** (باك . ل٢٩٩) ،**چەش**[٢١٣] (ل٣١٠) ، **چاو** (ل٣١١) ، **چەعف** (زا) ، **چەم**[٢١٤](هەورا . ڕۆژ . ل٣١٥) ، **چەمڵە** (هەورا . ل٣١٦) ، **چەو** (چاو . ( کە . هەورا . جا ) خیز ، زیخ ، لیم) (دەر . فە ) ، **چەوە** (لو) (ل٣١٨) ، **چەهەڤ** (باك . بۆتا . ل٣١٩) ، **دێنکە** (زا . ل٤٧٠) ، **دیدە** (هەورا . ل٤٧٢) .

٩- **دەم**[٢١٥]

**دەڤ** [٢١٦](باد . ل٤٣٤) ، **دەم**[٢١٧] (ل٤٣٦) ، **دەو**[٢١٨] (ل٤٤٢) ، **دم**[٢١٩] (ل٤٥٥) ، **زار**[٢٢٠] (ل٥١٧) .

---

٢٠٣ ( ڕەوا ، هەورا ) جێگایەکە لە نێو ئەندامی مرۆیاندا کە جگی تێدایە . ( هەو ) جومگە ، گرێی بازنەی دەستیە . ( هەورا ) زگماك .

٢٠٤ ( ڕۆژ) جووڵە ، جووڵان ، بزووتن . ( ڕۆژ) گشت ، هەموو ،جومگە ، جومژگە .

٢٠٥ ( هەورا ) جومگە ، خرتك ، جومشگە ، ( ڕەوا ) : جگمە . مەچی دەست . جێگای جوولان . پارچەی چت .

٢٠٦ جەمسەری دوو ئێسقان لە ئەندام . ( هە ) گە ، جمگە، خرتك ، خەتە . ( فە ) مستێك لە دانەوێڵە ، مستی قووچاو بۆ لێدان و ئیتر .

٢٠٧ جومگە . ( ئەردە ) تووڕە ، قەڵس . دەنگی تڕی باریك و بچووك .

٢٠٨ بەڵغ و خشت و خاڵی بنی کووپە و گۆزەو ئیتر . وێران ، کاول ، تەنها بۆ خانوو دەبێ . پێچکە ، چەرخ . غەرغەرە . ( باك ) ... کرن : کەوڵکردن . گرتکە گۆشت . نەجخۆشیەکە تووشی منداڵان دەبێ . خرکە بەرد . ( موك ، کە ) گە ، جومگە ، جمگە ، لەکاتی لە جێ چوونیدا بەکار دەبرێ ، دەڵێن : لە ... چوون . لە گە چوون ، لەجێ چوون . تەنها بۆ چوار پێیان بەکاردەبرێ . جۆرە کولەیەکە .

٢٠٩ گۆشتی قۆڵ . ( باد ) زەندە ، گۆڵەی دەرکیە . باسك . قۆڵ . بازنە . هۆزێکی کوردە . ( باك ) جومگە ، جومژگە . ناوی خێڵی زەندە .

٢١٠ ( خۆ ) زەویەکە شینلیی هەبێ ، نیشانەی ئەوەیە زەویەکە شێ و نمی هەیە ، بەڵان ئاو لەژێر زەوی دەرنەهاتبێ . گە ، جومگەی لوولاك بی یا هی پێیە لە سەرەوە لە نێوانی دوو گوێزینگەکان دایە . ( کە ، ڕۆژ ) داری ورد و شکاو بۆ سووتاندنی .

٢١١ دەڤن ، جیرە ، بەرات ، کرێ ، ( باك ) جەمەکە (کرێ ، مووچە ) . دەبرە ( جیرەی فەرمانبەر و نۆکەر و ژێر دەستان ) . زەوی خاوەند خێوی ، زەوییەکە کردای لێبرابێتەوە . ( جا ) جومگە ، ... دەست : جومگەی دەست . زەوی چاندن .

٢١٢ لە ( ه . ب ) وشەکانی: **تیە** (ل١٧٨) ، **دیە** (ل٣٣٥) ش بەو واتایە دێن .

٢١٣ گیانداری‌ێکی ڕاوییە ، کە دەمی شیرین بووبێ بە گرتن و خواردنی نێچیر ، ( فە ) چاو ، چەم . ( شار ) گیانلەبەرێکی ڕاوییە ، کە زاری فێرە نێچیر گرتن بووبێ . ( ڕۆژ ، کۆ ) فێر ، ڕا .

٢١٤ چاو ، دیدە . ( باك . باد . هەورا ) ڕووبار ، چۆم ، چۆمێکە دار و باری هەبێ ، ( باك ) زێ ، لەچۆم گەورەترە ، ( ڕەوا . دەر . سۆر . هەورا . جا . شار . بابا . کە . سن ) چۆم ، ڕووبار ، ( ئەردە ) ڕووخانە ، چوخوڕ ، چوخور. ( فە ) دۆڵ و دەرەیەکە دارستان و باغاتی زۆر بێ ،شیناییەکە لە کەنار ئاواندا ڕسکابێ . ( باك ) گۆچانی چەماوە. ( ئەردە ) چنەگ ، چتی چەماوە . واتا . مانا ، ناوەڕۆك .

٢١٥ لە ( ه . ب ) وشەی : **زەهر**: ١- ژەهر ، ژار . ٢- دەم ، دەڤ . (ل٣٩١ ) بەو واتایە دێت .

٢١٦ لا ، کن ، نك ، کەنار ، جەم . ( باك ) پێش دەرکە . ( باك ) زار ، دەم .

٢١٧ زار ، دم . ( باك ) کات ، گاڤ ، چاخ ، تاو ، قاس . دەم کێشانی پێگەیشتنی چاو چێشت . دەمە چەقۆ ، دەمە گوێزان . زارك ،کونی چتی ، سەرەتا ، هەوەڵ .

٢١٨ دەم ، زار ، دم ، پەل، تالووکە . دمە گوێزان . ( شکا . باك . باد ) دۆ ، ( باك ) زیاندەر ، گومراکەر . جوورە یاریەکە .

٢١٩ زار ، دەم ، دەو . ( ڕۆژ. فە ) کلك ، دوگ ، دونگ . ( خۆ . مامە ) کە پۆ ، لووت .

٢٢٠ دەم ، دەو ، دەڤ . زمان ، ئاخۆتن ، قسە . ستان ، جێ ، شوێن ، بڵان بەتەنێ بەکار نایەت لەگەڵ وشەیەکی تر بکاردەبرێت : لالەزار ، گوڵزار . دووبەردی شەش ڕووە ، مەر ڕووەی چەند خاڵێکی تێدایە یاری پێدەکرێ . زارکی کووپە ، دیزەو گۆزەو مە نجەڵ و ئیتر . زاراوە ، واتە . بێ تین خراو . کەساس ، کەنەفت ، پەرێشان ، بەلەنگاز . گازاندە ، گازندە . گریانێکە بە کوڵەوە تێکەڵ بەهاوار و ڕۆڕۆی بێت ، ناڵچە و فوغان . ( ئێرە ) منداڵ ، زارۆ . ( ئەردە ) ژەهر .

**١٠- دەمار**

**پەی**[٢٢١] (هەورا . ل١٦٦) ، **دامار**[٢٢٢] ( باك . ل٤٠٧) ، **دەمار**[٢٢٣] ( ل٤٣٧) ،**ڕا**[٢٢٤] ( ل٤٧٤) ، **ڕەگ**[٢٢٥] ( ل٤٨٩) ، **ڕەھ** (بروانە پەراوێزی (ڕەھ) لە ڕدێن) ( باك . ل٤٩٣) ، **ڕھ** (بروانە پەراوێزی (ڕھ) لە ڕدێن) (باك . ل ٥٠٨) .

١١- **دڵ** (پلە گۆشتێکی سوورە لە بن مەمکی چەپەوە و ناوەڕاستی هەردوو سیپەلاکەکانەوە ، سەری هەموو دەمارەکان بەوە وەیە ، خوێن بە وێدا هاموو شۆیێ دەکات ) .

**دل** ، **دڵ** (ل٤٥٠) .

**١٢- ددان**[٢٢٦]

**دان**[٢٢٧] (ل٤٠٨) ، **دەنان** (شوا . ل٤٤٠) ، **ددان** (ل٤٤٤) ، **دران** (باك . ڕەوا . ل٤٤٥) ، **دگان** (تا . ل٤٥٠) ،**دنان** (کە. فە) ، **دندان** (زا) ، **دنوو** (باك) (ل٤٥٥) ، **دیان**[٢٢٨](ئەردە . کەڵ . دەر . ل٤٧١) .

---

[٢٢١] ( هەورا ) بۆ ، لۆ ...تۆ :بۆتۆ . ( باك ) دوا ، پاش ، پشت .... چوون : دواکەوتن ، شووێنکەوتن . پێ ، لاق ، پا .... دان ئـەردێ : پێداگرتن .... ژێ بەردان : وازلێهێنان ، بەجێهێشتن .... شوێن : پێ بردن : شوێن بردنە سەر . دۆن ، ڕێگا .... بردن : پێ زانـین ، دڵ بۆچوون ، ڕێ بردنە سەر ، شوێن هەڵگرتن . ڕەگی سپی . وردە دەماری لەش . بن و بێخ ، قووڵی بـن ئـاوە . ...دان : لـە رووبارانـا پێگەیشتنە زەوی بۆ پەڕینەوە .

[٢٢٢] دەمار ، نەژاد ، ڕەگ. ( باك ) زڕباب ، زڕباڤ . .... ی ، ( باك ، بتلیس ) زڕکوڕ .

[٢٢٣] ڕەگ ، شارەگ ، ڕەگی گەورە ، دامار. ناموس پەرستی ، ئازایی ( هۆر ) کەیفەرات ، زات ، هۆرە ، پرکێشی ، زاخ . بـە ....: ئـازا ، دلێر . بێ .... : سست ، سلۆرت . هەوا ، فیز ، فیسارەکەس زۆر بە .... ە . دارکی تووتنێیە ، دارك . ڕەگو ریشەی داران .

[٢٢٤] ئامرازێکە بەسەری هەر وشەیەکی بنووسێ واتاو شێوەی دەگۆڕێ : وەك بردن : ڕابردن ..... . لینگ ، غار ، خار ، هەلینگ ، ڕاکردن : غاردان ، ..... . پەسند ، قۆڵکێشان ، باش ، .... لێبوون : پەسەندکردن ، بـەباش زانـین . تـەگبیر و بـیرو ڕا ، بـاوەری ، گـوور . ( هەورا ، فە ، ئەردە ) ڕێ ، ڕێگا . جار ، چەل ، کەڕەت ، نۆبە ، چین . ( ئەردە ) هەل ، کایە ، گـل ، کەشـە . ( لـو ، فـە ) بـۆ ، لـۆ ، سەبارەت . ( باك ) ڕەگ ، دەمار ، ریشە ، رایێ ستوور : دەمار ، شادەمار . تین ، پێز ، کێش : ئەم گە نمە بە .... یە : بە پێزە ، کێشـی هەیە ، نانی جوانی لێدێ .

[٢٢٥] ( باك ) ڕەك ، ڕھ ، ڕا ، ڕەھ ،( دەر ) ڕەو ، دەمار ، چەند لوولەیەکە لە جەستەی گیاندار خـوێنی پێـدا هاتووچـۆ دەکـات ، دەمـارە باریکەکانە . ریشەو دەماری دار و گژ و گیایان . ڕەتەوە ، بنەچەکە ، ڕەچەڵەك ، تroوم .

[٢٢٦] ددانەکانیش لە ناو خۆیاندا ناوی جیاوازیان هەیە :درانێن کورسی :شەش لە سەرەوە شەش لە خوارەوە ، کاکیلە . برۆك ( کە ) ددانـە پێشینان ، ددانێن براکوور، چوار لەسەرێن و چوار لە خوارێ . ( ل٤٤٤ ) .

[٢٢٧] دانی دەخل و دانەوێڵە .ئەو دەنکە دەخڵانەیە بە ماڵاتـان دەدرێت. پێدان، بەخشینی چتییێك بەیەکێك . گاندان . بۆ شـوێن و دەفـرە ،بەڵان بەدوای ناوانەوە دەنووسێ :خوێدان،ئاگردان، گوڵدان. کات،دوودان ،دانی بەیانی: بەشێکەلەرۆژێ ، لەبەیانییەوە تـانیوەڕۆ ، دانی ئێوارێ : بەشێکە لە ڕۆژێ لەنیوەرۆیە تا ئێوارێ . ( بابا ) ددان ، دران، دووریزە ئێسـکەکانی دانـە دانەیـە، کـە لەسـەر پـووکی گیاندار دەروێ و خواردەمەنی پێ ورد دەکرێ و ٣٢دانەیە. مرازی چاوگەیە کە بـە دوای هەنـدێك ناوانـەوە بنووسـێ وەکـو: فرێـدان ، ئازاردان ، گرێدان . دانوو . ..... هتد .

[٢٢٨] ددان . فەلە،عیسایی . ( هەورا ) دیتن ، سەیرکردن ، نۆرین .

### ١٣- **ڕیخۆڵە**[٢٢٩]

**پئـور** (بـاك . ل١٤٩) ، **پـزوور** (بـاك . ل١٧٥) ، **ڕۆدی** (بـاك )، **ڕۆڤـی** (ڕیـوی . ڕیخۆلـە) (بـاك) ( ل٥٠٢) **ڕووخەڵـە** (هەورا. ل٥٠٦) ، **ڕوویڤك** (باد . ل٥٠٨) ، **ڕێخەڵۆ** (ل٥٠٩) ، **ڕێڤی**[٢٣٠] (باك . ل٥١١) ، **ڕێلەخۆ** (هەورا . خۆ . ل٥١٢) ، **ڕیخەڵۆك** (ل٥١٣) **ڕیخەڵوو** (هەورا ) ، **ڕیخۆڵا** (هەورا) ، **ڕیخۆڵە**[٢٣١] (ل٥١٤) ، **ڕیڤی** ( زا ) ، **ریڤیك** ( باد ) (ل٥١٥) ، **ڕیوەڵۆك**[٢٣٢] (هەورا) ، **ڕیوی** (( شكا ) ڕێوی . (خۆ ) ڕیخۆڵە) (ل٥١٦) ، **ناوەرە** (ل٨٧٢) .

### ١٤- **زراو**

**تەول** (باك . ل٢٣٨) ، **زارە** (ل٥١٧) ، **زاڵە**[٢٣٣] (ئەردە . كە) ، **زاڵوو**[٢٣٤] (ئەردە . كە . فە) (ل٥١٨) ، **زاوەرە** ( ئەردە) ، **زاوور**[٢٣٥] (ل٥١٩) ، **زەهلـە** (فـە . ل٥٢٠) ، **زەردەكـی** (فـە . ل٥٢٢) ، **زهلـك** (ل٥٢٨) ، **زراڤ** (باریـك ، زراو . زراوی نێـو زگ . چتی ورد ) (باك . باد) ، **زراو**[٢٣٦] (ل٥٢٩) .

### ١٥- **زمان**[٢٣٧]

**ئــەزمان** (ئاسمــان . زمــان) (بــاك . ل٢٩) ، **زبــان** (ل٥٢٨) ، **زمــان**[٢٣٨] (ل٥٣٥) ، **زمــوون** ( فــە . ل٥٣٦) ، **زۆ**[٢٣٩] (فە . ل٥٣٧) ، **زوبان** (شو ) ، **زووان** (زمان . زیوانی نێو دەغڵ) (هەورا . كە . فە ) (ل٥٣٩ ) .

### ١٦- **زمانە چكۆڵە**[٢٤٠]

**بەرگە**[٢٤١] (ل٨٢) ، **زبانەبچكۆڵە** (ل٥٢٩) ، **زمانە بچكۆڵە**، **زمانە چكۆڵە** ، **زمانە گوڵانە**(هەورا) (ل٥٣٥) ، **زمانۆك** (باك . ل٥٣٦) ، **زووانە بچكۆڵە** (ل٥٣٩) .

---

[٢٢٩] له( ه.ب ) وشەكانی: **ڕوخله** ( ل٣٥١ ) ، **ڕووڤی** :١- ڕوخڵە ٢- ڕێوی ( ل٣٥٣ )، **ڕیخەڵۆ** ( ل٣٦٥ ) ، **ڕێڤیك** ( ل٣٦٧ ) ، **لوێخەڕۆ** ( ل٧٦٥ ) . بەو واتایە هاتوون .

[٢٣٠] ڕیخۆڵە . ( شكا ) ، ڕێبوار كەتەنها بێت . ( باك ) ڕێوی .

[٢٣١] ڕیخۆڵە . ( ئەردە ) ڕیندولی ، جلكی شڕ . چتێكی باریكی درێژە ، لەزگی گیاندارانـدا پیسایی پێدا دەڕوات .

[٢٣٢] ڕیخۆڵە . ( باد ) شەمتریكە ، هەنگوینی جۆرە زەرگەتەیەكی .

[٢٣٣] زراو ( هی ناو زگ ) . زاورە ، زارە ، زاوەر ، زەنەق ، زەندەق . ( كە ، هەورا ) دادو هاوار گلەیی ، هەمووكەس زاڵەی دێ .

[٢٣٤] زەروو ، زاروو . ( كە ) زراوی ناو زگی گیان لەبەران .

[٢٣٥] زارە ، زاڵە ، زاوەرە . زراو ، كیسەییێكە ئاوێكی تاڵی تێدایە ، بە قەد سی وجەرگەوە . زات ، تووان ، ئەترەش ، یارا .

[٢٣٦] زاڵۆ ، زارە . ( كە ) زارۆ ( مندالّی بچووك ) . ( ڕۆژ) زاڵە ، زالـوو . زەنـدەق ، هـەترەش . تـوورەكـەی زراوی كەبەناوەراستی كـەلێنی دوولۆی جەرگەوە نووساوە دڵۆپ دڵۆپ بەسەر ئاشك ( گەدە ) دا دەتكێ تا خواردن بتاوێتەوە . ( هەورا ) تاڵە . زەرداو. باریك .

[٢٣٧] له( ه . ب ) وشەكانی: **زوان** :١- زمان ٢- زیوان ( ل٣٨٢ ) ، **زان** :١- منالْ هێنان ٢- له دایـك بـوون ٣- پاشـگری بـە واتـا ئاگـادار ( پیاوێكی زۆر زان بوو ،سیاسەت زانە ) ٤- زەرەر ( ئەم سەگە زانە خرۆیە ) ٥- زوان . ( ل٣٧٤ )، **زوفان** ( ل٣٨٤ ) . بە واتایە هاتوون .

[٢٣٨] پارچە گۆشتێكی درێژووكەیە لە زار و تامی چتی پێدەچێژرێ و پارووی پێ ئەو دیوو و ئەو دیو دەكرێ ، زار بـە یاریكـاری زمانـەوە قسەی پێدەكرێ . .... هتد .

[٢٣٩] زمان . گیایەكە بەهاری و كوێستانی بۆن خۆشە، گەڵای وەكو چنوور وایە و دەخورێ . ( باك ) جووت ، دوو زۆت: دوو جۆت .

[٢٤٠] له( ه . ب ) وشەكانی: **ئەلەنگە** ( ل٢٥ ) ، **بەلە زمانە** ، **بەلە زوانە** ( ل٨٥ ) ، **زانك** ( ل٣٧٤ ) ، **زیل** : ١- زەنگوڵەی خەبەردان . ٢- دەنگی باریك و تیژ . ٣- چەكەرە . ٤- پێچەوانەی درشت . ٥- زمانە چكۆڵە . ٦- قامیشی حەسیر ٧- پیری بـە هێـز و تاقـەت . ٨- بەلوكـە ( ل٣٩٤ ) . ، **گەڵالوچ** ( ل٧٣٣ ) . بەو واتایە هاتوون .

[٢٤١] تووانایی ، بەرگرتن . ( ڕۆژ) زمانە چكۆڵە . ( باك ) سوو ، ئاسوو ، دیمەن ، بەرچاو .

### ١٧- **سپڵ**[٢٤٢]

**ئەسپوول** (هەورا . ل٣٠) ، **خاڵخالك** (ل٣٥٣) ، **دێدك** (با . ل٤٦٩) ، **سپڵ** ، **سپل** (ل٥٨٧) ، **سوویە** (**سیپەلات** ، **سپڵ**) (لور . ل٦٠٧) ، **فاتە ڕەشە** (ڕەوا . خۆ . ل٦٦٣) ، **شمش** ( سپڵ ، سی گیاندار) (ل٦٤٥) ، **فشك** (باك . ل٦٧٣) .

### ١٨- **سپێنەی چاو**[٢٤٣]

**چەرمای چەما** (هەورا . ل٣٠٩) ، **چەرمگی چاو** (ل٣١٠) ، **سپێنە**[٢٤٤] (بار . ل٥٨٧) ، **سپیك** ، **سپیكا چاڤ** ، **سپیلكا چاڤێ** (باد) (ل٥٨٨) .

### ١٩- **سك**[٢٤٥] **، و گەدە ، ورگ .**

**ئاشك** (باك . ل٩) ، **ئور**(باك) ، **ئۆچك** (باك . ل٤١) ،**ئورك** (زگ) (باك) (ل٤٢) ، **بەڕان** (باك . ل٧١) ، **زك**[٢٤٦] (سك . بار ، منداڵ . (باك) میچ : میچی خانوو) (باك . ل٥٣٣)، **زگ** (باك . ل٥٣٤) ، **سك**[٢٤٧] ( بابا . هەورا . ل٥٩٣) ، **عرگ** (باك . ل ٥٠٤) ، **عوور** ، **عوورك** (باد) **عوویرك** ( باد ) (ل٦٦١) ، **گەدە**[٢٤٨] ( جا . زەن . هەورا) ، **گەدگ** (ورگ) ( ل٨٠٧) ، **گەیە** (لو . ل٨١٢) ، **گیپاڵ**[٢٤٩] (كە . ل٨٢٦) ، **لەم** (هەورا) ، **لەمە**[٢٥٠] (هەورا) (ل٨٣٥) ، **لمە** (هەورا . ل٨٣٨) ، **ورگ**[٢٥١] ( ل٨٩٧) ، **هورگ** (ل٩٢٣) .

---

[٢٤٢] لە( ه . ب ) وشەكانی: **خوش خوشك** : ١- لوو ، گرێ گۆشت . ٢- سپڵ . ( ل٢٥٤ ) ، **ددان خوشك** ( ل٢٨٩ ) ، **دێدە ڕەش** ( ل٣٣٢ ) ، **سە پەل** : ١- سە پۆل ( حە پۆل ، گێلۆكە ) . ٢- سپڵ . ( ل٤٣١ ) ، **شوشو** ( ل٤٧٧ ) ، **گورگ نەخۆرە** : ١- بریتیە لە كیژو ژنی ناحەز . ٢- سپڵ . ( ل٧٠٥ ) . بە واتایە هاتوون .

[٢٤٣] لە( ه . ب ) وشەكانی: **سپیچك** :١- سپێنەی چاو . ٢- سپێنەی هێلكە . ( ل٤١١ ) ، **سپیلك** : ١- ئەسپی سپی . ٢- خاكی سپی . ٣- ناوی چیاییەكە لە كوردستان . ٤- رشك ، گەرای ئەسپێ . ٥- گۆشتی سنگی مەل . ٦- گۆشتی بەلەك ، پوز . ٧- سپیاتی ناو هێلكە . ٨- سپیایی دەوری رەشكێنەی چاو ، سپێنەی چاو . ٩- گوندێكی وێرانە ( ل٤١٢ ) بەو واتایە هاتوون .

[٢٤٤] هۆرە ( سنگێكە لە دار بی دروست دەكرێ ) . سپیاتی . ( باك ) سپێدە . ( باد ) دارقا یمە ، دارێكە وەبەر میوەی بدرێ . ... ی چاو : ( باد ) سپیكا چاڤ ، ( ڕەوا ) سپیلكی چاو ، ( هەورا ) چەرمای چەم ، چەرمێنە .

[٢٤٥] لە( ه . ب ) وشەكانی: **حورگ** ( ل ٢٢٦ ) ، **كرش** : ١- عور ، ورگ . ٢- پووش و چیلكە . ( ل٦١٢ ) ، **عوویر** ( ل٥٠٥ ) ، **گەد**: ١- پێ چەقاندن و نەرۆیشتنی حەیوان . ٢- ززگ و كرش ز ٣- زەوی پر لە كەند و لەند . ٤- ئاكار ، رەوشت . ، **گەدك** ( بالاتر لە ران تا بەر سینگ ) ، **گەدەق** ( ل٧٢٥ ) ، **گەودە** :١- گەدە . ٢- لەشی مرۆ . ( ل٧٣٧ ) ، **گیە** ( ل٧٤٥ ) مادە : ١- جۆری نان . ٢- فێدەی نان پێوەدان . ٣- كرش ، عور . ٤- دومەڵە ، كوان . ٥- لو ، لك ، گرێ گۆشت . ٦- دایك . ٧- هەوێن ئامیان . ( ل٧٨٨ ) ، **ماعدە** : ١- ورگ ، ماعور . ٢- ئێستا ،واز . ( ل٧٩٢ ) ، **مەشك** : ١- پێستە حەیوانی گوراو ، كە ماستی تێدا دەژێنن . ٢- خیگە ، هیز . ٣- ورگ ، عوور . ( ل٨٣٠ ) ، **میدە** ( ل٨٤٠ ) ، **هوور** : ١- ورد .٢- ورگ ، عوور . ( ل٩٥٤ ) ، **هوورگ** ( ل٩٥٥ ) ، **هووری** : ١- وردی ، دژی درشتی . ٢- ورگ ،گەدە . ٣- حۆری . ( ل٩٥٦ ) ، **هۆڵدان ، هۆڵمان** ( ل٩٥٩ ) ، **هێرگ** ( ل١٠١٥ ) ، **هێلگ** ( ل١٠٢٠ ) . بەو واتایە هاتوون .

[٢٤٦] سك، زگ ،ئوور ، هوور . ناو زك ، ناو ، تووێ ، بار ، منداڵ ، مناڵ ، پس . ( باك ) میچ : میچی خانوو .

[٢٤٧] زگ . ( باك ) ناشرین ، ناحەز ، دزێو لە هەموو چتێك .

[٢٤٨] چیكڵدانە ،ورگ ، بەرگەدە . ( رۆژ) گەدگ . ( باك ) كوور . ( رۆژ) ورگی وڵاخان .

[٢٤٩] گەدگ، ریخۆڵە ، گەد و گیپاڵ . ( فە ) گیپە .

[٢٥٠] سك ، لەمە بەدەر : ژڤی پێڤە .

[٢٥١] خۆزگە ، گەیە ، گەدە ، . چیكڵدانەی وڵاخ و ماڵاتان . ( باك ) ئورگ ، زگ ، سك ، گەدگ ستوورە كە پیسایی‌نێو زگی ولاخان .

٢٠- **سورێنچك** (بۆری خواردنێیە ، ئەو لوولە سوورەیە ، کەلەنێو ڕیخۆڵانەوە گەیشتۆتە ناو گەروو ئاوی پێدەچێتە خوارەوە) .

**ئووربەلیشك** (ترپترۆك ، بۆرێ خواردنێ .) (باك . ل٤٢) ، **بابەلیشك** (باك . ل٤٨) ، **ترپترك** (باك) ، **ترپترۆك** (خۆ) (ل٢٤١) ، **زوورلانك** (خۆ . ل٥٤٠) ، **سۆرسۆرك** (ل٥٩٨) ، **سوربچك** ،**سۆریشك** (خۆ) (ل٥٩٩) ، **سوورانچك** (ل٦٠٣) ، **سوورچك** (ل٦٠٤) ، **سوورناسك** (ڕەوا) ، **سوورناتك**[252] (جا) ، **سوورێچکە** (ئەردە)، **سوورێنە** ، **سوورێنچك** ، **سوورێنچکە** (ل٦٠٥) ، **سووریچکە** ، **سوورینچك** (نێو گەڵ، ناوگەڵ . بۆری خواردنێ ) (زاخ) (ل٦٠٦) ، **سێرۆچکە** (ل٦١٠) .

٢١- **سپەلك**[253]

**پش**[254] (باد) ، **پشاسپی** (باك . ل١٧٧) ، **پووف** (لو . ل١٨٨) ، **سەپەلیك** (باك . ل٥٦٠) ، **سووێ**[255] ، **سوویە** (لور . ل٦٠٧) ،**سی**[256] (باك . ل٦١٢) ، **سیپەلاك** ، **سیپەلك** ، **سیپلك** (ل٦١٣) ، **شش**[257] (هەورا . ل٦٤١) ، **شمش** (سپڵ ، سی گیاندار ) (ل٦٤٥) ، **شۆشی** (هەورا . ل٦٤٨) ، **شووس** (هەورا) ،**شووش**[258] ، **شووشوو** (هەورا . ل٦٥٠) .

٢٢- **قرقرتۆك ( بۆری پشوو ) ، قورگ ، ئەوك، گەروو**[259].

**ئەلق** (ئەردە ، ل٣٤) (گەروو، گەلوو ، قوڕگ) ، **ئەوك**[260] (باك) (گەروو ، قوڕگ) ، **ئەووك** (ل٣٩)،**ئووك** ( ل٤٢) (گەروو) ، **بێن**[261] (موك) ، **بیناقاقە** (ل١٣٤) ،**تینتینۆکە**[262] (ل٢٧١) ، **تینو**[263] (ل٢٧٢) ، **خرخرۆکە** ( شن )

---

[252] سورێنچکە . گیایەکی زەرد وگچکەیە گوڵسوور و وردە و پەلکیشی بە سووری دەڕوانێ ، باڵێك بڵند دەبێ ، ماڵاتی نێوچاوان سپی بیخوا ، یا وەلاقی کەوی نێوچاوانی شەقار شەقار دەبێ لەبەر قایمی لەناو لانکێی دادەنێن نارزێ و میزو پیسایی بۆگەنی ناکەن و ئەسپێ و پندیشی تخوون ناکەوێ .

[253] لە(ه . ب) وشەکانی: **پشی** (ل١١٠) ، **پوف** :١- سی ، جەرگی سپی . ٢- فوی بەهێز . ٣- وشەی نارەحەتی لە بۆنی ناخۆش . (ل١١٥) ، **سێپەلاك** (ل٤٥٤) ، **شیشار** (ل٤٩٩) . بەو واتایە هاتوون .

[254] زەق . (هەر) بەفری کولووگەورە . بەهرە ، بەش ، جوون . ژەنگ ، ئازارێکە تووشی ڕەزو باخان دێت . (باك) جەرگ ، سیپەلاك . وتەیێکە پشیلەی پێ بانگ دەکرێ و پشیلەشی پێ دەردەکرێ . (باك ) ئاردی زۆر ورد .

[255] تەماشا . دڵویستن ، سوو ، داخ ، پەرۆش ، هەژمەت ، ئازار..... ئاسۆ ، سوو . (دەر) سیپەلاك ، سیپەلك . گۆشە ، کەنار .

[256] سێبەر ، نسێ . سێ جار دە ، شەش جار پێنج . (باك) سە ، سیە . باڵندەیەکی بۆر و گەورەیە . پارچە گۆشتێکی گەورەی سپی واژە ، بەجەرگەوە نووساوە . (ڕەوا ) سیپەلك ، سی وجگەر ، سیپەلاك . (لو ) بۆ ، لەبۆ ، ئەڕا .

[257] شەش . (ڕۆژ ) سیپەلاك . (فە ) ئەسپێ .

[258] شیشەی زێوی داڕژاو ، تەختە زێوی داڕژاو . (هەورا ) سی ، سیپەلاك . شیشە . لووس و ڕاست ، ڕێك و پێك ، لەبار و باریك و جوان .

[259] لە(ه . ب) وشەکانی : **حەفك** (ل٢٣٠) ، **خووز** : ١- هێز ، توانا ، وزە . ٢- خووس ، خوسار ، زوقم . ٣- ناپەسەند . ٤- کۆم ، پشت چەماوە . ٥- ئەوك ، قورگ . (ل٢٥٣) ، **گلب** (گەروو ، قورگ ) ( ل٦٩٧ ) **گەڵوو** (گەروو) (ل٧٣٢) ، **ناق** (گەروو ، قورگ ) (ل٨٥٥) ، **نەوك** (ئەوك ، قورگ ) (ل٨٨٨) ، **هەفك** : ١- ئەوك ، قورگ . ٢- مل ، گەردەن . (ل٩٧٨) ، **هەوك** (ئەوك ، قورگ) ، **هەوگ** (هەوك ، ئەوك ) (ل١٠١٠) . بەو واتایە هاتوون .

[260] هەرامە ، کابرا ، وانێك ، هێن . گەروو ، قورگ .

[261] با بێن ، بۆکەسی دووەم و سێیەمی کۆیە . (کۆ) گەروو ، تینتینۆکە ، ئەووك. (باد ، بار ، گەر ، ڕەوا) پشوو ، وچان ، سانەوە . (ڕەوا ) ئاسوودەیی ، کات ، دەم ، چاخ ، گاڤ . (هەو . باد ) بۆن ، بێهن .

[262] بیناقاقە ، بنچەنەگە ، بەربین ، گەروو . ئێخەو بەرۆك .

[263] توونی ، بۆ زیندەوەر و دار و شینایی و گژوگیایەك بەکاردەبرێ کە ئاتاجی بە ئاو خواردنەوە بێ . گەروو .

(گەروو) (ل٣٦٨) ، **فرۆ**(گەروو) (ل٦٧٠) ، **قاقڕی** (باك) (گەروو) (ل٦٨٦) ، **قاقەیچك** (باك) (گەروو) (ل٦٨٦) ، **قەرقارك** ( باك) ، **قدۆك** (بار . ل٧٠٣) ، **قڕتووم** (ڕەوا . ل٧٠٥) (گەروو) ، **قڕقەمی** (هەورا ) ، **قڕقڕتە** ، **قڕقڕۆك** ، **قڕقڕتۆك** ( خۆ) ، **قڕقڕك** (باك) ، **قڕقڕۆچكە** ، **قڕك**[٢٦٤] ( باك) ، **قڕگ**[٢٦٥] (مەرگە. باك) (ل٧٠٦) ، **گەرگەرە**[٢٦٦] (كەل . ل٧٠٨) ، **قوڕاچكە** (ل٧١٣) ، **قوڕتم**[٢٦٧] (ل٧١٧) ، **قوڕقوڕاچكە** ، **قوڕقوڕاگە** ، **قوڕقوڕاكێ** (هەورا) ، **قوڕقوڕۆچكە** ، **قوڕور** (بابا) ، **قوڕقوڕتە** (فە) ، **قوڕقوڕگە** ، **قوڕگ** ، **قوڕوو** (بابا) ، **قووڕووگ** (ل٧١٨) ، **گەروو**[٢٦٨] (ل٨٠٨) ، **گلوی** (هەورا . ل٨١٦) (گەروو) ، **گەلوو**[٢٦٩] ، **گەلوویی** (كە) ، **گەوری** (باك) ، **گەلی**[٢٧٠] (ل٨١٠) ، **هاوك** (ڕەوا . ل٩٠٦) ، **هەفك** (باك . ل٩١٤) .

## ٢٣- كڕكڕاگە[٢٧١]

**خرتە خرت**[٢٧٢] ، **خرتەخرتە** (سوڕان ، هەستی ڕۆیشتنی مشك و منداڵ . كڕكڕاگە) (ل٣٦٧) ، **خرمووتك** (ئەردە) ، **خرمووچك** (ئەردە) (ل٣٦٨) ، **ڕەقی**[٢٧٣] (لا٤٨٩) ،**زەنگەلۆر** (باك) ، **زەنگەلۆرك** ( باك) (ل٥٢٦) ، **كاكەڕك** ( باك) (ل٧٣٣) ، **كەڕك**[٢٧٤] (باك) (ل٧٤٣) ، **كڕاك** ( ئەردە) ، **كڕاكە** (ئەردە) ، **كرتك** ( ل٧٦٣) ، **كڕكای كڕك**[٢٧٥] (كەر ، **كڕكڕاڕۆك** ، **كڕكڕاكە** ، **كڕكڕاگە** ( كۆ . بابا) ، **كڕكڕە**[٢٧٦] (ل٧٦٤) ، **كڕكڕك** (باك) ، **كڕكڕۆچكە**[٢٧٧] ، **كڕكڕۆكە** (ل٧٦٥) ، **كڕۆچەڵە** ، **كڕۆچەلكی** (هەورا) ، **كڕۆچەڵێ** (هەورا) ،**كڕۆژە** (مامە . هەورا . پیر ) (ل٧٦٦) ، **كوڕكوڕۆچكە** ، **كوڕكوڕۆژە** (ل٧٨٧) ، **كوڕووچەڵێ** ( هەورا . ل٧٨٨) .

---

٢٦٤ قەلەرەشكە . (زا ) قورك .

٢٦٥ تەڕەكارێكی مەیلە و خڕە ، وەخەیاری پتر دەچێ . گەروو ، قوڕگ .

٢٦٦ قڕقڕۆچكە . بەكرە .

٢٦٧ لووتی فیلییە . (موك ) گەروو ، قورقوراگە.

٢٦٨ هەوك ، قورگ ، بین ، گەوری ، خرخرۆكە ، (هەورا ) قوقوراگی .

٢٦٩ گەروو . سەرەوەی دوو چیا یا ملە یا تە پۆلكانە ، كە دوو دیوی لێ دیار بێ .

٢٧٠ گەروو ، تونگە ، وەكو گەلی عەلی بەگ .

٢٧١ لە(هـ . ب ) وشەكانی : **خرمووتە** (ل٢٤٢ ) ، **قرقرویچك** (زەنگەلۆر ، كركراگە ، كرۆچەنە ) (ل٥٥٢ ) ، **كرۆچەنە** ، **كرۆژنە** (ئێسكی ناسكی كرۆشتنێ ، كرۆژەڵە (ل٦١٣ ) ، **كەركەریك** (ل٦٥٤ ) ، **كركرتۆكە** (ئێسكی ناسك ) ، **كركرگ** (ل٦١٢ ) . بەو واتایە هاتوون .

٢٧٢ خرتەی لە دوای یەكتری .(باك ) كركرۆچكە . دەنگە دەنگی چتی ، دەنگی جولانی چتی ورد و وشكە بەگردی خۆیدا .

٢٧٣ ڕەقێتی ، سەختی . (فە ) قرقر ، كركرۆك ، كركرۆچكە . جۆرە سابوونێكە .

٢٧٤ كركرۆچكەی گوێ و لووت وشوێنانی تر . (هەكا ، ئا ) پەستەك ، فەرەجی . (هەورا، كۆ ) چەوەندەر . (هەو ، كە ) داری بەریە كە بەر نەهێنێ . (هەورا ) مریشك . تەماتەیەكە هێشتا سوور نەبووبێ . سیخمە و فەرەجی و قلپووت و عابای بێ قۆڵ .

٢٧٥ كڕك . كاكی بەكاكی .

٢٧٦ لوولەی هەناسە ، كركرۆچكە . جۆرە ترێیەكە . ( شەم ) سێوی بن ئەرزی .

٢٧٧ چتێكی توند و تورتە لە نێوان گۆشت و ئێسكی دایە بە تایبەتی گوێ ولووت لەو پێكهاتوون .

### ٢٤- گلێنە[٢٧٨]

**ڕەشك**[٢٧٩] (باك) ، **ڕەشكاچاڤ** (باد) ، **ڕەشكە**[٢٨٠] ،**ڕەشكێنە**[٢٨١] ، **ڕەشێنە** (ل٤٨٧) ، **ڕەشینە** ، **ڕەشی چاو** ، **ڕەشی چەم** (هەورا) ( ل٤٨٨) ، **سیاوڵە چەمی** (هەورا) ،**سیاوی**[٢٨٢] (هەورا) **سیاوچەی** (هەورا) ، **سیە گەردە** (مەلیش) (ل٦١٣) ،**کەنیشکی**[٢٨٣] (ل٧٥٧) ، **کچێنە** (ڕەشکێنەی چاو) (ل٧٦٢) ، **گلێنە**[٢٨٤] **گلیلە**[٢٨٥] (فە) ، **گلینکە** (ل٨١٧) .

### ٢٥- گورچیلە[٢٨٦]

**گرچوو** (ل٨١٢) ، **گورچە** ( فە) ، **گورچك** ، **گورچلك** ، **گورچیلە** (ل٨٢٠) ، **گونجیلكە** (. ل٨٢٤) ، **وڵك** (هەورا . ل٨٩٨) ، **ولك** (ڕۆژ . ل٩٠٠) .

### ٢٦- ماسوولكە[٢٨٧]

**ماسوولە** (بڵ) ، **ماسوولكە**[٢٨٨] (ل٨٤٦) ، **مایچە**[٢٨٩] (کەل ،ل٨٥٠) .

---

[٢٧٨] هەرچەندە لە ( هـ . ب ) وشەکانی ( بیبیلە و ڕەشێنە و گلێنە ) جیانەکراوەتەوە ، بەڵام وشەکانی: **ڕەشرەشك** : ١- زیوان ، دەنكێكی ڕەشە دەگەڵ گەنم . ٢- ڕەشكێنە ، بیبیلەی چاو . ( ل٣٥٨ ) . **کەچا چاڤ** ( گلێنەی چاو ، بیبیلەی چەم )، **کێلکی** ( گلێنەی چاو ، گلارەی چەم ) ( ل٦٧٩ ) ، **گلارە** : ١- بڕە داری لەسەر یەك دانراو . ٢- دەنكە ترێ . ٣- گلێنە ، بیبیلەی چاو . ( ل٦٩٧ ) ، **گللی** ( ڕەشكێنەی چاو بیبیلەی چەم ) ( ل٦٩٨ ) . بەو واتایە هاتوون .

[٢٧٩] ڕەشكێنەی چاو . وێنەی نیوەی ڕوو . کەڵاشی پەرۆ و لباد و مووی ڕەشە بۆ وشكانی . قوولی ڕەش ، سەندەل ، دارێكی بۆن خۆشە . ( باد ) کالەی موویین ، کالەیەکە هەمووی لە بەنی یا لە لباد دروستكرابێ ، کاڵەی پەرۆ .

[٢٨٠] خەرارێكی کون کونی گرێ چنە لە موو دروست دەکرێ کاو کلۆسی پێ دەگوێزرێتەوە . ...ی کایە : تاینچە . ڕەشرەشك ، بەری گیایەکە وەکو گەنمی ورد وایە، بەڵام ڕەشە و بەسەر کولێرەو نانی وەردەکەن . ( ڕەوا ) ڕەشكێنەی چاو . ( شەق ) تێكوڵە شینەکەی گوێزیە . ڕزێ . ( بابا ) جۆرە ترێیەکە پێست ئەستوورە .

[٢٨١] بەشە ڕەشەکەی چاوە ، کەلە نێو سپێنەدایە و گەورەیە و بەبەڵە ( بیبیلە ) کەشی لە نێوەڕاستیدایە .

[٢٨٢] ڕەشكێنەی چاو . ..... تۆخ ، ڕەشی تاریك .

[٢٨٣] کچێنی ، کچێنەی چاو ، گلێنە .

[٢٨٤] ڕەشكێنەی چاو ، کانی چاو، ( کە ) گلینكە . ( باك ) کوزەکا چاڤ . ( موك، بابا ) کزن . ( هەورا ، باد ) گلێرەی ڕەشی نێو دەخلان . قابێكە لە گڵ دروست دەکرێت . ( باك ) قافێ گولا . ( شا ) مەقەلێكی گڵی و گەلێك کون کونە .

[٢٨٥] گلێنەی چاو . ( باد ) چلوورە .

[٢٨٦] لە( هـ.ب ) وشەکانی : **خناوکە** ( ل٢٤٦ ) ، **کشتە** : ١-کوژیاو ٢- خالیگە ٣- گورچك ٤- لا ، ئالی ( ل٦١٧ ) ، **گرچك** : ١- دوو ئەندامی چكۆڵەی پانكەڵەن سەرچاوەی مسوڵدانن ، گورچیلە .٢ - خالیگە ٣- گرێ دارکە زەق بێ .٣- تیخی کەل و کەت . ( ل٦٨٩ ) ، **گورچوو** ،**گورچەویلە** ، **گورچەوێلە** ، **گوردالە** ( ل٧٠٥ ) ، **گورچیلك** ( ل٧٥٠ ) ، **گولچیسك** ، **گولچیلە** ( ل٧١٤ ) . **گەرگو** ( ل٧٢٧ ) .

[٢٨٧] لە( هـ.ب ) وشەکانی: **بلبلیشك** ( ل٥٧ )، **زەبلەك** :١- ماسولەی گۆشت . ٢- ڕیخۆڵە ئەستوورە ( ل٣٨٥ ) ، **زەقلەك** ( ل٣٨٨ ) ، **ماسۆڵە** : ١- ماسولكەی جۆلایی . ٢- ماسولكەی گۆشت . ٣- جۆری ساج . ٤- گلۆڵەی فرێت ( ڕایەڵی تەون ) ( ل٧٩١ ) ، **مالوسكە** : ١- ماسولكەی گۆشت . ٢- ماسولكەی خەرمان . مالۆسكە ( ل٧٩٥ ) . بەو واتایە هاتوون .

[٢٨٨] مالۆسكە ، ڕەوسە ، ئەو کۆما گەنمە درێژانەیە لەکاتی بەباکردنیدا لە لە کای جوێ دەبێتەوە . ( هەورا ) وڵمە ، ماسوولە ، ئەو گۆشتە نەرمانەیە کە بە قۆڵ و پۆز و ڕانەوەیە .

[٢٨٩] پارچە زێرێكە لە ناوەراستی بەرموور و گەردەنبەندیدا دەکرێ . ( موك ) ئێستری مێ ، ماچە، مەیە. نەرمەی پێ ( گۆشت ) .

### ٢٧- **مەلاّشوو**[٢٩٠]

**ئاڕوو**[٢٩١] (ل٥) ،**ئارینگ** (کۆ . ل٦) ، **ئاسمانە**[٢٩٢] ، **ئاسمانە دەمی** (هەورا) ،**ئاسمانەی دەم** (جا) (ل٨) ، **ئەوڕوو** ( فە . ل٣٩) ،**پانك** (بار . ل١٤٨) ،**گۆشەك** (هەورا. ل٨١٨) ، **مەلاشوو**[٢٩٣] ، **مەلاّزە**[٢٩٤] (بار . موك) ، **مەلاژوو**[٢٩٥] ، **مەلاّشوو** (ل٨٥٤) ، **ملاّشك** (ل٨٦٠) .

### ٢٨- **منالّدان**[٢٩٦]

**ئاڤلدانگ** (باك. ل١٢) ، **ئاوالّدان** (ل١٨) ، **بەچەدان** (فە . ل٦٦) **پاوور** (ل١٤٩) ، **پرزانگ**[٢٩٧] (باك . ل١٧٢) ، **پزان** (زا) . **پزدان** . **پزدانك** (باك) (ل١٧٥) ،**پسدان** (ل١٧٦) ،**چارۆکە**[٢٩٨] (ل٢٩٨) ، **زاولّەدان** (هەورا . ل٥١٩) ، **مندالّدان** (ل٨٦١) .

### ٢٩- **میّشك**[٢٩٩]

**دەماخ**[٣٠٠] (ل٤٣٦) ، **مەژالك** (کە) ، **مەژگ** (کە . هەورا ) ، **مەژی** (باد . باك ) (ل٨٥٢) ، **مەغز** (فە. ل٨٥٣) ، **میّژی** (شکا . باك ) ، **میّشك** (فە) ، **میّژك** (باك ) (ل٨٦٥) .

### ٣٠- **میزلّدان**[٣٠١]

**تیزانگ** ( ئەردە . ل٢٧٠) ،**مووسلّدان** (ل٨٦٤) ، **میزەلاّن** (بابا) ، **میزپاو** (فە) ،**میزدەو** (فە)،**میزدان** (ل٨٦٧) .

---

[٢٩٠] لە( ه . ب ) وشەی : **مەلاژ** : مەلاّشوو ، مەلاّشك ، بان دەم لە ژوورەوە . مەلاّشك .( ل ٨٣٢ ) . بەو واتایە هاتووە .

[٢٩١] ( فە ، سوور ، دەر ،کۆ ، هەو ) هارویّ، خەیار . ( باك ) شەویلکە . مەلاّشوو ، ئاسمانەی ناو دەم .

[٢٩٢] مەلاّشوو . بن میچ ، پۆشە ( سەربان ) ، لاسەرگە .

[٢٩٣] میچی سەرەوەی دەمییە ، گۆشەك ، شیلکە سەرە ، لەسەر نیّوچاوانە .

[٢٩٤] مەلاّشوو . ( موك ) ئالّوو .

[٢٩٥] ئالّوو ، مەلاّشوو . .... کەفتی : ئالّوودار .

[٢٩٦] لە( ه.ب ) وشەکانی : **بز**: ١- منالّدان ٢- زەق ( چاو بز ) ٣- بزن ٤- ناوکی ئاسك ، میسك ٥- جوز، سووکە ڤامك بۆ ڤون بردن ٦- جەغز ، جوغز ،خەتی کەمەر لە زەوی ٧- پیو ، چەوری ناو زگ ( ل٥٤ ) ، **پزو** :١- پزگ، جیّگەی دۆخین لە دەرپیّ ٢-مندالّدان ٣- پززە ،فززە، نەخۆشییەکی پەزە .(ل١٠٧ ) ، **پیزەدان** ( ل١٣٢ ) ، **تیزانگ** : ١- میزلّدان ٢- پزدان ٣- کیسەی لاستیکی کە فووی تیّدەکەن بۆ مندالاّن ( ل١٧٤ )، **زاڤدان** ( ل٣٧٣ ) ، **زاگە** : ١- جیّگەی لە دایك بوون ٢- لە دایك بووە ٣- بیّچووی دیووە ٤- گەمەیەکی مندالاّنە ٥- مندالّدان ، **زامار** : ١- بریندار ٢- مندالّدان ( ل٣٧٣ ) ، **ڤاگینا** ( ل٥٣١ ) ، **گللك** :١- مندالّدان ، زیّدان ٢- کوز ، ڤوز ( ل٤٩٨ ) ، **منالّدان** ، **منداردان** ( ل٨١٤ ) ، **هەلپەز** ( ل٩٨٨ ) ،**هەماز** ( ل١٠٠٣ ) ، **یاوەرە** :١- منالّدان ٢- ئاوالّ مندالّ ( ل١٠٢٩ ) .

[٢٩٧] دوگمە . پزدان .

[٢٩٨] پارچە چت یا هەر تنراویّك بیّ ژن لە کۆلّی خۆیانی وەردەگرن لە ناو شیناوەردیانیشدا چتی تیّدەکەن . سەرپۆشی ئافرەتانە . مندالّدان . گیایەکە وەکو بامیّ ، بەلاّم نزمترە و گەلاّکانیشی وردترن ، گولّی زەرد دەگریّت ئاژالّ باشی دەخوات .

[٢٩٩] لە( ه . ب ) وشەکانی : **دەماغ** ( ل٣٢٤ ) ، مژگ ( ل٨٠٧ ) ، **مژی** : ١- ئەوەی دەکاسەی سەردایە . ٢- رابوارد بۆ مریستن ( مەمکی مژی ) ( ل٨٠٨ ) ، **مەژك** ،**مەژو** ، **مەژۆ**، **مەژی** ( ل٨٢٩ ) ، **میّژەلانك** : ١- مەژگ ، مژی ، مەژی . ٢- هیّشووە تریّی بیّ دەنك ( ل٨٤٣ ) .

[٣٠٠] کەیف ، شادمانی . میّشك ، مەژی . ( رەوا ) دەردیّکی ولاّخانە کەئالیکیان لەکاتی خۆیدا پیّنەدریّتن تووشی دەبن . ( ئەردە ) لووت .

[٣٠١] لە( ه . ب ) وشەکانی: **بسولّدان** : ١- کیسەی میز لە دەرووندا . ٢- بریتیە لە گون . ( ل٥٦ ) ، **ترتەمانیّ** ( ل١٤٦ ) ، **تیرانگ** ( ل١٧٣ ) ، **ڕوودیّن** ( ل٥٠٦ ) ، **گمیّزدان** ( ل٧٠٠ ) ، **مسولّدان** ( ل٨٠٩ ) ، **میزدانك** ، **میزلّدان** ( ل٨٤٢ ) ، **میسمیسك** ( ل٨٤٣ ) .

## ( ٣-١-٢/١ ) پێکهاتەی ناوەند ( لەنێوان پێکهاتەی دەرەوە و ناوەوە )

جیاکردنەوەی ئەم پێکهاتانەی لەش لەسەر بنەمای تایبەتمەندی شوێنی بوونیانە لە ناوەوە و لە دەرەوەی لەش ، و زیاتر لە شێوەی شلەدان ، و بەشێك لە پێکهاتەکانی ناوەند بەشێوەی ئاسایی ( واتە لە باری ئاسایی ژیانی مرۆڤ ) دەتوانرێت لە ناوەوە و لە دەرەوەی لەش ببینرێن ، هەندێ جاریش هۆکاری جۆراوجۆر لە پشت دەرکەوتنیانە بۆ نموونە خوێن لەکاتی بریندار‌بوونی جەستە ، و خوێن بەخشین ، یان بە شێوەی خوێن لە لووت هاتن و شێوەی تر .

### ١- ئارەقە[٣٠٢]

ئارەقە[٣٠٣] (ل٤) ،خوە (باد . ل٣٨٣) ،خووەی [٣٠٤](باك .ل٣٨٩) ،خووە (فە. ل٣٨٥) ئارەش (هەورا . ل٤) ، عارەقە (ل٦٥٩) .

### ٢- چڵم[٣٠٥]

چڵم[٣٠٦] (ل٣٢٧) ، کڵم (کە) ، کلمێش (زا . ل٧٧٢) .

### ٣- خوێن[٣٠٧]

خۆن[٣٠٨] (ل٣٧٨) ، خوون (زا . ل٣٨٧) ،خووێن[٣٠٩] (ل٣٨٩) ،خووین (باك . ل٣٨٩) ،خێن (باك . هەو. ل٣٩١) ،خین (هەو . ل٣٩٢) ، هوون[٣١٠] (باك . ل٩٣٢) ، وونی (هەورا. ل٨٩٨) .

---

[٣٠٢] لە ( ه . ب ) وشەکانی : **ئارەق**:١- تەرایی لەش لەگەرمان یان لەشەرمان یان لەنۆبەتێ وەیان ماندووبوونەوە .٢- شلی لەهەڵم تکاو ، وەك ئارەقی سەخۆشکەر و ئارەقی جاترەو هی تریش (ل٤) ، **ئارەقە** :١-ئارەقی لەش .٢- دارێك لەناوچینەی دیوار بۆ قایمتر بوونی دیوار.(ل٤)،**خۆدان** (ل٢٥٠) ، **خۆ**:١-ئارەقەی لەش . ٢-ئارەقکردنەوە (ل٢٤٧) ، **خۆه** :١-خۆ، ئارەقەی لەش . ٢- ئاونگ، شەونم ٣-خەندە،کەن ، کەنین ٤-هەرشەخسی ئەو (هەمووی بۆخۆبرد ) .٥-کەچی( خۆهاتم تۆلەماڵ نەبووی).٦-شەونم ، ئاونگ . ٧- ئارەقەی لەش (ل٢٥٨) ، **خۆی** :١- تایبەتی ئەو . ٢- ئارەقەی لەش . ٣- شەونم . (ل٢٥٩) ، **خۆهدان**: ١- ئارەقەی لەش . ٢-ئارەق کردن . (ل٢٥٨) . بەو واتایە هاتوون .

[٣٠٣] ئەوتەراییەیە کە لەلەشی مرۆیان یان هەموو گیانلەبەرێکی لەگەرمان یان لەبەر ماندوێتی پەیدادەبێ و لەبن مووەدێتەدەرەوە.

[٣٠٤] خێوی ،خاوەند ، (ئەردە) خۆی بەنەفسی خۆی . ئارەقە .

[٣٠٥] لە( ه . ب ) وشەکانی: **قەوچل** : ١- بێکارە ، هیچ لێنەهاتوو . ٢- لەکارنزان . ٣- شپرێو ، شپرزە . ٤- چڵم و ئاوی لووتی منداڵ . (ل٥٨٩) ، **کوفکی** : ١- چڵمی وشکەوەبووگ لە کە پۆدا . ٢- کەڕوو لێدراو . (ل٦٣٦) ، **مۆفکە** (ل٨٢٠) . بەو واتایە هاتوون .

[٣٠٦] (هەورا ) ، چرم ، کلم ، (باك) لیك ئاو وتەراییەکی تووندە لە کە پۆ دێتە دەرێ ، کە لنج و سووێرە ، زۆخو کەرێزی کە پۆیە .

[٣٠٧] لە(ه.ب) وشەکانی : **خوین** : ١-خوێن . ٢-قەرەبوو کەلە پیاوکوژ دەستێنرێ . (ل٢٥٩) ، **گۆن** :١-گۆنا، کوڵمە . ٢ - ئاژەڵی مێچکە . ٣-گیان ، رۆح . ٤-خوێن ، هوون . (ل٧١٨) ، **گۆنی**:١-تەلیس .٢-گوێنی . ٣- ڕەنگێنراو . ٤ - گوانی ئاژەڵ .٥- گەرەکە، ئەشێ . ٦- گیاندار ، زیندوو . ٧- خوێن .٨- شەری خوێنین، شەری سەخت .(ل٧٢٠) ، **ون** (ل٩١٥) . بەو واتایەهاتوون .

[٣٠٨] خۆمان . (هەورا) خووێن ، هوون .

[٣٠٩] شلەمەنییەکی سوورە لەناو دەمار و ڕەگی گیاندارانذا دێت و دەچێ.مزی خوێنی کوژاوەیە کە وەردەگیرێ.بەدوای هەر ناوێکەوە بنووسێ دەیکاتە بکەر .دەردە مالاتێکە رەنگی گۆشت سوور هەڵدەگەرێ.خوێنبایی .دەردی ڕیخۆڵانە.کوژتار.کوشتن.

[٣١٠] ئێوە ، ئەنگۆ . فێنك . (فە . کەل) پرچی هۆنراوە . (هەورا) خوێن .

## ٤- ژەك[٣١١]

خرنـدوول (زا . ل٣٦٨) ، زاك[٣١٢] (ل٥١٨) ، زەهـا[٣١٣] (بـاك . ل٥٢٨) ، زێـچ[٣١٤] (ل٥٤١) ، ژەك[٣١٥] (ل٥٤٧) ، فرچك[٣١٦] ، فرسك (هەوێن بۆ پەنیری . فرچك ) (باك . ل٦٦٩) ، فرش[٣١٧] ، فرشك (باك . كە) ، فریشك[٣١٨] (ل٦٧١) ، فرۆ (ل٦٧١) ، فروو (ل٦٧١) ، گۆچ (ل٨١٧) ، قاغەنەك (لو ،ل٦٨٥) .

## ٥- سەراڤ

سەراڤ (سەراو ، كەنار ئاو ) ، سەراو[٣١٩] (ل٥٦٢) .

## ٦- شیر

شۆت (هەورا ،ل٦٣٦) ، شیر[٣٢٠] (ل٦٥٥) .

## ٧- فرمێسك[٣٢١]

ئەستێر[٣٢٢] (باد . دەر . ل٣١) ، ئەسر (زەن . فە . ل٣١) ، ئەسرین ( موك ) ، ئەشك[٣٢٣] (ل٣٢) ، ڕندك (ل٤٩٩) ، ڕۆنتك ( باك . باد ) ، ڕۆنـدك ( باك ) ، ڕۆنـك ( هـەورا ) (ل٥٠٢ ) ، ڕونـدك (باك . ل٥٠٣) ، هـەرەس[٣٢٤] (هـەورا . ل٩٠٩) ، هۆرمیس (باك . باد) ، هۆرمیسك (دەر) (ل٩٣٠) ، هێستر[٣٢٥] ( باك . باد . ل٩٣٤ ) .

---

٣١١ لە(ﻫ . ب ) وشەكانی : خرندۆڵ (ل٢٤٢ )، زاگ:١-لەدایك بووگ . ٢- مناڵبوون .٣- ژەك،هـەوەڵ دۆشـراو لـە زاو . ٤-شـەب ، زاخ . (ل٣٧٣ ) ، ژاك (ل٣٩٧ ) ، فرێش :١-ئەسرین، فرمێسك، ڕۆندك . ٢ - ژەك (ل٥٢٠ ) ، فرێشك :١- ئەسرین، فرێش . ٢-فـرۆ، فرشـك ، ژەك . ٣- شیلاوك . (ل٥٢٠ )، قاغنات (ل٢٤٢ )، گوچ:١- ژەك، فرچك ، یەكەم شیر .٢-پەنەمان لە زەبر . (ل٧٠٣ ) .

٣١٢ باڵندەییێكە . گرێ ( پێوانەیەكە بۆ پێوان ) . ( وان ) ژەك ( ژەكی مێینەی تازە زاو ) .

٣١٣ فیلەتەن ، لەندەهۆر . ( ئەردە ) زێی گیانداری مێینەیە . ( ئەردە ) ژەك .

٣١٤ ژەك .( ئەردە ) زیت، زەق .

٣١٥ ( وان ) ژاك، ( هەو ) شیری تەر،كەرە،( باد ) فرش ،سەرەتای شیری گیانلەبەرانی مێینە دوای زانیبیان تا سێ ڕۆژان.

٣١٦ خوو بە چتێكەوەگرتن لەسەردەمی شیر خواردنێوە.هەوەڵخواردنی منداڵ و بێچووی ساوایە لە لە مەمك وگـوانی دایكیـان،بۆ منـداڵ وفەرخەی ئاژەڵ و وڵاخان مەبەست لە شیرخواردنێیە.

٣١٧ ( باد ) هەوێنی پەنیری،شیلاووك،شیلك، ژیلك.

٣١٨ فرچكی منداڵی ساوا. پایەدار، خۆراگر. ( كە ) ژەكێكە لە زگی كار وبەرخ دەرهێنرابێ بۆ هەوێنی ماست و پەنیری خۆشكرابێ.

٣١٩ سەرئاڤ ، دەستنمێژ ، ئاودەست . سەرەتاو یەكەمین ئاوێكە بەجۆگەدا بروات . توورەكەییێكی پڕ لە ئاوە منداڵیشـی تێدایـە لـەناو زگی ئافرەتان و هەموو گیانلەبەرێكدایە كەلەدڕا ئاوەكەی لێهاتە دەرێ نیشانەی بوونی منداڵەكەیەتی : دەڵێن ...ی تـۆقی . هـەڵمی ئاو ، سەراب ، شەبەقی ئاو .

٣٢٠ چتێكی سپی و شلە ، لە مەمك وگوانی مێینەی تازە زاو دێتە دەرێ . شمشێر ،تیغێكی درێژ و پانە لەناو كالان دەنرێ . ( لو ) شێر .

٣٢١ لە(ﻫ . ب ) وشەكانی: ڕۆنكی (ل٣٥٤ )، سرشك (ل٤١٢ )، فرێش، فرێشك (ل٥٢٠ ) ، هەرس: ورچ و واتـاكانی تری هەسـر )، هەرسـی (ل٩٦٨ )، هەستار (ل٩٧٥ )، هەسر:١- ئەسرین ، ڕۆندك، ئەشك، فرمێسك. ٢ - حەسرەت،تاسە . ٣- نزگـەرە . ٤- ئـاخ هەڵكێشـان . (ل٩٧٦ )، هێرش :١-زۆر بۆ هێنـان . ٢- پەلامار . ٣-ئەسر، ئەسرین، ڕۆندك، فرمێسك . (ل١٠١٥ )، هێسیر:١- ڕۆندك، هێستر، ئەسر، ئەشك، ئەسرین، فرمێسك . ٢ - یەخسیر،دیل . (ل١٠١٧ ) . بەو واتـایە هاتوون .

٣٢٢ ئەستێر، پووركە، رفكە( حەوز ) ، ( شار ) ئەستێل . ئەستێرك ، هەساری ، گۆڵی ئاوی بەنداو ستێل . نێوی ئافرەتـانـە . ( دەر . دزە . باد ) فرمێسك .

٣٢٣ ( خۆ ) پەلە بەردێكە بخرێتە نێوان دوو بەردی لەق تا قایمیان بكات لەناو دیوار وهیتردا، ( هەو،شن ) چەرمی ژێر زگـی وڵاخانـە، ( دەر ) لوولاكی وڵاخی بەرز و گوێدرێژانە، ( فە ) فرمێسك .

### ٨- **لیکاو**[٣٢٦]

**ئاڤ دم** (ل١١) ، **ئاودەم** (ل٢١) ، **ئاوی زار** (ل٢٤) ، **بۆراك** (باك . ل١٢٠) ،**تف** (ل٢٤٥) ، **تفلیك** (ئەردە . ل٢٤٦) ، **خوریس** (دەر) ، **خوزی** (ل٣٨١) ، **خووز**[٣٢٧]، **خووزی** (باد) (ل٣٨٧) ، **خیز**[٣٢٨] (ل٣٩١) ، **ڕینگاو**[٣٢٩] (هەو . هەورا . ل٥١٥) ، **کەفشێل** (باك . ل٧٤٨) ، **گریز** (ل٨١٤) ، **گلیز** (باك . ل٨١٧) ،**لرگاو** (ڕۆژ . ل٨٣٧) ، **لێر** (فە . ل٨٤١) ، **لیکاو** ، **لیك**[٣٣٠] (ل٨٤٤) .

### ٩- **میز**

**ڤۆك** (باك . ل٦٨٢) ، **گمێز** (هەورا . جا . ل٨١٧) ، **میز** (ل٨٦٧) .

### ( ١/٢-١-٤) **پێکهاتەی دەنگی**

دەتوانرێت پێناسە بکرێن بەو دەنگانەی کە بە مەبەست یان بیٚ مەبەست ، لەکاتی بیٚ ئاگایی یان هۆشداری لەمرۆڤەوە دەبیسترێن ، کە زۆرجار دەرچەیەك هەیە بۆ هاتنە دەرەوەیان ، هەندیٚ جاریش لەناوەوە دەنگیان دیٚت ، یان دەنگەکانیان خواسترە . ئەو دەنگانە بەوە جیادەکرێنەوە نابنە فۆنیم ، چونکە توانای گۆڕینی واتایان نییە . ئەمەش وایکردووە فۆنیم لە دەنگ بە گرنگتر دابنرێت ، چونکە فۆنیم جیاوازی دەخاتە نێوان واتای وشەوە ، بۆیە هەموو فۆنیمێك بەدەنگ دادەنرێت ، بەڵام هەموو دەنگێك فۆنیم نییە . ئەو دەنگانە جگە لە ئەندامانی ئاخاوتن بە پێکهاتەکانی تری لەشیش دروست دەبن ، چونکە سەرچاوەی پەیدابوونی دەنگ لای مرۆڤ تەنیا ئەندامەکانی ئاخاوتن نییە ، بەڵکو هەندیٚ ئەندام هەن بە پێی یاسای فۆنەتیك لە ریزی ئەندامەکانی ئاخاوتن دانانرێن ، یاخود لە ریزی چالاکەکان ناژمێردرێن وەك ئەو ئەندامانەی لە پەیدابوونی ( پرخە، نزگەرە ، قرتێنە، قوڕەی سك ....) دوە ڕۆڵ دەبینن ، لە بارەی بە فۆنەتیك دانانیان ، ئەورەحمان[٣٣١] دوو بۆچوون دەخاتە روو:–

---

[٣٢٤] ڕنوو کە پکەبەفر، ( هەورا ) فرمێسك ، ( رەوا ) ڕەنی ، ( کۆ . کە . ڕۆژ) قەڵەشان ، درزبردن ، ( موك . بابا ) پارچە زەوی یا کەندێکە بە زنا یا بە بروسك ڕووخابیٚ و تێکچووبیٚ . ئاشۆت، ئاشێت ( باك ) ، پارچە بەفرێکی زلە ڕووخابیٚ یا لە رووخانێدابیٚ . کۆمەڵە ولاٚخ یا مالاٚتێکە بەغار لە هەورازێکییەوە بێتە خوواریٚ ، ( کە ) دیوارێکی هەرەسی بردبیٚ وشەق بووبیٚ .

[٣٢٥] ئێستر . ( باك ) فرمێسك .

[٣٢٦] لە ( ه . ب ) وشەکانی : **بلّغ** :١ – باری سەر زمان و لێو . ٢- تلّفی ئاوی کولاٚو ( ناوی سەماوەر بلّخ دەگریٚ ) . ، **بلّغ** ( ل٥٧ )، **کلیزی** ( ل٦٢١ ) ، **کەف**:١-شتێکی سپی و لیچقە لە سابوون یا لە ئەسپۆن کە لە ئاو دەخرێت پەیدا دەبێت . ٢- سپیایی بلّقدار کە لە کولاٚنی چەوراو دێتە سەر . ٣-سپییەکە تەوژمی شەقۆلی چەم دەیپرژێنێت . ٤- تفێکی سپییە پیاوی زۆر توڕە یان شێت وفێداردێتە سەر لێویان . ٥- پەراوێز،کەنارە. ٦-لە پی دەست . ( ل٦٦٠ ) ، **کەفدەڤ** :١-ئاولە کە پۆ هاتن . ٢- لیکاوی دەم . ( ل٦٦٠ )، **گرێزە** ( ل٦٩٤ )، **گلوێز**( ل٦٩٩ )، **گلێژ**( ل٧٠٠ )، **گەلوێز** ( ل٧٣٤ )، **گەوەڵ** ( ل٧٣٨ )، **لێراو** ( ل٧٨١ ) ، **لیق** :١- لاق لۆق،لینگ . ٢ – ئاوی دەم. ،**لیقاو**( ل٧٨٢ ) . بەو واتایە هاتوون .

[٣٢٧] تف ، ئاوی زار . هێز ، تین ، نەخۆشەکە بیٚ خووزە . ( کە ) ریشەو ڕەگی گیایان . ( شەق . کۆ ) سیخوار ، خووس، زوقم . ( باك ) کووڕ، چەماوە .

[٣٢٨] چەو، قوم، کیلتە، زیخ، ( باك ) سیلە، جەرجوو، ( باك )خێز. ( هەو ) تف . ( باك ) خلیسك .

[٣٢٩] لیك ، رەواقی هەنگوین.

[٣٣٠] ئاوی زار ، ( باك ) چلّم ، ئاوی کە پۆ .

[٣٣١] ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦:٦- ٥ ) .

نەخێر ، چونکە وەك دیاردەیەکی سروشتی خاوەنی مانایەکی چۆنەکی نیین ، – بەڵێ ، چونکە دەتوانرێ ئەو دەنگانە وەك نیشانە بەکاربهێنرێن ، وەك (کۆکین) ، وەك نیشانەیەك کە بڵێ بێ دەنگ بە یاخود دەست پێ بکە ، یان قۆرەی زگ نیشانەی برسێتی ، نزگەرە نیشانەی تێری ، ....) ، لە ئەگەری بوون یان نەبووندا ، ئەگەری سێیەم لەم توێژینەوەیە جێی بایەخە کە ئەم دەنگانە وەکو پێکهاتەی دەنگی لەشی مرۆڤ ژمارەیەك لە دەنگن ، و ناوی ئەم دەنگانە چ بە سادەیی یان ناسادەیی لە ڕۆنانی وشەی تردا بەشدارن و هۆیەکن بۆ بەرهەمهێنان لە فەرهەنگدا . ئەم دەنگانە جیادەکەینەوە بۆ :–

## ١- ئەودەنگانەی لە دەم و لووتەوە دەردەچن

ئەم دەنگانەش جیا دەبنەوە بۆ ئەوانەی ،بە تەنیا لە دەم ، یان لەلووت دێنە دەرێ ، یان لە هەردووکیان . کە ئەمانەش بەشێکیان خۆنەویستن ، و بەشەکەی تر خۆ ویستن . لە کاتی خۆشی و ناخۆشی بەمەبەست ، و بێ مەبەستن دەبیسترێن ، و دەگەرێنەوە بۆ سروشتی مرۆڤ یان هەندێکیان پەیوەندییان بە تەمەنەوە هەبێت هەندێکی تر بە نەخۆشی ، یان زۆرخواردن یان برسیەتی ، ترسان ، و گەلێك هۆکاری تر ، وا لە خوارەوە هەندێکیان تۆمار دەکەین :–

(باوێشك ، تریقە ( دەنگی کەنینی بێ وەستان ) ، پرخە (دەنگی خەو لێکەوتوو ) ، چرپە (دەنگی لە ناوگوێ کردن) ، چەقە(دەنگی بێ ماناو بێ سوود) ، زاقە ، زوقە (دەنگی قیژی مناڵ) ، زروك ، زرووق، زریك ، زیکە (دەنگی قیژاندن ) ، شیت ، فیتە، فیقە (دەنگی فیتە بەلێو) ، زیرە ( دەنگی گریانی لە ناکاو ) ، فرمە ( دەنگی بن لێو نازانی چییە) ، فنکە ( دەنگی گریان و نووزە) ، فینگە ( دەنگی گریان بۆ شتێك ) ، فزە (دەنگی باریك ) ، ڤزە ( دەنگی پرخەی خەو لێکەوتوو) ، قرخە ( دەنگی خرەخری گەروو لە کاتی نەخۆشی ) ، قف ( دەنگی گەروو) ، قلخە ( دەنگی خرەخری گەروو لە پیریدا) ، کەپە (دەنگی ئاخاوتنی بێ ددان) ، گرخ (دەنگی گەروو) ، گغ (دەنگی ساوا) ، مخە (دەنگی لووت ) ، مرخ (دەنگی پرخەی پرخەدار ) ، مشە (دەنگی لووت) ، ناڵە ( دەنگی نەخۆش لەبەر ئازار) ، نرکە (دەنگی سینگ لەبەر ماندوویی ) ، نسکە (دەنگی نزم پاش گریانێکی زۆر)، نکە (دەنگی تەنگە نەفەسی) ، ورکە (دەنگی گریانی کەم ) ، هۆق ( دەنگی رشانەوە ) ، هەسکە (دەنگی قورگ پاش گریان) ، هێ هێ ( دەنگی پێکەنینی نزم ) ، یەق ( دەنگی قرپ رشانەوە)[٣٣٢] ....... هتد .

## ٢- دەنگی پێکهاتەکانی ناوەوەی لەش

کە ئەمانەش هەندێکیان دەنگەکانیان دەبیسترێت ، وەك : ( قۆرە[٣٣٣] ی سك (کە لە برسێتییەوە دێت) ، ترپەی دڵ ، رقە و سیرەی ددان ، کرتە ، یان تەقەی چەماندنەوەی جومگەکان) ، هەندێکی تریان دەنگیان نابیسترێت ، بەڵکوخواستراون ، وەك : (کزە ، و قرچەی جەرگ و دڵ ، .......) .

---

[٣٣٢] بۆ ئەمانەو گەلێکی تر بڕوانە ( ناوی دەنگەکانی زمانی کوردی ، فەرهەنگۆکی دەنگ ، شاکر عودیش خۆشناو ٢٠١٠ ) .

[٣٣٣] قۆرەی زگە . دەنگی زگە ، جۆرە دەنگێکە وەك دەنگی قۆرە قۆر . دەردێکی کوشندەی ولاخانە . بۆرەی گاو مانگا ، قۆرەی سەگییە ، لوورە ، دەنگی رێوی و ئیتر . میاو میاوی پشیلە .

### ٣- ئەو دەنگانەی لەدواوە دەردەچن[٣٣٤]

### ٤ - ئەو دەنگانەی بە پێکهاتەکانی دەرەوە دروست دەبن

وەك (چەقەنە) بە پەنجە ، (چەپڵە) بە هەردوو دەست ، (تەپە) بەپێ ، یانیش دەنگ دەرکردن بە دەست و بن هەنگڵ ،( زللە) ، (شەق )، بە دەست و بن گوێ ، و (ماچ )، بە دەم و لێو ، (فیکە) بە دەم هەندێ جار ئەندامی تریش بەشدار دەبن .

### (١/٢-٢) **پێکهاتەی نابەرجەستە** ( Abstract )

لایەنی نابەرجەستەی مرۆڤ جیهانێکی شاراوە و پڕ نهێنییە و دەرگایەکی فراوان بە رووی توێژینەوەکەدا دەکاتەوە ، وشەکانی ( ئەندێش ، بەخت ، بروا ، بیر ، پەروا ، ترس ، تین ،خەم ، خوو ، رك ، رق ، سۆز ، شەرم ، گیان ، هەست ، هۆش ، هێز ، ....) . گەلێکی تری ناسادە ( ئازایی ، بەرێزی ، برایەتی ، خۆشەویستی ، .....) . لەو جۆرە وشانەن ، کە تەنیا دوو لایەنی زۆر دیاری ئەو پێکهاتە نابەرجەستانەی لەشی مرۆڤ بەهەند وەردەگیرێن لەم توێژینەوە ئەوانیش ( گیان ، هۆش) ن ، و دەچنە خانەی ناوی واتایی بنجی.

١- **گیان**

جان[٣٣٥] (ل٢٧٤) ، رەوان[٣٣٦] (فە ، ل٤٩٢) ، گیان (ل٨٢٦) .

٢- **هۆش**

ئاریش (باك) (هۆش ، ورە ، هێزی ورە ) (ل٥) ، بیر[٣٣٧] بیراهی (باك) (یاد ، بیر) (ل١٢٩) ، زەین ، زەیین (هێزی بیر و تێگەیشتن) (ل٥٢٨) ، زی[٣٣٨] (رەوا، ل٥٤٢) ،منە[٣٣٩] (ل٨٦١) ، ویر[٣٤٠] (هەورا) (ل٩٠١) ، هزر (باد) (بیر ، یاد) ، هش (باك ، ل٩٢٧) ، هۆش[٣٤١] (ل٩٣٠) ، هویر (رۆژ) (بیر ، یاد) (ل٩٣٣) ،یاد[٣٤٢] (ل٩٣٧) .

---

[٣٣٤] بۆ ئەو دەنگانە بڕوانە (ل٢٣٩ ، ل ٢٤٥ ، ل ٦٧٢ ) ی فەرهەنگی کوردستان .

[٣٣٥] (باك ، بار) جوان ، لاو ، جحێل . (فە ) گیان .

[٣٣٦] گیان ، پەریمێرگ (شەیتان ) . کەسێکە زگی بچێ و گرفتی نەبێ . مرۆ یان گیانلەبەرێکە لە رۆیشتندا زیرەك و گرفتی نەبێ . بێ گیروگرفت ، شل . زانین، تێگەیشتن . جەلال ، کێژین ، رۆیشتنی ئاو . گیان ....دار: گیانلەبەر . بێ ....: مردوو.

[٣٣٧] چالاو ، دەڤی ، قۆلیت . یاد ، رەت ، ویر ، هزر ، هویر ، بیراهی ، جێل ، هووار( نییەبەو واتایە ) ، هووشی ،( ئاقل ) . ..... هتد .

[٣٣٨] خەتی ناوەراستی سەریە لەکاتی لەکاتی دابەشکردنی پرچ یان کاکۆلاندا . راستە ، راستۆك . (زرا ، کۆ ، هەو ، خۆ، باك ) ئێخە ، بەرۆك . (زرا ، کۆ، هەو ، خۆ) چالووك . زریشك . (بڵ ) قەڵەم ، قەرەم . جۆرە کشتەکێکە کەوش دروو کەوشی پێدەدورێ . هەست ، سووسە ، هۆش ، منە . ئەندامی شەرمی ئاژەڵ و وڵاخ و هەموو جۆرە ماڵاتێکە .

[٣٣٩] منگە . (موك ) پووڵ (زاراوەی منداڵانە ) . مترو مووروو . ، تەتە . (کە ) هەست ، هۆش . (جا ) بەسەرکردنەوە ، (زەن ) پێکەوتن ، گەران ، بەدی کردن . (هەورا ) تاقی کردنەوە ، جیاوازی پێکردن ، گەران و پشکنین ، چاودێری کردن . داوێن .

[٣٤٠] بیر . (زەن ، لو ) بیر ، یاد ، هۆش .

[٣٤١] جۆش ، زیرەکی ، هۆر . وە ... هاتنەوە : وەخۆهاتنەوە . بێ ...بوون : لەخۆچوون . (باك ) ئاریش . منە . زی ، هش ، بیر ، ژیری . (باك ) بۆر . بزنێکە تووکی رەش و خاڵخاڵ بێ . بۆراوەستاندنی کەر بەکاردێت .

[٣٤٢] (فە ) هوور (ورد ). (باك ) بیراهی . (باد ) هزر . (هەورا ) ویر . تاسە ، چێل ، بیر ، بەر ، هویر .

# بەشی دووەم

# پێکهاتەکانی لەش و ئاستەکانی زمان

( ١/٢ ) **ئاستی دەنگسازی**

( ١-١/٢ ) **فۆنیمە ناکەرتییەکان** suprasegmentals

هێزلەپاڵ ئاوازە[٣٤٣] (intonation) ، (لەرە –pitch ) و (ترپە – rhythm) و (نێوان – juncture) ، کە دەبێتە (وەستان – stop) ، (هەڵوەستە – pause ) ، بە کەرەستەیەکی سەرەکی مۆرفیمە ناکەرتییەکان دادەنرێن . گوێزانەوەی هێز لەبرگەکانی هەندێ وشە دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا و لە رستەش کاتێ هێز دەخرێتە سەر وشەیەك. بۆ بە گرنگ پیشاندان و سەرنج چوونە سەر و زەق کردنەوەی وشەکەیە . (نور الهدى لوشن ٢٠٠٦: ١٣٤) .

( ١-١-١/٢ ) **هێز ( stress )**

کاریگەری هێز لەسەر گۆڕینی واتا لەسەر هەندێ لە وشە فرە برگەکانی پێکهاتەکانی لەش و ئەوانەی لە ڕۆنانیان بەشدارە دەبینرێت، چونکە کاتێك هێز ( کە ئەکەوێتە سەر برگەیەك لە برگەکانی وشە واتە ئەو وشەیەی کەبریتییە لە دوو یان زیاتر لە دوو برگە . برگەیەکیان هێزی دەکەوێتەسەر و بەگۆڕینی ئەو هێزە لەو برگەیە بۆ برگەیەکی تر دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای ئەو وشەیە یان دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو وشەیە لە رووی رێزمانەوە .) ( غازی فاتح ١٩٨٤: ٨٤) ، یان (ئاماژەیە بۆ ئاستی زیاتری بەکارهێنانی هێز لەسەر یەکێك لەبرگەکانی وشە لەکاتی درکاندن ، کە ئاسایی ئەو برگەی هێزدارە دەرکەوتووترە ، و بەشێوەی [ ´ ] دەستنیشان دەکرێ . (crystal ٢٠٠٣: ٤٣٥) ( توندتر درکاندنی برگەیەك ، لە فۆنەتیکدا بە هێز ناسراوە ، بەو جۆرە برگانەش دەوترێ برگەی هێزدار ، هێز لەیەك وشەدا شوێنی لە برگەیەکەوە بۆ برگەیەکی دیکە دەگوێزرێتەوە ، بێ ئەوەی کار بکاتە سەر مانای وشەکە ، بەڵام هەندێ جاریش لە گواستنەوەی هێزدا مانای جیاواز پەیدا دەبێ .) ( ئەو رەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٧٠) . هێزیش بە زۆری دەکەوێتە سەر دوابرگەو دەچێتە سەر بزوێن . کە هێز لە زمانی کوردی بە فۆنیم دانراوە ، و دەبێتە هۆی ڕەواندنەوەی لێڵی . واتە وشە یەك برگەییەکانی ناوی پێکهاتەکانی لەش هێز لەسەر ڤاوڵە و واتایان ناگۆڕێت ، بەڵام لە هەندێك لەو وشانەی لە برگەیەك زیاترن جا چ ناوی پێکهاتەی لەش وەك خۆی ، یان لە ڕۆنانی تردا بەگواستنەوەی هێزی برگەکانیان دەبنە هۆی گۆڕینی واتا و واتایان لە ناو پێکهاتەکانی لەشەوە یان لەو واتایانەی پێشتر هەیانبووە ، بۆ واتایەکی دوور لەوە دەگوازرێتەوە وەك :

بەپەلە :١- بە خێرایی .٢- بە دەست و پێیە .

بە دەستە : ١- دەستی هەیە ، یان دەسەڵاتدارە . ٢- بە دەستە (بەدەرزەن ) .

فاتەرەشە : ١- سپڵ . ٢- ناوی مێینەیەکە .

جەرگە :١- پشارەشە .٢- منداڵە ، ڕۆڵەیە .٣- لەناخی شتەکە .

پاژنە:١- قوونپانی .٢- ئەو قاچە قاچی ژنە .

بێ پایە : ١- بێ قاچە ٢- بێ پلەو پایەیە. ....... هتد .

---

[٣٤٣] هەرچەندە ئاوازە دەچێتە سنووری رستەسازییەوە ( قسەکەری هەر زمانێ دەتوانێ بە گۆڕینی ئاوازی رستەکەی چەمکی سەرسورمان و گاڵتە پێکردن و رەزایی و نارەزایی و ...هتد دەربڕێ و دەریخا مەبەستی کامە بەشی رستەکەیە .) ( عەبدولوەهاب خالید موسا ٢٠٠٩: ٧٧ ) لەگەڵ ئەوەی ئەم توێژینەوەیە لە سنوری یەکەی فەرهەنگییە ، بەڵام لە (فاتەرەشە ) و ئەو وشانەی لە نموونەی ئەون بەگۆڕینی ئاوازەکەی وەك رستەیەك دەردەکەوێت ئەمەش بابەتێکی مۆرفۆسینتاکسییە .

فاتەرەشە . ( هەواڵدان ) ( هەواڵدان لەوەی کە ئەو مێینەیەی ناوی فاتەیە پێستی رەشە . )

فاتەرەشە ؟ ( پرسیارکردن ) ( پرسیارکردن لە بارەی ئایا ئەو مێینەیەی کە ناوی فاتەیە پێستی رەشە؟ )

فاتەرەشە ! ( سەرسوورمان ) ( سەرسورمان لە راددەی رەشی پێستی ئەو مێینەیەیی کە ناوی فاتەیە ! ) ...... هتد .

## ( ٢-١/٢ ) پێکهاتەکانی لەش و یاسا فۆنۆلۆجییەکان[٣٤٤]

دەنگەکانی هەر زمانێك کە دەخرێنە پاڵ یەکتر کارلێکدەکەن و هەندێك دیاردەی گۆرانی دەنگی دێننە ئاراوە بە مەبەستی ئاسانکاری کردن لە پرۆسەی درکاندن کە ئەمە ئاشکرا لە کاتی تۆمارکردنی خودی ناوی پێکهاتەکانی لەش و دواتریش لەو وشانەی لە ڕۆنیان بەشدارە لە فەرهەنگەکان بەو گۆڕانانەوە بە بەرفراوانی بەرچاو دەکەون . کە ئامانج لە دیاردەکانی لێکچوواندن و جیاوازی ، دەگەرێتەوە بۆ ئابووری کردن و کەمتر ماندووکردنی ماسوولکەکان لە کاتی ئاخاوتندا ، ئەم ئابووری کردنەش بیٚ ئاگایانە روو دەدات ، بیٚ ئەوەی هەستی پیٚ بکات یان مەبەستێکی تێدا هەبێت . ( ابراهیم انیس١٩٧٩:١٧٤) ، بۆیە ئێمە لە روانگەی سوککردنی ئەرك یان تیۆری وزە بە فیرۆ نەدانەوە دەڕوانینە یاسا دەنگییەکان . سەرەرای جیاوازی لە ناونانی دیاردەکان و ژمارەیان لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان ، ئەم دیاردانەش خراونەتە قاڵبی چەند یاسایەکەوە کە ئەمانەن :–

[٣٤٤] جگە لەم یاسا فۆنۆلۆجییانە یاساکانی جیاوازی و پەیدابوونی دەنگیش دەبینرێن کە **جیاوازی – dissimilation differentiation (التباین)** ، پێچەوانەی لێکچواندنە ، چونکە گۆرانی دەنگ لە زنجیرەی ئاخاوتندا لە ژێر کاریگەری دەنگی هاوسیٚ ، دە بێتە هۆی زیادبوونی راددەی جیاوازی نێوانیان ، کە ئەم دیاردەیە کەمتر لە لێکچواندن روودەدات ، ئەگەرچی پێویستیشە بۆ راگرتنی هاوسەنگی ، و کەمکردنەوەی کاریگەری لێکچواندن ، چونکە لێکچواندن بە لایەنێکی نەرێنی دادەنرێت لە ژیانی زمانەکان چونکە راددەی جیاوازی فۆنیمەکان کەم دەکاتەوە ، زمانەوانەکان لەو باوەرەدان لێکچواندن دەبێتە هۆی نەمانی جیاوازی نێوان فۆنیمەکان ، ئەو جیاوازییەی کە ناتوانین دەست بەرداری بین بۆ تێگەیشتن ، بۆیە جیاوازی دەبێتە هۆی گەراندنەوەی ئەو جیاوازیانەی کە ناکریٚ پشت گویٚ بخرێن ، و دەرخستنی فۆنیمەکان بە شێوەیەکی سەربەستتر . (أحمد مختار عمر١٩٩٧:٣٨٤ ) . (لە زمانەوانیدا ئەم یاسایە بە یاسای جیابوونەوەی دەنگ دیاریکراوە ، هەندێجار دوو دەنگی وەك یەك کە دەچنە سەر یەك یەکێکیان دەگۆریٚ بە دەنگێکی تر بۆ ئاسانی . ) ( محمد معروف فتاح ٢٠١١:١٢٢ ) ، وەك ( پاش + شیو = پارشیو ، پاش + سەنگ = پارسەنگ ) .

**<u>یاسای پەیدابوونی دەنگ addition rules یان in sertion-epenthetic</u>**

مەبەست لەم یاسایە ، پەیدابوونی دەنگێك یان تایبە تمەندیەکی دەنگی یە ، بەبیٚ ئەوەی تایبە تمەندی دەنگی پەیدابوو هیچ پەیوەندیەکی بە لێکچواندنی نێوان دەنگە هاوسێکاندا هەبیٚ . وەك لە bint زیادبوونی ڤاوڵ لە نێوان دوو کۆنسنانت کە دەبێتە binit . ( شحده فارع ، و آخرون ٢٠٠٣:١٠٢ ) بە (Epenthetic ) ش دەناسرێت دەنگێگە کە بەزۆری لە ناوەراستی وشە پەیدا دەبیٚ بۆئاسان درکاندنی وشەکە . ( محمد علی الخولی١٩٨٢:٨٦ ) لە کوردی هەندیٚ ناوچە وشەکانی (شکیا ، پسیا ، لەبری شکا ، پسا بەکاردێنن ) کە زۆرجار هۆیەکی فۆنەتیکی دەدۆزینەوە بۆ لێکدانەوەی ، بەڵام جاری واش هەیە کە هۆیەکی فۆنەتیکی وامان نییە کە دیاردەکە لێك بداتەوە ، ئەمەش پەیدابوونی ڤاوڵ و کۆنسنانت دەگرێتەوە ، کە پەیدابوونی ڤاول زۆر بەرتەسکە ،هەرچی پەیدابوونی کۆنسنانتە ، زۆر جار بەهۆی هاتنی دوو ڤاوڵ بە دواى یەکدا ، بۆ جیاکردنەوەیان دەنگێك پەیدا دەبێت کە (و– w ، ی – y ) کۆنسنانتە ، ئەمەش لە کاتی کۆکردنەوە و ناسراوی و نەناسراویدا ، ئەگەر ناوەکە کۆتایی بە ڤاوڵ هاتبوو ، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە کە نیشانەکان بە ڤاوڵ دەست پێدەکەن ، یان خستنە سەری (ە ) ی کاری ناتەواو یان پاشگری (ەوە ) بۆسەر وشەیێك کە بە ڤاوڵ کۆتایی هاتبیٚ ، یان لەکاری بکەر نادیاردا ئاخێوەری هەندیٚ ناوچە (د ) دەخەنە نێوان ڕەگی کارەکە و پاشگری (ر ) یان لە ژمارەکان .......هتد ، بروانە ئەو نموونانە کە پێکهاتەکانی لەش ئەوانەی کۆتاییان بەڤاوڵ هاتووە ، دەبنە هۆکاری هاتنە ئاراى دەنگی نوێی کۆنسنانت . وەك

پا + ( ەکە + ان + ێك ) = پایەکە ، پایان ، پاییێك .

برۆ + ( ەکە ، ان ، ێك ) = برۆیەکە ، برۆیان ، برۆییێك .

سی + ( ەکە ، ان ، ێك ) = سییەکە ، سییەکان ، سییێك .

روو + ( ەکە ، ان ، ێك ) = ڕووان / rûweke/، رووان /rûwan /، رووێك /rûwêk / . ...... هتد . بۆ زانیاری زیاتر بروانە (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ٢٠٠٠ : ٨٣– ٨٨ )

## (١/٢-٢-١) **پاسای لێکچواندن**[٣٤٥]**(تواندنەوە - گونجان - وێکچواندن ) Assimilation rules**

لە بواری دەنگسازیدا زاراوەی (Assimilation) ئاماژەیە بۆ ئەو کاریگەری یان کاتێکردنەی دەنگێك لەسەر درکاندنی دەنگێکی تری دراوسێی دروستی دەکات ، بۆ ئەوەی وەك ئەوی لێبێت . لەم پاسایە دەنگ ، تایبەتمەندی دەنگێك یان زیاتر لە دەنگەکانی دەوروبەری وەردەگرێت ، تا ئەو ڕادەیەیی کە لێکچواندن دەگاتە ڕادەی وەکیەکی و هاوشێوەی دەنگی هاوسێ ، ئەو کاتەش ناودەنرێت (گۆڕین – substitution) ، ئەم پاسای لێکچواندنەش لە بڵاوترینی پاسا فۆنۆلۆجییەکانە (شحده فارع ، و اخرون ٢٠٠٣:١٠٠ ) ، کە ئەمە زیاتر لە رووی ژێداری و بێ ژێیی لە دەنگە کۆنسنانتەکان روودەدات ، شایانی گوتنە هەریەك لەپاسا دەنگییەکانی بەرلێودان ، نەرمبوون (بەرمەلاشوودان ) ، بەرلووتدان ، بەرنەرماییدان ، دەتوانرێت بخرێتە ژێر باڵی ئەم جۆرە گۆرانە ، چونکە لە هەموویاندا دەنگێك ، یان هەندێ لە تایبەتی خۆی دەگۆڕێ ، یان تەواو دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە ژێر کاری دەنگێکی دراوسێدا ، جگە لەمانەش پاساکانی بوون بە دوولانەو ، تەبایی دەبینرێن[٣٤٦] زمانەوانەکانیش ئەم گۆرانە بە دوو باری جیاواز دادەنێن .

یەکەم : – کاریگەری دەنگی پێشەوە لە دەنگی دواوە ( progressive) .

دووەم : – کاریگەری دەنگی دواوە لەسەر پێشەوە (Regressive) .

### (١/٢-٢-١-١) **لێکچواندنی تەواو (هەمەکی) complete assimilation**

لەم جۆرەی لێکچواندندا دەنگێك دەگۆڕێت تاوەکو بە تەواوی لە دەنگێکی تر بچێت ، لەم بارەدا یەکێك لە دەنگە دراوسێکان ، بەتەواوی وەك دەنگەکەی تری لێدێت ، ئەم دیاردەیە بە زۆری لە شێوەی سلێمانیدا دەبیسترێ و لە هەندێ دەنگ ڕوودەدات . جا ئەو دوو دەنگەی کە بە دوای یەك دا دێن لە سنووری یەك وشەدابن یان دوو وشە ، ئەمەش بەمەبەستی سەرفکردنی کەمترین کۆششە ، تا ئەو رادەیەیی نەتوانین دەست بەرداری هەندێکیان بین . (أحمد مختار عمر١٩٩٧:٣٨٧)

<u>یەکەم</u> :– أ– لە وشەیێکی ناسادەدا گەر مۆرفیمی یەکەم کۆتایی بە دەنگی/ ز ، م ، ڤ ، ن ، ڵ ، و ، ر ، ..../ هاتبێ ، و یەکەم مۆرفێمی دووەمی/ د / بێ ، ئەوە ئەو (د) ە ، وەك ئەو دەنگانەی مۆرفێمی یەکەمی لێدێ (دولبەر ئیبراهیم فەرەج٢٠٠٠:٥٥ ) : وەك

سەر+ دان =سەردان –/ سەرران /

مل + دان = مل دان –/ مللان/

دڵ +دان = دڵدان –/ دڵڵان /

گیان + دان = گیاندان–/گیانان /

ڕوو+دان = ڕوودان –/ ڕووان/

چاو + دان =چاودان –/ چاوان /

---

[٣٤٥] لە سەرچاوە کوردیەکاندا زاراوەکانی (گونجان – طالب حسین علی ١٩٨٩) ، (وێکچواندن – ئەورەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠-ب )، و (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ٢٠٠٠) ، ( تواندنەوە – محمد معروف فتاح ٢٠١١ ) بەکارهاتوون .

[٣٤٦] بۆ زانیاری زیاتر بروانە ( محمد معروف فتاح٢٠١١ : ١٢٠-١٢٤) .

کەواتە ناوی پێکهاتەکانی لەش ئەوانەی کۆتاییان بەو دەنگانەی سەرەوە هاتووە دەکەونە ناو ئەو چوارچێوەیە ، گۆران بەسەریان دا نایەت ، و لێکچواندنە تەواوەکە تەنیا لە دەنگی سەرەتای مۆرفیمی دووەمدا ڕوودەدات ، ئەوحاڵەتەش تایبەتە بە وشەی ناسادەو ناوچەیەکی دیاریکراوی زمانی کوردی ، چونکە هەر زارێك یان شێوە زارێك یاسای دەنگی تایبەت بەخۆی هەیە .

ب- (دەنگی/ د/نەك هەر دەکەوێتە دوای ئەو دەنگانەی ناومان بردن ، بەر یاسای لێکچواندنی هەمەکی دەکەوێت ، بەڵکو کاتێ لە پاش یان لە پێشی دەنگی/ ت / یشەوە دێت ، دیسان تووشی هەمان گۆران دەبێت ) .

١-کاتێ لەپاش دەنگی / ت / ەوە دێت: وەك

واتە - ت د > دد

نمونە بۆ بابەتەکەی ئێمە وەك :-

دەست + دان = دەستدان -/ دەسد دان/

پێست + دار = پێستدار -/پێسد دار /

دەمێ دەکەوێتە پێش دەنگی / ت / ەوە : و ئەوانی دیکە (بروانە سەرچاوەی پێشوو ل ٥٦) .

(٢-١-٢-١/٢) **لێکچواندنی ناتەواو (هەندەکی) partial assimilation**

لەم جۆرە لێکچواندنەدا لە ئەنجامی کارتێکردنی دەنگی دراوسێ سیفەتێك لە دەنگێك دەگۆرێت لەگەڵ دەنگێکی تر ، واتە گۆران لە هەموو سیفەتەکانی دەنگەکە نابێت تەنیا لە سیفەتێکدا لەگەڵ دەنگە کارتێکردووەکەدا یەکدەگرنەوە دوو دەنگە جیاوازەکە جۆرە لێکچواندنێکی هەندەکی دروست دەکەن ( لە زمانی کوردیدا دەنگی کۆنسنانتی ئاوازەدارو کپ هەن ، جا لە زۆر زماندا ، هەروەها لە زمانی کوردیدا ،ئەگەر لە دوای دەنگێکی ئاوازەدارەوە دەنگێکی کپ بێت ، ئەوسا دەنگە کپەکە کاردەکاتە سەر دەنگە ئا وازەدارەکەی بەر دەمی و وەکو خۆی دەیکاتە دەنگێکی کپ واتە دەیهێنێتە ڕیزی ئەو پۆلە دەنگانەی کە خۆی یەکێکە لێیان جا بە شێوەیەکی کەم و سست ، ئەم رووداوە لە فۆنەتیکی زمانی کوردیدا دەبینرێ ، بە تایبەتی ئەگەر لە دوای دەنگی/ ز / و / ژ / ەوە دەنگی / ت / هەبێت .) ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٥٧).

لە کوردیدا دوو جۆر **لێکچواندنی ناتەواو (هەندەکی)** هەیە :-

١- گۆرینی دەنگی ئاوازەدار (ژێدار) بە کپ (بێ ژێ)[٣٤٧] : -

٢-گۆرینی دەنگی کپ بە ئاوازەدار :-

أ- س > ز

( هەندێجار / س / کە دەکەوێتە پێش دەنگی ئاوازەدارەوە وەك / ز / دەدرکێندرێ .) وەك :-

دەست + گا > دەزگا . (وشەی دەزگا لە (( دەست + گا )) پێکهاتووە ، لەسەرێکەوە دەنگی/ت/ ی قووتداوە ، واتە بەر یاسای لەناوچوون کەوتووە ، لەسەرێکی دییەوە/ گ / کە کۆنسنانتی ئاوازەدارە لەگەڵ دەنگی / ز / دا ، کە ئەمیش هەر کۆنسنانتی ئاوازەدارە پتر دەگونجێ ، وەك لەگەڵ / س / دا ، کە

[٣٤٧] بۆ گۆرانی ئاوازەدار بە کپ بڕوانە ( دولبەر ئیبراهیم فەرەج ٢٠٠٠: ٥٧ ) .

کۆنسنانتی کپە ، لەم ڕووەوە یاسای لێکچواندنی هەندەکی کاری کردووە . ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٥٧ تا ٥٩) . ئەم جۆرە لە لێکچواندنی هەندەکی ، لە وشەی تر هەن ، کە لە هەموویاندا هەم دەنگی/ ت/ لەناوچووە ، هەمیش لێکچواندنی هەندەکی دروستکردووە ، بە گۆڕینی دەنگی کپی/ س / بە/ ز / ی ئاوازەدار وەك:-

دەست + نوێژ = دەست نوێژ - / دەزنوێژ /

دەست + گر = دەستگر - / دەزگر/

دەست + گیران = دەست گیران - / دەزگیران /

دەست + گیرکردن = دەستگیرکردن - / دەزگیرکردن /

ب- ش > ژ

پاش + نە = پاشنە - /پاژنە/ ( وشەی (پاژنە) ، کەلە دوو مۆرفیمی (پاش ) و (نە) پێکهاتووە ، گۆڕانکاریەکەی هەرهێندەیە ، کە دەنگی/ ن / ی ئاوازەدار (ش) ی کپی کردووە بە/ ژ / ی ئاوازەدار .

پشت + دەر = پشتدەر - /پژدەر/ ( وشەی (پژدەر) لە (پشت + دەر ) پێکهاتووە ، لە وشەی (پشت) دا دەنگی/ ش / کپ دەدرکێنرێت ، کاتێ وشەی (دەر) ی دەخرێتەسەر/ ت/ تێدەچێ ،/ ش / ی کپ دەبێتە ئاوازەدار و بە/ ژ / دەوترێت ، واتە کاتێك (ش) ی کۆنسنانتی کپ دەکەوێتە پێش/ د / ی کۆنسنانتی ئاوازەدارەوە دەبێتە دەنگێکی ئاوازەدار .) (ئەورەحمانی حاجی مارف ٢٠٠٠ :٢٧) ، یان وەك :-

پشت + مل = پشتمل -/پژمل/

پشت + دێن = پشتدێن - / پژدێن /

## (٢-٢-١/٢) **یاسای لە ناوچوونی دەنگ ( لابردن،سوان) elision - deletion ruls**

ئەم دیاردەیە بە لەناو چوونی دەنگێك یان زیاتر پێك دێت ، کە هەندێك جار لەناوچوونی تاکە دەنگێك یان تایبەتمەندییەکەی دەبێتە هۆی نەمانی برگەیەك . بە شێك لە پێکهاتەکانی لەش بەر ئەم یاسایە دەکەون ودەنگ لە دەست دەدەن ، زۆر جار ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە ، کە پێکهاتەکانی لەش لەو وشانەن زۆر بەکاردێن ، هەروەکو( zipf ) لە کتێبەکەی( The psycho – Biology Of Language) نمونەی زۆری هێناوەتەوە بە پشت بەستن بە ئاماری ورد لەسەر ئارەزووی زمانەکان بۆ سادەی و ئاسانی ، لەنێوانیاندا پەیوەندی لە نێوان درێژی وشەو زۆری بەکارهێنانەکەی پێچەوانەیە ، زمانەکان ئارەزووی کورتکردنەوەی ئەو وشانەدەکەن ، کە زۆر بەکاردێن ، وە ئارەزووی بەکارهێنانی زیاتری وشە کورتەکان دەکەن لە بەرانبەر هاو واتا درێژەکانیان . (أحمد مختار عمر١٩٩٧:٣٩٤) ئەم یاسایەش پێچەوانەی یاسای پەیدابوونی دەنگە ، کە دەنگێك یان تایبەتمەندی دەنگێك نامێنێت لەبری پەیدابوونی . (شحدە فارع ، و أخرون ٢٠٠٣:١٠٢) پێناسەکراوە بە ( بە سووانی دەنگێك یان زیاتر لە مۆرفیمێکدا ، بە مەبەستی ئاسانکردنی دەربرین ...... لە ئەنجامی هەڵکەوت و دەرکەوتنیان لە بیئەی جیاوازدا دێتە کایەوە ، کە لە هەندێ حاڵەتدا ،شێوە و قاڵبی جیاواز وەردەگرن بێ ئەوەی ئەرك و واتایان کەم بێتەوە .) (طالب حسین علی ١٩٨٩:٥٨) .

هەرچەندە دیاردەی لە ناوچوونی دەنگ لە زۆر دەنگ و لە زۆر باردا ڕوودەدات ، لەم توێژینەوە تەنیا لە سنوری وشەی پێکهاتەکانی لەش لێکۆڵینەوەی لەبارەوە دەکرێ .لە ناوچوونەکانی دەنگ پێشتر جیاکراوەتەوە بۆ لە ناوچوونی ڤاوڵ ، کۆنسنانت ، کۆنسنانت و ڤاوڵ پێکەوە[٣٤٨] ، وە سەرەرای بوونی دیاردەی لە ناوچوونی دەنگ لە وشەی سادە و لەکاتی ڕۆنانی وشە و لە جێناوە لکاو و سەربەخۆکان و لە نیشانەکانی نەناسراوی و نەناسراوی ...... هتد ، ئەم دیاردەیە لە ناوی پێکهاتەکان لەشیش دەبینرێت ، کە دەتوانرێ بەم شێوانەی خوارەوە پۆلێن بکرێن ، و نموونەکانیش لە چوارچێوەی یەک زار یان دوو شێوەی یەک زار یان دووشێوەزاری زارجیاواز ، یان دوو زاری جیاوازن .

١- **لەناوچوونی ڤاوڵ ( V ) لە وشەی پێکهاتەی لەش**

**یەکەم** : لە سەرەتای پێکهاتەی لەش: هەرچەندە (ئـ) وەک دەنگ لە پێش ڤاوڵەکان دەردەکەوێت ، بەڵام بەفۆنیم دانانرێت ، بۆیە ئەو وشانەی بە (ئـ) دەست پێ دەکەن ، سەرەتاکەیان بە ڤاوڵ دەژمێردرێ، وەک : (ئەژنۆ >ژنۆ(باک)،ئەنگوست(هەو) >گوست (خۆ) ، ئەبرۆ > برۆ ، ئەستۆ > ستۆ (ئەردە) ، ئەزمان (باک) > زمان ،...).

**دووەم** : لە کۆتایی پێکهاتەی لەش : (کەپۆ ، کەپوو(ئەردە) > کەپ (هەورا) ، ...) .

**سێیەم** : جگە لەسەرەتا و کۆتایی : ( گوودیلە (ڕۆژ) (کاکۆڵ) > گوودلە ( هەورا) ، چیچیلە (نەرمەی گوێ) > چیچلە ، پاراسوو (باک) > پارسوو ( باک) ، فریشک (ژەک) > فرشک (باک ، کە) ، فریشک > فرش ، ...) .

٢- **لە ناوچوونی کۆنسنانت ( C ) لە وشەی پێکهاتەی لەش**

**یەکەم**: لە سەرەتای پێکهاتەی لەش : (هورگ > ورگ ، هۆش > وش ، گمیز (هەورا . جا) > میز ، ......).

**دووەم** : لە کۆتایی پێکهاتەی لەش : ( دەست > دەس (هەورا . بابا) ، ئەنگوست > ئەنگوس ، پێست > پێس ( ئەردە) ، پۆست (باک) > پۆس (هەورا) ، ستۆه (باد) > ستۆ (ئەردە)، مەمک > مەم (باد . هەورا ) ، برژانگ (هەورا) > برژان ، برووە (بۆتا) > بروو (باک) ، ڕیش > ڕی (باد) ، هۆرمیسک > هۆرمیس ، ...) .

**سێیەم** :- جگە لە سەرەتاو کۆتایی : ( منداڵدان > مناڵدان ، کوودک (ئەژنۆ) > کووک (زا) ، بیهڤل (باک) > بیڤل (باک) ، برژانگ ( هەورا) > بژانگ ، رندێن (خۆ) > ردێن ، ڕدێن ، ڕدێن > ڕێن (دەر) ، سمبێل (باک) > سمێل ،ئێستک (دەر ، بابا) > ئێسک (دەر . بابا) ، بیلبیلە > بیبیلە (هەورا) ، پدوو (هەو . باک) > پوو (شکا . شەم ) ، دیدە (هەورا) > دیە ، دندان (زا) > دنان (کە . فە) ، دندان (زا) > ددان ، قرقرتۆک (خۆ) > قرقرۆک (خۆ) ، پرزانگ (باک) > پزان (زا) ، پزدان (باک) > پزان ، نێهک (باک) > نێک ( هەورا) ، ڕۆندک (باک) > ڕۆنک (هەورا) ، ڕۆنتک (باک . باد) > ڕۆنک (هەورا) ، ....) .

٣- **لەناوچوونی ( CV ) لە وشەی پێکهاتەکانی لەش**

**یەکەم** : لەسەرەتا :(لەمرک (ئەنیشک ) > مرک (لو) ، ئارچەن (باک) > چەن ( ڕۆژ. فە . ئەردە) ، لینگ > نگ (باک)،...).

**دووەم** : لەکۆتایی : (ئەسرین (موک) > ئەسر (زەن . فە) ، جمگە > جم (ئەردە) ، ...) .

**سێیەم** : جگە لە سەرەتاو کۆتایی :( شەپیلک > شەپک ، سوورانچک > سوورچک ، قرقرتۆک (خۆ) > قرقرک ( باک) ، ئەستێر (باد . دەر ) > ئەسر (زەن . فە) ، چەنەگە ( هەورا) > چەنە (فە. موک ) ، ...) .

٤ – **لە ناوچوونی ( CC ) وەک** : ( رندێن (خۆ) > ڕێن (دەر) ،...... ) .

٥–**لەناوچوونی ( CVC ) وەک** : ( ڕەهدین (باک) > ڕەه (باک) ، دندان (زا) > دان ، ...) .

---

[٣٤٨] بڕوانە (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ٢٠٠٠:٦٣) .

## ٣-٢-١/٢ ) **یاسای جێگۆرکێی دەنگ**[349] **metathesis - ( هەڵگەڕانەوە ) interversion**

سەرەرای هۆکارە جیاوازەکانی روودانی جێگۆرکێ ، ئەم دیاردەیە بە یەکتر گۆرینـەوەی شـوێنی دوو دەنـگ یـان زیـاتر لـەزنجیرەی بـەدوای یەکـداهاتنی دەنگـەکان پێکـدێت لەسـەر تـەوەری ئاسـۆیی ، (لـەم دیاردەیەدا دوو دەنگ یان دووبرگە جێگاکانیان دەگۆڕنەوە ، هەندێ جار وشـەکە بەهـەردوو شـێوەکەی لـە یەك زاردا دەبینرێن ، هەندێ جاریش لە هەرشێوەی لە زارێکدا دەردەکەوێ و بەکاردێ .) (محمد معروف فتاح ١٢٢:٢٠١١) یان (بە هەموو حاڵەتێك دەگوترێت کە دەنگێك یان زیاتر لە شوێنی خۆیەوە دەچێتە شوێنێکی دیکـە لـە وشـەدا.) (نەسرین فەخری ١٩٨٥: ٢٦٣) یـان ( هەڵـەیـەکی بـاوی زمـانی یـە ، بـە پێـی یاسـا دەروات ، زۆرجـار لـەزمانی منداڵـەوە سەرچـاوە هەڵـدەگرێت و لـە زمانداپەڵـە دەکـات و هەنـدێ جـار دەمێنێتـەوە و دەبێت بە بەشێك لە فەرهەنگی زمانەکەو لـە زمـانی ئەدەبیشـدا دەچەسپێ . دەکرێ لـە هەڵـەی چالاکی دا ببینرێ ، وەك لە زەلەی زمانی – کە (چەپس) لە جیاتی ( چەسپ ) دێت یان وەك لە دیاردەی سپۆنەریزم (spoonerism) دا )[350] . جێگۆرکێی دەنگی لـە هـەموو یاساکانی تر ناباوترە ، کـە لەچـەند وشـەیەکی کەم دەردەکەوێت ، کە زیاتر لە شێوەزارەکانە وەك لـە وشـەی /ask/ کـە رەش پێسـتەکان بـە /aks/دەری دەبرن . یان (ملعقە) و (معلقە) لە عەرەبی . (شحدە فارع ، وأ خرون ١٠٣:٢٠٠٣) بە واتایەکی تر ئەم دیاردەیە لـە ریزبـوونی بنچینـەیی روودەدات ، و ڕێ بەهـەموو جێگۆرکێیـەکیش نـادات ، واتـە ئەگـەر بڕوانینـە وشـەی جگەر و ژمارە بۆ دەنگەکان دابنـێین (ج١-گ٢- ە٣- ر٤) بـە گـوێرەی ئـەم یاسـایە ڕێ بـە (ج١- ە٣- ر٤- گ٢ ) (جـەرگ) دەدات ،بـەڵام ڕێ بـە ، (٤ – ١- ٢-٣ ) رجگـە ، ( ٤- ٢- ١- ٣ ) رگجـە ،(٤- ٣ – ١- ٢ ) رەجگ ، و........ ئەگەرەکانی تـر نـادات . هـەروەها دەتوانرێـت ئـەو وشـە دیـار بکرێـت کـە جێگۆرکێکـەی بەسەرداهاتووە لە بارەی پێکهاتەکانی لەشیش ئەم وشانە دەبینرێت .

١- تیغەرە <> تیرەغە .

٢- جگەر (رۆژ. بابا) <> جەرگ .

٣- جمگە <> جگمە ، جومگە <> جوگمە .

٤- قاچ (کە) <> چاق (باك) .

٥- ماسوولکە <> مالووسکە .

٦- سوێڵ <> سێوڵ (فە) .

٧- تیلك (رەوا . هەو) <> تلیك (یە) . ......... هتد .

[349] بۆ زانیاری زیاتر لەو بارەوە بڕوانە : رحمان ئیسماعیل حسن ( ٢٠٠٥ )، جێگۆرکێی دەنگـەکان و چـەند یاسـایەکی فۆنۆلـۆجی لـە کوردیدا ، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سەلاحەددین ژمارە ( ٢٤ ) لا پـەڕە ( ٢٥٣ – ٢٧٧ ) . یـان بڕوانـە نەسـرین فـەخری ( ١٩٨٥ )، لێکۆلینەوەییێك دەربارەی جێگۆرکێ و هەلگێرانەوە و گۆرینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا . گۆڤاری کۆری زانیـاری عـیراق ، بەرگی سیازدەهەم ،لا پەرە ( ٢٦١تـا٢٨٩ ) .

[350] ( جۆرێکەلەجێگۆرکێ لە ئاستێکی بەرزتر لە ئاستی دەنگ روودەدات ، بە تـایبەتی لەو جۆرە قسەو رسـتانەدا دەردەکـەوێت کـە بـۆ مەبەستی پێکەنین دەخرێنە پێشبرکێی خێرا گوتنەوەی لەسەر یەك و هەڵەی لەو جۆرەی تیـا روودەدات بـۆ نموونـە لـە جیـاتی بڵـێن / مەڕی مل ڕووت/ دەڵێن / مەڕی مڕ لووت / ) ، بۆ زانیاری زیاتـر بڕوانە رحمان ئیسماعیل حسن ( ٢٠٠٥ : ٢٥٥ – ٢٥٦ ) .

لە وشەکانی سەرەوە لە (١) جیگۆرکێ بە (غ ) و ( ر) کراوە ، لە (٢) دا (ر) و (گ) ، لە(٣) دا (م) و (گ) کراوە ، و لە (٤) بە (ق) و (چ) ، و لە (٥) بە (س) و (ل) ، و لە (٦) بە (و) و (یٚ) , لە (٧) بە (ل) و (ی) کراوە ئەم جێگۆرکێیانەش (جیاکراونەتەوە بۆ فۆنیمی ، کە لەنێوان ڤاول و ڤاول ، ڤاول و کۆنسنانت ، نیمچەڤاول و ڤاول ، نیمچە ڤاول و کۆنسنانت و هێشووە کۆنسنانت و کۆنسنانت ڕوودەدات ، و برگەیی و سادەو ئاڵۆز ) هەروەها ئەم گۆرانە لە وشەی دیکەش ڕوودەدات ، کە پێکهاتەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانیان وەك :-

سەرین < > سەنیر

کەروێشك < > کەورێشك

دەسرۆك < > دەرسۆك ........ هتد .

( هەندێکجار جێگۆرکێی پیت یان هەڵگێرانەوەی لەگەڵ گۆرینی تردا دەبنە هۆی دروستکردنی مەبەستی نویێ ، لە واتادا جیاواز و لە بنەرەتدا هاوبەش سەرەرای هاوبەشی لە پیتەکاندا واتە بۆشتی جیاواز بەکاردێن .) (نەسرین فەخری ١٩٨٥:٢٧٤) ، بۆیە دەکرێت ئەمانە جیابکرێنەوە بۆ ئەوانەی جێگۆرکێیان تێدا ڕوودەدات و ئەوانە هەڵگەرانەویان تێدا ڕوودەدات ، کە لە هی دووەمدا جێگورکێ ولەهەندێ باردا گۆرانی واتاش بەدی دەکرێت .

خیز (ی گەروو) < > زیخ (چەو ، لم)

زار (دەم) < > ڕاز (گلەیی)

لەپ (بەری دەست) < > پەل (شتی کراوە ، یان پەلی جەستەی مرۆڤ)

هەموو ئەمانەش جیادەبنەوە بۆ:-

<u>یەکەم : لەناویەك زار : </u>(جەرگ < > جگەر ، ماسوولکە < > مالووسکە ، تیغەرە < > تیرەغە ......) .

<u>دووەم : لە نێوان دووزاری جیاواز</u> : (سوێل (لوری) < > سێوڵ (فەیلی) ،تلیك (یەز . ل٢٤٩) < > تیلك (هەو ، رەوا ، ل٢٧١) ، قاچ (کە) < > چاق (باك) ، ...) . ........ هتد .

(٢/١-٢-٤) <u>**پاسای دەنگگۆرکێ exchang**</u>

بە گۆرینی شوێنی دوو دەنگ بە یەکتری لە دوو وشەی جیاواز ، بێ گۆرانی واتا لەسەر تەوەری ستوونی بە دەنگگۆرکێ دادەنرێت ، جا ئەو گۆرانانە لە خودی زارێك ڕوبدات ، یان لە نێوان زار و شێوەزارەکان ، کە ئەو دوو دەنگە لەو دوو وشە دەبنە هاوواتای یەکتری ، ئەگەر فۆنیمی زمانەکەش بن ، (دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆرێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا بێ ئەوەی ئەم گۆرانە ببێتە هۆی گۆرانی واتای وشەکە ، بە واتایەکی تر هەمان وشە لە دوو فۆرم یان زیاتردا دەبینرێ بەهەمان واتا . دیسانەوە ، هەندێ جار دوو فۆرمی وشەکە لەیەك زاردا هەن ، جاری واش هەیە هەر فۆرمەی لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردێ .) (محمد معروف فتاح ٢٠١١:١٢٣) واتە ئەم دیاردەیە گۆرانی دەنگێکە بە دەنگێکی تر بێئەوەی ببێتە هۆی گۆرینی واتا ،هەرچەندە مەرج نییە لەهەموو بارەکاندا ئەمە راست بێت ، چونکە لە هەندێك حاڵەتدا دەبێتە هۆی دروستکردنی واتای نویێ وەك (ددان ) بە گۆرینی دەنگێکی دەبێتە (دیان) بەواتای فەلە ، یان (لێو) کاتێك دەبێ بە (لەو ) بەواتای (لە ئەو) یش دێت ، یان کاتێ خوون (زا) ببێ بە هوون (باك) بە واتای ئێوە دێت . دەتوانرێ ئەم دەنگگۆرکێیانەپۆل بکرێن بۆ :-

**یەکەم : لە سەرەتای وشەی پێکهاتەی لەش :** ( سك <> زك ، چڵم <> كڵم ، ئارەقە<> عارەقە ، خوون<> هوون ، ....) .

**دووەم : لە کۆتایی وشەی پێکهاتەی لەش :** ( دەم <> دەڤ ، پێ <> پا ، چاو <> چاڤ ، دڵ <> دل ، پشوو <> پشی ، زك <> زگ ، ....) .

**سێیەم : جگە لە سەرەتاو کۆتایی :** واتە لە دەنگەکانی دووەم و سێیەم و..... بە گوێرەی ژمارەی دەنگەکانی هەر وشەیەك وەك : دووەم : (خوون <> خۆن ، ددان <> دران ، ددان <> دگان ، ددان <> دیان ، قامك <> قەمك ، ....) . سێیەم : (پێڵوو <> پێلوو ، گەروو <> گەلوو، قرقێنە<> قرخێنە <> قرپێنە ، ... ) .چوارەم : (قونانیشك <> قونەنیسك ، ) . پێنجەم : ( چەناگە <> چەناكە ، ... ) . شەشەم : (ئەنگوست <> ئەنگوشت ، ...) . حەوتەم : ( قونانیشك <> قونانیسك ، ...) .

ئەم دەنگگۆڕکێیانەش لە ناو خۆیاندا جیا کراونەتەوە ، بەڵام ئێمە دیفتۆنگ بە دیفتۆنگیشی بۆ زیاد دەکەین .

(٢/١/٢-٤-١) **ڤاوڵ بە ڤاوڵ :-**

ئەم گۆڕانکاریانە هۆکاری تایبەت بە خۆیان هەیە ، بەنموونە لە گۆڕانی / ا / بۆ / ێ / ، ( / ا / کەوتۆتە بەشی پشتەوەی زمان ، بەڵام / ێ / کەوتۆتە پێشەوەی زمان ، ئەمە لە ڕووی دابەشبوون و شوێنی ڤاوڵەکان ، لەبارەی میکانیزمی زمانیش لەکاتی دركاندنی / ا / بەرەو خوارووی دەم نزم دەبێتەوە ، بەڵام لەکاتی دركاندنی / ێ / زمان نەبەرز و نە نزم دەبێت لەئاست مەڵاشوەوە ، بەڵکو لەناوەراستی دەم دەوەستێت (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦: ٢٩) ، (هۆکارەکانی پشتەوەی زمان و لە بارێکی نزمدا دوو هۆکارن بۆ گران دركاندنی / ا / هەرلەبەر ئەوەشە / ا/ دەبێتە / ێ/ ، چونکە /ێ/ لە پێشەوەی زمانە و زمانیش لەکاتی دركاندنی لە ناوەند دەبێت واتە نەنزم و نە بەرز دەبێت لە ئاستی مەڵاشوەوە ئەمە هۆکارێکی گرنگە کە وادەکات / ێ/ بەشێوەیەکی زۆر ئاسانتر لە / ا/ دەرببڕێت ( فەتاح مامە علی ٢٠٠٧: ٨) .

ێ <> ا :(قوونپانی <> قوونپێنی،پێ <> پا، ناوچاوان <> نێوچاوان ، ناوك <> نێوك .....) .

١- ا <> ە : ( ئانیشك <> ئەنیشك ، قونانیشك <> قوونەنیشك ، قامك <> قەمك ، چەناگە <> چەنەگە ، هالینگا <> هالینگە ، قولاپە <> قولەپە ، ناوك <> نەوك ، ئانی <> ئەنی ، ناوچاوان <> ناوچەوان ، دامار <> دەمار ، ریخۆڵا <> ریخۆڵە ، ....) .

٢- ا <> i : ( کاماخ <> کiماخ ، ......) .

٣- ە <> i : ( ژەنوو > ژiنوو ، گەردەن <> گەردiن ، بەلەمرك <> بiلەمرك ، قەپێلك <> قiپێلك ،

چەناگە <> چiناگە ، لەمە <> لiمە ، دەفن <> دiفن ، جەگەر <> جiگەر ، .....) .

٤- ە <> ۆ: (پاژنە <> پاژنۆ ، ......) .

٥- و- u- <>i: ( هiستو (هـ . ب .ل٩٤٧) <> هوستو (هـ . ب . ل٩٥٧) ،گوپ<> گiپ، ڕوندك<> ڕiندك،...).

٦- و <> ۆ : ( گوش <> گۆش ، ڕوندك <> ڕۆندك ، .....) .

٧- وو < > ی : (پووز < > پیز ، کەپوو < > کەپی ، لووت < > لیت ، پەراسوو < > پەراسی ،
پوو < > پی ، موو < > می ، گەروو < > گەلی ، ..... ) .

٨- وو < > ۆ : ( ئەژنوو< > ئەژنۆ ، ستوو< > ستۆ ، پووس < > پۆس ، کەپوو< > کەپۆ ، گوودیلە
< > گۆدیلە ، بروو< > برۆ ، پدوو < > پدۆ ، ریخەڵوو < > ریخەڵۆ ، خوون < > خۆن،
تەموو( کەلەکە) < > تەمۆ ، سووقان < > سۆقان ، کوولوخ < > کولۆخ ، .......) .

٩- ۆ < > ا : ( زرۆنی < > زرانی ، ....) .

١٠- ۆ < >i : ( نینۆك < > نینـiك ، سۆقان < > سـiقان ، هۆش < > هـiش......) .

١١- ی < > i : ( لینگ < > لـiنگ ، سینگ < > سـiنگ ، خاڵیگە < > خاڵـiگە ......) .

١٢- ی < > و: (لەی < > لەو ، ......) .

١٣- ی < > ێ : (گیس < > گێس ، سیوڵ ( فە) < > سێوڵ ( فە) ، ئیسقان < > ئێسقان ،
کلینجك < > کلێنچك ، نیك < > نێك ، خین < > خێن ، ....) .

١٤-ێ< > ە : ( لێو < > لەو ، قولەپێ < > قولەپە، ......) .

١٥- ێ < > i : ( تێوێڵ < > تـiوێڵ ، .....) .

١٦- ێ < > وو: (پێس < > پووس ، خێن < > خوون .....) .

١٧- ێ < > ۆ : (پدێ < > پدۆ ، پێست < > پۆست ، رێڤی < > رۆڤی ، کاپێل ( قاپێلکەسەر )
< > کاپۆل گێ (گوێ ) < > گۆ ، ......) . .... هتد .

(٢-٤-٢-١/٢) **<u>کۆنسنانت بە کۆنسنانت</u>** :-

١- د < > ت : (سکورد < > سکورت ، ڕۆندك < > ڕۆنتك ،....) .

٢- ب < > پ : ( تبل < > تپل ، باق < > پاق ، قەبرغە < > قەپرخە ، بسك < > پسك ،
بیبك < > پیبك ، بدوو < > پدوو ،....) .

٣- ج < > چ : (جیچك < > چیجك ، .....) .

٤- چ < > ك : ( چڵم < > کڵم ،....) .

٥- چ < > ش: ( فرچك < > فرشك ، ....) .

٦- خ < > غ : (خاڵیگە < > غاڵیگە ، قەبرخە < > قەپرغە ، دەماخ < > دەماغ ، ....) .

٧- خ < > و- w - : ( ریخەڵۆك < > ریوەڵۆك ،.....) .

٨- د < > ن : ( دەندە < > دەننە،......) .

٩- د < > ی- y- : ( گەدە < > گەیە ، .... ) .

١٠-س<> پ : ( ساق <> پاق ، .......) .

١١-س <> ت : ( سوورناسك <> سورناتك ، .....) .

١٢- س <> ز : ( ك..س (ل٧٨٩) <> ك..ز (زەن . ل٧٨٨) ، سك <> زك ، ...) .

١٣- س<> ش : ( ئەنگوست <> ئەنگوشت ، مست <> مشت ، ....) .

١٤-ش <> ژ : ( جومشگە <> جومژگە ، مێشك <> مێژك ........) .

١٥-ش <> ھ : ( گوش <> گوھ ،.......) .

١٦- ع <> ٠ : (عورگ <> ٠ ورگ ، .....) .

١٧- ع > ئـ : (عارەقە <> ئارەقە ، عەقڵ <> ئەقڵ .....) .

١٨- ڤ <> ف: (بیڤل <> بیفل ، ناڤك <> نافك ، .....) .

١٩- ك <> ق : ( کلێنچك <> قلێنچك ، قوون (ل٧٢٤) <> كوون ( كە . ل٦٤٥) ،

قنگ ( كە. ل٧١١) <> كنگ (كە. ل٧٧٤) ، ....) .

٢٠-گ <> ك : ( گلك <> كلك ، چەناگە <> چەناكە ، كركراگە <> كركراكە ، زگ <> زك ،

گەدك <> كەدك ، قنك ( ھ. ب . ل٥٥٨) <> قنگ (ھ . ب . ل٥٥٨) ، .....) .

٢١- ل <> ڵ : (دل <> دڵ ، پێلوو <> پێڵوو ، پەلك <> پەڵك ، زلف <> زڵف ،

سوێل <> سوێڵ ،...) .

٢٢- ڵ <> ر: ( كوڵك <> كورك ، دڵ <> در ، مەڵازە ( ئاڵوو) <> مەرازە ، زاڵە (زراو) <> زارە ،...) .

٢٣- ل <> ر: (سەلك <> سەرك ، گەلوو <> گەروو ، ....) .

٢٤- م <> ب : ( زمان <> زبان ، ....) .

٢٥- م <> ڤ : ( دەم <> دەڤ ، ....) .

٢٦- ن <> م : ( قوونپانی <> قوومپانی ،جونگە <> جومگە ، ....) .

٢٧- ھ <> ح : (پەھنی <> پەحنی ، .....) .

٢٨- ھ <> خ : ( هوون <> خوون ، .....) .

٢٩- ھ <> ئـ : ( هەنیشك <> ئەنیشك ، هەنی <> ئەنی ، هەسر <> ئەسر ،.....) .

٣٠- و <> ڤ : (لێو <> لێڤ ، پیو <> پیڤ ، زراڤ <> زراو ، ....) .

٣١- و <> م : ( چاو <> چەم ، داوێن <> دامێن ، پیو <> پیم ، چەو <> چەم ....) .

٣٢- و <> ب : ( بەز <> وەز ، بەر <> وەر ، وەند <> بەند ، .....) .

٣٣- ھ <> ع : ( هوورگ <> عوورگ ،...) .

(٢/١-٢-٤-٣) **ڤاوڵ بە دیفتۆنگ : -**

١- وو <> ویٚ : ( خوون <> خویٚن ، ....) .

٢- یٚ <> ویٚ : (خیٚن <> خویٚن ، گیٚ <> گویٚ ، ....) .

٣- وو <> وی : (خوون <> خوین ، عوور <> عوویر ، قوون (ل٧٢٤) <> قوین ( ل٧٢٥) ، ناخوون <> ناخوین ، ....).

٤- ی <> وی: ( خین <> خوین ، ....) .

٥- یٚ <> ەی : (پیٚ <> پەی ، .....) .

(٢/١-٢-٤-٤) **دیفتۆنگ بە دیفتۆنگ :** ویٚ <> وی : (خویٚن <> خوین ، ......) .

ئەمانەش لە ناو خۆیاندا جیاکراونەتەوە بۆ ئەوانەی لەنێوان دوو زاردا ، و لەناو زارێکدا روودەدەن :-

**یەکەم :-** لە نێوان دوو زاردا : (رەھ (باك) <> رەگ (دەر) ، ستۆ (ئەردە) <> ستوو ( زا) ، کەپوو (ئەردە) <> کەپی (باك) ، نافك ( فە) <> ناڤك (باك) ، .....) .

**دووەم :-** لەناو زارێکدا : (پلان (ئەردە) <> پەلان (ئەردە) ، رۆنتك (باك) <> رۆندك (باك) ، ناوچاوان (بابا) <> ناوچەوان (بابا) ،.......) . .... هتد .

(٢/١-٢-٥) **گونجان و نەگونجان**

**ا- گونجان : -**

کاتێ دوو دەنگ لە ژمارەیەك وشەی زمان لەپاڵ یەکدادێن ، کە ئەم بەیەکەوە هاتنەیان زۆر دووبارە دەبێتەوە بە گونجان دادەنرێت ، زۆرجار هیچ یەك لە دەنگە لەپاڵ یەك هاتووەکان لەکاتی دەربرین لەناوناچن ، ئەم دەنگانە بە شێوەیەکی بەرچاو لە وشەکانی زماندا هەن و بە ژمارەیەکی کەمتریش لە ناوی پێکهاتەکانی لەش دەبینرێن ، شوێنی پێکەوە هاتنیشیان لە وشەدا دەگۆرێت ، مەرجیش نییە لە هەموو وشەکان نەکرتێن وەك ، لە ( دەست > دەس ، سکورد > سکور ، ......) .

**یەکەم :-** / رد /

دەنگی/ د/ بەدوای / ر / دا زۆر دێت ، دەنگی/ د/ لێرەدا ناڕوات ، هەر بۆیە دەنگی/ ر/و/ د/ حەز بەیەکتری دەکەن و یەکتری دەپارێزن ( مەسعود محمد ١٩٨٢ : ٢٨١ )[٣٥١] . ئەم جۆرە لە گونجانی دەنگی لە چەند وشەیەکی پێکهاتەی لەش دەبینرێن ، وەك (سکورد ، گەردن ، گەردە (گلێنە) (مەلیش) ، .... ) .

[٣٥١] دولبەر ئیبراهیم فەرەج ل١١٠

**<u>دووەم</u>:-/ رت/ و / رم /**

**دەنگی / ر / لەگەڵ دوو دەنگی/ ت / و / م / دا باش دەگونجیٚ گەلیٚ وشە هەن ، کە تێیاندا ئەو دەنگانە پێکەوە هاتوون )** (دولبەر ئیبراهیم فەرەج ٢٠٠٠:١١٠) **. لە پێکهاتەکانی لەش وەك :-**

**( برم** (برۆ) (فە) **، خرتك ، خرتگە ، خرتڵە** ( جومگە) **، خرتەخرت** (کرکراگە) **، سکورت ، پوورت** (موو ) **،**
**فرتك** (کوونی لووت) **، قورقورتە** (فە) **، قورتم (قورگ)** ، ... ) .

**<u>سێیەم</u> :-/ ست / و/ شت/**

**دەنگی/ ت/ زۆر لەگەڵ/ س / و / ش / دا دێت** ( سەرچاوەی پێشوو ل١١١) **نموونە لە پێکهاتەکانی لەش وەك (ئەنگوست ، ئەنگوشت ، پشت ، پێست ، دەست ، مست، مشت ، هەست ،....) .**

**ب- <u>نەگونجان</u> :-**

**نەهاتنی هەندیٚ دەنگ لە هەندیٚ شوێنی وشە ، یان لەپاڵ یەکتر نەهاتنی دوو دەنگ بە هیچ شێوەیەك ، یان زۆر دووبارەبوونەوەی هەندیٚ دەنگ لە شێوەزارێك و نەهاتنی لە شێوەزارێکی تر بە نەگونجان دادەنرێت ، کە بەشێوەیەکی گشتی لەم بارانەی خوارەوە دەبینرێت :-**

**<u>یەکەم</u> :- / ر/ ی سووك بەهیچ جۆرێك لە سەرەتای وشەو برگەدا دەرناکەوێت ، بە پێچەوانەی/ ڕ/ ی قەڵەو/ ل / ی نەرم ، هەمیشە لەسەرەتای وشەدا دەردەکەوێت ،/ ڵ / لامی گڕ ، ئەم دەنگە بە هیچ جۆرێك ناکەوێتە سەرەتای وشە ، واتە/ ر / و/ ڵ / بەهیچ جۆرێك ناگونجیٚ لەسەرەتای وشەدا بەکار بهێنرێن .** ( نەسرین فەخری ١٩٨٢ : ٤٢٢ - ٤٢٣) ، **وەك :-**

| **<u>( ڕ) ی قەڵەو</u>** | **<u>( ل) ی نەرم</u>** | |
|---|---|---|
| **ڕان** | **لاق** | |
| **ڕەگ** | **لام ( باك) ( گو )** | |
| **ڕدێن** | **لەمرك (ئانیشك)** | |
| **ڕوومەت** | **لەم (هەورا) ( سك)** | |
| **ڕوو** | **لچ** | |
| **ڕۆندك** | **لووت** | |
| **ڕیخۆڵە، ڕۆدی (باك)** | **لێو** | |
| **ڕیش** | **لینگ ....... هتد .** | |

دووەم :– دوو دەنگی/ ل ، ڵ / بەهیچ جۆرێك هەڵناگرن بخرێنە پێش دەنگی/ ر ، ڕ / ەوە ، یاخود بە پێچەوانەشەوە ، کورد/ ڕ/ لە پێش/ ل / ەوە ناهێنێ . (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٦ : ٦٣-٦٤) ، ئەمە لە هیچ وشەیەکی ناوی پێکهاتەکانی لەش بەدی ناکرێت .

سێیەم :– لە دیالێکتی کوردی سەروو / ڵ / لامی قەڵەو نییە ، لەگەڵ ئەوەدا لە کوردی ناوەراست یەکجار زۆرە . ئەمەش بەئاشکرا لە پێکهاتەکانی لەش ڕەنگی داوەتەوە . وەك :–

| کوردی سەروو | کوردی ناوەراست |
| --- | --- |
| خال | خاڵ |
| دل | دڵ |
| سمبێل | سمێڵ |
| کاکل | کاکۆڵ ...... هتد |

چوارەم :– دەنگی / ڤ / فۆنیمێکی کوردی سەرووە ، بەڵام لە چەند وشەیەکی کوردی ناوەراستیش دەبینرێت لەپێکهاتەکانی لەشیش رەنگی داوەتەوە ، وەك :–

| کوردی سەروو | کوردی ناوەراست |
| --- | --- |
| ئاڤلدانگ | ئاواڵدان |
| بیڤل | ..... (نییە) لووت – کەپوو |
| چاڤ | چاو |
| دەڤ | دەم – دەو |
| ڕێڤی – ڕۆڤی – ڕوویڤك – ڕیڤیك | ...... (نییە) ریخۆڵە |
| زراڤ | زراو |
| لێڤ | لێو |
| ناڤك – نێڤك | ناوك – نێوك . ... هتد |

## (٢/٢) **ئاستی وشەسازی**[٣٥٢] (morphology)

پێکهاتەکانی لەش وەك وشە ، کە دانەیەکی هاوبەشی مۆرفۆلۆجی و لێکسیکۆلۆجییە و بابەتی لێکۆڵینەوەی هەردووکیانە ، بەڵام سنووری لێکۆڵینەوەیان جیایە ، ( وشەسازی (morphology) زانستێکە لە شێوەی وشەو پێکهاتی ناوەوەی دەکۆڵێتەوە ، بەڵام لێکسیکۆلۆجی لە واتاو گەشەو گۆڕانی واتا دەکۆڵێتەوە .) (عەبدلواحید موشیر ٢١:٢٠١٣) کە هەردوو لایەن بە کەرستەی پێکهاتەکانی لەش ئامانجی لێکۆڵینەوەن لەم توێژینەوەیە ، چونکە لە ڕێگای هەردووکیانەوە بەرهەمهێنان لە فەرهەنگدا دەبێت .

### (١-٢/٢) **پێکهاتەکانی لەش وەکو ناو[٣٥٣] لە ڕووی ناوەڕۆك[٣٥٤]** :-

لە ڕووی ناوەڕۆکەوە ناو لە زمانی کوردی دەکرێت بە سێ بەش ئەوانیش ناوی تایبەتی proper noun ، ناوی گشتی common noun ، ناوی کۆمەڵ collective noun کەپێکهاتەکانی لەش لە هەموویاندا چالاکن ، کە بەشێوەی جیاواز دەچنە چوارچێوەی ئەو جۆرە ناوانە .

ا– <u>ناوی تایبەت</u> :(بەو ناوە دەوترێت،کەبەسەر گیانداریك یان بێ گیانێکی دیاریکراودا دابرابێ.) وەك :

١– ناوی مرۆڤ : پێکهاتەکانی لەش ، یان ڕاستەوخۆ دەبن بە ناوی تایبەتی مرۆڤەکان وەك : ( ئەسرین ، فرمێسك ، گلێنە ،.....) ، یان لە قاڵبی وشەی داڕێژراو و لێکدراو وەك : (دڵدار ، هۆشیار ،سەرباز ، جگەر خوێن ، دلبرین ، ڕووخۆش ،....). ٢– ناوی چیا ( وشتر مل : کێوێکە لە کوردستان ) .٣– ناوی گوند و دێهات ( سەروچاوە،شیرومەر ، قەلەن گوێ ، هانەدڵ ...) . ٤– ناوی شار (سەردەشت ، سەرشیو ، سەر پیل ...) .... هتد .

---

[٣٥٢] <u>**پێکهاتەکانی لەش وەکو ناو لە ڕووی هەبوون**</u> لە بەشی پێشوو بە درێژی ، ئاماژە بۆ پێکهاتەکانی لەش کراوە وجیاکراونەتەوە ، بۆ ناوی بەرجەستەو ، و نابەرجەستە (بڕوانە بەشی یەکەم) . و <u>**پێکهاتەکانی لەش لەڕووی ڕەگەز (gender)**</u> ، ناو لەڕووی ڕەگەزی ئەوناونراوانەوەی کەبۆیان بەکاردێت لە کوردی ناوەراست جیاکراوەتەوە بۆ ناوی (نێر ، مێ ، بێلایەن ، دوولایەن) ،کە پێکهاتەکانی لەش دەچنە خانەی ئەو ناوانەی کە بە ناوی بێلایەن دادەنرێن، بەڵام لە کوردی سەروو لەبەر نەبوونی ناوی بێلایەن ، پێکهاتەکان جگە لە (سەر ، گوێ ، دەم ، ددان ، چاڤ ، ئەزمان ، سینگ ، ستو ، گەروی ، ئەوەکانی تر ناوی مێنە) (سادق بەهائەددین ١٧٧:١٩٧٨) . بەڵام کاتێك بەشێك لەو پێکهاتانە دەگوازرێنەوە بۆ ناوی تایبەتی ، وەکو خۆیان یان لە ڕۆنانی نادەی ناویتری کەساندا ئەو کاتە بە ناوی نێر یان مێ دەبینرێن .( بڕوانە ناوی تایبەتی ) . و هەروەها <u>**پێکهاتەکانی لەش لەڕووی (تاك و کۆ) ، و (ناسراوی و نەسراوی)**</u> ، کە لە ڕووی تاك وکۆوە پێکهاتەکانی لەش ، بەناوی تاك دادەنرێن ، ئەگەرچی لە ڕۆنانی هەندێکیاندا نیشانەی کۆ (ان) هەیە وەك (نێوچاوان) ، کە بەنیشانەی سەرەکی کۆکردنەوە دادەنرێت ، کۆدەکرێنەوە . وەك ( چاوان ، پێیان ،خاڵان ، .....) . پێکهاتەکانی لەش نیشانەی ناسراوی ، وەردەگرن (ەکە) کە بە نیشانەی سەرەکی دادەنرێت (گۆشتەکە ، زمانەکە، ڕووەکە.....) ، و نەناسراوی کە (ێك ، ەك ، ێ) ، بە نیشانەی سەرەکی دادەنرێت لە هەمان کاتدا نیشانەی تاکیشە (دڵێك ، سەرێك ، بەژنێك ، .....) . کە نیشانەکانی کۆ و ناسراویش بەیەکەوە وەردەگرێت (جمگەکان ، ئەژنۆکان ، پەراسووەکان ،.....) . پێکهاتەکانی لەش لە کاتی کۆکردنەوە ، وناساندن ، و تاکاندندا ، بەهەمان ڕێگای ناوی تر بەگوێرەی ئەو دەنگانەی کۆتاییان پێدێت ئە نجام دەدرێت . کە ئەم مۆرفیمانە لە هەندێك باردا ، وەك مۆرفیمی وشە داڕێژیش ڕۆڵ دەبینن ئەگەرچی ئەم بەکارهێنانەیان لە زمانی کوردی بەرتەسکە و زۆر چالاك نییە ، بەڵام نموونەی لەم شێوەیە لە زمانی کوردی بەرچاو دەکەوێت ، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (بەشی سێیەم ، بەرهەمهێنانی گەردانی ل ٨٤) .

[٣٥٣] بۆزانینی هەموو ئەو کارانەی لەسەرەتاوە لەسەرناوکراوە بڕوانە ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٩) بەرگی یەکەم، مۆرفۆلۆجی ، بەشی یەکەم ، ناو، چاپخانەی کۆری زانیاری عێراق (ل١٧ تا ٩١) .

[٣٥٤] کە ئەمانە لە بەشی سێیەم لە گۆرانەکانی پەیوەست بە واتا بەشدار دەبن لە بەرهەمهێنانی واتایی (بڕوانە بەشی سێیەم بەرهەمهێنانی واتایی ل ٩٧ ) .

ب- ناوی گشتی: (بەو ناوە دەوترێ ، کەبەسەر هەموو گیاندار و بێ گیان و بیر و کارانەدا دابراوە کە خاوەنی یەك ڕەگەز و یەك جنسن .) هەموو ئەو وشانەی ناون بۆ پێکهاتەکانی لەش ناوی گشتین ، ئێسك ناوێکی گشتییە ، چونکە بە گشت ئێسکێك دەگوترێ ئێسك ، هەمان شت بۆ وشەکانی تری ( برۆ ، پێ ، جگەر ، خوێن ......) . ( لە زمانی کوردی ناوی گشتی دەتوانێ ببێتە ناوی تایبەتی ، واتە وای لێبێ کە مەبەست ناوی کەسێك بگەیەنێ ) ، کەواتە هەموو ئەو وشانەی کە ناوی پێکهاتەیەکی لەشن لە بنەرەتدا ناوی گشتین ، بەشێکیان بەر پرۆسەی تەسکبوونەوەی واتا کەوتوون هەندێ سیمایان لەدەستداوە بوون بە ناوی تایبەتی ، چونکە هەندێك لەپێکهاتەکانی لەش ئەو خاسیەتەیان لە خۆیان هەڵگرتووە ، کە چ بە سادەیی واتە وەکو خۆیان ، یان لە قاڵب و بۆتەی وشەی داڕێژراو یان لێکدراو ببن بە ناوی تایبەتی . (بڕوانە ناوی تایبەتی لاپەرەی پێشوو ) .

پ- ناوی کۆمەڵ : (ئەو ناوەیە کە لە ڕواڵەتدا تاك و لە ناوەڕۆکدا کۆ نیشان دەدات .) (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩:٩٨،٩٤) لەپێکهاتەکانی لەش وشەکانی : (دەستك ، دەسك ، قامك ، ....) ناوی کۆمەڵن .

(٢/٢-٢) **پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی ڕۆنان:-**

لەرووی ڕۆنان ناو لە زمانی کوردی کراوە بە دووبەش :-

أ - ئەو ناوانەی ناسادەن یان لە مۆرفیمێك زیاترن و دەتوانرێت بەسەرمۆرفیمدا دابەش بکرێن . بەشێك لە پێکهاتەکانی لەش دەکەونە خانەی ئەم جۆرە ناوانە، و دەتوانرێت بەسەر مۆرفیمدا دابەش بکرێن . وەك (منداڵدان ، میزدان ، .....) ، جگە لەمەش ناوی پێکهاتەکان بەشدار دەبن لەڕۆنانی ژمارەیەکی زۆر لە وشەی داڕێژراو ، لەوەش زۆرتر لە وشەی لێکدراو ، کە دەتوانرێت ، بەسەر مۆرفیمدا دابەش بکرێن .

ب - ئەو ناوانەی بەسەر مۆرفیمدا دابەش نابن . ژمارەیەکی بەرچاو لەناوی پێکهاتەکانی لەش لەو ناوانەن کە ناتوانرێت دابەشبکرێن بەسەر مۆرفیمدا وەك : (چاو ، گوێ ، دەم، دڵ ...) ، ئەوانەشی دابەش دەکرێن ، بە بۆچوونی ئێمە تازەترن و هێشتا چەمکە واتاییەکەیان لەدەست نەداوە ، بۆ نموونە لەکاتێکدا ( ئەنی ، تەوێڵ ، ...) ناون بۆ بەشێکی دیاریکراو لە رووی مرۆڤ ، کورد هەوڵی داوە ناوێکی تریشی لێبنێ ، تایبەتمەندی ئەو شوێنەی ، کە دەکەوێتە نێوان هەردوو چاو بکات بەلایەنێکی زەقی ئەو بەشەی لەش و وشەی (ناوچاوان) یان ( نێوچاوان )ی بۆدابرێژێ ، کە دابەش دەبن بەسەر مۆرفیم (ناو +چاو + ان ) (ناو +ناو + نیشانەی کۆ) ، هەمان شت بۆ (سپڵ) ناوەکانی (ئەسپوول ، دێدك ، سپل ، سپڵ ...) لە جۆری دووەمن ،(خالخالك ، فاتە رەشە ، گورگ نەخۆرە ) لە جۆری یەکەمن . یان هەندێك وشەی تر ، کە بەیارمەتی پێکهاتەیەکی لەش ڕۆنراون و ئاماژەن بۆ ناوی چەند جێگەیەکی دیاریکراوتری جەستە ، وەك ، لەکاتێکدا ( دەم ، شان ، مل ، ...) ، وشەی سادەن ، و ئاماژەن بۆ بەشێك لەلەش کە دابەشی سەر مۆرفیم نابن ، لەپاڵدا وشەکانی (ناودەم ، سەرشان، پشتمل ، ...) بەپێچەوانەی ئەوانن .

## (٢/٣) واتاسازی وشەی پێکهاتەکانی لەش

لەبەرئەوەی ناوی پێکهاتەکانی لەش دەچنە خانەی وشە لە ئاستی واتاسازیدا لە چوارچێوەی واتاسازی وشەدا لێیان دەکۆڵرێتەوە ، چونکە هەندێك لەو پەیوەندییە واتاییانە بە هۆکاری گەشەکردن و فراوانکردن و بەرهەمهێنان لە فەرهەنگ دادەنرێن وەك ( هاو واتایی ، فرەواتایی ، و گۆڕانە واتاییەکان ) بەمەش لەگەڵ بابەتەکەی ئێمە یەکانگیر دەبێت . سەرەرای ئەوەی واتاسازی وشەش هەوڵدەدات بەچەند رێگایەك گرفتی واتای وشەکانی فەرهەنگ چارەسەر بکات ، چونکە لێکسیکەکان لە فەرهەنگدا چەندین پەیوەندی واتایی لە نێوانیادا هەیە ،ناوی پێکهاتەکانی لەشیش وەکو یەکەی فەرهەنگی لەم ڕووەوە بەدەرنین ، واتاسازی وشەش لێکۆڵینەوەی کەمی لەسەر نەکراوە ، بەڵکو بۆ هەریەك لە یەکەکانی تا رادەی توێژینەوەی سەربەخۆ هەیە ، بەڵام ئەم لێکۆڵینەوەیە لە کۆمەڵە وشەیەکی دیاریکراوە ، کە وشەی پێکهاتەکانی لەشە . ( بەو پێیەی وشە فۆرمێکی زمانە و واتا ناوەرۆکییەتی و بە هەردووکیان هێما دروست دەکەن ، بەواتایەکە تر وشەی بێ واتا نابێتە هێما ، وشە واتادارەو و لەسەر ئەم بنچینەیەش فەرهەنگ دروستبووە .) (عبدولواحید موشیر ٢٠١٣:٢٤،٢٧) .

## (١-٣/٢) لێڵی واتای وشە Lexical ambiguity

بەشێکی پێکهاتەکانی لەش وەك زۆربەی وشەکانی زمان ، لێڵی لەخۆیانداو لەو یەکە فەرهەنگیانەی ڕۆیدەنێن دێننە ئاراوە ، چونکە (ئەو وشانەی یەك واتایان هەیە ، زۆر دەگمەنن .) (کلود جیرمان ، ریمون لوبلان ١٩٩٧:٤١) ، ئەم جۆرە لێڵیە بە ( لێڵی فەرهەنگی –Lexical ambiguity ) دادەنرێت . ئەمەش لەژێر ڕۆشنایی ئەو راستییەی کە بەشێك لە یەکە فەرهەنگییەکان ئەمجۆرە لە لێڵی دروست دەکەن و زیاتر لە واتایەکیان هەیە . ئەم لێڵیەش بەهۆی هاوبێژی و فرە واتاییەوە دروست دەبێت . وشە یان رستەیەکی ناڕوونە ، بە زیاتر لە واتایەك تێی دەگەین ، یان لێکدانەوەی بۆ دەکرێت . (Hyams & fromkin & Rodman ٢٠٠٢:١٨٠) ( ئەمەش پەیوەندی بە بە کارهێنانی وشەوە هەیە تا وشەیەك زیاتر بە کاربێت ئەگەری ئەوەی زیاترە ببێتە وشەی فرە واتا و هاوبێژ.) (عبدولواحید مشیر ٢٠١٠: ١٥٠) . کەواتە ، ناوی پێکهێنەرەکانی جەستەی مرۆڤ لەبەر بڵاوی و بەرفراوانی بەکارهێنانیان لە لایەن زۆرینەی تاکەکانی قسەپێکەری زمانەکان لێڵی فەرهەنگی دروست دەکەن ، وەکو هەندێك وشەی تایبەتمەندی بواری پسپۆری نین کەلەلایەن چەند چینێکی کەمی تاکەکان کۆمەڵگا بە کاربێن ، ئەوە سەرەرای شۆربوونەوەیان بە قوڵایی مێژووی زمانی کوردی ، کە وای لێکردوون لێڵی واتایی بەشێکی زۆری وشەکان بگرێتەوە لە شێوەی فرەواتا و هاوبێژ کە لەکاتی بیستن و خوێندنەوەیاندا گوێگر و خوێنەر بە زیاتر لە واتایەك تێیان دەگات .ئەمەش دەبێتە هۆی تێنەگەیشتن یان تێگەیشتن کەمێك دوادەکەوێت کە زۆرجار بە دۆزینەوەی دەوروبەرێکی گونجاو بە ئەنجام دەدرێت .ئەمەش دەبێت بە :–

(٢/٣-١-١) **فرەواتا polysemy**

ئەو وشەی زیاتر لەواتایەك دەدات ، بەڵام واتاکانی بەهۆی پەیوەندییەکەوە بە یەکتر بەستراونەتەوە . ( کلودجیرمان – ریمون روبلان ١٩٩٧: ٤١) . کە ئەو پەیوەندییەش نزیکی واتاییە ، و لە فەرهەنگیش بەیەك وشە تۆمار دەکرێن و دواتر ژمارە بۆ واتاکانی تر دادەنرێت (بوونی یەك شێوەی (نووسراو ، درکاو) ، و ژمارەیەك واتایە ، کە پەیوەندی فراوانبوونی واتا بەیەکی گرێداون . (YULE ٢٠٠٦:١٠٧) ، یان (لە فرە واتاییدا هەموو واتاکان لە ڕووی سەنگ و بەهای سیمانتیکییەوە ، بەرامبەر یەك ناوەستن ، چونکە مانایەکیان کە بنجی یە ( حقیقی ) دەبێت و ماناکانی تر ، بەڕێگای خواستنەوە بەدەستهاتوون .) (صباح رشید قادر ٢٠٠٠:٢٧ ) . کە لەم نموونانە پێکهاتەکانی لەش واتای بنجین لە ڕێگای خواستنەوە واتاکانیان فراوان بووە .

- گوێ

١- واتای راستەقینەی پێکهاتەیەکی لەش .

٢- واتای خواستراو وەك ( گوێ ی ڕووبار) ، (خواستن لە رووی شوێن) .

- خاڵ

١- خاڵی سەر جەستەی مرۆڤ .

٢- واتای خواستراو (خاڵی نووسین) ، (خواستن لە رووی لێکچوونەوە) .

- سەر

١- سەری مرۆڤ

٢- بەرامبەر بە (فتحە) ی عەرەبی . (خواستن لە ڕووی شوێن ) .

٣- واتای خواستراو بە واتای سەرەوە (خواستن لە رووی شوێن ) .

- سك

١- بەشێك لەلەش .

٢- مناڵی ناو زگ (خواستن لە ڕووی شوێن) .

- ناوك

١- ناوك لەلەش .

٢- ناوکی میوە (خواستن لە ڕووی شوێن) .

## (٢-١-٣/٢) هاوبێژ - Homonym

ئەو وشانەن ، کە بۆ یەك فۆرم زیاتر لە واتایەکیان هەیە ، بەڵام ( ئەو دوومانایە هەردووکیان مانای راستین (حقیقی ) هەریەکەیان لەبنچینەدا هی دوو وشەی جیان ، بەڵام بە هەر هۆیەك بێ لە ڕووی دەنگەوە جووت بوونە و بە مانای جیاوازی یەك فۆرم ماونەتەوە ، بە واتایەکی تر ئەو مانا جیاوازانە هەڵقوڵاوی یەك ڕەگەز نین .) (صباح رشید قادر ٢٢:٢٠٠٠ ) . کەواتە ئەو وشانەی وەك یەك دەردەبرێن ، و واتایان جیاوازە هاوبێژن لەگەڵ بەمەرجدانانی جیاوازی وشەکان لەڕووی ڕەگەزەوە ، کە ئەمە تەنیا لە ئاستی وشەدا نابینرێت ، ( کۆمەڵێ یان جووتێ دانەی مۆرفۆلۆجین یان سینتاکسین لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە لە دەربرینا یەکن ، بەڵام لە ڕووی سیمانتیکەوە ، لە ئەرك و واتاو ڕۆنان ورەگەزدا جیان . جیاوازی لە واتا پێویستی بە دەربرینی وردتر هەیە ، واتاکانیان جیاوازەو پەیوەندی واتایی لە نێوانیاندا نییە ، چونکە وشە هەیە دوو واتای جیاوازی هەیە ، بەڵام واتاکان لە بنجەوە یەکێکیان سەرەکییەو ، ئەوی تریان هەر لە سەرەکییەکەوە وەرگیراوە ، کە ئەمانە دەبنە وشەی پۆلواتا (فرە واتا) (فتاح مامە علی ١٩٨٩: ٤) ، ئەورەحمان پێی وایە (سەر) لە سەرکەوت ، ئاوەڵکارە ، و (سەر) ی (سەرتاش ، سەردان) ، ناون ، هاوبێژن ) (ئەورەحمانی حاجی مارف٢٠٠٠:-١ - ٣٠) ، بەڵام بە پێی ئەم توێژینەوەیە (سەر) نابێت بە پێشگر . لە باری بوون بە ئاوەڵکاریش هاوبێژ نییە ، هەر یەك لە (سەر ، پشت ، بەر ) ناوی پێکهاتەی لەشن و بەر دیاردەی گواستنەوەی واتا کەوتوون ، بەهۆی خواستن لە ڕووی شوێنەوە ، بوون بە ئاوەڵکار بە نەگۆڕانی شێوە و گۆڕانی واتا بوونەتە هۆی بەرهەمهێنانی واتایی لە فەرهەنگ ، دەکرێت لە هەندێ باریشدا هاوبێژی دروست بکەن ، بۆ نموونە (بەر) هاوبێژی دروستکردووە لەگەڵ / بەر / کە لە (/ب/ ی ڕەگی کار +/ ەر/) پێکهاتووە ، و بەر بەواتای (بەری دار) .... .......هتد ، لە بەشی یەکەم نموونەی زۆر لەپەراوێزی وشەکان بۆ هەردوو دیاردەکە تۆمارکراون :

| | |
|---|---|
| - بەند<br>١ - بەندی جومگەی لەش<br>٢ - بەند : پاشگری وشە دارێژ | - دان<br>١-ددان .<br>٢-پاشگر بە واتای شوێن .<br>٣-دانەوێڵە و گەنم .<br>٤-پێدانی شتێك بە یەکێك .<br>٥-تاقێك لە ڕۆژ . |
| - برژان<br>١-برژانگ .<br>٢-سووربووبوونەوەی شت بە ئاگ . | - زار<br>١- مۆرفیمی بەند .<br>٢-دەمی مرۆڤ . |
| - پانی<br>١- پاژنەی پێ .<br>٢- بەری شتێك بە پانی . | |

| | |
|---|---|
| - پێ<br>١- پێی ی مرۆڤ .<br>٢- پێ ی پێشگر | سی<br>١- سیپەلاك .<br>٢- ژمارە سی (٣٠) . |
| - پێشانی<br>١- نێوچەوان .<br>٢- (فە) بەیانی زوو . | شیر<br>١- شمشێر .<br>٢- شیری خواردنەوە . |
| - خاڵ<br>١- خاڵی سەر جەستەی مرۆڤ .<br>٢- برای دایك . | - سنگ<br>١- سینەی مرۆڤ .<br>٢- ئاسنێکی سەر تیژە لە دیوار و زەوی دەکوترێ |
| - ڕان<br>١- نێوان ئەژنۆ و سمت .<br>٢- مێگەل . | - دەم<br>١- کات .<br>٢- زار . |

بایەخی ئەم دوو دیاردەیە لە زماندا وەکو یەك نییە ( فرە واتایی ئابوورییە لە وشە و نەبوونی توانای زمان کەم دەکاتەوە و ژمارەی وشەی فەرهەنگ زۆردەکات ، بەڵام هاوبێژی بەشێکی گرنگ نییە لە زماندا ، چونکە لە چالاکی زمان کەم دەکاتەوە و ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر ئەو کەسانەی فێری زمان دەبن .) ( عبدالواحید مشیر دزەیی ٢٠١٠:١٠٧) . لەبەر ئەوەی ناوی پێکهاتەکانی لەش لە هەموو ئاستەکانی زماندا بە سەر بەخۆیی یان لە چواچێوەی ڕۆنانی تردا ، دەبنە هۆی دروستبوونی فرەواتایی و هاوبێژی ، کەواتە هەم ڕۆڵ دەبینن لە گەشەی ئابووریانەی زمان لە ڕێی فرە واتایی ، و هەمیش دەبنە هۆی زیادکردنی نا ئابووریانەی وشەی فەرهەنگ بەهۆی هاوبێژی ، کە بێگومان بە بەراورد بە وشەکانی تر ژمارەی وشە هاوبێژەکان کەمترە ،کە لە یەکەمیان بە ئاراستەی توێژینەوەکەمانە و لە دووەمیان پێچەوانە دەبێتەوە ، هۆکارەکانی دروستبوونی فرە واتایی و هاوبێژیش بۆ هۆکاری خودی زمانەکەو ، هۆکاری دەرەکی دەگەرێتەوە[٣٥٥] .

## (٢/٣-٢) پەیوەندییە واتاییەکان Lexical relationships

ئەو پەیوەندییانەن کە لەنێوان دانە فەرهەنگییەکاندا هەن لە چوارچێوەی زمانێکی دیاریکراودا ، دانە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەکانی لەش لە چواچێوەی زمانی کوردیدا چەندپەیوەندییەکی واتاییان لە نێواندا هەیە ، کە ئەمانەن .

### (٢/٣-٢-١) پەیوەندی ستوونی (جێنشینی – paradigmatic relation )

پەیوەندی نێوان ئەو یەکە زمانیانەیە ، کەهەندێکیان دەتوانن شوێنی هەندێکی تر بگرنەوە لە هەمان دەوروبەر . ( محمد علی الخولی ١٩٨٢:٢٠٢) .

---

[٣٥٥] بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە : ( فەتاح مامە علی ١٩٨٩ : ٢٨ - ٣٤ ) .

## (۱-۱-۲-۳/۲) هاوواتا[٣٥٦] synonymy

سەرەرای جیاوازی بۆچوون لە نێوان بوون و نەبوونی هاوواتا لەلای زانا کۆن و تازەکاندا ، یان دانانی مەرج بۆ دان نان بە بوونی[٣٥٧] . لەکاتێکدا زۆربەی زمانەوانەکان دان بە بوونی هاو واتا دەنێن ، بەڵام هەندێکیان بەلای ئەوەدا دەشکێنەوە کە نکۆڵی لە بوونی بکەن ، دیارترین زمانەوانی نوێخوازیش ، کە نکۆڵی لە بوونی بکات بلۆمفیلدە ، چونکە وا دادەنێت کە هەر ڕۆنانێکی زمانی واتایەکی جێگیرو تایبەتی هەیە ، گەر ئەو ڕۆنراوانە جیاواز بن واتاشیان جیاواز دەبێت ، بۆیە بوونی هاو واتای راستەقینە رەت دەکاتەوە .(محمد محمد یونس ۳۹۸،۳۹۹:۲۰۰۷) ، بۆیە هەندێ لەو پێناسانەی کراون . دوو وشە یان زیاتر ، کە واتایەکی زۆر نزیك لە یەکتریان هەبێت ، بەزۆری نەك هەمیشە بتوانن لە رستەدا لە شوێنی یەکتری لەچەند شوێنێکی تایبەتدا بەکار بهێنرێن . (Yule ۲۰۰٦:۱۰٤) ، یان هەندێکی تر بوارەکەی زۆر تەسك دەکەنەوە وەك ئەو وشانەن کە درکاندنیان جیاوازە ، ولەڕووی واتاوە یەکێکن . ( کلود جیرمان ، ریمو لوبلان ۱۹۹۷:٦۰) ، بۆیە دەکرێ بڵێن هاوواتا نزیکی واتاییە، نەك یەکسانبوون لە ڕووی واتاوە یان ئەو وشانەن یەك واتا دەگەیەنن ، و دەتوانن لەهەر سیاقێکدا بێت شوێنگۆرکێیان پێبکرێت . (ستیفن أولمان ۱۱۹:۱۹۹۷) .

### (۱-۱-۱-۲-۳/۲) جۆرەکانی هاوواتا

أ- هاوواتای تەواو synonymy completely

ئەم جۆرە هاوواتایە ژمارەیان زۆر کەمە تەنانەت (ئۆلمان Ulman) دەڵێت : دەتوانین بڵێن هاوواتای تەواو حاڵەتێکی زۆر دەگمەنە . بۆ ئەمەش دەبێت ئەو دوو مەرجەی تێدا بێت (ا) بتوانرێت لە هەموو دەقەکان لەشوێنی یەکتر بەکار بێن . (ب) لە ڕووی هۆشەکی و عاتیفی وەکیەك بن . (جون لاینز۱۹٦۸:۷۵) .هاتنە دی ئەو دوو مەرجەش کارێکی زەحمەتە . وە ئەوەی زیاتر هەڵی بوونی ئەم جۆرە لە هاو واتایە بەرتەسکتر دەکاتەوە ، ڕوودانەکەیەتی لە کاتێکی دیاری کراودا ، هەر زوو هۆکارەکانی لێڵی لە هێمابۆکراو ورەنگدانەوە سۆزی و هەڵچوونیەکان لە ناوی دەبەن ، هەرخێرا جیاوازی واتایی ورد لە نێوان هاو واتاکان دەردەکەوێ ، کە هەر درکێنراوێك بگونجێ بۆ (دەربڕین) تەعبیرکردن لە لایەنێك لە لایەنە جیاوازەکانی تاکە هێمابۆکراوێك . (محمد محمد یونس ٤۰۸:۲۰۰۷) .

ب- هاو واتای پەسنی Descriptive synonymy

کە بە هاو واتای ادراکی (cognitive synonymy) یان هاوواتای هێمایی ( referential synonymy) یش ناسراوە ، ئەمە تاکە جۆری هاوواتایە کە زۆرینەی واتاناسان بە هاوواتای دروست و راستەقینەی دادەنێن (جون لوینز۱۵۸:۲۰۰۹) مەبەست لەم جۆرە هاوواتایە ڕێککەوتنی دوو درکێنراو یان زیاترە بۆ یەك هێمابۆکراو وەك (یەکەم مرۆڤ دروستکرا لە دونیا ، یەکەم پێغەمبەر ،باوکی مرۆڤایەتی ، مێردی حەوا ...) ئاماژەن بۆ ئادەم . (محمد محمد یونس ٤۰٤:۲۰۰۷) نموونە بۆ ئەم دووجۆرەش وەك ئێمە پێشبینی ناکەین کە هەموو قسە پێکەرانی زمانی ئینگلیزی هەموو وشەی هاوواتاکانی یەك کۆمەڵە بەکاربهێنن ، ئەگەر لەهەموو وشە هاوواتاکانیش بگەن ، وەنموونەی دووەم راستی دووەممان بۆ

---

[٣٥٦] بۆ زانینی ئەو کارانەی پێشتر لەو بوارە کراون بڕوانە (شێروان حوسێن خۆشناو ۲۰۱۱: ۸۱ – ۱۰٤).

[٣٥٧] بۆزانیار زیاتر بڕوانە ( ئارا عەلی ئەحمەد۲۰۰۷: ٦۳ - ۷۰ ).

دەسەلمێنێت ، کە لەوانەیە قەدەغەکراوی کۆمەڵایەتی ، یان کۆت و بەندی کۆمەڵایەتی هەبێت ، کە بەکارهێنانی هەندێ وشە ئاماژەیە بۆ سەر بە کۆمەڵێکی دیاریکراو . (جون لوینز ۲۰۰۹:۱۵۹) .

## (۳/۲-۲-۱-۱-۲) هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوواتا لە ناوی پێکهاتەکانی لەش

بەشێوەیەکی گشتی هۆکارەکانی پەیدابوونی هاوواتا بریتین[۳۵۸]

۱- بوونی زار و شێوەزار :- ئەگەرچی لە بەشێك لە سەرچاوەکان وشەکانی دوو دیالێکتی جیاوازی زمانێك بە هاوواتای یەکتری دانراون ، هەندێکی تر پێیان وایە مەرجی هاوواتا بوون ، ژینگەی زمانی یەکسانە[۳۵۹] ئایا زمانی کوردی یەك ژینگەیە ، یان بەسەر کۆمەڵێك ژینگەی جیاوازدا دابەش دەبێت ، کە لەناوخۆیاندا یەکسانن . ئەمەش دەمانباتەوە بۆ ئەو خاڵەی شێوەزارەکانی زارێك لەناو خۆیاندا تاچەند ژینگەکانیان یەکسانن ، بۆیە ئێمە ئەم هۆکارە بۆ دوو چەشن جیادەکەینەوە .

ا- هاوواتا لە نێوان زارەکانی زمانی کوردی :- کە بەشێکی زۆری پێکهاتەکانی لەش دەگرێتەوە ، هۆکاری سەرەکی دروستبوونی هاوواتایە لەو ناوانە، کە زۆرجار ئەمەش (لە ئەنجامی لێك نزیکبوونەوەی هەندێك دەنگ یاخود لە ئەنجامی خاسیەتی تایبەتی بەشە دیالێکتەکان و دیالێکتەکانی کوردیدا پەیدا بوون .) (ئەورەحمانی حاجی مارف ۱۹۷۵:۲۱) واتە لە ئەنجامی گەشەو گۆرانی دەنگی دروستبوون وەك :-

چاو ≈ چاڤ ، سك ≈ زگ ،....... .

ب- هاوواتا لە خودی یەك زار :- لەم جۆرە ، فاکتەرە زمانیەکانییەخودی و دەرەکییەکانی تر ڕۆڵ دەبینن جگە لە دیالێکت .

۲- بەکارهێنانی شێوازی جودا:- هۆکارێکی تری پەیدابوونی هاوواتا لە ئەنجامی بەکارهێنانی شێوازی جودایە لە چۆنییەتی داڕشتن و ڕۆنانی بەشێك لە وشەکان ، کە شێواز کۆمەڵێك توانستی زمان بەدەستی دێنێت ، و نووسەری سەرکەوتوو، گەورەترین ئەندازەی دەقۆزێتەوە ،کە ئامانجی تەنها گەیاندنی واتا نییە ، بەڵکو پێویستەواتاکە بە ڕوونترین وباشترین وجوانترین شێوە بگەیەنرێت ، ئەگەرئەمە نەهاتە ئارا ، نووسەر شکست دەهێنێت و شێواز لە دەست دەدرێت . (عبد السلام المسدی ۱۹۸۲:۸۵) بۆیە زۆرجار بۆئەفراندنی دەقی باڵا ،یان شێوازی بەرز ، لە زمانی ئەدەبی ، و زمانی زانستی .... ، نووسەرەکان ئەو وشانە بەپەسەندتر دەزانن کە دەبنە هۆی هێنانە بوونی دەقی بەرزتر لە ڕووی شێوازەوە ، لە هاوواتا کانیان کە ئەم ئامانجەیان بۆ ناهێنێتەدی .

لەبری ( فاتە رەشە ≈ سپڵ ) ، و لەبری ( سکپڕ ≈ دووگیان ) ، ..... هتد .

۳-وەرگرتن :- سەرەرای هەبوونی وشەی کوردی بۆ بەشێك لە ناولێنراوەکان ، بەڵام بەهۆکاری جیاواز بۆ هەمان ناولێنراو وشە لە زمانانی ترەوە وەرگیراوەو هاتوونەتە ناو زمانی کوردی لەگەڵ وشە کوردییەکان بوون بە هاوواتای یەکتر ، ئەمەش لە بەشێك لە ناوی پێکهاتەکانی لەش دیارو بەرچاوە ، لە کاتێکدا وشەی ڕەسەن و تایبەت بە بەش و ئەندامەکانی لەش بەدی دەکرێت ، بەڵام پەنا دەبرێت بۆ وشەی وەرگیراو، وەك:

---

[۳۵۸] بروانە ( ئەورەحمانی حاجی مارف ۱۹۷۵:۲۱- ۲۳ )

[۳۵۹] ( شێروان حوسێن خۆشناو۲۰۱۱:۴۹ )

( پێ ≈ قدم ، بربره ≈ فقرة ، گەدە ≈ معدة ، گورچیله ≈ کلیة ، منداڵدان ≈ رحم ، میزڵدان ≈ مثانة ، خووه ≈ عرقه، مێشك ≈ عقل ، ..... ) ، لەکاتی هاتنی بەشێك لەو وشانە کەوتوونەتە ژێر کاریگەری دەنگسازی زمانی کوردی ، لە کاتێکدا بە شێك لەو وشانە بواری بەکارهێنانی وشە وەرگیراوەکەی زیاترە ، بەڵام ئەمە هەموو پێکهاتەکانی لەش ناگرێتەوە .

٤-تابۆ (Taboo) :- بڕوانە بەشی سێیەم (٢/٣-٢-٢-٤) خاڵی سێیەم .

ناوی پێکهاتەکانی لەش خودی خۆیان یان له چوارچێوەی یەکەی زمانی تردا دەبن بە هاوواتای یەکتری،وەك :-

ا- خودی ناوی پێکهاتەکانی لەش :- کە زیاتر لەو پێکهاتانەن ، کە ئەندامانی زاوزێ ، و شەرمە جێگەکانن ، یان پاشەڕۆکانن . وەك (پیسایی ≈ پاشەڕۆ ≈ ...و ، پاشەوە ≈ دواوە ≈ ق...ن ، سنگ ≈ مەمك ، هاوواتای زێ ، و هاوواتای زەکەر(کە لە ذکر) ی عەرەبییەوە هاتووە ،.....) .

ب- ناوی پێکهاتەکانی لەش لە چوارچێوەی یەکەی زمانی تردا ، بڕوانە وشە هێڵ بە ژێر داهاتووەکان .

- <u>مەمکدان</u> ≈ سوخمە ≈ ستیان .
- <u>چاوی بە دونیا هەڵێنا</u> ≈ <u>هاتەسەردونیا</u> ≈ <u>ڕۆشنایی بە چاوی دیت</u>
- <u>سەری نایەوە</u> ≈ <u>گیانی سپارد</u> ≈ <u>گیانی بەخت کرد</u> ≈ <u>دڵی لە لێدان کەوت</u> ≈ <u>دەمی لێکنا</u> ≈ <u>چاوەکانی داخست</u> .

(٢/٣-٢-١-١-٣) <u>**هاوواتا له فۆنیم وشەی پێکهاتەکانی لەش**</u>

١- <u>**هاو واتا له فۆنیمدا**</u>

فۆنیم ئەو یەکە دەنگییە ئەبستراکتانەن کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی دوو وشە لە ڕووی واتاوە ، بەڵام ((ئەگەر دوو فۆنیم بتوانن لە شوێنی یەکتری بە بێ گۆڕانی واتای وشەکە بەکاربهێنرێن ، ئەوا ئەو دوو فۆنیمە دەبنە سینۆنیمی یەکتری ، بەوەی کە هەندێك لە پێوەرەکانی بە سینۆنیم بوونیان پێوەیە )) (شێروان حوسێن خۆشناو٢٠١١:١٠٧) ، ئەمەش لە بەشێك لە وشەی ناوی پێکهاتەکانی لەش لە فەرهەنگ دەبینرێت بەتایبەتی ، لەیاساکانی دەنگگۆڕکێ و جێگۆڕکێی دەنگی ئەگەر نەبنە هۆی گۆڕینی واتا .

دەنگگۆڕکێ وەك :- له بزوێن : / وو / ≈ / ۆ / خوون ≈ خۆن

/ ا / ≈ / ێ / پا ≈ پێ

نەبزوێن : / ڤ / ≈ / ف / ناڤك ≈ نافك

/ خ / ≈ / غ / قەبرخە ≈ قەبرغە .

جێگۆڕکێ وەك : ( جگەر ≈ جەرگ ، جمگە ≈ جگمە ، ........) .

## ٢- هاوواتا له ئاستی وشەدا

بوونی ئەو دیاردەیە لە ئاستی وشەسازی تەنیا لە مۆرفیمە سەر بە خۆکاندا نابینرێت ، بەڵکو لە لە مۆرفیمە ڕێزمانی و ( ان ، ها ،ات ، گەل ) .... ، و مۆرفیمە وشە دارێژەکانیش دەبینرێت وەك لە مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە (مەمکۆڵە ≈ مەمکۆکە ، بسکۆڵە ≈ بسکۆکە ) ، لە مۆرفیمەسەربەخۆکانیش دەبینرێت جا چ لە وشە ئەرکییەکانی وەك (خۆزگە ≈ بریا ≈ کاشکی ، ....) ، یان لە وشە فەرهەنگییەکان ، کە ئەوەی دەچێتە خانەی بابەتەکەی ئێمەوە ، وشە فەرهەنگییەکانن ، کە بە چەند شێوەیەکی جیاواز پێکهاتەکانی لەش لەم جۆرە هاوواتایە دەبینرێت .

ا- لە وشەی سادە :- وشەی سادەی پێکهاتەکانی لەش دەبن بە هاوواتای یەکتری ، کە لە ژمارەیەکیاندا وشەهاوواتاکانیان ناسادەن ، و ئەوانە هەندێکیان لەچوارچێوەی زارە جیاوازەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێن ، بەشێکی تریان لەسنووری یەك زار . وەك :-

یەکەم :- یەك زار

| | |
|---|---|
| ئەژنۆ ≈ چۆك | بیڤل ≈ دفن |
| مل ≈ ئەستۆ | ڕووْ≈ دەموچاو |
| پەنجە ≈ ئەنگوست | ردێن ≈ ریش |
| کەپوو ≈ لووت | دەم ≈ زار ........ هتد |

دووەم :- زارە جیاوازەکانی زمانی کوردی

| | |
|---|---|
| ئەژنۆ ≈ زرانی ≈ چۆك | پدوو ≈ خازمیك ≈ هاروو |
| ئەنیشك ≈ بلەمرك ≈ هەرەزەنی | جگەر ≈ کەزەب ≈ یەهەر |
| بەلەك ≈پووز ≈ چۆقل ≈ دوریش | چاو≈ دیدە |
| پەنجە ≈ قامك ≈ تبل ≈ ئەنگوست | دەمار≈پەی ≈ ڕەگ |
| پاژنە≈ جیك | ڕیخۆڵە ≈ ریڤی ≈ ناوەرە |
| چەناگە≈ ئەرزەن | سپڵ ≈خاڵخالك≈دێدك≈فاتەرەشە≈شمش≈ گورگ نەخۆرە |
| کوڵم ≈ گۆنا ≈ ڕوومەت | سیپەلاك ≈پش≈ شووش |
| کەپوو ≈ لووت ≈ بیڤل ≈ دفن | کرکراگە ≈ خرمووچك ≈ زەنگەلۆر |
| ئەنی ≈ توێڵ ≈پیشانی ≈دەیلەم ≈ نێوچاوان | گورچیلە ≈ وڵك |
| ئێسك ≈ پێشە ≈ پەلان | مناڵدان ≈پاوور≈ چارۆکە ≈پسدان |
| پەراسوو≈ دەندە | فرمێسك ≈ ئەسرین≈ئەشك ≈ ڕۆندك ≈ هێستر ....هتد |

ب- لەوشەی داڕێژراو:(یان بە بێ دووبارەی کەرتێ ڕوودەدات ، یان تەنها کەرتێك ئەم دیاردەیە دروست دەکات ، جا کەرتەکە مۆرفیمە بەندەکە دووبارە ببێتەوە ، مۆرفیمە سەر بەخۆکان بووبن بە سینۆنیم ، یان بە پێچەوانەوە .) (سەرچاوەی پێشوو ل١٣١) .کە لەباری مۆرفیمە سەربەخۆکانی بەشداربوو لە دارشتنی وشەداڕێژراوەکان پێکهاتەکانی لەشیش دەبینرێن ، وەك :-

بازوو بەند ≈ قۆڵبەند

خاڵدار ≈ بەخاڵ

پ- لە وشەی لێکدراو:- یان هیچ یەکێك لە کەرتەکان دووبارە نابنەوە

گیان سپاردن ≈ سەرنانەوە

قۆڵبەست ≈ دەست بەسەر

( یانیش تەنها کەرتێك ڕۆڵ دەبینێت کەرتەکەی دیکەیان هەر بەو واتاو فۆرمە دووبارە دەبێتەوە ) (سەرچاوەی پێشوو ل ١٣٣).جا ئەو کەرتە یەکەم بێت یان دووەم ،دەگونجێ لە یەك یان دوو پێکهاتەی جیاوازبن .

دەم درێژ ≈ زمان درێژ

سك سووتان ≈ دڵ سووتان

خوێنخۆر≈ خوێنمژ

سەرداخستن ≈ سەردانەواندن

خوێن جگەر≈ خوێنی دڵ (ف . ك . ل٣٨٨)

( لە هەندێك وشەی لێکدراوی بەستراودا وشەی دووەم هەمان واتای وشەی یەکەمی هەیە یان واتایەکی نزیك بەوی هەیە.) ( محمد معروف فتاح ١٩٨٩:١٤٣) وەك (پێ و قەدەم ،بەژن وبالا ، سینگ و بەرۆك ، شان و پیل ، لچ و لێو ، ...) ، کە دوو وشە سادەکە دەبنە هاو واتای یەکتر .

مەرجیش نییە هاو واتای وشەیەکی سادە ، سادەبێت ، هەمان شت بۆ داڕێژراو لێکدراویش ، گرنگ نزیکی واتایی و بوون بە هاو واتای یەکترە ، کاتێك پێکهاتەکانی لەش بەشداردەبن لە ڕۆنانی وشەی داڕێژراو و لێکدراو ئەو وشانە لە گەڵ وشەی سادەی تر، یان لە ناو خۆیاندا ، و لەگەڵ وشەی تر دەبنە هاوواتا . جا ئەگەر وشە هاووتایەکەی بەرامبەر پێکهاتی لەش لە ڕۆنانیدا هەبێت یان نا ، یان لە یەك بەشی ئاخاوتندا بن ، یان لە بەشەئاخاوتنی جیا ، ئەم دیاردەیەش لە هەموو بەشە ئاخاوتنەکاندا ڕوودەدات و بەدی دەکرێت .

وەك :- سادە و سادە : کوڵم ≈ گۆنا.

سادەوداڕێژراو : بازن ≈ دەسینە ، بوێر ≈ بەجەرگ .

داڕێژراو و داڕێژراو : ملدار ≈ بەمل .

سادە لێکدراو : کەر ≈ گوێ درێژ ، هەژار ≈ دەستکورت .

داڕێژراو و لێکدراو :پەنجەوانە ≈ دەسکێش ، کوشتنەوە ≈ سەربرین .

لێکدراو لێکدراو : چاولێبوون ≈ یارمەتی دان ، سەرشۆڕ ≈ ملکەچ .

سەرەرای ئەوەی بەشێوەیەکی گشتی لەناو زمانەوانیدا لە ناو زمانەوانی کوردیش بەتایبەتی لە روانگەی نەرێنییەوە لێی دەروانن بە بارگرانی دادەنێن بەسەر زمانەوە ، بەلآم لایەنی گرنگ و پر بایەخیشی هەیە[٣٦٠] ، وەك لەدەربرینی واتا ئەگەرەکانی بەردەم قسەکەر والأتر دەکات بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی ، و لە نووسینی فەرهەنگە یەك زمانییەکان ،کە لەسەر بنەمای هاو واتایە ، لە زمان فێرکردندا ، کەسی بەرامبەر ئەگەر لە واتای وشەیەك نەگات لە ڕێگای وشە هاوواتاکەوە دەتوانرێت ئاسانکاری بۆ بکرێت ، یان لە ڕوونکردنەوەی تەم و مژ و لێڵیدا چ ئەوانەی لە وشە یان لە رستەدا دروست دەبن و بەهێزکردنی زمان و ڕازاندنەوەو دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمان کە لە هەموو ئەوانەشدا پێکهاتەکانی لەش ڕۆڵی دیاریکراو و تایبەتی خۆیان هەیە . ئەو خاڵەی زیاتر بەلای ئێمەوە گرنگە رۆلیانە لە گەشەی فەرهەنگی زمان کە بوونی ئەو هەموو وشەهاوواتایانەی پێکهاتەکانی لەش ، بوونەتە هۆی گەشەی زمان و زیادکردنی ژمارەی وشەکانی فەرهەنگ ، وە لە دارشتنی فەرهەنگە یەك زمانییەکان بەلای ئێمە خالێکی پر بایەخی ترە کە بەهۆی هاوواتاوە دەبێت، کە پێکهاتەکانی لەش ڕۆڵی تێدا دەبینن .

## ( ٢-١-٢-٣/٢ ) **داپۆشین hyponymy**

داپۆشین ، گرتنەوە ، یان هایپۆنیم ( دیاردەیەکی پەیوەندی واتایی فەرهەنگییە ، ....، کە لێکسیمێکی تایبەت (وشەی ژێرخان – هایپۆنیم ) بە لێکسیمی گشتییەوە (وشەی سەرخان ) دەبەستێتەوە ، وشە ژێرخانەکان لە ناو خۆیاندا دەبنە کۆ هایپۆنیمی یەکتر ، هەروەها سیما بنەرەتیە هاوبەشەکان لە نێوان ژێرخان و سەرخاندا دەبنە جەمسەر لە گرێدانیاندا.) ( عەبدوڵلا عەزیز محمد ١٤:٢٠٠٥) ، کاتێك واتای وشەیەك ، واتای وشەیەکی تر بگرێتە خۆی ، پەیوەندییەکە هایپۆنیمە . (Yule ٢٠٠٦:١٠٥) کە چەند وشەیەك لە ژێر چەتری یەك وشە کۆدەبنەوە ، ئەو وشانەن کە بۆ هەمان پۆل دەگەرێنەوە ، داپۆشین چەمکی ( لەخۆگرتن – inclusion ) مان بیردەخاتەوە ، بۆ نموونە زەنبەق گوڵ لە خۆی دەگرێت شێر و فیلیش ئاژەڵی شیردەر ، بۆیە لەخۆگرتن بابەتی ئەندام بوونە لەپۆل . (ف . بالمر ١٩٨١:١٠٠،٩٩) . ( هایپۆنیم و هایپەرنیم دوو وشەن ئامارە بە پەیوەندی واتایی داپۆشین دەدەن ، ئەو وشەی کە گشتییە پێدەگوترێت (hyperonym ) یان (hypernym) ، یان (superordinate) وەك (باڵندە) ئەوەی کەزیاتر تایبەتە پێدەگوترێت (hyponym) یان ، (subordinate) وەك (کۆتر) ، بەم پێیە هایپۆنیم پەیوەندی گشتییە بە تایبەتەوە ، یان ئەو پەیوەندییەیە کە وشەی تایبەت بەگشتییەوە دەبەستێتەوە) ( عەبدوڵلا عەزیز محمد ١٢:٢٠٠٥) ، دیاردەی هایپۆنیم لە ژێرخانەکەدا دروست دەبێت ، ئەو وشانەش کە پێکەوە دێن دەبن بە (co-hyponymy) کۆ هایپۆنیم ،کە یاسای هایپۆنیم ڕێگا دەدات کە بڵێن – هەموو کاکۆڵێك مووە ، بەلآم هەموو موویەك کاکۆڵ نییە ، کەواتە کاکۆڵ جۆرێکە لەموو .

### تاییە تمەندی هایپۆنیم

١–هایپۆنیم پەیوەندییەکی کاریگەری یەك لایەنەیە ، بە واتای هەمیشە هایپۆنیم (وشەی ژێرخان) سەرخانەکەی خۆی دەگرێتەوە ، نەك بە پێچەوانەوە ، نەك وشەی سەرخان ژێرخان بگرێتەوە .

ئەمە قژە ، ئەمە ئەوە دەگرێتەوە کە قژ مووە .

ئەمە پەراسووە ، ئەمە ئەوە دەگرێتەوە کە پەراسوو ئێسکە .

---

[٣٦٠] بۆ زیاتر زانیاری بروانە : ( سەرچاوەی پێشوو٢٠١١ : ٧٠– ٧٥ ) .

٢-هایپۆنیم پەیوەندییەکی واتایی تێپەراندنە ، ئەگەر (X) هایپۆنیمی (y) بیت ، (y) هایپۆنیمی (Z) بیت ، کەواتە (X) دەبێت بە هایپۆنیمی (Z) .

٣-کۆ هایپۆنیمەکان هەندێ جار لە ناو خۆیاندا و بە پێی واتایان دەبنە پێچەوانە لەگەڵ یەکتردا . ( سەرچاوەی پێشوو ل ١٦).

## داپۆشین لە پێکهاتەکانی لەش

لە ناوی پێکهاتەکانی لەش چەندپەیوەندیەکی هایپۆنیمی دەبینین ، وەك هەموو جۆرەکانی ماسولکە دەبنەهایپۆنیمی ماسولکە و هەموو جۆرەکانی ریخۆڵە دەبنە هایپۆنیمی ریخۆڵە ، هەموو ئێسکەکانی لەش دەبن بە هایپۆنیمی ئێسك ، و پەنجە دەبێتە سەرخان بۆ پێنج پەنجەکانی دەست جۆرە جیاوازەکانی موو لەژێرخانی موودا کۆدەبنەوە ...... هتد . لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو .

موو

ئەگریجە - برژانگ - برۆ - پرچ - ڕیش - زوڵف - سمێڵ

ئێسك

پەراسوو - بڕبڕە - کلێنچکە - کەللە - شەویلاگ - چەڵەمە - کلۆت - ئێسکی ران

ریخۆڵە

ریخۆڵە ئەستوورە - ریخۆڵە باریکە - ریخۆڵە کوێرە

پەنجە[٣٦١]

تووتە - براتووتە - بالأبەرزە - دۆشاومژە - ئەسپێ کوژە

[٣٦١] پێنج پە نجەکان ( کە ئەمانە لە زارو شێوە زارەکاندا چەندین ناوی تریان هەیە ) .

لەو نموونانەی سەرەوە ئەگەر ( موو ) بە نموونە وەربگرین ، دەبێتە سەرخان ، لەبەرئەوەی سەرجەم تایبەتییە گشتییەکانی لەخۆگرتووە ، و وشەکانی (ئەگریجە ، برژانگ ، برۆ،پرچ ،ڕیش ، زوڵف ، سمێڵ ) ، دەبن بە ژێرخان ، و دیاردەی هایپۆنیم دروست دەکەن ، لەناوخۆیادا دەبنە ( کۆهایپۆنیم – co-hyponymy) ی یەکتر ئەمە بۆ هەموو نموونەکانی دیکەش دەشێ و راستە .

## (٣-١-٢-٣/٢) **بەش لە گشت partonymy & part- whole relation**

بەش لەگشت وەك بابەتێکی فەرهەنگی لە واتاسازی لێکسیکی (lexical semantics) گرنگی پێدەدرێت ، ( زاراوەی پارەوانی partonymy بۆ یەکەمجار لەلایەن Cruse ەوە بەکارهاتووە ، کە لە زمانی کوردیدا زاراوەی پارە و گشتی بۆ بەکارهێنراوە ، مەبەست لە پارە ،پارچە و بەشە ، گشتەکەش هەموو ئەو پارانە (بەشانە) بە خۆوە دەگرێت کە لێیان پێکهاتووە ) (یوسف شریف ٢٠١١:١٥٤) . کەواتە ئەو پەیوەندییە فەرهەنگییەیە کە لە نێوان ئەو وشانەدا هەیە کە بەشێکن لە وشە گشتەکە نەك جۆرێك لەو .

لەم خشتەی خوارەوە (X) هێمایە بۆ پارە (بەش)، و (y) هێمایە بۆ گشت .پێکهاتەکانی لەش چەندین پەیوەندی واتایی بەش و گشتیان تێدا دەبینرێت .

سەر (y) گشت وشە

برژانگ (X) برۆ(X) پێڵوو(X) چاو(X) دەم(X) روومەت (X) سمێڵ(X) گوێ (X) لووت (X) لێو(X)

کە پارە وشەکان دەکرێ جارێکی تر ببنەوە بە گشت وشە بۆ پارە وشەی تر کە بەشێکن لێیان ، بۆ نموونە لەو وشانەی سەرەوە چاو و دەم دەبنەوە گشت وشە بۆ پارەوشەی تر .

دەم (y)

پووك (X) ددان (X) زمان (X)

چاو (y)

سپێنە (y) (x)

گلێنە (رەنگێنە) (y) (x)

بیلبیلە(X)

چەندین پەیوەندی تری پارەو گشت لە وشەی پێکهاتەکانی تری لەش دەبینرێت وەك (لنگ دەبێتە گشت وشە بۆ پارە وشەکانی (ڕان ، ئەژنۆ ، بەلەك، پێ ، پاژنە ، پەنجە ، نینۆك ) ، باڵ دەبێتە گشت وشە بۆ پارە وشەکانی (شان ، قۆڵ ، باسك ، دەست ، پەنجە ، نینۆك ) ،یان لە کۆئەندامی هەناسە (سی و قوڕگ ) ، و لە هەرس (دەم ، گەروو ، گەدە ، جگەر ، ریخۆڵە، ... ) ، لە سوران (دڵ و خوێن و دەمار، ...) ، پۆشەر (پێست ، موو ، نینۆك ) دەبنە پارە وشە و گەلێکی تری وەك زاوزێ و دەرهاوێشتن هیتردا دەبینرێن .

بەش لە گشت لە ڕووی پێکهاتنی هەرەمی هەمان دابەشکردنی داپۆشینی بۆ دەکرێت ، بەڵام جیاوازییان لە لایەنی پۆلینکردنەکان دایە بەتایبەتی لە گۆڕینەوەی زاراوەکانی سەرخان (پۆشەر) ، و ژێرخان (پۆشراو) لە داپۆشیندا بە زاراوەکانی (گشت وشە) ، و (بەش) لە پارەوانی ، بەڵام جیاوازییان لەوەدایە کە ( لە هایپۆنیمدا دەبێت ئەو ئەندامانەی لەژێر وشەی سەرەکی کۆدەبنەوە هەموویان جۆرێك بن لەو ، بە پێچەوانەی پارەوانییەوە کە ئەندامەکان جۆرێك نین بەڵکو بەشێکن .) (عبدالله عزیز محمد ۲۰۰۵:۱۰۰) .

## (۲/۳-۲-۱-٤) **جیاوازی** Incompatibility

جیاوازی بەستراوەتەوە بە بیرۆکەی نەرێ ، وەك دژواتا ، ئەو کاتە بەرجەستە دەبێت ،ئەگەر وشەکان یەکتر دانەپۆشن . (أحمد مختار عمر۱۹۹۸:۱۰۵) کەواتە مەرجی هاتنە دی جیاوازی نەبوونی داپۆشینە .پەیوەندی جیاوازی لە نێوان پێکهاتەکانی لەش بەم شێوانە دەبینرێت وەك :-

جیاوازی بەش لەگشت :- ئەو جیاوازیەش لە نێوان ئەندامەکانی بەش لە گشت دەبێت ، بڕوانە بەش لە گشت وەك لە پەیوەندی نێوان ( برژانگ ، برۆ ، پێلوو ، چاو ، دەم ، رومەت ) جیاوازییە ، چونکە هەر وشەیەك لەو وشانە، بە شێکە لە (سەر) ، و یەکتری داناپۆشن .

جیاوازی داپۆشین :- وەك جیاوازی نێوان (پەراسوو ، بڕبڕە ، کلێنچکە ، کەللە ) کە ئەمانە هیچیان یەکتری داناپۆشن ، ئەگەرچی وشەی (ئێسك ) دایان دەپۆشێت . ....... هتد .

## (۲/۳-۲-۱-۵) **دژواتا** Antonymy

ئەو وشانەی واتاکانیان بەرامبەر یەك دەوەستن بە دژواتا دادەنرێن ، لەم پەیوەندییە واتاییە چەندین جۆری جیاوازی دژواتایی لە نێوان یەکە فەرهەنگییەکان دەبینرێت ، سەرەرای زۆری ئەو پۆلینانەی[۳٦۲] زمانەوانەکان کردویانە ئەم توێژینەوەیە پشت بە دابەشکردنی (جۆن لاینز- John Lyons) دەبەستێت . لەگەڵ ئەوەی لە ناوی پێکهاتەکانی لەش جگە لە دژواتای ئاراستەدار هیچ دژواتاییەکی تر نابینین ، بەڵام لەو یەکە فەرهەنگیانەی ڕۆناندوویانە ، دژواتای زۆر دەبینرێت ، کە زۆرجار دژواتاکە لەو وشەو مۆرفیمانەیە کە لەگەڵ ناوی پێکهاتەکانی هاتوون ، بەلابردنی ناوی پێکهاتەکانی لەشیش ئەم وشە و مۆرفیمانە هەر بە دژواتا دەمێننەوە .

---

[۳٦۲] بۆ زانینی ئەو پۆلێنانەی زمانەوانەکان کردوویانە بۆ دژواتا بروانە (هدى عبدالقادر قاسم ۲۰۰۸ : ٤۱ - ٥۷ ) .

١- **دژواتای تەواوکەری** ( complementary )

بە دژواتای بێ پلە (non gradadable - ungradable) ش دەناسرێت ، وەك (زیندوو / مردوو) ، (نێر / مێ) ، ئەم جۆرە دژواتایە وشەکان بەسەر دوو بەرەدا دابەش دەکات ، بێ داننان بەبوونی پلە وەك ( زۆر ، کەم ، تاراددەیەك) ، و نەرێ کردنی یەکێکیان واتای داننانە بە ئەوەکەی تر ( أحمد مختارعمر١٠٢:١٩٩٨) . یان دابەشبوونی بواری واتای دوو وشەیە بەجۆرێك پلەیان لە نێواندا نەبێت . ( سالم سلیمان خماش ٧٢:١٤٢٨).

٢- **دژواتای پلەدار**

( implicitlygraded antonymy-gradable antonymy -non complementary ) لەم جۆرەدا پلەهەیە ، نەرێ کردنی یەکێکیان مانای داننان نییە بە ئەوەکەی تر ( أحمد مختارعمر١٠٢:١٩٩٨) ، یان ئەو دژواتایەیە لە نێوان دوو جەمسەرەکەیدا پلە هەیە . ( سالم سلیمان خماش ٧٢:١٤٢٨) . وەك (سارد ، گەرم ) (کە لە نێوانیاندا پلە هەیە ) : وەك ئەم دژواتایانەی خوارەوە کە پێکهاتەکانی لەش لە ڕۆنانی بەشێکیاندا هەیە .

| | |
|---|---|
| ئێسك سووك / ئێسك گران . | دەست پێکردن / کۆتایی پێهێنان |
| بە جەرگ / ترسنۆك | دڵشاد / خەمبار |
| بەدەم و زمان / بێ دەم و زمان | ڕوو سپی / ڕوو ڕەش |
| چاوتێر / چاو برسی | سەر بەرز / سەر شۆر ............... هتد . |
| دەستپێك / کۆتایی | |

٣- **دژواتای پێچەوانە** conversesnsess

ئەو دژواتایە لە نێوان دوو وشەدا هەیە ، کە لە ڕووی واتاوە پەیوەندییان لە نێواندا هەیە . ( سالم سلیمان خماش ٧٢:١٤٢٨) (باوك / کور ) ، (نێچیرەوان / نێچیر ) (کرین / فرۆشتن ) ( سەرۆك / ژێر دەست ) ( سەرکەوتوو/ شکست خواردوو ) .

٤- **دژواتای ئاراستەدار** directional opposition

ئەمجۆرە (Lyons ) ناوی ناوە ، هەر کاتێك جووڵەی تەنێك لە شوێنێك بە دوو ئاراستەی دژبوو . ( أحمد مختارعمر١٠٤:١٩٩٨) . کە دەبێتە :-

أ- **دژواتای ستوونی** orthogonal opposites

ئەگەر وشە دژواتاکان لە یەکەکانی ئاراستەکان بوون . ئەوانەی ستوونی دەکەونە سەر هێڵێکی تر وەك (باکوور ، و ڕۆژهەڵات) ، (باشوور ، و ڕۆژئاوا ) (ڕۆژئاوا ، وباکوور) ، (پێش ، و ڕاست ) ، (باکوور ، پشت) ( سالم سلیمان خماش ٧٣:١٤٢٨) .

## ب- دژواتای بەرامبەری antipodal opposites

ئەگەر دوو وشە دژواتاکە بکەونە سەر یەك هێڵی ڕاست لە کۆمەڵە ئاراستەیەکەوە ، وەك (باکوور ، و باشوور ) (ڕۆژهەڵات ، و ڕۆژئاوا ) ، (سەر ، و ژێر) (هەمان سەرچاوەی پێشوو) . دژواتای ئاراستەدار ، لە پێکهاتەکانی لەش بەدی دەکرێت ، ئەگەر کەسێك لە باری ڕاوەستان بخەینە سەر تەوەرەکانی تان و پۆ ، لە شێوەی خاچ ، ئەو کاتە دەتوانین بلێین ، هەریەك لە (سەر/ دەستی چەپ) ، (پێ / دەستی ڕاست) ، (دەستی ڕاست / سەر) ، (ڕوو / دەستی ڕاست ) ، (سەر / پشت) ، دەبن بە دژواتای ستوونی ، هەریەك لە وشەکانی (سەر / پێ ) (لووتکە / ژێرپێ) ، (دەستە ڕاست / دەستەچەپ ) ، ( بەر (ڕوو) / پشت) یش دەبن بە دژواتای بەرامبەری .




جگە لەمانەی سەرەوە دژواتا لە تاکە وشەش بەرچاو دەکەوێ ، کە تاکە وشەکە هەردوو واتا دژەکەی لەخۆیدا هەڵگرتووە ، وەك ( دڵگیر ، ...) .

### (۲/۳-۲-۲) پەیوەندی ئاسۆیی (تەکنشینی – syntagmatic relation ) .

پەیوەندی نێوان یەکەیەکی زمانی لەگەڵ یەکەکانی تر لە هەمان دەوروبەر ، وەك پەیوەندی وشەکانی ڕستەیەك ،یان دەنگەکانی وشەیەك . ( محمد علي الخولي ۱۹۸۲:۲۸۰) لە گرنگترین پەیوەندییە واتاییەکانی جێنشینی لە ئاستی واتادا هاوڕێیەتییە :-

### (۲/۳-۲-۲-۱) هاوڕێیەتی ، کۆمەڵە وشە (collocation)

هاوڕێیەتی پەیوەندیەکی واتایی تەکنشینییە لە نێوان دوو وشە یان پتر ، کە ئەو وشانە هەندێکیان دەتوانن پێکەوە بێن ، لەکاتێکدا ئەمە بۆ هەندێکی تریان لە ڕووی واتاوە نەگونجاو دەبێت ، کە ئەمە یەکەی فەرهەنگیش دەگرێتەوە و بەشێك لە پێکهاتەکانی لەش لە قاڵبی کۆمەڵە وشەدا دەبینرێن ، ( بۆ یەکەم جار / bacon/ لەساڵی (۱٦۰٥) ئەم زاراوەی بەکارهێناوە کە پەیوەندی بە زانستی زمانەوە نەبووە ، ساڵی (۱۷٥۰) /harris/ ئەم وشەیەی بە واتا زمانەوانییەکەیەوە هێنایە ناوانەوە ، بانگەشەی ئەوە دەکرێت ، بۆیەکەم جار لەڕووی زمانەوانییەوە ، زاراوەی (collocation) لەلایەن /firth/ ەوە لە ساڵی (۱۹٥۱) ناسێنرابێت ، بەتایبەتی بۆ پێکەوە هاتنی نەریتی باوی وشەیەك لەگەڵ وشەیەکی دیکەدا .) (wooden۱۹۹۷:۷ . hamasoor۲۰۰٦:٤)[۳٦۳] (فیرس /firth/ توانی ئەم زاراوەیە لە لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا برەو پێبدات و مەبەستەکەی خۆی بۆپێکەوەهاتنی چەند وشەیەکی وەك /silly/ = (گەوج) و /ass/=

---

[۳٦۳] ( بیستوون حەسەن ئەحمەد ۲۰۱۲:٥۹ ) .

(گوێدرێژ) ، /cow/ = (مانگا) و /milk/ = (شیر) تەرخانکرد ، ئەم زمانەوانە تێۆریەکەی فراوانکرد بۆ ئەوەی کێشەی پێکەوە هاتنی هەموو وشە فەرهەنگییەکان بگرێتەوە ، /firth/ دەڵێت کۆمەڵە وشە ئاستێکی تەکنشینی هەیە و لە واتای دانە دانەی وشەکان ناکۆڵێتەوە ، بەشێك لە واتای وشەکەت لە ڕێگای پێکەوە هاتنەکەوە پێدەدات .) (بیستوون حەسەن ئەحمەد ٢٠١٢:٦٠،٥٩)[٣٦٤] وەك (یەکێك لە واتاکانی /night/ (شەو) ،قبوڵی هاوڕێیەتیەتی لەگەڵ /dark/ (تاریکی) ، وە بە پێچەوانەوە ) ( محمد محمد یونس ٢٠٠٧:١٢٢) ، پێکهاتەکانی لەش لەو کۆمەڵە وشانەی لەگەڵیان دێن لەهەندێك باردا کۆت لەسەر ئەو وشانە دادەنێن ، کە لەگەڵیان دێن ، یان کۆت دەخرێتەسەریان ، بە شکاندنی کۆتەکان ، هاوڕێیەتی نانوێنن و دەبنە هۆی دەرچوون لە هاوڕێیەتی و شکاندنی بنەماکانی هاریکاری . وەك لەو نموونانە:-

- ڕانێك گۆشت *ڕانێك ماسی ، ڕانێك مەڕ ، * ڕانێك پەپوولە .
- کوڕێکی پێست ئەسمەر ،*ئەسپێکی پێست ئەسمەر .
- قژی ماش و برنجی ،* قژی برنج و ماشی ،* ماش و برنجی قژی .
- پێست ئەسمەر ،*چاو ئەسمەر .
- سەرتاشین ،*برژانگ تاشین ، * برۆ تاشین ،*چاو تاشین .
- برۆهەڵگرتن ،*چاو هەڵگرتن ،*برژانگ هەڵگرتن ،* ریش هەڵگرتن .
- چاورشتن ،* سەررشتن ،* دەمرشتن ،* برۆ رشتن .
- دەستکەوت ،* کەوتنی دەست ،* قۆڵکەوت ،* قاچکەوت ،* دەمکەوت .
- دەستبڕ ، *بڕینی دەست ، قۆڵبڕ ،*قاچبڕ ،* شانبڕ ، *ملبڕ .
- جەرگسوتاو ، دڵسوتاو ، سکسوتاو ،* سەرسوتاو ،* قاچسوتاو ،* دەستسوتاو .
- جەرگبڕاو ، *دڵبڕاو ، *سپڵبڕاو ، *بەلەك براو ، *خوێنبڕاو .
- چاوشین ،* شینی چاو ، چاورەش ،* چاومۆر ، * چاو پرتەقاڵی .
- سەرگەورە ،* گەورەی سەر ، دەمگەورە ، دەستگەورە .
- دەمڕاست ، * ڕاستی دەم ، *چاوڕاست ، *گوێڕاست ،* لووتڕاست ،*ئێسك ڕاست .

ئەمە لە خودی یەك پێکهاتەی لەشیش دەبینرێت

چۆك دادان ،*ئەژنۆ دادان ، لەئەستۆگرتن ، * لەمل گرتن .

(ئەو پەیوەندییەیە کە وشەکان پێکەوە لە پەیڕەوێکی چەسپاو بەکاردەهێنرێن ، بە واتایەکی تر هاوڕێیەتی ئاماژە بەو کۆت و بەندانە دەکات کەلەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی وشەکانەوە پێکەوە هەن .) ( هـ.د.ویدۆوسن ٢٠٠٨:١٣٠) ئەو پەیوەندییە (عورفییە) ئاساییەیە، کە لە نێوان یەکەیەکی زمانی دیاری کراو و یەکەکانی ترهەیە لە ڕۆنان ، کەمەبەست لە یەکە ، یەکەی فەرهەنگییە ، کە بەشێوەیەکی هەرەمەکی لە ڕستە بەدوای یەکدا نایەن ، بەڵکو جۆرێك لە پەیوەندی هەیە کە زووتر پێشبینی دەکەین لەسەر بنەمای دەق پێوەگرتنی زمانی ، هەر یەکەیە لەهەر خاڵێك لە کاتی دەربریندا ، جۆرێك لە کۆت هەیە لەسەر ئەو وشانەی بە دوای دادێت . (یحیی عبابنه ، آمنه زعبی ٢٠٠٥:٨٩) .

---

[٣٦٤] سەرەرا ی پێناسە جیاوازەکان بۆزانیاری زیاتر بڕوانە ( بیستوون حەسەن ئەحمەد ٢٠١٢: ٦٠-٦٥ ) .

# بەشی سێیەم

## لێکسیکی پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا ،و هەندێ چالاکی تری ئەم پێکهاتانە

## (١/٣) بەرهەمهێنانی فەرهەنگی

بەمەبەستی لێکدانەوەی ئەسڵی زمان و وشەکان ، گەلێك تیۆری فەلسەفی و زمانەوانی لەسەر ئاستی مرۆڤایەتی بە بێ بڕانەوە بەدواداچوونیان بۆکردووە ، هەروەها گێڕانەوە ئایینیی و ئەدەبییەکان ، سەرچاوەی کێشانی ژمارەیەکی زۆر لە وێنەی خوازراوبوون لەبارەی وشە ، تائەو ڕاددەی کۆمەڵێك لەو دەربڕین و ئەفسانانە لە ئەقڵی گەلێك کەس جێگیربوون ، هەرچەندە ئەو دەربڕین و ئەفسانانە دەسەوەستانبوون لە ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ، بەڵام بەئاشکرا ئاماژە بۆئەو دامانە دەکات کە تووشمان دێت لەکاتی لێکۆڵینەوە لە لێکدانەوەی بنچینەی زمان و بەرهەمدارییە بەردەوامەکەی کە هۆکاری بوون و سەرچاوەی ژیانیەتی . (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠:٢٠) بەگوێرەی بۆچوونی جۆزێف فندریس (Joseph Vendryes) هەموو زمانێك لەسەرێتی ڕێگا بدات بە ڕۆنانی وشەی نوێ بۆ ئەوەی بتوانێت بە ڕۆڵی خۆی هەڵبستێ ، بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە چالاکییەکی کۆمەڵایەتییەو وەڵامدەرەوەی پێویستییەکانی پەیوەندییە ، بۆیە لە پێناو بەدەمەوەچوونی بۆ پێشکەوتنەکانی کۆمەڵگا ، پێویستە هەموو زمانێك ڕێگا تایبەتییەکانی بەرهەمهێنان فەراهەم بکات کە دەبێتە هۆی ڕۆنانی یەکەی فەرهەنگی تازە ، کە پێشکەوتنی زانیاری و گۆڕانکارییە تەکنیکیەکان دەیسەپێنن ، ئەم چالاکیە گشتیەش ئەوە لەسەر فەرهەنگی زمان دەسەپێنێ ئەوە پێشکەش بکات ، کە زمانەوانەکان پێی دەڵێن (کۆمەڵەی کراوە ) ، کە ڕێگەدەدات بە بەرهەمهێنانی زمانی گرنگ و پێویست بۆ گەشەسەندنی فەرهەنگی . هەموو زمانێك ، و هەموو سیستەمێکی زمانی بەشێوەیەك هەڵنراوە ، توانای ئەوەی پێدەدات یەکەی فەرهەنگی ڕۆبنێ ، بەپشت بەستن بەپاشخانە هەمەرەنگەکانی ، لە ڕێگاو شێوازە مۆرفۆلۆجی و واتاسازییەکانی ، بەرهەم هێنانی وشەسازی لەزۆربەی زمانەکان دێتە جێ ، بۆ نموونە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان ، سەرەڕای بوونی کەمێك جیاوازی لە نێوانیاندا ، لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵە شێوازێك وشەی نوێ ڕۆدەنێن . (سەرچاوەی پێشوو ل٢٧-٢٨) ، لەبەر ئەوەی زمانی کوردیش سەر بەو خێزانەیە ، ئێمە پشت بەو دابەشکردنە دەبەستین کە بۆ زمانی ئینگلیزی کراوە ، هەرچەندە زۆر لەو سەرچاوانەی لەو بارەوە پۆلینیان بۆ ئەو ڕێگایانە ئەنجامداوە ، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنان لە فەرهەنگدا ، فرەچەشنی و جۆراو جۆری زۆر لەپۆلینەکان لە نێوان زمانە جیاوازەکان بەرچاوە ، ئەمە لەو پۆلینانەش دەبینرێت ، کە بۆ هەر زمانێك دەکرێت ، بەڵام لە خستنە ڕووی ڕێگا ، و شێوازە سەرەکییەکان نزیکی زۆرهەیە ، کە پەنای بۆ دەبەین .

## (١-١/٣) پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگیدا

بەرهەمهێنانی فەرهەنگی بریتییە لە توانای هێنانە بوونی یەکەی فەرهەنگی نوێ ، لە ڕێگای ڕێساکانی بەرهەمهێنەری ئاخنراو لە سیستەمی زمانەکە . (سەرچاوەی پێشوو ل١٢٣) واتە هەروەك چۆن لە ڕێگای کۆمەڵە فۆنیمێکی دیاریکراو کۆمەڵە یەکەیەکی فەرهەنگی تارادەیەك دیاریکراو (کە خۆی لە وشەکانی هەر فەرهەنگێك دەبینێتەوە) بەرهەم دێت لە کۆمەڵە کەرستەیەکی وەك پێکهاتەکانی لەشیش کە دیاریکراون دەتوانن ژمارەیەکی تاڕادەیەك دیاریکراو یەکەی فەرهەنگی ڕۆبنێن بەپشت بەستن بە ڕێگاکانی بەرهەمهێنان لە زماندا ، لەبەر زۆری و فرە چەشنی ئەو پۆلینانەی بۆ ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی لە زمانەکان بە گشتی و لەخودی زمانێکیشدا، و هەبوونی جیاوازی بەرچاو لەو پۆلین و ڕێگایانە ،لەم لێکۆڵینەوە دیارترینی ئەو پۆلینانە دەکەینە بنەما . کەپشت بە دابەشکردنی سیانی ، بەرهەمهێنانی شێوەیی بەرهەمهێنانی واتایی

و وەرگرتن دەبەستێت ، هەندێك زمانەوان كورتی دەكەنەوە بۆ دوو ئاست ، واتە بەرهەمهێنانی وشەسازی و واتاسازی ، چونكە دەتوانرێت وەرگیراوەكان بخرێنە ژێر باڵی ئاستی یەكەم گەر وەرگیراوەكان شێوەیی بن ، وبخرێنە پۆلی دووەم گەر واتایی بن . بەسوود وەرگرتن لەم پۆلینە سییانییەی ( جان تۆرنییە – Jean Tournier[٣٦٥] كە لەسالانی ([٣٦٦]١٩٨٥، و١٩٩٣[٣٦٧]) (بەرهەمهێنانی زمانی) ، بۆ زمانی ئینگلیزی كردووە . پۆلینێكی پلەبەندە (دەگاتە پێنج ئاستی تێهەڵكێشراو) ، هەروەكو پێشنیازی بەرانبەركردن دەكات لە نێوان ڕێگای بەرهەمهێنانی دەرەكی (وەرگرتن) ، ڕێگاكانی بەرهەمهێنان گەڕاوە بۆخودی سیستەمی زمانەكە ، كە دووەمیان دابەش دەبێتەسەر چوار كۆمەڵە ، كە هەریەك لەو كۆمەڵانە دابەش دەبنە سەر گروپی بچووكتر . ئێمەش ئەو ڕێگایانە دەكەینە بنەما ، و ڕۆڵیان ڕوون دەكەینەوە ، كە بەیاریدەی پێكهاتەكانی لەش بوونەتە هۆی ڕۆنان و بەرهەمهێنانی یەكەی فەرهەنگی لە زمانی كوردیدا . دەبێت ئەوەش بەهەند وەربگیرێت ، كە دەكرێت یەكەی فەرهەنگی لە ئەنجامی هاوبەشی كردنی ژمارەیەك لەو ڕێگایانە هاتبێتە بەرهەم .

## (٢/٣ ) ڕێگاكانی بەرهەمهێنان لەخودی زمانەكە

ئەمەش هەموو ئەو ڕێگایانە دەگرێتەوە كە لە زمانەكە بوونیان هەیە جگە لە وەرگرتن .

### (٢/٣-١) ڕێگای وشەسازی واتاسازی (morpho- semantic neologism)

لەبەر ئەوەی زمانی كوردی لە جۆری زمانە نوساوەكانە ، یەكە فەرهەنگییەكانی ئەو زمانانەی لەو جۆرەن ژمارەیەكی یەكجار زۆری وشەكانی لێكدراو و ژمارەیەكی كەمتر وشەی داڕێژراو و لەویش كەمتر وشەی سادەمان بەرچاودەكەوێت ، ئەگەر لە وشەكانی هەر فەرهەنگێكی زمانی كوردی بڕوانین ، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەكەوێت ، كە ئەمە لەو ئامارانەش دەردەكەوێت كەبۆ پێكهاتەكانی لەش ئەنجام دراون ، ئەگەر لەو یەكە فەرهەنگییە ناسادانەش بڕوانین ، بە ئاشكرا دەبینین كە وشە سادەكانن بە گەلێك جۆر و شێوەی جیاواز بوونە هۆی ڕۆنانی ئەو یەكە ناسادانە . بەشێوەیەكی گشتیش وشە سادەكانی زمان بە بەرهەمی هیچ ڕێگا یەكی بەرهەمهێنان دانانرێن ، و بەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت پارچەبكرێن ، ئەمانە وەكو میرات بۆمان ماونەتەوە و ناتوانرێت بە هیچ ڕێگایەكی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی ببەسترێنەوە . بێگومان بە شێكی زۆری پێكهاتەكانی لەشیش دەچنە پۆلی وشە سادەكان و وەكو میراتێك جێهێڵراون ، هەر ئەمانەش لە ڕۆنانی ژمارەیەكی زۆر یەكەی ناسادە بەشداری دەكەن . ( هەر وەك كەرستەی لێكسیكۆلۆژی بریتییە لە وشە ، هەروەها (وشە ڕۆنان – word formation) یش هەر لە وشە دەدوێ ، بەڵام لێرەدا لە ڕووی ماناو واتاوە لێی ناكۆڵێتەوە ، بەڵكو كاری پێویست و گرنگ نیشاندانی چۆنیەتی پێكهاتن و دروستبوونی وشەو دیاریكردنی پارچەكانێتی) (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٨٧: ٢١). ئەو تایبەتمەندبوونەی زمانی كوردی بە زمانە نووساوەكان (Agglutinating Language) كەئەو زمانانە زۆربەی وشەكانیان لە ژمارەیەك مۆرف پێكدێت ، كە هەر مۆرفێك مۆرفیمێك دەنوێنێ . ( محمد علی الخولی ١٩٨٢: ٩) . ئەمە وایكردووە ئەو مۆرفانە بە شێوەكی زنجیرەیی یەك بەدوای یەكدا بێن لەكاتی ڕۆنانی وشەسازی واتاسازیدا .

---

[٣٦٥] Jean Tournier (١٩٩١) , *Structures Lexicales de l'anglais. Guide Alphabétique*, Nathan, Paris.

[٣٦٦] Jean Tournier (١٩٨٥), *Introduction Descriptive à la Lexicogénétique de l'anglais Contemporain*, Champion-Slatkine, Paris.

[٣٦٧] Jean Tournier (١٩٩٣ ), *Précis de Lexicologie anglaise*, ٣e éd. mise à jour Nathan, Paris.

لەم ڕێگایەدا گۆڕانکاری لە شێوەی یەکە فەرهەنگییەکان ڕوودەدات و دەبێتە هۆی گۆڕانی واتا ، کە وشەسازی ئەرکی وشە ڕۆنانە لە فەرهەنگدا ، و گەردانکردن ، و ریزبوونە لە رستەسازیدا ، بۆیە زمانەوانەکان هەوڵیانداوە ئەو ڕێگا وشەسازییەکانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی لەزمانەکان دەستنیشان بکەن ، کە بوونەتە هۆکاری ڕۆنانی یەکەی فەرهەنگی ، ئەم هێلکاریەی خوارەوە لای چەند زمانەوانێك دووبارە بۆتەوە نیشاندەری ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆجیانەی فەرهەنگییە لەزماندا .

**ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی مۆرفۆلۆجی**




**هێڵکاری ژمارە ( ١ )**

لێرە بە دواوە ڕێگاکانی وشە ڕۆنان لە زمانی کوردیدا دەخەینە ڕوو، بە پەسەندکردنی ئەم هێڵکارییە ، و زیاد کردنی لێکدانی ئاوەڵکار ، لێرەدا باسی وشە گەردانکردن ناکەین ، چونکە مۆرفیمەکانی وشە گەردانکردن بە مۆرفیمی بەرهەمهێنەری فەرهەنگی دانانرێن ، ئەگەرچی لەچەند حاڵەتێك و چەند وشەیەکی زمان ئەو ڕۆڵە دەبینن[٣٦٩] ، کە مۆرفیمە وشە دارێژەکان (derivational morpheme) ئەو مۆر فیمانەن کاتێك بە هەندێك وشە دەلکێن وشەی نوێ بە واتای نوێ بەرهەمدێنن ، هەندێك جار لە هەمان پۆلی ڕێزمانیدا (بەشەئاخاوتن) دەمێننەوە ، یان وشە دارێژراوە بەرهەمهاتووەکە لە پۆلی ڕێزمانی جیاوازدا دەبێت ، ئەو هێڵکارییەی خوارەوە دەرخەری جۆرەکانی مۆرفیمە ، لەناویشیاندا ئەوانەی بە یاریدەی پێکهاتەکانی لەش بەرهەمهێنان ئەنجام دەدەن .

---

[٣٦٨] . بروانە دابەشکردنی هەردوو سەرچاوە ١- Plag , I (٢٠٠٢) , Word - formation in English ,( P٢٠) . ٢- Bauer , L (١٩٨٣) , English Word – Formation , (P ٣٤) .

[٣٦٩] بروانە ( بەرهەمهێنانی گەردانی ل ٨٤ ) .

## جۆرەکانی مۆرفیم




**هێڵکاری ژمارە ( ٢ )**

### (٢/٣-١-١) بەرهەمهێنان بەڕێگای دارشتن ( derivation ) لاگرلکاندن ( affication )

ڕۆنانی وشەی نوێ بە لکاندنی گیرەکێك ، یان زیاتر بۆ وشە یان مۆرفیمێکی تر بە دارشتن دادەنرێت ، کە لێرەدا مەبەست لە گیرەکە وشە داڕێژەکانە ، ئەمە (affication) یشی پێ دەوترێ ، کە بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیمە وشەداڕێژەکان لە توانایاندا هەیە پۆلی وشە بگۆڕن ، بەلاَم دەگونجێ وشەکە لەهەمان پۆلدابمێنێتەوە ، کاتێك ئەم لاگرانە بخرێنە سەر ڕەگی وشە ، دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی وشەی داڕێژراو ، کە وشەیەکی ناسادەیە لە وشەیەکی سادە و لاگرێك (پێشگر،پاشگر) ، یان جووتگر (پێشگر وپاشگر) پێکهاتبێت . ئەو لاگرانەی لەم توێژینەوەیەدا بەیارمەتی پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی وشەسازی بەشدار دەبن هەموویان لاگری ناوین ،چونکە توانای لکانیان بە ناو هەیە لەنێویشیاندا ناوی پێکهاتەکانی لەش .

### (٢/٣-١-١-١) بەرهەمهێنان بە پێشگرلکاندن (prefixation)

بەشێکی کەم لە پێشگر بەیارمەتی پێکهاتەکانی لەش بەشداری ئەم جۆرە بەرهەمهێنانانە دەکەن ، ئەم ڕێگایە بەدانانی پێشگر لەپێش ڕەگی وشە دەبێت ،پێشگریش مۆرفیمێکی بەندە سەر بە کۆمەڵەی داخراو و دیاریکراوە . ئەو بەشانەی ئاخاوتنیش کە پێکهاتەکانی لەش بەشدار دەبن لە ڕۆنانیان ئەمانەن :-

---

[٣٧٠] ( Fromkin . v, Rodman . R , Hymas . n (٢٠٠٢), an introduction to language , P ١٠٤ ) . یان
( Yule , g (٢٠٠٦) : the study of language , p ٦٦ ) .

**(٢/٣-١-١-١-١) بەرهەمهێنانی ناوی داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش**

ناوی داڕێژراو لە ناوێکی سادە بە یارمەتی لاگرەکان یان جووتگر وشەی نوێ بە واتای جیاوازپێکدێنێت ، بەڵام هەرلە قاڵبی ناو دەمێننەوە واتا پۆلی وشەیان ناگۆڕێت ، کە پێکهاتەکانی لەش تێیدا چالاکن و ژمارەیەکی زۆر وشەی تازە ڕۆدەنێن ، کە ئێمە بە گوێرەی پێویست نموونەیان پێ دەهێنینەوە . بۆ ئەم مەبەستەش سوود لەو دابەشکردن و پۆلینانە وەردەگرین کە (ئەورەحمانی حاجی مارف)[٣٧١] بۆ پێشگرو پاشگرەکان کردوویەتی بێگومان تەنها ئەوانەش وەردەگرین کە دەچنەپاڵ ناو، بۆ ناوی لێکدراویش بە هەمان شێوە هەر سوود لەو ڕێگایانە وەردەگرین کە باسیان کردوون . سەبارەت بە هەندێ وشەش وەك ( دەر ، بەر ، سەر[٣٧٢] ، لا ، پێش ، پاش ، دوا ، ژێر ، بن ، ......) ، کە ناو و ئاوەڵکارن ، واتە وشەی واتادارن ، دەتوانن وەك پێشگریش خۆیان بنوێنن.) (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩: ١٤) ، سەرەڕای جیاوازی بۆچوونی زمانەوانان لەو ڕووەوە ،ئەم توێژینەوە وەك وشەی سەربەخۆ واتە وەك ( ناو ، و ئاوەڵکار) دەیانبینێت ، نەك پێشگر ، واتە لەو پێشگرانەی بەیارمەتی ناو بەرهەمهێنان ئەنجام دەدەن تەنیا (ڕا ، هاو ) بە پێشگر دەبینێت .

١- / ڕا- / : ( ڕادەست ، ڕەچاو ، .............) . لەبەر ئەوەی ئەم پێشگرە زیاتر لەگەڵ (چاوگ/کار) دادێت ، بە هاتنی لەگەڵ ناو بە دیاردەیەکی ناوێزەو دەگمەن دادەنرێت .

٢- / هاو[٣٧٣] - / : (هاوبیر ، هاوپا ، هاوپشت ، هاوچاو ، هاوخوێن ، هاو دەست ، هاودەم ، هاوڕیش ، هاوزمان ، هاوسەر ، هاوسك ، هاوشان ، هاوشیر ، هاوگیان ، هاومل ، ........) .

**(٢/٣-١-١-١-٢) بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش**

ئاوەڵناوی داڕێژراو بەلکاندنی لاگر ساز دەبێ ، بۆ ( ڕۆنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو هەندێ پێشگر و پاشگر هەن ، کە دەچنە سەر (ناو ، ئاوەڵناو ،کار، ئاوەڵکار ) ی سادە و دەیانکەنە ئاوەڵناوی داڕێژراو .) (ئەو رەحمانی حاجی مارف ١٩٩٢: ٧٦) ، بەڵام ئەوەی دەچێتە چوارچێوەی بابەتەکەی ئێمەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی داڕێژراو ناوە ، واتە ئەو ڕێگایانەی لەڕێی ناوەوە بەیارمەتی لاگر ئاوەڵناو ساز دەکەن .

ئەو پێشگرانەی دەچنە سەر ناوی سادەی پێکهاتەکانی لەش و لەناویان دەخەن ، واتا دەیانکەن بە ئاوەڵناوی داڕێژراو ،کە ئەمانە لە ڕۆنانی ئاوەڵکاریش دووبارە دەبنەوە بریتین لە:-

١-/ بێ -/:(بێباسك ، بێ تووك ، بێخاڵ ، بێ دەم ، بێ دەمار ، بێ سەر ، بێ گوێ ، بێ مێشك...).

٢-/ بە-/ :(بە ئێسك ، بەپێ ، بەجەرگ ، بەدڵ ، بەدەست ، بەدەم ، بەدەمار ،بەڕوو ، بەگۆشت ....).

---

[٣٧١] ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩: ١٠٧ -١٣٣ ) .

[٣٧٢] سەر بە واتای کەللە ناوێکی عادەتییە وەکو دەست و قاچ و پشت ، بەواتای ( على ، فوق ) ناوی جێگایە ، و دەبێتە ئاوەڵکاری جێگە ، بەکارهێنانی وەهاش هەیە سەر تێیدا دەبێتە پێشگر. ) ( مەسعود محمد ٢٠١١: ٤٧ ) .

[٣٧٣] لە پاڵ پێشگری / هاو- / لە فەرهەنگی کوردی پێشگرەکانی / هام - / وەك : ( هامشیر ، هامریش ، هام دەم ، ... ) ، و لەکرمانجی ناوەراست ، و / هەڤ - / لەکرمانجی سەروو بەکاردێن بەهەمان واتا : وەك ( هەڤدەست ، هەڤسەر ، هەڤ پشت ، .... ) دەبینرێن .

(۳-۱-۱-۱-۲/۳) **بەرهەمهێنانی ئاوەڵكاری دارێژراو لە ناوی پێكهاتەكانی لەش**

۱- / بێ -/ : (بێ چارە ، بێ چاو ، بێ دەست ، بێ ڕوو ، بێ ناز ، ......) .

۲- / بە- /،/ ب -/،/ وە-/ : ( بەناز ، بەدڵ ، بەگوێ ، بەچاو ، بەئێسك ، بەمل ، بە دەست ......) .

۳- / لە -، ل -، د -، ژ -، دە -/ : (لە ئەستۆ ، لەپشت ، لە جەرگ ، لەچاو ، لەدەست ، لەدڵ ، لەڕوو ، لەزگ ، لە شیر، لەگوێ ، لەمل ، ..... ) .

٤- / بۆ - / : (بۆ چاو ، بۆ دڵ ، بۆ سەر ، بۆ گوێ ، ......) .

٥- / وەك - / : (وەك دڵ ، وەك چاو ، وەك پێ ، ....) . (ئازاد ئەحمەد حوسێن ۲۰۱۰:۲٤٤) .

(۲-۱-۱-۲/۳) **بەرهەمهێنان بە پاشگر لكاندن** (suffixation)

ئەم ڕێگایە بەدانانی پاشگر دەبێت بۆ كۆتایی ڕەگ ، ئەگەر ڕەگەكە سادە بێت یان نا ، لە بارەی ئەو كۆمەڵەش كە پاشگر بۆی دەگەڕێتەوە ، سەر بە كۆمەڵەی دیاری كراو و داخراوەكانە . كە هەندێك ( پاشگر هەن چۆن ناو پێكدەهێنن ، هەروەها ئاوەڵناویش دروست دەكەن .) (ئەو ڕەحمانی حاجی مارف ۱۹۹۲: ۷۷) بۆیە بە مەبەستی دووركەوتنەوە لە دووبارەبوونەوە تەنیا ئامارژە بەو ڕێگایانە دەدەین ، كە پێشتر لە ڕێگای ناوی پێكهاتەكانی لەشەوە ڕۆڵیان بینیوە لە ڕۆنانی ناوی دارێژراو بێ پێدانی نموونە لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی دارێژراو ، ئەو بەشانەی ئاخاوتنیش كە پێكهاتەكانی لەش بەشدار دەبن لە ڕۆنانیان بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو، ئاوەڵكار) .

(۱-۲-۱-۱-۲/۳) **بەرهەمهێنانی ناوی دارێژراو لە ناوی پێكهاتەكانی لەش**

ئەو پاشگرانە، بەناوی پێكهاتەیەكی لەش دەلكێن و چەند جۆرێك ناو بەرهەمدەهێنن بەم شێوانە دەردەكەون:-

أ- **بەرهەمهێنانی ناوی پیشە لە ناوی پێكهاتەكانی لەش**

( بەزۆری یارمەتی دارشتنی ناوێك دەدەن ، كە پیشەو ئیشی یەكێكی پێ دیاری بكەن ) . كە هەندێكیان پیشە پیشان نادەن ، بەڵكو واتای زۆر جیاواز تریشیان لەگەڵدایە . (ئەو ڕەحمانی حاجی مارف ۱۹۷۹: ۱۱۰) .

۱- / - باز / : (پێباز ، چاوباز ،چەنەباز ، دەستباز ، ڕووباز ، سینەباز ، گیانباز ، .......) .

۲- / - بەند / : ( بازووبەند ، باسكبەند ، باهووبەند ،پاپەند ،پەراسووبەند ، پووز بەند ، توێڵبەند ، چاوبەند ، دڵبەند ، ڕووبەند ، سەربەند ، ستۆ بەند ، سینەبەند ، قەدبەند ، قۆڵبەند ، مەمك بەند ، كەمەربەند ، ملبەند ، گەردەن بەند ، ........) .

۳- / - چی / : ( جگەرچی ، چەرمچی ، زلفچی ،........) .

٤- / - دار / : (ئاڵودار ، باهوودار ، پادار ، چاودار ، چۆكدار ، خاڵدار ، خوێندار ، دەستدار ، دەمدار ،دەماردار ، ڕوودار ، ڕیشدار ، زماندار ، سەردار ، شیردار ، كلكدار ، گوهدار ، گیاندار ، مەژگدار ، مەمكدار، موودار ، هۆشدار... ) .

٥- / - ساز / : (دانساز ، ددانساز ، چاویلكەساز .....) .

٦- / - كەر / : (خوێنكەر ، زگكەر ، سەركەر، میزكەر ، گ..كەر ، ....).(هەندێك سەرچاوە بە پاشگری نابینن) .

٧-/ – گەر/ یان / – گار / : (خوێنگەر :(ئەوی خوێنی بەردەدا) ، یادگار ، ......) .

٨-/ – مەند / : (بیرمەند ، دڵمەند (دڵئێشاو) ، هۆشمەند ، .........) .

٩- / – وان/– ەوان / : (پاوان ،پووزەوان ،پێوان ،کۆڵەوان ، ملەوان ، .....) .

## ب- بەرهەمهێنانی ناوی واتایی ڕۆنراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش

ناوی واتایی ڕۆنراو بە دووڕێگا دروستدەکرێت (ناو +پاشگر (ی ، ەتی / ێتی ، ایەتی ، ێنی )) یان (ئاوەڵناو + پاشگر (– ی ،– ەتی / ێتی ،– ایەتی ، – ێنی)) ،کە ئەو پاشگرانە بەیارمەتی ناوی پێکهاتەکانی لەش بە سادەیی و بە ناسادەیی وەکو ناو و ئاوەڵناو، ئەو ڕۆڵە دەبینن کە بچنە ڕۆنانی ئەم جۆرە ناوانە بەم ڕێگایانە دەردەکەون:–

یەکەم :– ناوی سادەی پێکهاتەی لەش: (چاوێنی ، سەرێنی ، .........) .

دووەم :– وشەی داڕێژراو کە ناوی پێکهاتەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی وشە داڕێژراوەکە : (بێ چاوێنی ، دڵداری ، دڵدارێتی ، سەرۆکێتی ،سەرۆکایەتی ، سەروەرێتی ، سپڵەیی ، گیانبازی ، ......) .

سێیەم :– وشەی لێکدراو کە ناوی پێکهاتەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی وشە لێکدراوەکە : (دڵپاکێتی ، دووڕوویی ، دووڕووێتی ، ڕووپاکی ، رووسپێتی ، ڕووشکێنی ، سەربەستێتی ، .......) .

## ت- بەرهەمهێنانی ناوی شوێن و جێگا لە ناوی پێکهاتەکانی لەش

کە هەندێك لەو پاشگرانە دەچنە سەر وشەی لێکدراویش:

١- / – ەڵان / ، / – ڵان / : (ڕیشەڵان ، گۆشتەڵان (مەسعوود محمد٢٠١١:١٢٢– ١٢٣) ، ...) .

٢- /– خانە / : ( ئاودەستخانە ، سەربازخانە ، پۆسەخانە ، کەللە خانە ، ...) .

٣- / – دان / ، / – دانگ / : (پیزەدان ، چەنەدان ، زنخدان ، گمیزدان ، منداڵدان ، میزدان ،...) .

٤- /– زار/ : (دڵزار ، ...) .

٥- / – ستان / : (دڵستان ....).(لە ڕوخساری لەتیفی گوڵ لە جەعدی عەنبەرینی دڵ

دەجۆشێت و دەبارێ ، ئەو گوڵستان ، ئەم دڵستان .) (مەحوی١٣٩١:٤٧٣) .

٦-/– گا/ : (دەزگا ، دەسگا، دڵگا ، زارگا ، ...) .

٧-/– گە / : (پێگە ، جمگە ، چاڤگە ، چاوگە، چەنەگە ، ڕووگە ، زارگە ، یادگە، ........) ، بۆ پاشگرەکانی /– ەن/ ، و / – جار/ ، و /– ەوار / ، نموونەمان لە پێکهاتەکانی لەش دەست نەکەوت ، بەڵام مانای نەبوون ناگەیەنێت .

## پ- بەرهەمهێنانی ناوی بچووککراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش

ناوی بچووککراو بە هۆی ئەم پاشگرانە دروست دەبێت ، بەڵام هەندێك لەو پاشگرانە جگە لە واتای بچووککردنەوە مەبەستی تریش دەگەیەنن[٣٧٤] .

١- / – چە / : ( مایچە (ماهی + چە ) ، .....) .

٢- /– چکە/ : (پێچکە ، سوورێنچکە ، گوێچکە ، ......)

٣- /– لە / : (کەپوولە ، کەزیلە، ...... ) .

٤- /– ڵە / : (تووتەڵە ، قنگاوڵە ، گوێچکەڵە ، ......) .

٥- / – وو/ : (ڕیشوو ، سەروو ، گەروو(مەسعوود محمد ٢٠١١:١٤٩) ، ......) .

٦- / – وولە/ :(پەنجوولە ، .......) .

٧- /– وولکە/ : ( ماسوولکە ،......) .

٨- / – ۆ / : (بسکۆ ، ترۆ ، دلۆ ، ڕیشۆ ، زولفۆ ، سپڵۆ ، لچۆ (لچن) ، مەمۆ ، ......) .

٩- / – ۆك / : (بەرۆك ، بەندۆك ، تسۆك ، چاڤۆك ، دەسرۆك ،دەڤۆك ، ددانۆك ، زمانۆك ، سەرۆك ، سپڵۆك ، سمبێلۆك ، کرکرۆك ، ......) .

١٠-/ – ۆکە / : (بسکۆکە، دەسرۆکە ، کرکرۆکە ، ......) .

١١- / – ۆڵ/ : (بەندۆڵ ، ترۆڵ ، ڕیشۆڵ ، سمتۆڵ ، کاکۆڵ ، ......).

١٢- / – ۆڵە/ : (بازۆڵە(باسك) ،بسکۆڵە ،پەنجۆڵە ، ڕیشۆڵە ، سکۆڵە ، مەمکۆڵە ، مێشکۆڵە ، .......) .

١٣- / – یلە / :( ئەنگوستیلە ، چاویلە ، کەپیلە ، گورچیلە ، گوستیلە ، گۆدیلە (کاکۆڵ) ، .......) .

١٤- / – یلکە/ : ( چاویلکە ، .....) . (بۆ پاشگرەکانی /– ۆلە/ ، و /– ۆل / ، و /– ەڵ/ ، و /– ۆڵکە/ ، نموونە بە ناوی پێکهاتەکانی لەش دەست نەکەوت ، بەڵام مانای نەبوون ناگەیەنێت ) .

## ج–بەرهەمهێنانی هەندێ ناو بەواتای جیاواز لە ناوی پێکهاتەکانی لەش

١- /– انە/: (بەندانە ، چاوانە ، زگانە ، سەرانە ، ملانە ، ناوکانە ، کلکانە (ئەنگوستیلە) ، لێوانە ،....).

٢- /– ە / : (بەندە ، پێستە ، جەرگە ، چاوە ، ددانە ، دەستە ، دەمە ، زمانە ، زوانە ، سەرە ، سپڵە ، سمێلە ، سنگە ، سینگە ، کۆڵکە ، لووتە ، ملە ، .....) .

٣- /– ەك / : (تسەك ، سمبێلەك ، ملەك ، ......) .

---

[٣٧٤] مۆرفیمەکانی بچووککردنەوە بۆ دوو چەشن پۆلدەکرێن ، ئەوانەی واتای بچووککراوە دەگەیەنن ( / - کە ، ۆکە ، ڵە ، ۆڵ ، ۆڵە ، وولە ، چە ، چکە ، ۆچکە ، یلکە ، وولکە ، ۆڵکە ، ۆلکە/ . ) ، ئەوانەی وشەی نوێ بەرامبەر کەرستەی نوێ ساز دەکەن ( /– کە ، ەکە ، ك، ە ، ەك ، ۆك ، ۆك ، ۆکە ، وو ، ووك ، لە ، ڵە ، وولە ، ۆڵ ، ۆڵە ، یلە ، ەڵە ، چە ، چك ، یلکە ، وولکە / . ) جۆری یەکەمیان تەنیا لەگەڵ ناو دێت ، بەڵام جۆر دووەم لەگەڵ ناو ، و ئاوەڵناو ، و ڕەگی کردار ، و دەرکردەکانیان ، ناو ، یان ئاوەڵناو بە چەمك و واتای بچووککردنەوە بەرکاردێن . )( سازان زاهیرسەعید ٢٠٠٩:٦٧ ) .

٤- /- ەوا/ : (دەستەوا ، ...) .

٥- / - ك / : (بەندك ،پتك (قامك) ، پرچك ، تپلك ، تلك ، تیتك ، چاڤك ، دەسك ، ڕانك ، زارك ، زووانك ، سەرك (سەلك) ، ....) .

٦- /- كە/: (چاوكە ، دەسكە ، ڕانكە ، گلێنكە ، لووتكە ، ...) .

٧-/ - گار/ : ( یادگار (پێكهاتەی نابەرجەستە) ، .....) .

٨-/- ندە / : ( باڵندە ، دەستندە (دەساندە - خێر) ،پاییندە ، ....) .

٩- / - وانە / : (پاوانە ، پەنجەوانە ، پووزەوانە ، دەستەوانە ، قامكەوانە ، قۆڵەوانە ، كلكەوانە ، كۆڵوانە ، لووتەوانە ، ملوانە ، ... ) ، لەو پاشگرە تەنها ئاماژە بە (وانە) دراوە لەكاتێكدا (ەوانە) ش بەرچاو دەكەوێت .

١٠-/- وەر/ ، /- ەوەر/ : (پێوەر ، دەمەوەر ، سەروەر ، گیانەوەر ، هەستەوەر ،......) .

١١-/- وور/ : ( دەستوور ، ....) .

١٢-/- ین / :( ئەسرین ، پێین ، سەرین ، ....) .

١٣-/ - ینە/ : (بالینە ، دەسینە ، ....) .

١٤-/ - ێن / : ( باڵێن ،سورێن +چكە ، .... ) .

١٥-/ - ێنە/ : ( قرپێنە ، قرتێنە ، قرخێنە ،دەستێنە ، باڵێنە ، ... ) . بۆپاشگرەكانی/- اك / و /- ەمەنی/ نموونە بە ناوی پێكهاتەكانی لەش دەست نەكەوت ، بەڵام مانای نەبوون ناگەیەنێت .

(٢/٣-١-١-٢-٢) **بەرهەمهێنانی ئاوڵناوی داڕێژراو لە ناوی پێكهاتەكانی لەش**

ئەو پاشگرانەی دەچنە سەر ناوی سادە و دەیانكەن بە ئاوەڵناوی داڕێژراو بریتین لە :-

١- / - انی /:- (باڵانی ، پیشانی ، چۆكانی ، زولفانی ، پووزانی ،شیرانی ، ......) .

٢- / - اوی[٣٧٥] /: (ئارەقاوی ، چڵماوی ،خوێناوی ، ...واوی ، مووداوی ، میزاوی ، ..... ) .

٣-/ - ەكی /: ( سەرەكی ، ملەكی ، .......) .

٤- / - گین / : (خەمگین (پێكهاتەی نابەرجەستەیە) ، ..... ) .

٥- / - ن /: ( ئیسكن، ترن ، تووكن ، زگن ، شیرن ، كولكن ، كولمن، گووپن ، گۆشتن ، میزن ، ورگن ،....) .

٦-/ - ناك/: ( خەمناك ، ترسناك ، (ئەم دوو نموونە پێكهاتەی نابەرجەستەن) ، ....) .

٧-/- ی /: (برژانگی ،برۆیی ، پرچی ، جەرگی ، جگەری ، پێستی ،خوێنی ، شیری ، زولفی ، گورچیلەیی ، گۆشتی ، ....) .

٨-/- ین /: ( خوێنین ، شیرین ، موویین ، هەرسین (هەورا) (فرمێسكاوی ) ، .....) .

٩- / - ێ /: (دڵێ ، زلفێ ، ملێ ، .... ) .

---

[٣٧٥] لەم خاڵەی سەرەوە ئاوەڵناوی داڕێژراوی ڕوناوە ، دەكرێت وشەی لێكدراویش ڕۆبنێ لە دووناو بە مەرجێك ناوی دووەم ( ئاو ) بێت + ی = وشەی لێكدراو .

بۆ پاشگرەکانی( وەر / ەوەر ) و ( دار) و ( ە ) و ( وور ) و (بار) و (مەند) و (انە) لە ڕۆنانی ناو و ئاوەڵناوی داڕێژراو هاوبەشن و بۆ ڕوانین لە نموونەکان بڕوانە ناوی داڕێژراو (ل٧٩-٨٢) ، بۆ پاشگری (ۆڵ) بڕوانە ناوی بچووککراو ، بۆپاشگری /- زن/ نموونە بە ناوی پێکهاتەکانی لەش دەست نەکەوت ، بەڵام مانای نەبوون ناگەیەنێت .

بێگومان ئەم پاشگرانە کۆی پاشگرەکان نین ، تەنانەت هەندێك لەو پاشگرانە ناوی پێکهاتەکانی لەشیان دارشتووە : وەك / – ێنە/ :(سپێنە ، رەشێنە ،سوورێنە، .....) ، یان ، / – اگە/ : ( بربراگە ، چەناگە ، کرکراگە،...) ، یان /- ان/ وەك لە (ئیسقان ، ...) ، دیدە (هەورا . ل٤٧٢) لە رەگ + پاشگری /- دە/ رۆنراوە ، یان لە وشەی تر وەك / – ۆس/ لە فسۆس ، یان / – انگ / لە برژانگ ، ........ هتد . بەڵام لە هەندێك باردا بەشێوەیەك دەردەکەون ، کە بوون بە بە شێك لە وشەکان ، وەك وشەیەکی سادە دەردەکەون چالاکیش نین .

( ٢/٣-١-١-٢-٣ ) **بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو لە ناوی پێکهاتەکانی لەش**

١- /- ێ / – ێك / – ەك/ : وەك (چاو تروکانێك ،چاوێك ، .....) .

٢- / – انە / : وەك (سەرانە ، ملانە ، .....) .

٣- /- ەکی / : وەك (سەرەکی ، .....) .

٤- / – ئاسا /: وەك (دەست ئاسا ، پەراسوو ئاسا ، دڵ ئاسا ، سەرئاسا ، .... ) .

بۆ پاشگرەکانی (/ – ێ / ، / – ان ، ا / ،/- گار/ ). نموونە بە ناوی پێکهاتەکانی لەش دەست نەکەوت ، بەڵام مانای نەبوون ناگەیەنێت . بۆ زانیاری زیاتر لە بارەی ئەو پاشگرانە بڕوانە (ئازاد ئەحمەد حوسێن ٢٤٠:٢٠١٠)

( ٢/٣-١-١-٣ ) **بەرهەمهێنان بە جووتگر لکاندن ( نیمچەلێکدراو )** :-

نیمچە لێکدراو بەسەرئەو یەکە فەرهەنگیانە دادەبڕێت ، کە لەیەك کاتدا پێشگر و پاشگر وەردەگرن .(جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٤٢) .لە زۆر باردا لە کاتی ڕۆنانی وشەدا ڕوودەدات وەك (هەڵتڕاندن) ، هەرچی لەپێکهاتەکانی لەشە لەکاتی ڕۆنانی ئاوەڵکاری داڕێژراو ، ئەوانەی کە بەیارمەتی پێشگر و پاشگر ڕۆدەنرێن دەبینرێت .

١- **ئاوەڵکاری داڕێژراو**

- پێشگری / بێ– / لەگەڵ :

أ- پاشگری / – انە/: ( بێ ئەقڵانە ، بێ ڕووانە ، بێ زمانانە ، بێ شەرمانە ، .....) .

ب-پاشگری / – ی /: (بێ ئەقڵی ، بێ چاوی ، بێ دڵی ، بێ ڕوویی ، بێ سەری ، بێ نازی ، .....) .

پێشگری / بە– / لەگەڵ :

أ- پاشگری / – ی / : ( بەژیری ، بەگیانی ، وەك لە برای (گیانی بەگیانی) ، ....) . پاشگرەکانی تری (/ – ەتی ، – ێتی / ، و / – ایەتی / ، / – ایی / ) یش دەبینرێن .

**٢- ئاوەڵکاری دەستەواژەیی یان ( فریزبەند )**

جۆرێکی تری ئاوەڵکار بە یارمەتی پێشبەند و پاشبەند بەرهەم دێت لە بەر نزیکی لە نیمچە لێکدراو لێرە تۆماریان دەکەین (بەو ئاوەڵکارە دەوترێ ، کە لە دەستەواژەیەك پێکهاتبێ ، واتە کۆمەڵە وشەیەك بێ ، کاریان لەگەڵ دا نەبێ . جۆری هەرە دیار و سادە و چالاکی ئاوەڵکاری دەستەواژەیی ئەوەیە ، کە بەیاریدەی پێشبەند و پاشبەند ساز دەبێ .) (ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٩٨:١٦٢) .

١- پێشبەندی (لە) : و پاشبەندەکانی (ەوە ) : وەك ( لەجەرگەوە ، لە دڵەوە ، لە سەرەوە ، .....) .

(دا) : وەك (لەچاودا ، لەدڵدا ، لەسەردا ، لەگوێدا ......)

( ڕا) : وەك ( لەسەر ڕا ، لە پێ ڕا ، .....) .

٢- پێشبەندی (بۆ) و پاشبەندی (ەوە) : وەك ( بۆ سەرەوە ، ......)

٣- پێشبەندی (بە) : و پاشبەندەکانی (ەوە) : وەك ( بە سەرەرەوە ، بەچاوەوە ،بەزگەوە ......) ، و

(دا) : وەك ( بەسەردا ، بەدەمدا ،بەزگدا ، بە دڵدا، بەچاودا ، ....) .

٤- پێشبەندی ( تا ، هەتا ..) , پاشبەندی (ەوە ) : وەك ( تا سەرەوە ،.....) .... گەلێکی دیکە .

(٢/٣-١-١-٤) **داڕشتنی پێچەوانە** (back derivation)

لە داڕشتنی پێچەوانە بە لابردنی یەکێ لە لاگرەکان ، وشە بەرهەم دێت ، ئەمەش یەکێکە لە ڕێگا کەمبەرهەمەکان . وەك لە زمانی فەرەنسی کارەکانی (agresser) (دەستدرێژی کرد) ، و (somnoler) (سەرخەوکردن) ، کە لە ناوەکانی (agression) (دەستدرێژی ) ، و (somnolence) (سەرخەو) وەرگیراوە ، ..... هتد . یان کارەکانی (orater) (وتاری دا) ،و (auditer ) (گوێی گرت) ، بەلابردنی پاشگری ناوی بکەر (eur) ، لە (orateur) (وتاربێژ ) ، (auditeur) (گوێگر) لە دایك بوون ، هەرچی پێشگرە کەمتر روو دەدات وەك لابرنی پێشگری نەرێ (an) (ananlphabete) (نەخوێندەوار) (alphabete) (خوێندەوار) (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٤٣) ، ئێمە نموونەی لەم شێوە لە زمانی کوردیدا نابینین ، مەگەر بە پێچەوانەکردنەوەی یاساکانی وشە ڕۆنان بە دەست بکەوێت .

(٢/٣-١-١-٥) **بەرهەمهێنانی گەردانی** (inflectional)

سەرەرای ئەوەی بەرهەمهێنانی گەردانی پەیوەندی بە وشە ڕۆنانەوە نییە ، بریتییە لە نوێبوونەوەی شکلی کە بەسەر گەردانی یەکەی فەرهەنگی دادێت ، هەرچەندە ئەم لە دایك بووە گەردانیانە بەهەڵە دەژمێردرێن ، بەڵام هەندێکیان بەهەڵە دانانرێن . (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٤٤) . وەك هەندێ گەردانکردنی ناوێزە ، یان بەکارهێنانی شێوەی کۆی وشەیەك ، کە بەشێوەیەکی گشتی تاکەکەی بەکاردەبرێ ، لە نموونەی بێ ڕەوشتەکان ، لەبری بێ ڕەوشت ، کە هەندێ جار بەکار دەبرێت . یان وەك ( نێوچاوان ، گوڵان ، سەهۆڵەکە ، ....) ، کە هەندێکیان دەچنە فەرهەنگەوە .

## (٢/٣-١-٢) بەرهەمهێنان بە ڕێگای لێکدان - Composition

### وشەی لێکدراو

وشەی لێکدراو لە لێکدانی دوو وشەی سەربەخۆ پێکدێت ، بۆ ڕۆنانی تاکە فۆرمێك ، واتە بە کۆکردنەوەی زیاتر لە یەکەیەکی فەرهەنگی سادە دەبێت ، بۆ ڕۆنانی یەکەیەکی فەرهەنگی لێکدراو ، کە ئەمانەش لەنێوان خۆیاندا جیادەبنەوە بۆ ئەوانەی کە بۆ ڕۆنانی ناو پەنا بۆ بەشە ئاخاوتنە جیاوازەکان دەبەن ، و یان یەکەی لێکدراون لە وشەو ئامراز پێکهاتوون ، یان ڕەگەزی وشەی وەرگیراو(بیانی) لە ڕۆنانیاندا هەیە . وشەی لێکدراو بەلایەنی کەم دوو بناغە لەخۆ دەگرێت ، کە هەردووکیان وشەن . (katamba ٢٠٠٦:٥٥) ، کەواتە یەکەیەکی فەرهەنگییە ، لە بناغەیەك زیاتر پێکدێت لەرووی واتا مامەڵەی تاکە وشەیەکی لەگەڵدا دەکرێ ، پێکهاتەکانی لەش بەشداریەکی فراوانیان لە بەرهەمهێنانی وشەی لێکدراو هەیە ، ژمارەیەکی دیار لە یەکە فەرهەنگییەکان پێکدەهێنن ، بۆ هەردوو بناغەی وشەی لێکدراو پێکهاتەکانی دەرەوە و ناوەوە بۆنموونەکان وەردەگرین ،پێکهاتەکانی ناوەند و دەنگی و نابەرجەستە لە ڕیزی ناوەوە هەژماردەکەین ، ئەو بەشانەی ئاخاوتنیش کە پێکهاتەکانی لەش بەشداردەبن لە ڕۆنانی وشەی لێکدراوەکانیان بریتین لە ( ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ، چاوگ/کار) .

### (٢/٣-١-٢-١) بەرهەمهێنانی ناوی لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش

ناوی لێکدراو بەم ڕێگایانەی خوارەوە بەیارمەتی پێکهاتەکانی لەش پێکدێن ، تەنیا ئاماژە بۆ ئەو ڕێگایانە دەکەین کە ناو تێیدا ڕۆڵ دەبینێت ، واتە هەردوو بناغەکە، یان یەکێکیان ناوی پێکهاتەیەکی لەش بێت .

#### (٢/٣-١-٢-١-١) دوو بناغەکە لەیەك بەشی ئاخاوتن بن بێ یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن (conjuction)

١- دووناوی سادە:- پێکهاتەکانی لەش بەسێ شێوە ڕۆڵ دەبینن لە ڕۆنانی وشەی نوێ .

أ- دووناوەسادەکە ناوی پێکهاتەکانی لەش بن . ئەم جۆرە وشانە ژمارەیان کەمە بە بەراورد بە جۆرەکانی تر ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : دوو ناوەکە لە یەك پێکهاتەی لەش بن .

١- دوو ناوەکە لەپێکهاتەی دەرەوە بن :( بسك بسك ، پەنجەپەنجە ، پەل پەل ، قۆڵ قۆڵ، موو موو،....).

٢- دووناوە کە لە پێکهاتەی ناوەوە بن :(جومگەجومگە ، چاوچاو ، دەماردەمار ، ددان ددان ، ....) .

دووەم : ناوەکان لە دوو پێکهاتەی جیاوازی لەش پێکهاتبن ، کە ئەمانەش لە ناو خۆیاندا جیادەبێتەوە بۆ:

١- دوو ناوەکە لەپێکهاتەی دەرەوە بن: (باڵادەست ،پاپەنجە ، سەرپێ ، سەردەست ، قوونپانی، .....) .

٢- دووناوەکە لە پێکهاتەی ناوەوە بن: (بەزچاو ، جگەرخوێن ، خوێنجگەر ، خوێندڵ ، دڵجگەر ، ڕەگدڵ ، زوواندڵ ، دڵخوێن ، ........) .

٣-دوو ناوەکەلە پێکهاتەیەکی دەرەوە ، و پێکهاتەیەکی ناوەوەی لەش بن :

یەکەم : ناوی یەکەمیان پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت: (بەڵگ چاو،پەنجەگۆشت ، تبلچاڤ ، سەردەم ، ڕوودڵ ، قنگچاو ، موودەم ، ........) .

دووەم :ناوی یەکەمیان پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت :( ئێسك ڕان ،چاو ڕوو،ڕەگ گەردەن ،ڕەگ مل،.....) .

ب- دووناوی سادە ناوی یەکەمیان پێکهاتەیەکی لەش بێت . ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکە پێکهاتەی دەرەوە بێت : (پادەشت ،پەنجەشێر ، پەنجەمریم ، پێ خەسوو ، پێ مێو ، دەستئاور ، دەستکار ، دەستنیشان ، دەستنوێژ ، ڕووکار ، ڕووپەر ، سەرباس ، سەرئەنجام ، سەردەفتەر، سەرساڵ ، سەرکار ، سەرگوڵ ، سەرلەشکر ،سەرنامە ، سەرناو ، سەروەستا ، قوون تەندوور ، کەللە شەکر ، کلك نیشان ، گەردەن کەش ، گوێ ڕایەڵ ، ....) .

دووەم : ناوەکە پێکهاتەی ناوەوە بێت : (جگەرگۆشە ، جگەرسۆز ، چاوبۆق ، چاوگا ، دڵشێر ، دەم پۆر ، شیربرا ، شیربرنج ، شیرکتك ،........) .

ت- دووناوی سادە ناوی دووەمیان پێکهاتەیەکی لەش بێت . ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکەپێکهاتەی دەرەوەبێت : (ئاودەست ،دار دەست ، شەکر لێڤ ، گوڵ ڕوو ، گوڵبەژن ، ئاخ لێڤ ، شەماڵ پا ، ......) .

دووەم : ناوەکەپێکهاتەی ناوەوەبێت: (ئاودەم ، پەرۆش دڵ ، دێودڵ ، کوێر دڵ ، .......) .

(٢/٣-١-٢-١-٢) **دوو بناغەکە لەدوو بەشی ئاخاوتن بن بێ یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن (conjuction)**

١- ئاوەڵناو + ناو : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکە پێکهاتەی دەرەوە بێت: (پاك ڕوو ، تەڕدەست ، تەنگدەست ، خواردەست ، خۆش ڕوو ، ڕەش بازوو ، ڕەش پێست ، سپی پێست ، ......) .

دووەم : ناوەکە پێکهاتەی ناوەوە بێت: (بەد دڵ ، بەد زمان ،پاك دڵ ،پڕگۆشت ، پڕ مێشك ، تەڕدەم ، خۆش خوێن ، خۆش دەماغ ،خۆش زوبان ، ڕەش خوێن ، کەم شیر،......).

٢-لەناوێکی سادەو ڕەگی کار : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ:-

یەکەم : . ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (باڵ بەست ، پاژنەکێش ، دەزگر، دەسگیر ، دەسرن ، دەسڕێژ، دەستشۆر ، دەستشێل ، دەسکوژ، دەسفرۆش ، دەسکێش ، دەسگێڕ ، دەسنووس ، ڕوو وەرگێر ، ڕوومەت گیر ، ڕووپۆش ، ڕووماڵ ، زولفگیر ، سەربەست ، سەرپێچ ، سەرپۆش ، سەرنووس ، ستۆپارێز، شان پۆش ، قۆڵبڕ ، قۆڵبەست ، کەللەتەزێن ، کۆڵ گێر ، مەمك مژ ، ملپێچ ، ناوکبڕ ،....) .

دووەم : ناوەکە لەپێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (ئێسك کرۆژ ، چاوبەست ، چاوبڕ ، دڵخواز ، سکپڕ ، زمان زان ، خوێن بەخش ، خوێنخۆر ، خوێن ڕێژ ، خوێنمژ ، خوێنگر ، دەمبەست ، دڵڕفێن ، سەرژمێر ، شیرپاڵێو ، فرمێسك ڕێژ ، .....) .

٣–ئاوەڵکارێك وناوێکی سادە : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ:-

یەکەم : ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (بان شان ، بەرسمێڵ ، بەرسینە ، بن کەزی ، بن گەردەن ، بن گوێ ، ژێردەست ، ژێر چەپۆك ، ژێرچەناگە ، ژێر سەر ، سەرقۆڵ ، سەرلێو ، نێوڕان ،....).

دووەم : ناوەکە لەپێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (بەرچاو ، بەردەم ، بەردڵ ، بن زمان ، پێشچاو ، ژێر چاو ، ژێر زمان ،سەرچاو ، سەردڵ ، لاشەویلکە ، ناو زگ ، ناو دڵ ،......) .

**(٣/٢-١-٢-١-٣) دوو بناغەکە لەیەك بەشی ئاخاوتن بن بە یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن (conjuction)**

١– دووناوی سادە بەیارمەتی یەکێك لەم مۆرفیمانە (ە ، و ، بە )

پێکهاتەکانی لەش بەشێوەی جیا ڕۆڵ دەبینن لە ڕۆنانی ناوی نوێ بەم شێوانە .

أ– دووناوی سادە بەیارمەتی (ە ، و ، بە ) هەردووناوەکە پێکهاتەی لەش بن، ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :–

یەکەم : دوو ناوەکە لە یەك پێکهاتەی لەش بن:–

١– دوو ناوەکە لەپێکهاتەی دەرەوە بن : نموونە بۆ (ە) وەك : (ملەمل ، دفنەدفن ، قوونەقوون ، قنگەقنگ ،.......) . نموونە بۆ (و) وەك : (پێ و پێ ، ......) . نموونە بۆ (بە) وەك : (پێ بە پێ ، دەست بە دەست ، رووبەروو ، زرانی بەزرانی ، سەر بەسەر ، شان بەشان ، مووبەموو ،......) .

٢–دووناوە کە لە پێکهاتەی ناوەوە بن: نموونە بۆ (ە) وەك : ( چاوەچاو ، دەمەدەم ، دڵەدڵ ،......) . نموونە بۆ (و) وەك : (دەمار و دەمار ، دەم و دەم ، ......) . نموونە بۆ (بە) وەك : (ئێسك بە ئێسك ، پەراسووبەپەراسوو ، چاو بە چاو ، دەم بەدەم ، سەربەسەر ، .....) .

دووەم : ناوەکان لە دوو پێکهاتەی جیاوازی لەش پێکهاتبن بەیارمەتی (ە ، و، بە) جیا دەبێتەوە بۆ:–

١- دوو ناوەکە لەپێکهاتەی دەرەوە بن: نموونە بۆ (ە) وەك : (پێستەسەر ، تووکەسەر ، دەستە ئەژنۆ ، دەسەسەر ، دەستەمل ، کۆڵەباڵ ، ......) . نموونە بۆ (و) وەك : (بەروپشت ، پاوپل ، پلوپا ، پت و پوز دەست وپێ ، دەست و پەنجە ، دەست ونێك ، سەروپێ ، سەرو گوێ ، شان و پیل ، قۆل و باسك ، لاق و لەتەن ، لچ ولێو ، ...... ) نموونەبۆ (بە) وەك : (پێ بە قنگ ، دەست بەسەر ، دەست بەسینە، دەست بەئەژنۆ ، دەست بە روو ، ڕووبەخاڵ ، .....) .

٢- دوو ناوەکە لەپێکهاتەی ناوەوە بن: نموونەبۆ (ە) وەك : (دڵە ماسوولکە ، .........) .نموونەبۆ (و) وەك : (جەرگ و دڵ ، دەم و چاو ، دەم و دەست ، دەم و ددان ، دڵوسپڵ ، دڵ و یەهەر، سی و جگەر ، شۆس و یەهەر (سی و جگەر) ، .....) نموونە بۆ (بە) وەك : ( ئێسك بە گۆشت ، زمان بە خوێن ، ....) .

٣- دوو ناوەکەلە پێکهاتەیەکی دەرەوە ، و پێکهاتەیەکی ناوەوەی لەش بن:–

یەکەم :ناوی یەکەمیان پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت :– نموونەبۆ (ە) وەك : (ئەمووستەچاو ، قنگەچاو ، ....) .نموونەبۆ (و) وەك : (دەست و دڵ ، سەر و زمان ، سەر وچاو ، ....) نموونەبۆ (بە) وەك : (دەست بەخوێن ،مەمك بە شیر ، ق... ن بە ... و ،.....) .

دووەم : ناوی یەکەمیان پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : نموونەبۆ (ە) وەك : (چاوە ڕوو،.....) . نموونە بۆ (و) وەك : (چاو و برۆ ، دەم و لووت ، دڵ و دەست ،...) نموونەبۆ (بە) وەك : (چڵم بە لووت ،...) .

ب- دووناوی سادە ناوی یەکەمیان پێکهاتەیەکی لەش بێت : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکەپێکهاتەی دەرەوە بێت: نموونەبۆ (ە) وەك : ( بسکەگیا ، پێستەبەرخ ، دەستە خوشك ، دەستەبرا ، سمتە جووڵە ، کـ ..ـرە فیل ، .....) ، نموونە بۆ (و) وەك : (دەست و مست ، دەس و پەیمان ، دەس و بۆس ، دەست و قەڵەم ،.....) . نموونە بۆ (بە) وەك : ( دەست بەخەنە سەر بەکار ، سەر بە مۆر ، گوێ بە گوارە ، لێو بە بار ، ....) .

دووەم :ناوەکەپێکهاتەی ناوەوە بێت: نموونە بۆ (ە) وەك :( ئێسکە پەیکەر ، چاوەگا ، دەمارە خانە ، دەمەشێر ، دەمەگوێزان ، ددانە ڕێوی ، دڵەتەپە ، زمانەخەسوو ، سییە سوڕ ، گوونەپشیلە ، .....) ، نموونە بۆ (و) وەك : (جەرگ وناو، دڵ و دەروون ،.... ) . نموونە بۆ (بە) وەك : (چاو بە کل ، دەم بە خەندە ، دڵ بەخەم ، ....) .

پ- دووناوی سادە ناوی دووەمیان پێکهاتەیەکی لەش بێت : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکەپێکهاتەی دەرەوە بێت: نموونە بۆ (ە) وەك :( ئاوەسەر ، بەردەپا ، بەردەپێ ، بەفرەسەر ، خاکە لێو ، مەشکەلاق ، .....) . نموونە بۆ (و) وەك : (خاك وپا ، دارو دەس ، ڕەنگ و ڕوو ، قڕوقەپۆز ، قیل و قاچ ،...) . نموونە بۆ (بە) وەك : (ئاڵقەبەگوێ ، بەفر بەسەر، قوڕبەسەر ، زەبر بە دەست ، کاربەدەست ،....) .

دووەم : ناوەکەپێکهاتەی ناوەوە بێت: نموونە بۆ (ە) وەك :(ژانە سك ، دەردە دڵ، .....) . نموونە بۆ (و) وەك : (شەکر و شیر ، چڕوچاو ،....) . نموونە بۆ (بە) وەك : (گوڵ بە دەم ، برنج بە شیر ، ....) .

(٢/٣-١-٢-١-٤) **دوو بناغەکە لەدوو بەشی ئاخاوتن بن بە یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن (conjuction)**

١- ناوێکی سادە و ئاوەڵناوێك بە یارمەتی مۆرفیمی بەستنی(ە)، ئەمەش جیادەکەینەوە بۆ:-

یەکەم : ناوەکەپێکهاتەی دەرەوە بێت: ( زەوڵە (مەچەك) ئەستوور ، قامکەزل ،......) .

دووەم : ناوەکەپێکهاتەی ناوەوە بێت : ( ڕیخۆڵە ئەستوور ، ڕیخۆڵە باریك ،....) .

٢- ئاوەڵناوێك و ناوێکی سادە بەیارمەتی مۆرفیمەکانی بەستنی (ە ، و ) . دوو بناغەکە لە دووبەشی ئاخاوتنن وبەیارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن (conjuction) ئەنجام دەدرێت ، نموونە بۆ (ە ) وەك : ( بەرزەپا ، بەرزەلنگ ، دوورە دەست ، ڕەشە خوێن ، کورتەباڵا ، گەندەموو ،....) . نموونە بۆ (و) وەك : ( پڕوپا ، گەند و گوو ، ....) .

٣- لە ناوێکی سادەو قەدی چاوگ بەیارمەتی مۆرفیمی بەستنی( و ) وەك : ( دەست و برد ،....) .

٤- ئاوەڵکارێك و ناوێکی سادە بە یارمەتی مۆرفیمی بەستنی (ە) .

یەکەم : ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (پشتەپا ، پشتەپێ ، پێشە سەر ،پشتەمل ، سەرەپەنجە ، ناوشان ، ...) .

دووەم: ناوەکە لەپێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (ناوەئێسك ،سەرەزمان ،ناوە ڕیخۆڵە ،بنەددان ، .....) .

٥- ناوێکی سادەو وشەیەکی بێ واتا بەیارمەتی مۆرفیمی بەستنی ( و ): (ئێسك وپروسك ، قاچ و قوول ، ...) .

٦- دووپاتکردنەوەی ناوێك بە یارمەتی مۆرفیمی بەستنی (ە) لە ڕێگای پێکهاتەی دەنگی : وەك (تڕەتڕ ، فسەفس، فنەفن ، فنگە فنگ ، مخەمخ ، ملچەملچ ، نوزەنوز ، .... ) لە کۆی (١٣) ڕێگا تەنها (١١) ڕێگا ڕۆڵ دەبینن . واتەبە ڕێگاکانی (دوو ڕەگی کار بە یارمەتی مۆرفیمی بەستنی (و) ، ڕەگی کار + وشەیەکی بێ واتا ) وشەسازنابن .

( ٢/٣-١-٢-٢ ) **بەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی[٣٧٦] لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش**

ئاوەڵناوی لێکدراو دەکرێت پێکهاتبێ لە :-

( ٢/٣-١-٢-٢-١ ) **دوو بناغەکە لە یەك بەشی ئاخاوتن بن بێ یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن ( conjuction )**

١- دووناو : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (بالا عەرعەر ، بالادەست ، بەژن چنار ، بەژن شووش ، خەنجەربالا ، سەگ دەست ، گەردەن بلوور ، .......) .

دووەم : ناوەکە لە پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (چاوئاگر ، چاوبۆق ،خەنجەر دەم ، دەم مقەست ، دەم هەژدیها، دڵ دز ، ماردەم ، .......) .

٢- ناو + ناوی بەرکار : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (پێست هەڵقرچاو ، پشت دارزاو ، دەستگیراو ، سەردوراو ، قۆڵهەڵماڵراو ، لووت بڕاو ، ......) .

دووەم : ناوەکە لە پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (جگەرسووتاوی، جەرگبراو ، چاوبەستراو ، دەم دڕاو ، زمان سووتاو ، قوڕگدڕاو ، کلێنچکەشکاو ، ........) .

٣- دووپاتکردنەوە ی ناو : ( خاڵخاڵ ، ......) .

( ٢/٣-١-٢-٢-٢ ) **دوو بناغەکە لەدوو بەشی ئاخاوتن بن بێ یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن ( conjuction )**

١- ناو + ئاوەڵناو :- ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (پاگران ، دەست پاك ، ڕووپاك ، ڕووتاڵ ، ڕووترش ، ڕووڕەش ، ڕووزەرد ، ڕووسپی ، ڕووسور ، ڕووسارد ، ڕیش سپی ، سەرخۆش ، سەرکز ، شان بڵند ، قەدباریك ، کەمەرەباریك ، گوێ سووك ، گوێ گران ، لووت بەرز ، ......) .

دووەم : ناوەکە لە پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (ئێسك سووك ، چاوبەلەك ، چاوپیس ، چاوسوور ، خوێن سارد ، خوێن شیرین ، خوێن گەرم ، دەم ڕووت ، دەم سارد ، دەم سوور ، دەم شڕ ، دەم گەرم ، دەم نەرم ، زمان بەد ، زمان پاك ، زمان تاڵ ، زمان درێژ ، دڵ تەخت ، دڵڕەق ، دڵشاد ، دڵ گەرم ، زك زل ، زك ڕەش ،........) .

---

[٣٧٦] بۆ پێناسەی ئاوەڵناو و هەموو ئەو کارانەی لەسەرەتاوە لەسەر ئاوەڵناوکراوە بڕوانە ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٩٢: ٢١ -٥٧ ) .

٢- ئاوەڵناو + ناو : (بڕوانە ناوی لێکدراو) .

٣- ناو + ڕەگی کار : (بڕوانە ناوی لێکدراو) .

٤- ئاوەڵکار + ناو (بڕوانە ناوی لێکدراو ) .

٥- ژمارە + ناو : ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم : ناوەکە لە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : ( چوار پێ ، دووپەل ، دووڕوو ، سێ سەر ، سێ پا ، هەزارپێ ، ......) .

دووەم: ناوەکە لە پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (چوارچاو ، دوو دڵ ، دووشەویلکە، دوودەم ، هەزار ڕەگ ، ...) .

**(٢/٣-١-٢-٢-٣) دوو بناغەکە لەیەك بەشی ئاخاوتن بێ بە یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن ( conjuction )**

دووناوبە یارمەتی مۆرفیمی بەستنی (بە) : کە لە ناوچەی موکریان دەبێت بە (وە) و لە دیالێکتی سەروو دەبێت بە (ب) ، بۆ هەموو ئەو ڕێگایانەی لەڕێ ی پێکهاتەکانی لەشەوە وشە ڕۆدەنێ بڕوانە (٢/٣-١-٢-١-٣ ، ل ٨٧ ) لە ناوی لێکدراو و هەموو ئەوانەی پەیوەندی بە ناوبەندی (بە) ەوە هەیە .

**(٢/٣-١-٢-٢-٤) دوو بناغەکە لەدوو بەشی ئاخاوتن بن بە یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن ( conjuction )**

ئاوەڵناو + مۆرفیمی بەستنی (ە) + ناو : (بڕوانە ناوی لێکدراو ) .

لە کۆی (١٥) ڕێگا تەنیا بە (١٠) ڕێگا ڕۆڵ دەبینن لەبەرهەمهێنانی ئاوەڵناوی لێکدراو . واتە ڕێگاکانی (ئاوەڵناو + ڕەگی کردار ، ئاوەڵکار + ڕەگی کار ، ئاوەڵناو + و + ئاوەڵناو ، ئاوەڵناو + و + وشەیەکی بێ واتا ، ئاوەڵناو + ە + ئاوەڵناو ) بەشداریان نابێت ، لە ڕۆنانی ئاوەڵناوی لێکدراو بە یارمەتی ناوی پێکهاتەکانی لەش .

**(٢/٣-١-٢-٣) بەرهەمهێنانی ئاوەڵکاری لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش**

ئاوەڵکاری لێکدراو دەگونجێ پێکهاتبێ لە :-

دووپاتکردنەوەی (ناو ، ژمارە ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ) ، کە بەیارمەتی و بێ یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن ڕۆدەنرێن ، کە لە لە هەموویاندا پێکهاتەکانی لەش نابینرێن بۆیە تەنیا ڕۆڵی ئەوانە دەخەینەڕوو کە لە هەردوو جەمسەر یان لە یەکێك لە جەمسەرەکان ناو هەیە . وەك:-

یەکەم : ئەوانەی ناو لە دوو جەمسەردا هەن .

١- دووپاتکردنەوەی ناو بەبێ یارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن : (پەنجەپەنجە، پێ پێ ، خاڵ خاڵ ، دەستە دەستە ، دیانە دیانە ،.....) .

٢- دووپاتکردنەوەی ناو بەیارمەتی مۆرفیمەکانی بەستن :-

أ- (او) : ( پشتاوپشت ، دەستاو دەست ، دەماودەم ، سەراوسەر ، قووناو قوون ،.....) .

ب- (ەو) : ( دەستەودەست ، ڕووەو ڕوو ، سەرەوسەر ، شانەوشان ، ......) .

ت- (لە) : (چاولەچاو ، دەست لە دەست ، دڵ لە دڵ، سەر لەسەر ، شان لەشان ، مل لە مل ،...) .

پ- (ان) : (بەرانبەر ، بەرانپیل ، سەرانسەر ، لێوان لێو ، ....) .

ج-ناو+بە + ناو : ( دەست بە جێ ، ....) .

ح-(ناو+ناو) بەیارمەتی (و) : (دەم و دەست ، .......) .(ئازاد ئەحمەد حوسێن ٢٠١٠:٢٤٢ - ٢٤١).

خ-بەیارمەتی (ەو) : ( دەمەو ڕوو ، دەستەو ئەژنۆ ، دەسەودامان ، دەسەو شان ، دەسەوناو ، دەستەویەخە ، سەرەولێژ ، سەرەو خوار ، سەرەونخوون ، لنگەو تلوور ،.......) .

د-بەیارمەتی (لە) : (چاو لەبن ، دەم لەخوێن ، ڕق لە زگ ، سەرلەبەر ، قسەلەڕوو، کیسە لە مل ، ...) .

ز - (سەر) + ( بەرەو) + ئاوەڵکار واتە (ناو + بەرەو + ناو) : (چاو بەرەو ژوور ، چاوبەرەو ژێر ، سەربەرەوژوور ، سەربەرەوژێر ، ....) .

<u>دووەم</u> : ئەوانەی ناو لە یەکێك لە جەمسەرەکان هەیە .

١- ئاوەڵناو + بە + ناو : (پڕبەپێ ، پڕ بە پێست ، پڕبەچاو ، پڕبەدەست ، پڕبەدەم ، پڕبەدڵ ، پڕبە زگ ، پڕبەسی ،.....) .

٢- ژمارە + ناو: (یەکپێ ، یەکدڵ ، یەکسەر ، ....) .

٣-ئامرازی نیشانە + ناو: (ئەمسەر ، ئەوسەر ، .....) .

٤- پێشگری (لە) + (سەر) + ئاوەڵکار : ( لەسەرلا ، لەسەرپشت ، .....) .

٥- ناو +لە + ئاوەڵناو : ( سەرلەنوێ ،.....) .

بێگومان ئەوانە کۆی ڕێگاکان نییە ، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (ئازاد ئەحمەد حوسێن ل٢٣٨تا ٢٤٥) .

**(٢/٣-١-٢-٤) <u>بەرهەمهێنانی چاوگی[٣٧٧] لێکدراو لەناوی پێکهاتەکانی لەش</u>**

چاوگی لێکدراو ( بریتیە لەو چاوگەی کە چاوگێکی داڕێژراو بەشداری لەپێکهێنانیدا بکات ، بەڵام جگە لەمەش دەبێت بەلای کەمەوە کەرەستەیەکی تریشی لەگەڵدا بێت . ئەم کەرەسەیە کەبە زۆری مۆرفیمێکی سەربەخۆیە لە شێوەی ناو یان ئاوەڵناو یان ئاوەڵکاردا ئاسایی پێش کارە داڕێژراوەکە دەکەوێت ) [٣٧٨] (محمد معروف فتاح ٢٠١٠:٢٤٨) لەگەڵ ئەوەی هەندێك زمانەوان دان بە بوونی چاوگی سادەدا دەنێن[٣٧٩] بەڵام ، ئەم توێژینەوەیە بۆچوونی دەخاتە پاڵ ئەو زمانەوانانەی چاوگی سادە ڕەتدەکەنەوە ، چونکە هەموو چاوگێك بەسەر مۆرفیمدا دابەش دەبن ، سەرەڕای ئەوەی بە شێوەیەکی گشتی پێکهاتەکانی لەش لە دارشتنی چاوگی داڕێژراو ناچالاکن ، بەڵام بەشێك لە پێکهاتەی دەنگی پێچەوانەی ئەوە دەردەخەن ، وەك ناوەکانی ( تڕ ، تس ...) ، لە چاوگەکانی ( تڕین ، تڕاندن ، تسین ، .....) دەبینرێن ، بەڵام پێکهاتەکانی لەش ڕۆڵێکی سەرەکیان هەیە لە بەرهەمهێنانی ژمارەیەکی زۆر لە چاوگی لێکدراو ، کە ئەم توێژینەوەیە چاوگ بە سەرەکی دادەنێت ، لە ڕێگای چاوگەوە پێکهاتەکانی لەش بەشدار دەبن لەدروستەی ژمارەیەکی زیاتر لە کاری لێکدراو لە هەموو تافەکاندا ، کە چاوگە لێکدراوەکان بەم ڕێگایانە سازبوون :-

---

[٣٧٧] هەرچەندە ئەم بابەتە باس لە چاوگی لێکدراو دەکات ، بەڵام لەو ڕوانگەوە بۆی دەڕوانین ، کە هەموو جۆرەکانی کار لە چاوگ ڕۆدەنرێن ، بۆ زانینی ئەو کارانەی لەسەرەتاوە لە بارەی کاری لێکدراو کراوە بڕوانە ( یوسف شریف سعید ١٩٩٨ : ١ - ١٦ ) .

[٣٧٨] محمد معروف فتاح ، کارپۆلینکردن بە پێی ڕۆنان ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ، ژمارە ( ١٢١ ) ی ساڵی ١٩٨٩ ،لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ل ٢٤٨. لەو پێناسەیە وشەی (کار) مان گۆڕیووە بە چاوگ .

[٣٧٩] بڕوانە : ئەورەحمانی حاجی مارف ( - ١-٦٨ :٢٠٠٠ ) .

**(٣/٢-١-٢-٤-١) ئەو چاوگە لێکدراوانەی[٣٨٠] ناوی پێکهاتەکانی لەش بەشدارە لە ڕۆنانیان**

بەهۆی ناوی پێکهاتەکانی لەشەوە چاوگی لێکدراو بەم شێوانە ڕۆدەنرێن :

١- ناوی سادەی پێکهاتەی لەش + چاوگی داڕێژراو . ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :

یەکەم : ناوەسادەکەپێکهاتەی دەرەوەی لەش بێت : (چۆك دادان ، دەست پیانان ، دەست پێکردن ، دەست تیَ وەردان ، دەست سرینەوە ، دەست کەوتن ، ، دەستگرتن ، دەست گێرانەوە ، دەست لیَ شووشتن ، دەست لیَ بەردان ، دەست وەشاندن ، دەستقووچاندن ، ڕەگ داکوتان ، سەربڕین ، سەرخواردن ، سەرداخستن ، سەرداهێنان ، سەرتاشین ، سەردانەواندن ، سەرلەقاندن ، ستووهاتن ، سمێلَ گرتن ، شاندادان ، قۆلَ هەلَکردن ، گویَ هەلَخستن ، گویَ گرتن ، لووت هاتن ، مل بادان ، مل شکان ، مووکردن ، .....) .

دووەم : ناوەسادەکە پێکهاتەی ناوەوەی لەش بێت : (پەراسووشکان ، چاوپۆشین ، چاوتیَ بڕین ، چاولێدان ، خوێن هەلَێنانەوە ، خوێن ئەستێن ، دەماغ هەلَدان ، دلَئێشان ، زك ڕۆیین ، زککردن ، زك لەوەراندن ، زگ پێسووتان ، زگچوون ، زبان گیران ، زمان پژاندن ، زمان گەستن ، سك بەردان ، جەرگسووتان ، فرمێسك هەلَوەران ، عارەق دەردان ، گیان سپاردن ، گیان سەندن ،........) .

٢- ناوی داڕێژراوکە پێکهاتەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی + چاوگی داڕێژراو . ئەمەش جیادەبێتەوە بۆ :-

یەکەم: ناوە داڕێژراوەکە پێکهاتەی دەرەوەی لەش بەشدار بێت لە ڕۆنانی: ( بەسەردادان ، بەسەرەوەچوون ، بەسەرکردنەوە ، بەسەرهاتن ، بەسەرداهاتن ، بە دەستەوە دان ، بەدەستهێنان ، پێستە داڕنین ، ڕادەستکردن ، ڕادەستکرنەوە ، .....) .

دووەم : ناوە داڕێژراوەکە پێکهاتەی ناوەوەی لەش بەشداربێت لە ڕۆنانی:( بەچاودادان ، ڕەچاوکردن ،.....).

٣- ناوی لێکدراو کە پێکهاتەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی + چاوگی داڕێژراو :

کۆی ئەو ڕێگایانەی کە ڕۆلَیان هەیە لە دارشتنی ناوی لێکدراو بە خستنە پالَ چاوگێك کە لە واتادا لە گەلَی بگونجیَ و هاوڕێیەتی بنوێنن دەتوانن ڕۆل ببینن لە داڕشتنی چاوگی لێکدراو ، بۆ خۆ دورخستنەوە لە دووبارە تەنیا هەندێك نموونەیان بۆ دەهێنرێتەوە ، کە لەم بەرهەمهێنانەش پێکهاتەکانی دەرەوە و ناوەوە بە گەلێك شێوە تێیدا بەشدار دەبن (پشتگویَ خستن ، دەست نوێژ شوشتن ، دەستبەکاربوون ، دەست وبردکردن ، ڕووبەڕووبوونەوە ، قاچ و قوول هەلَگرتن ، فنگەفنگکردن ، .......) .

٤- ناوی سادەی پێکهاتەکانی لەش + چاوگی لێکدراو :( دەست + بەسەرکردن ، دەست + گیرکردن ، دەست + بەسەرداهێنان ، سەر+ پیَ شۆرکردن ، دەماغ + تەختکردن ، سەر + سامبوون ،.......) .

بەرهەمهێنان بە ڕێگای (٤) جۆرێك لە تێکەلَ بوون لە ڕۆنانیان دروست دەکات لەگەلَ خالَی پێشوو(٣) ، چونکە بەشێك لە چاوگە ڕۆنراوەکانی خالَی (٣) بە شێوەیەك دەردەکەون ، کە بناغەی دووەمی ناوە لێکدراوەکە بەشێك بێت لە چاوگە داڕێژراوەکە ، بەمەش ناوە لێکدراوەکە وەك ناوێکی سادە و چاوگە داڕێژراوەکەش وەك چاوگێکی لێکدراو دەردەکەوێت کە لە ( ناوی سادە + چاوگی داڕێژراو) پێکهاتبیَ .

---

[٣٨٠] ئەو نموونانەی لە چاوگی لێکدراو هێنراوەتەوە زۆربەیان لە فەرهەنگ وەرگیراون و بەشێکیان بەئیدیۆم بوون ، ئەمەش بۆ خۆ بە دوورگرتن لەو نموونانەی گرێی کرداری ئاساین بەتایبەتی ئەو گرێیانەی لە (ناو( بەرکاری ڕاستەوخۆ) + کاری تێپەر پێکهاتوون ، چونکە شێوەی ڕۆنانیان لە چاوگی لێکدراو دەچێت کە لە (ناو + کاری تێپەر ) دروستبووبن .

ئەمەش تەنیا لەو حاڵەتانە دەردەکەوێت ، کە بناغەی دووەمی ناوە لێکدراوەکە لەگەڵ چاوگە دارێژراوەکە هاوڕێیەتی بنوێنێ ، و وەك وشەیەکی فەرهەنگی دەربکەوێت ، و واتا ببەخشێت . بۆنموونە لە کاتێکدا دەگونجێ (دەستبەسەرداهێنان) ، بە شێوەکانی (دەست بەسەر+ داهێنان ) ، و (دەست + بەسەرداهێنان ) ڕۆنرابێ ، بەڵام لە (ڕووبەڕووبوونەوە) ، (ڕووبەڕوو + بوونەوە ) گونجاوە ، بەڵام (*ڕووبە + ڕووبوونەوە) ، (*ڕووبوونەوە) ، نابێتە هۆی بەرهەمهێنان ، و (ڕوو) لەگەڵ (بوونەوە) واتا نابەخشێ و نارێزمانی دەنوێنێ . بۆیە لەو حاڵەتانەی بناغەی دووەمی ناوە لێکدراوەکە لەگەڵ چاوگە دارێژراوەکە ڕێك ناکەوێ ، بەبەرهەمی (ناوی لێکدراو + چاوگی دارێژراو) دادەنرێن،دەکرێ بەشێك لە ڕۆنراوەکان بە بەرهەمی هەردوو ڕێگا دابنرێ.

(٢/٣-١-٢-٤-٢ ) **ئەو چاوگە لێکدراوانەی ئاوەڵناو بەشدارە لە ڕۆنانیان**

لەم جۆرە چاوگە لێکدراوە یەکێك لە پێکهاتەکانی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی ئاوەڵناوە ناسادەکە ، کە ئەمە تەنیا ئاوەڵناوی ناسادە دەگرێتەوە ، ئاوەڵناو ( لەگەڵ چاوگی (بوون) و (کردن) دا ، کە دواتر دەستەیەك لە کاری تێنەپەر لەگەڵ (بوو) و لەگەڵ (کرد) دەستەیەك کاری تێپەر پێکدێنن .) ( یوسف شریف سعید ١٩٩٨:٢٢) ، بەم شێوانە .

١- ئاوەڵناوی داڕێژراو + چاوگی داڕێژراو :( بەدڵبوون ، بەجەرگبوون ، بێگیانبوون ، بێهۆشکردن،...).

٢- ئاوەڵناوی لێکدراو + چاوگی دارێژراو[٣٨١] . بەم شێوانە دەبێت :-

أ- ئاوەڵناوی لێکدراو (ناو + ئاوەڵناو ) + چاوگی داڕێژراو: (باڵا دەستبوون ، چاوسوورکردنەوە ، ڕوورەشبوون ، سەرخۆشبوون ، سەرگەرم کردن ، گوێ سووککردن ،...) .

ب- ئاوەڵناوی لێکدراو ( ناو + ناوبەندی (بە) + ناو ) + چاوگی دارێژراو : (چاو بەکلکردن ، چاوبەکلبوون ، قوربەسەر کردن ، لێوبەباربوون ، دەست بەخوێنبوون ، .....) .

ت- ئاوەڵناوی لێکدراو (ژمارە + ناو) + چاوگی داڕێژراو : ( دوودڵبوون ، دوودڵکردن ، .......) .

(٢/٣-١-٢-٤-٣ ) **ئەو چاوگانەی ئاوەڵکار بەشدارە لە ڕۆنانیان**

١- ئاوەڵکاری سادە : ناوی پێکهاتەکانی لەش بە هۆی خواستن لەرووی لێکچوون لە شوێن بەفراوانبوونی واتادا ڕۆیشتوون ، بوون بە ئاوەڵکاری سادە بۆ واتایەکی تر دوور لەناوی پێکهاتەکانی لەش بەکارهێنراون هەرچەندە لەسەرەتادا ناوی پێکهاتەکانی لەش بوون ، ئەگەر وەك ئاوەڵکاری سادە بڕوانینە وشەکانی (سەر ، بەر ، پشت ،.....) . وەك لە چاوگەکانی ( سەرکەوتن ، پشت گرتن ، بەرگرتن،...).

٢- ئاوەڵکاری ناسادە :لەم جۆرە چاوگە پێکهاتەکانی لەش بەشدارن لە ڕۆنانی ئاوەڵکارە ناسادەکان ، کە بەم شێوانە دەبێت .

ا- ئاوەڵکاری داڕێژراو + چاوگی دارێژراو : (بەگوێ کردن ، بەدڵبوون ، لەئەستۆگرتن ، بەسەرچوون ، لەدەست دەرچوون ، لەسەرنان ، لەپشتکردن ، لەڕوودامان ، لەدەستچوون ، لەدەم دان ، لەپێ کردن، ......) .

ب- ئاوەڵکاری لێکدراو + چاوگی دارێژراو : (پڕبەزگ خواردن ، دەستەدەستەکردن ، دەست لە دەست نان ، دەسەویەخەبوون ، سەرلەسەرنان ، سەرلەبەرنان ، شان لە شان خشاندن ، قووناو قوون کەوتن ، لەسەرزگ ڕۆیشتن ، مل لە مل نان ، ..... ) .

---

[٣٨١] . ( یوسف شریف سعید ) ئاماژەی بەم ( ٣ ) ڕێگایە کردووە .

(٤-٤-٢-١-٢/٣) **ئەوچاوگانەی بە یارمەتی ئاوەڵکاری دەستەواژەیی ڕۆدەنرێن**

لە سەرچاوەکان ئەم جۆرە بەرهەمهێنانە بە ڕێگای ( بەرناو و پاشناو ، پریپۆزیشن و پۆست پریپۆزیشن (preposition-post position) (یوسف شریف سعید ٤٣:١٩٩٨) دانراوە جگە لەوەی زاراوەی تریشیان بۆ داڕێژراوە وەك (پێشپرتك و پاشپرتك ، پێشبەند و پاشبەند ،...) ، دیارترینی ئەو پێشبەند و پاشبەندانەی ئەو ئاوەڵکارە دەستەواژەییانە ڕۆدەنێن بریتین لە ( لە......ەوە ) ، ( لە ...... دا ) ، ( لە .....ڕا ) ،(بۆ ..... ەوە ) ، (بە ..... ەوە ) ، ( بە .....دا ) ، (تا ، هەتا ، ......ەوە ) ..... هتد . کە جیادەبێتەوە بۆ:-

یەکەم : پێکهاتەی دەرەوەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی ئاوەڵکارە دەستەواژەییەکە + چاوگ : ( بەدەستەوەدان ، بەسەردادان ، بەسەراچوون ، بەسەردابرین ، بەسەرداهاتن ، بەقووندائەوتن ، بەقنگەوە کەفتن ، لەسەرڕاکەوتن ، ......) .

دووەم : پێکهاتەی ناوەوەی لەش بەشدارە لە ڕۆنانی ئاوەڵکارە دەستەواژەییەکە + چاوگ : (بەچاوەوەبوون ، بەچاودادان ، بەچاوداچوون ، بە دەمەوەدان ، بەدڵەوەنووسان ، بەدڵداچوون ، بەزگەوەمردن، بەزگداچوون ، بەمێشکداهاتن ، لەجەرگەوە هاتن ، ......) .

پاشبەندەکانی (دا ، ڕا ) دوو بۆچوونی جیاواز دەهێننە ئاراوە :-

١- دەبن بە پاشبەند : ( بەدەمدا + دان ، بەدڵدا + چوون ، لەسەردا + نان ، لەسەر ڕا + چوون ،....) .

٢- دەبن بە پێشگر بۆ چاوگەکە : (بەدەم + دادان ، بەدڵ + داچوون ، لەسەر+ دانان ، لەسەر+ ڕاچوون ، ......) لەئەگەری بوون بەپێشگر بۆچاوگ ، ئەوکات دەچنە خانەی ئاوەڵکاری داڕێژراو ، نەك ئاوەڵکاری دەستەواژەیی . وەك لە نموونەکانی ( لە دڵگرتن ، لە مێشکدان ، بەدڵ کەوتن ، لە زمان کەوتن ، بەسنگ کێشان ، لەدەست هاتن ، لەدەست دەرچوون ، لەدەستنان ، لەدەستدان ، لەسەردان ، لەسەرنان ، لەدەم دان ، لەقوڵکردن ، لەشیر برینەوە ، ....) . دەکرێت ئەگەری سێیەمیش بێتە ئاراوە ، کە ئەو پاشبەندانە لە هەردوو حاڵەتدا بێن ، بەڵام لەبەر قورسی گۆکردن یەکێکیان لە ناو دەچێت .

بەدڵدا + داچوون=بەدڵداداچوون . کە دواتر دەبێتە ( بەدڵداچوون) . بەسەردا + دادان ، کە بۆ ئاسانی بەر یاسای لەناوچوونی دەنگ دەکەون ، و دەبێتە (بەسەردادان ) .

( زۆرجار لە ئاستی وشەسازی کاتێك پێشبەندەکان ئەرکی مۆرفیمی وشەدارێژ بەجێ دەگەیێنن ، و وشەی نوێ دادەرێژن لەناو پێکهاتەی ئەو وشانەدا کە دایان دەرێژن دەتوانن شوێنی یەکتری بگرنەوە بەبێ ئەوەی کاریگەری لەسەر واتای وشەکان دروست بێت .) وەك ( بەچاوچوون ، لەچاوچوون )

(لەم دوو نموونەیەدا هەردوو پێشبەندی (بە) و(لە) لە جیاتی یەکتری دەچنە بواری کارکردن و کاریگەری واتایی دروست ناکەن .) ( عومەر ئەحمەد عەبدولرەحمان٢٠٠٩: ٢٧ - ٢٦) .

(٥-٤-٢-١-٢/٣) **چاوگ + ە + وشەیەکی تر**

جۆرێکی تری چاوگی لێکدراو ئەوانەن بە هاتنە سەرەتای چاوگ و خستە پاڵی وشەیێك بەیاریدەی مۆرفیمی بەستنی (ە) سازدەبن ،کە دەکرێ وشەکە (ناو ، ئاوەڵناو ، ئاوەڵکار ، ڕەگ ، ...) بێت بە سادەیی یان ناسادەیی یان لە پێکهاتەکانی ناوەوەو دەرەوەی لەش بن بۆ نموونە:-

١- چاوگی داڕێژراو + وشەیەك : (نان+ ە + دەم ، نان+ ە + دڵ ،چوون+ ە+ زگ ، دان+ ە + دەست ، دان+ ە + دەم ، خستن + ە + گوێ ، هێنان + ە + زمان ، کوتان+ ە + مل ، گرتن + ە + دەست،....).

٢- چاوگی لێکدراو + وشەیەك : (سك نان+ ە+ سەر ، دەست بەستن+ ە + تەختە ، دڵهێنان+ ە + جۆش ، دەست خستن + ە + خوێن ، ملنان + ە + بەر ، هەڵکوتان + ە + سەر ، ........) .

(٢/٣-١-٢-٥ ) **دەستە**[٣٨٢]

پێکهاتەکانی لەش لە بەرهەمهێنانی دەستەش بەرچاودەکەون ، کە (جگە لە وشەو وشەی لێکدراو مۆرفیم ، دانەیەکی تریش هەیە ،لە ئاستی مۆرفۆلۆجیدا پێی دەوترێ ( دەستە) ، دەستە لە ڕێزمانی کۆندا وشەیەکە ئەو کۆمەڵە وشەیەکە نابێ کاری تێدابێ (بەمە لە لارستە جیادەکەنەوە) هەموو پێکەوە لە رستەدا ئەرکی ناو یان ئاوەڵکار .... هتد دەبینن بۆ نموونە لەسەر دیوارەکە، بۆکرێ ،دوو پیاو .... دەستەش لە دیارخراوێك و دیارخەرێك یان چەند دیارخەرێك پێکدێ کە جێگەی تاکە وشەیەك بگرنەوە لە رستەدا) (محمد معروف فتاح٢٠١١:٩٨- ٩٩) (لەرێزمانی نوێدا دەچێتە خانەی گرێ ).(عەبدولواحید موشیر دزەیی ٢٠١٣:٣٢) . دەستەی ناو ، دەستەی کار لە کوردی دەبینرێت . دەستەی ناو ( لەم جۆرەدا دیارخراو یان ناو یان ئاوەڵناو یان جێناو یان پارتیکڵ ، دیارخراویش دوو شوێن دەگرێ یان پێش یان پاش دیارخراو ، ئامرازی (ی) ئیزافە لە نێوانیان دەبێ و هەموو ڕۆنانەکە دەکات بەکاکڵەدار) (محمد معروف فتاح٢٠١١ : ٩٩) . پێکهاتەکانی لەش وەك خۆیان ، یان لە ڕۆنانی وشەی تردا ، وەك دیارخەر و دیارخراو ، بەشێوەی جیاجیا دەبینرێن . بۆ نموونە:-

١- دیارخراو+ ی + دیارخەر: (هێڵکاری دڵ ،پشکنینی دەم ، دەسەڵاتی رەها ، چاوی سێیەم ،ململانێی سیاسی ، دارستانی دەستکرد ، بڕبڕەی پشت ، جەمسەری باکوور ، سەرکردایەتی بەکۆمەڵ ، خڕۆکە سپییەکانی خوێن ، زمانی ئاخاوتن ، سەرپەرشتیاری پەروەردەیی ، .......) .

٢- دیارخەر + دیارخراو : ( کام سەر ، چەند پێ ، سێ چاو ، .....) . هتد .

(٢/٣-١-٣ ) **داتاشین** ( Blending ) **، یان تێکەڵکردن** ( combination )

داتاشین وەکو جۆرێك لە وشەی لێکدراو تەماشا دەکرێت ، بریتییە لە کۆکردنەوەی پارچەی دوو وشە کەهەر یەکێکیان بە بەشێکی بەشدار دەبێت ، هەرچی ڕێگەی تێکەڵکردنیانە زۆر ئاسانترە لە جۆرەکانی تری لێکدراو وەك ئەو وشەی خەڵکی کیبیك دایانهێناوە لە بری e- mail وشەی telematique (تەلەفزیۆن لە ڕێگای کۆمپیوتەر) یان داتاشیوە کە لەبەشی یەکەمی وشەی تەلەفزیۆن tele وبەشی دووەمی وشەی informatique (زانستی کۆمپیوتەر) ، کە ئەمانەش لەناوخۆیان جیادەبنەوە بۆ شەش جۆر بەگوێرەی شوێنی لابردنەکانی سەرەتاوکۆتایی وشە. (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٤٩) واتە بە فڕێدانی دەنگێك یان زیاتر لە یەکێك لە وشەکان یان هەردووکیان ، دواتر لێکدانیان ساز دەبێت ، بەڵام ئەگەر وشە ڕۆنراوەکە هەموو دەنگەکانی هەردوو وشە بنەرەتیەکەی تێدابێت ، ئەوە بە وشەی داتاشراو ناژمێردرێت ، و بەتێکەڵکردن بەرهەم نەهاتووە : وەك (بەسەزمان (بەستە+ زمان) پایتەخت (پایە + تەخت ) ، خوێناو (خوێن + ئاو) ، دەستار (دەست + هاڕ ) ، دەسەڵات (دەست +هەڵهاتن) دەستاو (دەست +ئاو)، زەرداو (زەرد +ئاو) ، سەراسن(سەر + ئاسن) ، سەرجەم ، یان جەمسەر ( جەمع + سەر) ، کەروێشك (کەر+ گوێچك) ، گوارە (گوێ +وارە) ، گۆشتاو(گۆشت +ئاو) ، .....) .

---

[٣٨٢] بۆ جۆرەکانی تری دەستە بڕوانە ( محمد معروف فتاح ٢٠١١ : ٩٨ -١٠١ ) .

**(٣/٢-١-٤) بەرهەمهێنان بە ڕێگای لاساییکردن ، و هەڵگەراندنەوە**[٣٨٣]

١- **بەرهەمهێنان بەلاساییکردنەوە** (onomatopoeia)

بە ڕێگای ناونان بەلاساییکردنەوەی دەنگیش دەناسرێت ، پێناسە کراوە بە ناونانی شتێك یان کارێك بە لاساکردنەوەی دەنگەکەی . (محمدعلی الخولی ١٩٨٢:١٩٣) ، یان ئەو یەکە زمانیانەن ، بە دووبارە بەرهەمهێنانەوەی ئەو دەنگانەن لە واقیع هەن بەگوێرەی سیستەمی دەنگی هەر زمانێك ،سەرەرای ئەوەی لاساییکردنەوەی یەك واقیعە ، بەلاّم لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕێ ، و سەربەستییەکی زۆر بە شێوازی نووسینیشیان دەبینرێت، کە لەزۆربەی حاڵەتەکاندا لە زنجیرەی یەك بەدوای یەکداهاتنی دەنگەکان جیاوازیان لە نێوانیاندا بەدی دەکرێ ، وەك (هههههیییییهههیییی) کە ئەمە حیلەی ئەسپە . (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٥٠) ،پێکهاتە دەنگییە جۆربەجۆرەکانی لەش لەکاتی دووبارە بەرهەمهێنانەوەیان بەم ڕێگایە بەشداری بەرهەمهێنانی فەرهەنگی دەبن .

٢- **تێکشکاندنی مەبەستداری ڕێزمان**

لە بلاّوترین شێوازەکان کە کاردەکاتە سەر گۆڕینی شێوەی یەکە زمانییەکان شێوازی هەڵگەڕاندنەوە یە ، واتە جێگۆڕکێی برگەی وشەکان ، کەهەندێك لە وشە پەیدابووەکان پارێزگاری کردووە لەشێوە بازاری ، و بەکارهێنانە گەنجانەییەکەی . (meuf) هەڵگەڕاوەی (femme) (ئافرەت) یە لە فەرەنسی . (سەرچاوەی پێشوو ل ١٥١) . لە کوردی وەك (سرنج و بلە ، زۆگە ، بسلیت) ، لەبری (برنج وشلە ، گۆزە ، سبلیت) کە ئەمە شێوازی تریش بە خۆ دەگرێت .

**(٣/٢-٢) ڕێگای ڕستەسازی واتاسازی :-**

بەگوێرەی ئەم ڕێگایە ، هیچ گۆڕانێك لە شێوەی یەکەی فەرهەنگی ڕوونادات ، بەڵکو گۆڕانەکە لە بەکارهێنانە ڕستەسازی و واتاییەکەی دا دەبێت ، واتە گۆڕان تەنیا لە واتای یەکەی فەرهەنگی دەبێت نەك لە شێوەکەی ئەمەش دابەش دەبێت بۆ :-

**(٣/٢-٢-١) بەکارهێنانی ڕستەسازی:-**

ا- **هەڵگەڕانەوە**[٣٨٤] **ئاوەژووکردن**[٣٨٥] (conversion) (class transfer)

ئەم ڕێگا یە دەبێتە هۆی گۆرینی ئینتمائی ڕستەسازی یەکەی فەرهەنگی بەبێ هیچ زیادکردن یان کەمکردنێك لە هیچیەك لەلاگرە وشەدارێژەکان ، بە جۆرێك ئاوەڵناو دەبێتە ئاوەڵکار و بە پێچەوانەش ، کار دەبێتە ناو ، ناویش دەبێتە ئاوەڵناو ، بە پێچەوانەش . (سەرچاوەی پێشوو ل ١٥٣) . بەشێك لەو وشانەی پێکهاتەی لەشن ، یان لە ڕۆنانیاندا بەشدارە ، لەکاتی بەکارهێنانیان لە ڕستەدا بەشی ئاخاوتنی خۆیان دەگۆڕن .

---

[٣٨٣] تۆرنییە لە چوارچێوەی ئەم ڕێگایە باسی هەریەك لە هۆکارەکانی ( پارچەکردنی هەڵە ) ، و ( هەڵگەراندنەوەی نووسین ) ، ( بەرهەمهێنان بەرەگەز دۆزی ) یشی کردووە ، بروانە ( جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٥١ ) .

[٣٨٤] بڕوانە نەرمین عومەر ئەحمەد ل ٦٤ زاراوەی ( هەڵگەرانەوە ) ی بۆ بەکار هێناوە .

[٣٨٥] بڕوانە محمد عومەر عەول ل٣٨٠ زاراوەی ( ئاوەژووکردن ) ی بۆ بەکارهێناوە .

فرمێسك خوشكی دڵشادە . فرمێسك كەسێكی دڵشادە . فرمێسك دڵشادە . لەرستەی یەكەم (دڵشاد) وەكو ناو بەكار هاتووە لە رستەی دووەم ئاوەڵناوە . سەرەرای گرانی دابەشكردنی ئەو بەشە ئاخاوتنانەی كە پێكهاتەكانی لەش بەشێكە لێیان یان لە ڕۆنانیان لەبەر (گوێزانەوە و گۆڕانی وشە لە بەشێكی ئاخاوتنەوە بۆ بەشێكی دیكەی ئاخاوتن ،كە دیاردەیەكی هەمیشەییە لە زماندا.) ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٧٩: ١٤) . گۆڕانی پۆلەكانی ئاخاوتیش ڕوودەدات كاتێك (ناو دەبێ بە ئاوەڵناو و ئاوەڵناویش دەبێ بە ناو ، بەڵام ناو نابێ بە ئاوەڵكارو هەرچی ئاوەڵناوە بە ئاسانی دەبێ بە ئاوەڵكار .) ( ئەورەحمانی حاجی مارف ١٩٩٢:٦١) .

**ب – بەرهەمهێنانی ڕستەسازی**

لەم ڕێگایەدا بەرهەمهێنان ئەنجام دەدرێت ، بەگۆرینی ڕۆنانی ڕستەسازی یەكە زمانییەكان ، یان بەكارهێنانی هەندێ لە وشەكان لەگەڵ وشەی تر ، كە پێشتر بەم شێوە بەكارنەهاتوون ، وەك ( une passe de viande) (پاسێ لە گۆشت) ، لە بری (pass de balle) (پاسی تۆپ) (جان بريفو ، جانفرانسوا سابليرول ٢٠١٠: ١٥٤) .

**(٢/٣-٢-٢) بەرهەمهێنانی واتایی -semantic neologism**

لەم جۆرە بەرهەمهێنانەدا گۆڕان لەشێوەی وشەكان روونادات ، تەنها گۆڕان لە واتاكانیان دەبێت ،لە ڕێگای فراوانبوون و تەسكبوونەوەی واتا ، و خواستن و خوازەو شێوەی تری ڕەوانبێژی ، ئەمانەش بە هۆكارەكانی زمانی و نازمانی ڕوودەدەن .لێرەدا نامانەوێ باسی تیۆرەكانی گۆرانی واتاو هۆكارەكانی گۆڕانی بكەین، كە بە مەبەست و بێ مەبەست روودەدەن تەنها ئامارژە بە شێوەكانی ئەو گۆڕانانە دەكەین ، كە بەهۆیانەوە لەڕێگای پێكهاتەكانی لەشەوە ڕۆڵ لەو بەرهەمهێنانانە دەبینن . هەر كاتێك ناوی پێكهاتەكانی لەش وەكو خۆیان ، یان لە ڕۆنانی زمانی تردا بەنەگۆڕانی شێوەیان بە واتایەكی تر بەكارهاتن دەچنە ئەو چوارچێوەیەوە .

**(٢/٣-٢-٢-١) گۆڕانەكانی پەیوەست بەواتا –processes meta semantic**

**١- فراوانبوونی واتای وشە (گشتاندنی تایبەت) (expansion) widening of meaning**

فراوانبوون كاتێك ڕوودەدات ، كە واتای تایبەتی وشەیەك بەرەو گشتی بوون دەڕوات ، بواری بەكارهێنانی فراوانتر دەبێت . ( أحمد مختارعمر١٩٩٨:٢٤٣) ، وشەیەك پێشتر بۆ واتایەك بەكارهاتووە ، بەڵام بە تێپەربوونی كات واتایەكی فراوان پەیدادەكات ، وەك كاتێك منداڵ وشەی (باوك) بۆ هەموو پیاوێك بەكاردێنێت كە لەشێوەی باوكی بچێت ، بەهۆی كەمی پاشخانیان لە وشە ، یان بەكارهێنانی گوڵ بەسەر هەموو گوڵێك . ( ابراهيم انيس ١٩٦٣ :١٥٤–١٥٥) . كەواتە كاتێك ناوی هەر پێكهاتەیەكی لەش بێنین ئەوە واتا فراوانەكەیەتی ، بەسەر هەموو ئەو تاكانە دابراوە كە كە ئەو پێكهاتانە لە بوونیان هەیە ، لەپاڵ واتای تر كە بەدەستیان هێناوە .



پەنجە — پەنجەی دەست
پەنجەی پێ

بڕبڕە — هەر شتێك بەش بەش كرابێت ، دیاردەی جیابوونەوە دروست دەكات .
بڕبرەی پشت ئێسقانەكان لە یەكتری جیاكراونەتەوە .
(فەتاح مامە٢٠٠٧:١٤)

كەللە — كەللەی سەر
چێشتی سەروپێ

فراوانبوونی واتا لە ئەنجامی لەدەستدانی هەندێ سیمای جیاكەرەوەی وشەیە ، بەڵام تەسكبوونەوە پێچەوانەی ئەوەیە ، هەركاتێك سیماكانی وشەیەك زیاتر بوون ژمارەیان كەم دەبێتەوە . ( أحمد مختارعمر١٩٩٨:٢٤٦)

## ٢- تەسكبوونەوەی واتا ( تایبە تمەندكردنی گشت ) Narrowing of meaning

ئەم ڕێگایە بە پێچەوانەی فراوانبوونی واتا دادەنرێت كاتێك ( وشەیەك واز لە واتا گشتییەكەی خۆی دێنێ و پسپۆری لە واتایەكی تەسكتردا پەیدا دەكات ، لە وانەشە وشەكە هەردوو واتاكە بپارێزێ ، لە هەمان كاتدا بە واتایەكی تر ، هەندێكجار واتایەكی گشتی هەبێت هەندێكجار واتایەكی تەسكتر بەكاربێت .) ( محمد معروف فتاح٢٠١١:١٢٨) ، كەواتە ئەو ڕێگا بەرهەمدارەی گۆڕانی واتای وشەیە ، كە لە سنورڕێكی بەربڵاو و فراوان و واتایەكی هەمەكی و گشتیەوە بۆ واتایەكی تایبەتمەند ، ( تەسكبوونەوەی واتا ڕۆڵێكی سەرەكی گەورە دەبینێت ، لە دەوڵەمەندكردنی فەرهەنگ لە ڕووی زاراوە زانستییەكاندا ، ئەم ڕێگایە گشتییەو لە زۆربەی زمانەكانی جیهاندا لە ئارادایە .) ( عەبدوڵڵا عەزیز محمد ١٩٩٠:٧٨) ، ناوی پێكهاتەكانی لەش و ئەو وشانەی لە ڕۆنانیان بەشدارە وەك بەشێك لە كۆی وشەكانی فەرهەنگ بە تەسكبوونەوەی واتادا چوون ئەو ڕۆڵەیان بینیوە كە ببن بە هۆكاری بەرهەمهێنانی فەرهەنگی لە زمانی كوردیدا ،ئەم گۆڕانانەش پێویستیان بەفەرهەنگی ئیتمۆلۆجییە بۆ تۆماركردنیان .

بۆ نموونە ئەگەر بروانینە وشەی (چاندن ) پێشتر تەنیا لە بواری كشتوكاڵی بەكارهاتووە ، بەهۆی زۆی بەكارهێنانی لە زۆر بوار بۆتە هۆی گۆران لەواتاكەی ، لە ڕێگای تەسكبوونەوەی واتادا . ( سالم سليمان خماش ١٤٢٨:٧٧) ، لەپاڵ وشەی تر لەگەڵ پێكهاتەكانی لەش زۆر چالاكە ، و وەكو زاراوەیەكی زانستیش بەكاردێت ، وەك (چاندنی جگەر ،چاندنی دەست ، چاندنی ددان ، چاندنی دڵ ، چاندنی گورچیلە ، چاندنی موو، ...) ، دەكرێ بۆ چاندنی ئەندامی تری لەشیش بەكاربێت لە داهاتوو .

یان وەك ( ئەسرین ، فرمێسك ، گلێنە ) لە پێكهاتەیەكی لەشەوە بۆ ناوی تایبەتی كەسان ، جەرگ پێكهاتەیەكی لەشە ، لە زمانی ڕۆژانەی خەڵك واتای منداڵیش دەگەیەنێت . دڵ لە پێكهاتەیەكی لەشەوە بۆ پێشاندانی خۆشەویستی .

دیاردەی تەسكبوونەوەی واتاش لە بەشە گرنگەكانی لێكۆڵینەوەی فەرهەنگە ناودارەكانە، ئەوەی سەرنج ڕادەكێشێ ئەوەیە كە یەك وشە ، هەندێك جار دەكەوێتە ژێر هەردوو دیاردەی تەسكبوونەوە و فراوانبوونی واتا لە ماوەی سەردەمی ژیانی یەك لە دوای یەكیدا . (داود حلمی السید١٩٧٨:٣٤٣[٣٨٦]) وەك لەم هێڵكاریە دەردەكەوێت .

---

[٣٨٦] ( فتاح مامە علی٢٠٠٧: ١٨ )




(٢-٢-٢-٢/٣) **گواستنەوەی واتا** Transference of meaning

هەر چەندە ( تۆرنییە) باس لە گواستنەوەی واتا ناکات یەکسەر دێتە سەر باسکردنی (خواستن ، و خوازە ((metonymy)) (مجاز المرسل و کنایە) ، و شێوازی تری خوازەیی ) سەرەرای ئەوەی لە زۆر سەرچاوە خراونەتە خانەی میتافۆرەوە کەچی جیاوازی لە نێوانیاندا هەیە ، کە لە کوردیدا زاراوەی (ئاوەڵواتا) ی بۆ بەکارهاتووە کەئەمە بەراستر دەزانرێت ، چونکە لە هەموو بارەکاندا بۆ واتای دیکەی وشە بەکار دێت کە بەدەستی دەهێنێت ، کامل حەسەن بەسیر دەڵێت : (ئێمە بە واتای یەکەمی وشەدەڵێن واتای زمانی ، چونکە پێویستی زمان ئەو واتایەی بۆ وشە خوڵقاندووە ، بەڵام واتای تری بە زاراوەی ئاوەڵواتا ناودەبەین لەبەر ئەوەی ئەم واتایانە دوای واتا زمانییەکە پەیدابوون لەژیانی ئەو وشەیەدا . ئاوەڵواتاش لە رێگای دیاردەکانی (خوازە ، خواستن ، درکە) ەوە پەیدا دەبن (کامل حەسەن بەسیر١٩٨١:٩٦) هەروەها ناوبراو ئاوەڵوتای جیاکردۆتەوە بۆ:-

ئاوەڵواتای فەرهەنگی : کە بەرێگاکانی داتاشین و لێکدان دروست دەبێت ،کەواتە ناوی پێکهاتەکانی لەش ئەوانەی لە ڕۆنانە نوێیەکانیاندا بە واتای خۆیان بەکار نەهاتوون واتایەکی نوێ دەگەیەنن بە ئاوەڵواتای فەرهەنگی دادەنرێن ، ئەمەش ژمارەیەکی زۆری یەکە فەرهەنگییەکانی زمانی کوردی دەگرێتەوە .

ئاوەڵواتای هونەری : ئەم جۆرە ئاوەڵواتایە لە ئاوەڵواتای فەرهەنگی جیادەبێتەوە بەوەی کە (ئاوەڵواتای فەرهەنگی خۆی لەخۆی دا ئاوەڵواتاکەی دەنوێنێ و پێویستی بە رستەیەك نییە بۆ دەرخستنی واتا تایبەتییەکەی ، کەچی ئاوەڵواتای هونەری ئەگەر لە ڕستەدا نەبێت گوێگرو و خوێنەر بە هیچ کلۆجێك نازانن مەبەست لەم وشەیە ئاوەڵواتا هونەریەکەیەتی .) (سەرچاوەی پێشوو ل ١٠٤) وەك لەم دێرە هۆنراوەی خوارەوە هۆنەر (زێوەر) بەهۆی ناوی پێکهاتەیەکی لەشەوە ئاوەڵواتای یارەکەی دەرخستووە .

سەرو ریشەکەم بوو بە بەفرو کەچی (دڵ)

چ منداڵە بـــۆنی دەمــی شـیر خــــاوە .

کەئاوەڵواتا ڕۆڵی سەرەکی دەگێرێت لە دەوڵەمەندکردنی زمان ( فەرهەنگی زمانێك چەند دەوڵەمەند و پربێت ، هێشتا بۆشایی گەورە بەخۆیەوە دەبینێت ، هەرگیز ناتوانێت پێشەکی پێشبینی ئەو هەموو بارانە بکات کە دنیای دەوروبەر و مێشکی مرۆڤ دروستی دەکەن ، ئەم بارە ناتەواوەی فەرهەنگ بەزۆری بەوە پردەکرێتەوە ، کە کەرستە بە فەرهەنگ بووەکە بهێنین و واتای نوێ ی بەبەردا بکەین بە کەڵك وەرگرتن لە دەورووبەری زمانی و نازمانی .) ( بەکر عومەر عەلی ٢٠٠٠: ١٣-١٢) .

ئەمانە دەخرێنە ژێر ناوی گواستنەوەی واتا ، گواستنەوەی واتاش وەك فندریس دەڵێت: لەکاتێکدا ڕوو دەدات کە هەردوو واتاکە بە رامبەر یەکتر یەکسان دەوەستن ، یا هیچ پێچەوانەیەك لە ڕووی گشتی تایبەتییەوە لە نێوانیاندا نەبێت . جیاوازی گواستنەوەی واتا لە دوو جۆرەکەی تر ، ئەوەیە کە واتا کۆن و واتا تازەکە یەکسانن ، (Arlotto) پێی وایە کە دووجۆری یەکەم بە شێوەیەکی بێ ئاگایانە ڕوودەدات ، بەڵام دووەم بە شێوەیەکی مەبەستدار ڕوو دەدات . ( أحمد مختارعمر١٩٩٨:٢٤٧) کەزیاتر بۆ مەبەستی ئەدەبین . (خواستن و خوازە ) ، دیاردەی زمانیین ، و دەرخەری توانای داهێنەرانەی فراوانبوونی واتای یەکە فەرهەنگییەکانن ، کە ناتوانرێت لە چالاکی زمانی قسەپێکەرانی زمان جیابکرێنەوە ، هەردووکیان بە چەشنێك لە فرەواتایی دەژمێردرێن . (حسن حمائز ٢٠١٢:١٤٨) .

## ١- بەرهەمهێنان بە خواستن Metaphor

میتافۆر بەکارهێنانی وشەیەکە بۆ واتایەکی تر ، جگە لە واتا بنچینەییەکەی خۆی ، لەسەر بنەمای لێکچوون . هەروەك میشیل بریل دەڵێت : بۆئەوەی بڵێن یەکەیەکی فەرهەنگی بە خواستن لە دایك بووە ، دەبێت هەر زوولێکچوون بەدی بکەین ، وەك ماوس لە کۆمپیوتەر ، کە لە ڕووی شێوە و قەبارەو ئەو وایەرەی پێوەیەتی لە مشك دەکات . جۆرێکە لە گۆرینی بواری واتا ، بە گواستنەوەی وشەیەك لە واتایەك یان لە شتێك ، بۆ واتایەکی تر یان شتێکی تر بە بوونی لێکچوون لە نێوانیاندا ، کەپێی دەڵێن خواستن . (سالم سلیمان خماش ١٤٢٨:٨١) ، یان (هەڵبژاردنی هێمایێك بەپێی لێکچوواندنی واتایی لە شوێنی هێمایەکی تر و لەسەر تەوەری جێنشینی و دەرکەوتنە لەسەر تەوەری هاونشینی دا.) (عبد السلام نجم الدین ٢٠٠٧ : ١١٥) پێکهاتەکانی لەش ، هەم وشەیان بۆخواستراوە هەم دەخوازرێن ، کە مەبەست واتا خواستراوەکەیە ، کە لەسەر بنەمای لێکچوون دانراون .

لەم هۆنراوەیە دوو نەرگس بۆ دوو چاو خواستراوە .

دڵ لە حەسرەت غەمزەکەی دوو نەرگسی پر خەوتەوە
وەك خەمی زولفت عەزیزم چوو بە ڕوودا کەوتەوە (تاهیر بەگی جاف)

گەه لە باخی سینەدا سەیری دوو نارنجم دەکرد
گەه لە گوڵزاری جەماڵی تەماشای یاسەمین ( ئەدەب)

(نارنج مانای دروست ناگەیەنێ کەبەری دارێکە ، بەڵکو بۆ شتێکی تر خواستراوە کە مەمکە)

لای دا سەرپۆش و پەرچەمی شەماڵ
مانگێك کەوتەدەر پر لە خەت و خاڵ .(بەرزنجی)
مانگی خواستووە بۆ ڕوو ( عەزیز گەردی ١٩٧٢:٨١،٦٩) .

لە خواستن وشەکان بۆ واتایەك بەکاردێن دوور لە واتای راستەقینەی خۆیان ، بەڵام لێکچوون لە نێوان دوو واتاکەدا هەیە بەهۆی بوونی نیشانەیەکیش دەتوانرێت ئەوە روون بکرێتەوە کە مەبەست لە بەکارهێنانی ئەم وشانە واتا خواستراوەکەیە نەك واتا راستەقینەکە ، دەکرێت لێکچواندن لە ڕووی ئەرك ، ڕووخسار ، شوێن ، کات بێت ، هەندێ جاریش لێکچوون لە زیاتر لە ڕوویەکەوە دەبینرێت ، وەك (ددانی مشار ، باڵی فرۆکە ، ....) کە لێکچوونەکان لەڕووی شێوە و ئەرکە ، لێکچواندنی زۆر لە شتەکانی دەوروبەری مرۆڤ بە شێوەی پێکهات و ئەندامانی لەش ، بە بەشێوەیەکی بەرچاو هەست پێ دەکرێت ، و بە بەرفراوانترین

جۆری خواستن دادەنرێت هەروەك (ریچاردز دەڵێ پێی كورسی و قۆناغەی تفەنگ ، ملی شووشە ، ئەم دەربرینانە و سەدەهای دەربرینی وا لە یەكچوونێكی رواڵەتی نێوانی لەشی ئادەمیزاد و پاچەكانی قەوارەی بێ گیانەوە هەڵقوڵاون و تازە لە لێشاوی وشەكانی زمانی رۆژانەدا توێنراونەتەوە و هیچ كاتێك هەست بە ئەوە ناكەین ، كە دەربرینی میتافۆرین .) (كامل حەسەن بەسیر١٩٨١:٦٥) بڕوانە ئەو نموونانە كە بە خواستن دروست بوون لێكچوون لەگەڵ پێكهاتەكانی لەش بەدی دەكرێ .

( ملی گۆزە ، ملی شووشە ، ...) بە ملی مرۆڤ وملی هەرشتێك لە شێوەی ملی مرۆڤدایە ، ( سەری تەشی ، سەرقاپ ،سەری ساڵ ، وشەی سەر لێرە خواستراوە بۆ یەكەم رۆژی ساڵ ، چونكە سەر یەكەم ئەندامە دەردەكەوێت . ( محمد محمد داود٢٠٠٧:١٣٦) بە سەری مرۆڤ ، (باڵی فرۆكە ، ....) بە باڵی مرۆڤ ، ( پشتی دەرگا ، .......) بە پشتی مرۆڤ ، ( چاوی سۆبا ، .....) بە چاوی مرۆڤ ، (دەسكی دەرگا ، ....) بە دەستی مرۆڤ ، ( دەمی تیغ ، دەمی داس، دەمی كێرد ، دەمی پیاڵە ، دەمی ئەشكەوت ، ...) بە دەمی مرۆڤ ، ( دڵی پایتەخت ، دڵی سووپا ، دڵی شار ، دڵی دارستان ، دڵی جیهان ، دڵی پێ ، دڵی ولات ، ...) بە دڵی مرۆڤ ، ( ڕووی زەوی ، ڕووی مانگ ، ....) بە ڕووی مرۆڤ ، (ناوكی میوە ، .....) بە ناوكی مرۆڤ ، (زمانەی دەرگا ، زمانەی پێلاو ، زمانی قەڵەم پاندان ، .......) بە زمانی مرۆڤ ، (سی جیهان ، ...) بە سی مرۆڤ ( گیانی وەرزشی ، ....) بە گیانی مرۆڤ ، (لنگی دەستار ، .....) بە لنگی مرۆڤ بە ، ( لووتی كەشتی ، .....) بە لووتی مرۆڤ ، (گوێچكەڵە لەدڵ ،.....) بە گوێی مرۆڤ ، (سكۆڵە لە دڵ ، ....) بە سكی مرۆڤ ، (جەرگەی خەبات ، جەرگەی ئاسمان ، .....) بە جەرگی مرۆڤ ، (جومگەی دەسەلات ، جومگەی دەوڵەت ،......) بە جومگەی مرۆڤ . ...... ... هتد .

كە بەشێك لەم گواستنەوانە لە بوارێكی واتایی بۆ بوارێكی تری واتایی دەبێت . وەك ددانی شانە واتای ددان گواستراوەتەوە لە بوارێكی واتایی كە تایبەتە بە دروستكراوی زیندوو ، بۆ بوارێك كە دوورە لێی ، بەهەمان شێوە وشەكانی تری وەك پێی كورسی و پشتی شمشێر و جەرگی ئاسمان . (منقور عبدالجليل ٢٠١١:٧١) .

## ٢- بەرهەمهێنان بەخوازە - Motonymy

خوازە (بە پێچەوانەی خواستن و لێكچوواندن لەسەر بنەمای لێكچوواندن نییە ، بەڵكو گواستنەوەی واتای وشەییێك بۆ وشەییێكی ترە لەسەر تەوەری هاونشینی دا .) (عبد السلام نجم الدين ٢٠٠٧ : ١١٦) كاتێ واتای پێكهاتەكانی لەش بە خوازە دادەنرێت ، كە بۆ واتای دروستی خۆی بەكار نەبرێ ، و بۆ واتا و مەبەستێكی تر بخوازرێ ، و پەیوەندییەك لە نێوانیان هەبێت ،پەیوەندییەكەش لێكچوون نەبێت . لە زاراوە رەوانبێژییەكاندا بە (مجاز المرسل) دادەنرێت . گۆرانی بواری واتای وشەیە ، لە كاتی گواستنەوەی وشەیەك لە واتایەك یان لە شتێك ، بۆ یەكێكی تر ، كەپەیوەندی نێوانیان لێكنەچوون بێت . (سالم سليمان خماش ١٤٢٨:٨١) ئەم پەیوەندیەش لە خوازە جۆربەجۆرو بەرەڵایە . چونكە خوازە باسكردنە لە چەندین پەیوەندیی خوازەیی هەندێك جار پەیوەندی نێوان دوو هێمابۆكراوەكە پەی پێبردنی قورس دەبێت ، پێویستی بە زانیاری تایبەت دەبێت بۆ ئەوەی دیاری بكەین و بیناسینەوە . ( ستيفن أولمان ١٩٩٧:١٩٩) بۆنموونەی هەندێك لەو پەیوەندییانە وەك :-

یەكەم :پەیوەندی گشت : (پەنجە دەخەنە گوێیانەوە ،خوازە لەوشەی (پەنجەیە) ، چونكە ناتوانرێت هەموو پەنجە بخرێتە گوێوە ،بەڵكو سەری پەنجەیە دەخرێتە گوێ ، سەری پەنجەش پارچەیەكە لەپەنجە ، ....) .

دووەم :پەیوەندی بەش : ( چاوێك گوێمان لێدەگرێت ، خوازە لە وشەی (چاوە) ، چونکە چاو بەشێکە لە لەش ، واتە سیخورێك گوێمان لێدەگرێت . دەستێك لە پشت ئەم کارەوەیە ،خوازە لە وشەی(دەست) ە ، دەست بەشێکە لەلەش واتەکەسێك لە پشت ئەم کارەوەیە ، سێ سەرم کڕی ، خوازە لەوشەی (سەرە) ، سەر بەشێکی لەشە واتە سێ ئاژەڵم کڕی ، دوو دەم وچاوەکە هاتن ، (دەم و چاو) خوازراون ، بەشێکن لە لەش ، ....... هتد ) .

سێیەم : پەیوەندی هۆیی (السببیة): ئەوەیە کە بوونە هۆیەکە بڵێیت و مەبەستت هۆیەکە بێت . وەك (فڵان ڕووی لێمە ، یان چاوی لێمە .) ، هەریەك لە ڕوو و چاو پێکهاتەی لەشن ، بەڵام مەبەست لێرە ، بوونی پەیوەندی نێوان واتا دروست و خوازەییەکە هۆیی یە ، چونکە ڕوو ، یان چاو لێبوون هۆی یارمەتی دانە .

چوارەم :پەیوەندی بوونە هۆ (المسببة) : ئەوەیە کە بوونە هۆیەکە بڵێت و مەبەستت هۆیەکە بێت . وەك ئاسمان میوەی بەسەر داباراندووین ، ئاسمان باران دەبارێنێت نەك میوە ، ئەوە بارانە دەبێتە هۆی ڕواندنی میوە ، پەیوەندییەکە بوونەهۆیە ، چونکەباران دەبێتەهۆی بوونی میوە .

پێنجەم: ناوی ئامێرێك لە ئەرکەکەی بنرێت ، یان ناوی کارێك ، لەسەر کاریگەری و ئەنجامەکەی وەك زمان لە زمانی ناو دەمەوە (اللسان) ، بۆ زمان بەواتای (اللغة) . بۆ پەیوەندییەکانی تری خوازە بروانە (سالم سلیمان خماش ١٤٢٨:٨٢– ٨٤) .

زۆرنموونەی تربەرچاو دەکەون ، کە واتا بنجیی و ئاوەڵواتاکەی تێدا دەبینرێت ، وەك وشەی (دەستی ڕاست) لە دەستی ڕاستی مرۆڤەوە ، بۆ کەسە نزیکەکانی دەوروبەری دەسەڵاتداران ، پێ لە پێ ی مرۆڤەوە بۆ یەکەیەکی پێوانە . پشت لە پشتی مرۆڤەوە ، بۆ خزم وکەسی نزیك ، دەست بۆ دەسەڵات ، نێوچاوان لە ئەندامێکی لەشەوە بۆ پیشاندانی بەخت ....... هتد .

درکەش دەچێتە چوارچێوەی خوازە ، چونکە بە جۆرێك لە خوازە لێك دەدرێتەوە . ( حاکم مالك لعیبی ١٩٨٠:١٠٠) ، درکە (ئەوەیە ڕاستەخۆ ناوی شتێك نەبەی ، بەڵکو بچی ناوی شتێکی تر ببەی کە پەیوەندی بەمانای یەکەمەوە هەبێت بۆئەوەی کەسی بەرامبەر لەو مانا باسکراوە بۆ مانا هێمابۆکراوەکە بچێ .) (کامل حەسەن بەسیر ١٩٨١:٩٨) .

لە گوێی گادا نووستووە :(گوێی گا پەیوەست) (پەیوەستراو بێ ئاگایی) .

چۆك درێژ :(چۆك درێژ پەیوەست) (پەیوەستراو بێ ئەقڵی ) .

ڕووی زەردبوون :(ڕووزەردی پەیوەست) (پەیوەستراو ترسە) .

چاو بەستراو: (چاوبەستراو پەیوەست ) (پەیوەستراو نەزانی ) .

لێوی لێ نەداوە : (لێونەدان پەیوەست) ( پەیوەستراو نەی خواردووە) .

( ٣/٢-٢-٢-٣ ) **ئیدیەم**

ئەو دەربرینانەی مرۆڤ دەیاندرکێنێ ، واتای فەرهەنگی بەدەستەوە نادەن بە ئیدیەم دادەنرێن ، لە ڕووی لێڵی واتاوە بۆ جۆری جیاواز پۆلێنکراون[٣٨٧] ، ئیدیەم لە ڕێگای گواستنەوەی واتاوە دروست دەبن ، بە (خواستن و خوازە ... هتد) (لە ئەنجامی زۆر بەکارهێنانیانەوە گۆڕانکاری لە واتایاندا ڕوودەدات و زۆر جار بە هۆی تێپەڕبوونی ڕۆژگارەوە بنەما میتافۆر[٣٨٨] ییەکەیان لەدەست دەدەن ،ئەویش بە نەمانی ئەو پەیوەندییەی کەهەیە ، بە جۆرێك کە واتای خوازەییان نەتوانرێت لە واتای فەرهەنگییانەوە دەست بخرێت لێرەدا دەبنە سەرچاوەیەك بۆ پەیدابوونی واتای ئیدیۆمی.) (شیلان عومەر حسەین ٢٠٠٩:٧٠) ، بەڵام جیاوازیی سەرەکیان لەوەدایە ، کە مەرجە ئیدیەم فرە کەرت بێت ، ئیدیەم بەو دەربرینانە دەوترێ کە فرە کەرتن ، پێناسەکراوە ، ( بەو تێککەڵی و تێکچرژانەی کە ئاسایی دوو وشە یان زیاتر پێکی دێنن ، ئەو واتایەی کە دێتە کایەوە لە ئەنجامی ئەو تێکەڵیەوە لە واتای کەرستەکانەوە پێشبینی ناکرێت.) (محمد معروف فتاح ٢٠١٠:١٦٨) ، واتە ئەو یەکە زمانیانەن لە شێوەی وشەی لێکدراو گرێ و ڕستە دەردەکەون ، و لە فەرهەنگدا تۆمار دەکرێن . فەرهەنگ بەخاڵی سەرەکی دادەنرێت بۆ جیاکردنەوەی ئیدیەم و میتافۆر ، ئەگەر دەربرینەکە لە فەرهەنگدا تۆمارکرا ئەوە ئیدیەمە ، چونکە واتاکانیان لە وشە پێکهێنەرەکانیانەوە پێشبینی ناکرێ بۆیە پێویستیان بە تۆمارکردن هەیە وەك یەکەیەکی فەرهەنگی ، ئەگەر نەچووە ناو فەرهەنگیشەوە ئەوا میتافۆرە ، چونکە میتافۆر لە فەرهەنگدا تۆمار ناکرێت ، سەرەرای لێڵی زیاتر ، کە ئەمانە بۆ میتافۆر بە مەرج ناگیرێن . ( لەبەر ئەوەی زۆربەی ئیدیەمەکان واتای بنجی و خوازراویان هەیە ، بۆیە بەکرداری تەشەنە تێپەڕیوون .) ( فتاح مامە ٢٠٠٧:١٠) ئەم تەشەنەکردنە ، بەهۆی گواستنەوەی واتاوە بووە ، گواستنەوەی واتاش لە خۆوە نابێت ئەگەر وا بووایە کەس لە واتای نوێی وشە نەدەگەیشت ، بەڵکو بەپێی یاسایەکی مەنتیقی و دەروونی دەروات بەڕێوە . (محمد معروف فتاح ٢٠١٠:١٩٩) . گرنگترینیان ئەمانەن :

یەکەم : ڕێگای سەرەکی دروستبوونی ئیدیەم (خواستن و خوازە ودرکە) یە لە (ل١٠٠ – ١٠٢) ڕوونکراوەتەوە.

دووەم: جگە لە (خواستن و خوازە ودرکە) هەندێ ڕێگای تریش هەن کە کەمتر ڕۆڵ دەبینن :

١- **زیادەڕۆیی**

هەندێکجار واتای ئیدیەم بریتییە لەو زیادەڕۆییەی (خوێیەی) کە پێی خۆشکراوە ، بەواتایەکی تر هەر ئەوەندەی کە زانیمان ئیدیەمەکە زیادەڕۆیی تێداکراوە ئیتر بەشی زۆری واتا شاراوەکەیمان دۆزیوەتەوە و دەتوانین پێشبینی واتا گشتیەکەی بکەین . ( موو بە بەینیانەوە ناچێ (زۆر تەباو ڕێکن ل٤٣٥) ، هەر ددانێکی بەسەد ساڵ هاتووە (بە پیسکەی ڕژد دەوترێ ل٤٧٧) ، هەناسە بە قنگ دەدات (زۆر نەخۆشە و هەناسەی سوارە . ل٤٨٦)، هەوێنی نۆ قازان شیرە (کەسی بەد و ئاژاوەگێر ل٤٨٩) ، ....) .

٢- **تەوس**

ئەم جۆرە ئیدیۆمانەی بەم ڕێگایە دروستبوون واتای ئیدیەمەکە ڕێك پێچەوانەی واتای وشەکانە . (پەنجەبخەرە دەمیەوە بزانە دەی گەزێت (بە زۆر زانێك دەوترێ کە خۆی بە بەسزمان پیشان بدات ل١٢٠)،ئەو سەرینە بخەرە ژێر سەرت (ئەوەی هەوڵی بۆ دەدەیت دەسگیرت نابێت ل٥٢) .

---

[٣٨٧] بۆ زانینی پۆلێنکردنی ئیدیۆم لە ڕووی واتاوە بڕوانە، شیلان عومەر حسەین ( ٢٠٠٩ : ٥٤- ٥٨ ) .

[٣٨٨] لێرەدا میتافۆر بە واتای خواستن ، و خوازە بەکارهاتووە .

٣- **پۆشین**

دروستبوونی هەندێ ئیدیەم لە بنەڕەتدا چەند دیاردەیەکە کە لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی یان ئاینی دەمانەوێ بە زەقی و ڕاستەوخۆ لێیان نەدوێین بەلایاندا نەچین ئەم دیاردانە بەزۆری پەیوەندییان بە جنس و نەخۆشی هەیە . ( دەستیان لێ وەشاندووە ( شێت بووە ل٢٠٥) ، دووگیان ( سکپرە ل٢٣٠) ، هەر ئیدیەمێ وەرگرین دەبینین کە بە زیاتر لە یەکێك لەم گۆڕانە واتاییانەی سەرەوەدا تێپەڕیووە ، بە واتایەکی تر هەمیشە دوو یان زیاتر لەم گۆڕانە واتاییانە لە ئیدیۆمێکدا هەن و هەست بە بوونیان دەکرێت . (محمد معروف فتاح ١٩٨٦:٢٠٠- ٢٠٥).

کەواتە ئیدیۆم ئەو ڕۆنانانەن کە لە بونیادی وشەی لیکدراو فرێز و ڕستەدا دەبینرێن و ئەو واتایەی دەیدات جیاوازە لە واتای کەرتەکانیان کە هۆکارەکەشی یەکێك یان زیاتر لە گۆڕانە واتاییەکانە کەرستەی پێکهاتەکانی لەش بە شێوەیەکی بەرفراوان لەڕۆنانیان دەبینرێن بۆ ئەم مەبەستە بڕوانە ئامارەکان و نەخشە ڕوونکارییەکان .

**وشەی لێکدراو**[٣٨٩] : (ئاتەش پەنجە ( چالاك و زەبر دەستە ل ٣٣) ، ئەموستە چاو ( زۆر تاریك ل ٥٢) ، بیر تیژ ، پشت بەردان (واز هێنان ل١٢١) ، چاوچنۆك ( تەماحکار ل١٥٥) ، دەست سووك (زوو کارەکەی بە دەستەوەدێت ل٢٠٤) ، دڵ ڕەق (بێ بە زەییە ل ٢٢٦) ، دوو دڵ ( ڕاڕایە ل٢٦٧) ، زمان درێژ ( زۆر بلێ ل٢٨٤) ،چەناگە درێژ (زۆر بلێ ل٣٤١) ، سەر بەگۆبەند (حەز لە ئاشووب و کێشە دەکات ل٢٩٦) ، گوڵ بەدەم (ناسك ل٣٩٤) ، ملکەچ (شەرمەزارە ل٤٣٣) ،......) .

**گرێ ، و ڕستە**: (ئاشێك میزن بوو هەر دەمیزێت (کارێك روو لە خراپی بوو ئەنجامەکەی هەر خراپ دەبێت ل ٣٧) ، ئاگری جگەر هەڵیگرت (کەسێك لەبەر سۆزی زاڕۆڵە یان دڵدار شپرزە بێت ل ٤٠) ، حەوت پەراسووی لە ئومەتی محەمەد زیاترە (بە کەسی ئارام ، و بە توانا دەڵێن ل١٧٠) ، خۆ بن مەمکی نەرزیوە (کچەکە منالە پەلەی شووکردنی نییە ل ١٧٨) ، خوێنم بە گەردەنت (هەرچیم بەسەر بێت بەهۆی تۆیە ل١٩٤) ،پشیلەی کەڵلەخانەیە (بە کەسی سەر زل قەڵەو دەڵێن ل٢٠٩) ، دانی مار (زیرەکە ، زوو دەگاتە ئەنجام ل٢١١) ، دەڵێی گورچیلەی گان بەیەکەوە نانووسێن (بە کەسانێك هەڵکردنیان پێکەوە نەبێت ل ٢١٧) ، سەگ بازووە (بە یەکێکی پێست بەڵك دەڵێن ل ٢٤٨) ، ریشی دووفلیقانە (فێڵباز و تەڵەکە بازە ل٢٧٥) ، ریخۆڵەی ئەستوورە (ئازاو بە کێشە و بە برشتە ل٢٧٩) ، .....)

(٢/٣-٢-٢-٤ ) **شێوەکانی واتا گواستنەوە**

ئەم وشانەش واتاکانیان بە شێوەی جیاجیا دەگوازرێنەوە

١- **بەرز بوونەوەی واتا** – ameliorative change

ئەگەر واتای وشەیەك لە واتایەکی خراپەوە بەرەو واتایەکی باش بڕوات ، واتە وشەکە لەسەرەتادا واتایەکی باشی نەگەیاندبێت دواتر وازی لەو واتا نەشیاوە هێنابێت بە واتایەکی باشتر بەکاربێت بە بەرزبوونەوەی واتا دادەنرێت ، وەك (شۆخ) ئێستا بە واتای جوان دێت پێشتر بە واتای (بێ حەیا) بەکارهاتووە .

٢- **نزمبوونەوەی واتا**- pejorative change

وشەیەك بۆ واتایەك بەکارهاتووە ، بەڵام دواتر گۆڕان لە واتاکەی ڕوویداوە و واتای وشەکە بەرەو خراپ بوون ڕۆیشتووە ، وەك وشەی (کورسی ،.....) .

[٣٨٩] نموونەی ئیدیەمەکان لە ( جەلال مە حمود عەلی٢٠١٢ ) وەرگیراون .

٣- تابۆ – Taboo

بۆ ئەم وشەیە لە زمانی کوردیدا زاراوەی (نەشیاو/ قەدەغەکراو[٣٩٠]) ی بۆپێشنیاز کراوە ، ئەو وشە دیاریکراوانەن ، کە ئاخێوەر لەهەندێ کاتدا یان بەبەردەوامی خۆی لەدرکاندنی بەدوور دەگرێت ، هەروەك چۆن کاتێ کەسەردانی نەخۆش دەکەین خۆمان لە درکاندنی وشەی مردن دەپارێزین ، یان کاتێ خۆشەویستێکمان دەمرێت وشەیەکی سووکتر لە مرد بەکاردەهێنین . (محمد حسن عبدالعزیز ١٩٩٦: ٢٣٥) ،لە زمانی کوردی بەشێك لەپێکهاتەکانی لەش بەتایبەتی ئەوانەی پەیوەندییان بە ئەندامەکانی شەرمی نێرینەو مێینەوە هەیە ، دەچنە خانەی وشە تابۆکانەوە ، لەکاتی درکاندنیان پەنا بۆ ڕێگای جۆراو جۆر دەبرێت ، وەك بەکارهێنای وشەی هاوواتا لە زمانەکە یان لە زمانی بێگانە یان بەکارهێنانی وشەکانی بیلامانا و عەیب نەبێ ..... هتد ، یان وشەیەکی تری پێکهاتەی لەش وەك ناوبردنی یەکێك لە ئەندامانی لەش بە ناوی ئەندامێکی تری لەش سنگ لەبری مەمك . ئەو وشانەی پەیوەندییان بە جنس و ئەندامانی نێرینەو مێینەوە هەیە و لە زۆربەی کەلچەرەکا ن بەشی زۆری وشە تابۆکان پێکدەهێنن ، تەنانەت ئەو ئەندامانەش کە پەیوەندیشیان بە جنسەوە نییە ، لەکاتی بەکارهێنانیان لە هەندێك هەلوێستدا تووشی پشێویمان دەکات وەك سەر یان چاو ...... (سەرچاوەی پێشوو ل٢٣٦) .

(٣-٢/٣) ڕێگای وشەسازی - morphological neologism

ئەمەش لە چەند جۆرێکداخۆی دەنووێنێ

١- کلیپینگ ( لابردن ) - clipping

ئەم ڕێگایە بە بڕینی بەشێك لە وشەکان دەبێت ، جا ئەم بڕین و لابردنانە لەهەر بەشێکی وشە بێت ، بە پشت بەستن بە بنەمای ئابووری لە زمان ، بەرهەمهێنان بەم ڕێگایە بە کورتکردنەوەی یەکەی فەرهەنگی فرە بڕگە دەبێت ، ئەمەش بە گوێرەی شوێنی لابردنەکان جیاکراونەتەوە بۆ لابردنەکانی سەرەتا ، و ناوەڕاست ، و کۆتایی وەك (bleme) ، لە بری (probleme) لە فەرەنسی ، (Tele) ، لەبری (Telephon) لە ئینگلیزی . (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠: ١٥٠) . لە کوردی دەتوانرێت لە وشەی (سانەوە) لە بڕی (حەسانەوە ) ببینرێت کە لابردن لە بەشی سەرەتای وشەکەیە . ..........هتد.

٢- ئەکرۆنیم ( کورتکردنەوە ) – acronym

یەکێکی تر لە ڕێگاکانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی لە دارشتن و سازکردنی وشەو زاراوە ( ئەکرۆنیم) ە ، ڕێگایەکی جیهانییە لەناو زۆربەی زمانەکاندا بلاوە . وشەی نوێن ، لە ئەنجامی کۆکردنەوەی پیتی یەکەمی کۆمەلێك وشەپێکهاتوون . ( Yule ٢٠٠٦:٥٧) واتە ئەو وشەیەیە کە بە وەرگرتنی پیتە یەکەمەکانی چەند وشەیەکی تر بەرهەمدێت ، کە پیتی یەکەمی هەر وشەیەك وەردەگیرێت ، و شێوەی پیتی گەورە دەنووسرێن خالێ لە نێوانیاندا دادەنرێت ، کە هەندێکجار وەك وشەیەك دەخوێندرێتەوە ، و خالەکان هەلدەگیرێن وەك ( فیفا ، وان ، یونسێف .... , FIFA ,WAN ,UNISEF) هەندێ جاریش پیتە گەورەکانیان لەدەست دەدەن و وەك وشەیەکی ئاسایی بەکاردێن ، لەکوردی لە ناوی پارتەکان دەبینرێت یان لە کورتکردنەوەی هەندێك پلەی زانستی ،کە دەکرێ ناوی پێکهاتەکانی لەش ببێتە یەکێك لەو وشانەی کە پیتی یەکەمیان

[٣٩٠] بڕوانە، شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١) ، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور ل٥٤ .

لێوەردەگیرێت وەك (س .پ – سەرچاوەی پێشوو) كە لەم توێژینەوەیە بەكارهاتووە ، ئەكرۆنیم تەنیا لەزمانی پسپۆری نەماوەتەوە ، بەڵكو چۆتە زمانی كەسانی ئاسایش ، هەندێك جار ئەو كورتكردنەوانە دەبنە هۆی دروستكردنی هاوبێژی لەكاتی بوونی وشەیەك لەو شێوەیە لە زماندا ، وەك mal ، كە ئەكرۆنیمی (movement apolitique lyceen) (بزوتنەوەیەكی ناسیاسی تایبەتە بە قوتابیانی قوتابخانە دواناوەندییەكان) لە زمانی فەرەنسی دەبێتە هاوبێژی (mal) بە واتای (ژان) . (جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ۲۰۱۰: ۱٥۹) .

| | | |
|---|---|---|
| قوتابخانەی تۆپی پێی ئینگلیزی | مدرسة كرة القدم الانكليزية | E . S . F . A (طارق الناصري ۱۹۷٦: ۲۰) |
| یەكێتی تۆپی پێ | اتحاد الكرة القدم | F . A ( س ، پ ، ل۲۰) . |
| یەكێتی تۆپی پێی جیهانی | الاتحاد العالمي لكرة القدم | F . I . F. A ( س ، پ ،ل۲۱) |
| یانەی تۆپی پێ | نادی الكرة القدم | F . C ( س ، پ ، ل۲۱) . |
| لێدانی تۆپ بە دەست | ضرب الكرة باليد او الذراع | K . o . ( س ، پ ، ل۳۳) |

بروانە ئەم ئەكرۆنیمانە لە بواری تەكنەلۆژیای زانیاری :

| | |
|---|---|
| زمانی بەرنامەكردنی ئاستبەرز (فەرهەنگی تەكنەلۆژیای زانیاری ۲۰۱۰: ۱٥) | APL (A programming language ) |
| رووكاری وێنەسازراو بۆ وتو وێژ لەگەڵ بەكارهێنەر ( س . پ . ل٥۰) | Gui ( Girafical user interface) |
| پرۆتۆكۆڵی گواستنەوەی سەروو دەق ( س . پ . ل٥٤) | http ( Hyper text transfer protocol) |
| دەستەی نەرمەواڵەی كراوە ( س . پ . ل۸۱) | Osf ( Open software foundation) |
| رایەڵەی رووبەربلاو ( س . پ . ل۱۱٦) | Wan ( Wide area network ) |

(٤-۲/۳) **رێگای پراگماتیكی** - pragmatics

كاری پراگماتیكی خەست دەبێتەوە لە لێكۆڵینەوەی بەكارهێنانی زمان ، نەك لێكۆڵینەوە لە رۆنانی زمانی (البنیه اللغویه) ، لێكۆڵینەوە لە زمان دەكات ، لەكاتی بەكارهێنانی لە چینەكانی كۆمەڵگا جیاوازەكان ، بەو ئیعتیبارەی ئاخاوتنێكی دیاریكراوە ، لە قسەكەرێكی دیارەوە ، ئاراستەی گوێگرێكی دیاریكراو بە وشەیەكی دیاریكراو ، لە شوێنێكی پەیوەندی دیاریكراو ، بە مەبەستی هێنانەدی پەیوەندییەكی دیاریكراو (مسعود الصحراوی ۲۰۰٥:۲٦) ئەم گۆرانە واتاییە فەرهەنگییە زیاتر لەیەكەی فەرهەنگی (درێژ و ئاڵۆز) دەبێت ، وەك لەو دەستەواژە و رستانەی كە زۆربەی خەڵك لەبەریانە (پەندی پێشینان ، ناونیشانی كار ، وتەی ناوداران ، پارچە گۆرانی ، .....) .كە لەهەمان كاتدا . ئەوەی جێگیرەو و ئەوەی لەبەركراوە لەگەڵ ئەوەش كە گۆرانكاری بەسەردا دێت بەگۆرین و لابردن ، كە ئەو گۆرانانە بۆ ئەو كەسانەی ئاگاداری بارودۆخەكە نییە هیچ ناگەیەنێ ، ئەم جۆرە لە دایكبووانە زیاتر لە وتاری زمانەوانی دەبینرێ وەك (شیرینی ژیان – la vie

**du cote bon) یان (pieges a jeunes loups) (گورگی بچووكی كردۆته هاوبەشم ) . لە وەڵامدانەوەی پێداویستی نابینا چییە ، ڕستەیەكی وەكو (كوێر پێویستی بە دووچاوی ساغە .) وەڵامە ، بە گۆڕینی دووچاو كە پێكهاتەی لەشە ، بۆ (چاویلكەیەك ، و گۆچانێك ) ، لای كەسێكی بیانی هیچ جۆرە كاردانەوەیەك دروست ناكات .**

**( ٣/٣ ) <u>ڕێگای دەرەوەی زمانەكە – External</u>**

**( ١-٣/٣ ) <u>وەرگرتن ( borrowing - loan processes )</u>**

**یەكێك لە ژێدەر و كانگا زۆر باوەكان بۆ دەسكەوتنی وشەی نوێ لە زمان وەرگرتنە . سەرچاوەیەكی زۆربەربڵاوە بۆ وشەی نوێ لە زمانی ئینگلیزی . (Yule ٢٠٠٦:٥٤) قسەپێكەرانی هەر زمانێك لەكاتی ڕووبەڕووبوونەوەیان بە كەم و كوری ، یان بڕنەكردنی سامانی وشەیان ، پەنا بۆ ئاسانترین نزیكترین ڕێگای وشە دەست كەوتن دەبەن ، یان بەمەبەست و ئارەزوومەندانە ئەو وشانەی پێویستیان پێیە لە زمانانی تر وەری دەگرن ، لەبری هەوڵدان و خستنەگەری هیچ كۆششێكی داهێنەرانە بۆ بەدەستهێنانی ئەوەی دەیەوێت . (ستیفن أولمان ١٩٩٧:١٦٧) ، ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ مێژووی زمانی كوردی لەپاڵ خەرمانێك وشەی وەرگیراو لە زۆر لە زمانەكان بەڕێگای ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ وشەكانی پێكهاتەكانی لەشیش دەبینرێت بەگوێرەی پەیوەندی ، و ڕاددەی ئەوپەیوەندییەی كە زمانی كوردی لەگەڵ زۆر لە زمانی دونیا هەیەتی بەگەلێك جۆرو شێوەو ڕێگا ی جیاواز ، لە كۆن و لە ئێستا وشەی زمانی تری وەرگرتووە كە بێگومان بە شێك لەو وشانە ناوی پێكهاتەكانی لەشن ئەمەش ئەو وشانە ناگرێتەوە كە لەگەڵ زمانی كوردی سەر بەیەك خێزانن كە پێش جیابوونەوەیان فەرهەنگیان هاوبەشبووە . وشەی وەرگیراو هەمان مامەڵەی وشەی ڕەسەنی زمانەكەی لەگەڵ دەكرێت ، دەكەوێتە ژێر كارگەری یاسا دەنگی و ڕێزمانییەكان ، بۆیە هەندێ جار تووشی گۆڕانی گەورە دەبن ، كە زۆر و كەم لە لە شێوە بنچینەییەكەی دوور دەكەوێتەوە . (محمد حسن عبدالعزيز ١٩٩٦:١٢٨) ، ئەمەش زۆر جار لەبەرنەبوونی ئەو وشەیە نەبووە لە زمانی كوردی ، كە بەگوێرەی پێویست هەندێكیان بەر یاسادەنگییەكانی كوردی كەوتوون لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە گۆڕاون ڕەنگە وشەكانی (دەماغ ، جەمین ، قەدەم ، كلیە ،جمجمە (قاقلۆق كەللەسەر) ، قاچ ( كە . ل٦٨٣) (لەتوركی واتە ڕاكردن (فاروق عومەر ٢٠١١:٥٨)) ، برناخ ، و (برناخە) ( لەبوڕنی توركی وەرگیراوە) (ف .ك . ل١٠٤) گلێنە لە (قرنیە) ی عەرەبی وەرگیراوە ، ...) بەرچاو بكەون ، لەگەلێك قاڵب و شێوەی جیا دەردەكەون ، كە لەهەندێك باردا شوێنیان بە وشە كوردییە ڕەسەنەكانیش لەقكردووە ، هەروەها بەهۆی پێشكەوتنی زانست مرۆڤ پەی بەگەلێك لایەنی شاراوەی دیكەی جەستەی خۆی بردووە و زاراوەی وردی زانستی بۆ داناوە كە لە ڕێگای زمانانی بێگانەوە بە بەرفراوانی هاتوونەتە ناو زمانی كوردییەوە كە زیاتر لەلایەنی پزیشكی دایە بەشێكی كەمی نەبێت لە كوردی زاراوەی بۆ دانەنراوە ئەوانی تر وەك خۆیان بەكاردێن ، وەك (هیمۆگلۆبین – hemoglobin ، هۆرمۆن – hormone ، میلاتۆنین – melatonin ، مایۆسین – myosin ، لیمف – lymph ،ئەنسۆلین – insulin ، ......) .**

**ڕێگای وەرگرتن ،كە بەرامبەر هەموو ڕێگاكانی تری بەرهەمهێنانی زمانی دەوەستێ ، لە هێنانە ئارای یەكەی زمانی نوێ ، بەپشت بەستنی بە زمانانی بێگانە – زیندوەكان یان مردووەكان – نەك پشت بەستن بە ڕێساكانی ئاخنراو لە خودی زمانەكە ، هۆكارێكیشە سەرجەم زمانانی جیهان پەنای بۆ دەبەن**

**بۆ دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی زمانەکانیان ، وە هیچ جێگەی ترس نییە لەسەر زمان[391] . زۆرجار وەرگرتنی وشە لە زمانانی بێگانە هێندەی هاوردەکردنی شت وەك بە پێویست دەزانرێت ( ئەم دیاردەیەش وەنەبێ کارێکی ناره واو زیانبەخش بێت ،بەڵکو بە پێچەوانەوە زمانەکەمانی دەوڵەمەند و فراوان و بەرین کردووە .)** ( کامل حەسەن بەسیر١٩٧٩:٥١) **، هەر یەکەیەکی زمانی کاتێك دێتە ناو زمانەوە ماوەیەکی پێویستە بۆ گونجانی لە ژینگە نوێیەکە ، وشە وەرگیراوەکان هەندێکیان هەر زوو دەگونجێن زۆرجار بەئاسانیش ناناسرێنەوە و هەست ناکرێت وشەی وەرگیراون لە کاتێکدا پێچەوانەی ئەمەش دەبینرێت . زمانەکان پەنا بۆ وەرگرتن دەبەن ، چونکە هیچ فەرهەنگێك ناتوانێت ناوی هەموو شت و کار و ئەزموونەکان بنێ ، لەبەرئەوەی یەکەکانی هەر زمانێك بەستراوەتەوە بەو کۆمەڵگایانەی بەکاری دەهێنن بە ڕەگەزەکانی ئەو ژینگەی کەتاکەکانی ئەو کۆمەڵگایەی تێیدا دەژی وئەوئەزموونانەی تایبەتە بە خۆیان .** (محمد حسن عبدالعزیز١٩٩٦:٩٥) .

---

[391] **بەگوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە بارەی زمانی فەرەنسی کراوە لە وەرگرتنی وشەی ئینگلیزی ( جوزیف دوبۆف لەساڵی ١٩٨٠ ) و ( جون ئومبلی –** john humbley **) لەساڵی ( ٢٠٠٠ ) ، بە پێچەوانەی پێشبینییەکان ژمارەی وشە وەرگیراوەکان ناکاتە ( ٢,٥ ٪ ) ی یەکە زمانییە فەرهەنگییەکانی فەرەنسی و ( ٠,٦٪ ) ی وشەکانی رۆژنامەی لۆمۆند . ( جان بریفو ، جانفرانسوا سابلیرول ٢٠١٠ : ١٦٢ ) .**

( ٣/ ٤ ) **ئامارو نەخشە ڕوونكاریەكان** :-

١- **خشتەی پێكهاتەكانی لەش بە گوێرەی فەرهەنگی كوردستان:-**

**لەو خشتەی خوارەوە كۆی ئەو پێكهاتانە ئاماریان بۆ كراوە ، و تۆماركراون كە لە زیاتر لە (٥٠) ڕۆناندا بەشدارن ، بە پێی زۆرترین بەشداری هەر لێكسیمێك پۆلینكراون .**

| پێكهاتەی لەش | سەرجەمی وشە | وشەی لێكدراو | وشەی داڕێژراو و سادە | وشەی لێكدراو لەنێوان پێكهاتە جیاوازەكانی لەش | وشەی لێكدراو لەیەك پێكهاتەی لەش |
|---|---|---|---|---|---|
| سەر(ناو،ئاوەڵكار) | ١١٥٥ | ١١٠١ | ٥٤ | ١٤٢ | ٨ |
| دەست | ٧٥١ | ٦٨٦ | ٦٥ | ٩١ | ١٥ |
| بەر(ڕوو،ئاوەڵكار) | ٤٨٢ | ٤٣١ | ٥١ | ٥٥ | ١٢ |
| چاو | ٤٦٣ | ٤٠٦ | ٥٧ | ٥١ | ٣ |
| پێ | ٤٤٥ | ٣٨٣ | ٦١ | ٤٩ | ٢ |
| دڵ | ٣٠٩ | ٢٧٢ | ٢٧ | ٢٤ | ٥ |
| دەم - زار | ٢٦٢ | ٢٤٢ | ٢٠ | ٢٦ | ٥ |
| ڕوو | ٢٤٦ | ٢٠٩ | ٣٧ | ٢٣ | ٥ |
| پەنجە | ١٦١ | ١٠٠ | ٦١ | ١٩ | ٢ |
| زمان | ١١٨ | ٩٦ | ١٥ | ٣ | —— |
| قنگ | ١١٠ | ٨٢ | ٢٨ | ١١ | ١ |
| مل | ١٠٧ | ٦٥ | ٤٢ | ١٨ | ٤ |
| سك | ١٠٣ | ٨٥ | ١٨ | —— | —— |
| شیر | ١٠١ | ٦٨ | ٢٤ | ٣ | —— |
| ددان | ٩٣ | ٦٥ | ٢٨ | ٦ | ١ |
| خوێن | ٨٩ | ٧٠ | ١٩ | —— | —— |
| گوێ | ٨١ | ٥٥ | ٢٦ | ٢٠ | —— |
| شان و پیل | ٧٢ | ٥١ | ٢١ | ١٦ | ٥ |
| لووت | ٦٩ | ٢٧ | ٤١ | ٢ | ٢ |
| زلف | ٦٧ | ١٣ | ٥٣ | ٤ | ١ |
| پێست | ٦٠ | ٢٦ | ٣٤ | ١ | —— |
| باڵ | ٥٩ | ٢٩ | ٣٠ | ٥ | —— |
| جگەر | ٥٧ | ٤٨ | ٩ | ١٥ | —— |
| ریش - ردێن | ٥٢ | ٢٨ | ٢٤ | ٥ | ٢ |
| پشت (ناو،ئاوەڵكار) | ٥١ | ٤٤ | ٧ | ٣٠ | —— |
| سەرجەم | ٥٥٦٣ | ٤٦٨٢ | ٨٥٢ | ٦١٩ | ٧٣ |

**خشتەی ژمارە ( ٦ )**

## ٢- نەخشەی ڕوونکاری پێکهاتەکانی لەش بە گوێرەی فەرهەنگی کوردستان




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (١)

## وشە لێکدراوەکان لەفەرهەنگی کوردستان




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە ( ٢ )

## وشەی سادە و داڕێژراو لە فەرهەنگی کوردستان




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە ( ٣ )

ئەگەر کۆی یەکە فەرهەنگییەکانی لەش و ئەوانەی لە ڕۆنانیاندا بەشدارن  لە زیاتر لە (٧٠٠٠) وشەدا هەبن ، تەنها ئەم (٢٥) پێکهاتەی لەشە  ڕێژەی لەسەدا (٧٩٪) کۆی وشەکان  پێکدێنن . هەندێك پێکهاتەی تر کە کەمتر لە (٥٠) یەکەی فەرهەنگی زیاتر لە (٢٥) یەکەی فەرهەنگی بەرچاو دەکەون ڕێژەکەیان بەم جۆرەیە ( سینگ ٤٤ ، ئەژنۆ  ٤٣ ، قوڵ ٤٢ ، تس ٤٢ ، چەناگە ٤٠ ، گیان ٣٦ ، قەد و کەمەر ٣٤ ، قوڕگ گەروو٣٢ ، کرکراگە٣١ ،  موو ٢٩ ، تف ٢٨ ، میز٢٨ ، ڕیخۆڵە ٢٧ ، خاڵ ٢٦ ، ڕان ٢٦ ، .......) . لەکاتی کۆکردنەوەی ئەو داتایانەش وشە هاوبێژەکان بەدوورگیراون ، چونکە نابنە هۆی بەرهەمهێنان لە فەرهەنگدا بۆنموونە لە (پێ ، ...) تەنیا بە واتای پێکهاتەی لەش وەرگیراوە ، لەگەڵ ئەو حاڵەتانەش کە لێڵی دروست دەکەن وەك (پێ لێنان (پێی پێکهاتەی لەش خستنە سەر شتێك) (بە ئەو لێنان) ، پێ گرتن ( وەك منداڵ کاتێك پێ دەگرێت ) (بەئەو گرتن) ، .... ) کە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرن ، واتایەکیان بە پێکهاتەیەکی لەش دێت ، هەروەها ئەو ئامارانەی خستوومانەتە ڕوو مەرج نییە لە فەرهەنگێکی تر هەمان ژمارە بدەن بە دەستەوە ، بۆنموونە ئەگەر بڕوانینە فەرهەنگی پزیشکی ژمارەی پێکهاتەکانی لەش ژمارەیان بەشێوەیەکی بەرچاو لەکۆی وشەکانی فەرهەنگەکە بەرز دەبێتەوە بەڕێژەیەکی زۆر، چونکە فەرهەنگەکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو وشەو زاراوانە هەیە کە پێکهاتەکانی لەشن . ئەم وشانەش کۆی ئەو وشانە نین کە پێکهاتەی لەش لە ڕۆنانیاندا دەبینرێ ، لەکاتی کارکردن بەئاشکرا هەست بەو حاڵەتە کراوە کە دانەری فەرهەنگی کوردستان لەکاتی دانانی فەرهەنگ یان تۆماری نەکردوون یان وشەی تازە ڕۆنراون و ئەو کاتە بەکارنەهاتوون . بۆنموونە ئەگەر بڕوانینە (خوێن ) ، لە ڕۆنانی وشەی هاوبەش لەنێوان پێکهاتە جیاوازەکانی لەش ، وشەی هاوبەش لەیەك پێکهاتەی لەش نابینین ، بەڵام ئەمە لەچەندین وشەی لێکدراوی  وەك ( دەست بەخوێنبوون ، سەر بەخوێن ، دەست نانە خوێن ، خوێن بە خوێن ناشۆرێ ، ......) . دەبینین کە لە فەرهەنگی کوردستاندا بەرچاومان نەکەوتوون . هەمان شت بۆ زۆربەی پێکهاتەکانی لەش بە نموونە وشەکانی ( فرمێسك ڕێژ ، دڵە ماسولکە ، تۆپی پێ ، دەست ، باسکە ، هێڵکاری دڵ ، .....) ، بۆیە لە و باوەڕەداین کە بوونی ناوی پێکهاتەکانی لەش لە ڕۆنانی تردا شێوەیەکی فراوانتری هەیە لەوەی کە لەو فەرهەنگە تۆمارکراوە ، کەناکرێ تەنیا هەر لەو ژمارە وشەیە ببینرێن ، ئەگەرچی ئەم ڕێژەیەش بەکەم نابینرێت ، کەواتە ئەم ئامارەی سەرەوە تەنیا بۆ فەرهەنگی کوردستانە[٣٩٢] ، کە دەکاتە ( ٦.٩١٨٣٧٥١٪ ) ی کۆی وشەکانی ئەو فەرهەنگە . ئەم

---

[٣٩٢] بۆ زانینی کۆی یەکەفەرهەنگییەکانی وشەی پێکهاتەکانی لەش و ئەوانەی لە رۆنانیان بەشدارە لە ( فەرهەنگی کوردستان ) ، پێویست بە زانینی ژمارەی وشەکانی ئەو فەرهەنگە دەبێت ، کە لە فەرهەنگەکەدا ژمارەی وشەکانی دیاری نەکراوە، بۆ ئەمەش پێویست بە ئەنجامدانی ئامار دەکات بەم شێوەیە : بە وەرگرتنی ژمارەی وشەکانی هەر پەنجا لاپەرەیەك ، و دوا لاپەرە (٩٤٠) ، چونکە ژمارەی لاپەرەکانی ناگاتە (٩٥٠) ، بەم شێوەیە (ل١-٤٠) ، (ل٥٠-٥٨) ، (ل١٠٠-٦٤ ) ، (ل١٥٠-٥٣) ، (ل٢٠٠-٥٩) ، (ل٢٥٠-٤٨) ، (ل٣٠٠-٥٩) ، (ل٣٥٠-٥٨) ، ( ل٤٠٠-٥٧) ،(ل٤٥٠ — ٥٢) ، (ل٥٠٠-٦١) ، (ل٥٥٠-٦١) ، (ل٦٠٠-٥٩) ، (ل٦٥٠-٥٨) ، (ل٧٠٠-٤٧) ، (ل٧٥٠-٥١) ، (ل٨٠٠-٥٦) ، (ل٨٥٠-٦١) ، (ل٩٠٠-٦٧) ، ( ل٩٤٠-٤٠) : بەمەش ژمارەی ئەو لاپەرانەی ئاماری وشەمان بۆ ئەنجامداوە دەکاتە (٢٠) لاپەرەو ژمارەی کۆی وشەکانی ئەو لاپەرانەش (١١٠٩) وشەیە ، بە دابەشکردنی بەسەر (٢٠) ، ڕێژەی هاوبەش بۆ هەرلاپەرەیەك لەو فەرهەنگە دەبێتە (٥٥.٤٥) بە لێکدانی لە (٩٤٠) کە ژمارەی لاپەرەکانی فەرهەنگەکەیە، ژمارەی نزیکەیی وشەکانی کۆی فەرهەنگەکە دەردەچێت کە (٥٢١٢٣) پەنجاو دوو هەزارو سەد و بیست و سێ یەکەی فەرهەنگییە . ژمارەی ئەو یەکانەش کە ناوی یەکێك لە پێکهاتەکانی لەشن ، یان لە رۆنایان بەشدارن (٧٥٣٤) حەوت هەزارو پێنجسەد و سی وچوارە (کە دەکرێت ئەگەر کەسێکی تر دووبارە وشەکان بژمێرێتەوە هەمان ژمارە دەرنەچێت بە بەراورد  بەو بنەمایانەی ئێمە پشتمان پێبەستووە لەکاتی ژماردنی وشەکان ، بەڵام ژمارەیەکی نزیك لەوەی دەست دەکەوێت کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی گشتی لەسەداکە نابێت) ، بە دابەشکردنی

ڕێژەیە بەرزدەبێتە بۆ (٨.٣٢٨٥٥٤٩٪) ی فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە[٣٩٣] ، هەرچی فەرهەنگی ئیدیۆمە ڕێژەکەی تێدا بەرزتر دەبێتەوە بۆ (٤٣.٥٣٥١٦٥٪) ، ئەمەش بەهۆی بوونی ناوی پێکهاتەکانی لەش لە ڕۆنانی (٣٠٢٧) ئیدیۆمی ئەو فەرهەنگە لە کۆی (٦٩٥٣) ئیدیۆم کە لەم فەرهەنگە بوونیان هەیە ، جا ئەگەر ئیدیۆمەکان (وشەیی ، گرێی ، ڕستەیی) بن ، هەرچی فەرهەنگی پزیشکییە ڕێژەکەی زیاتر هەڵدەکشێ ، وەکو لەسەر بەرگی فەرهەنگەکە نووسراوە ( ئەم فەرهەنگە نزیکەی ١٢٠٠٠ زاراوەی پزیشکی گرتووەتە خۆی) بەگوێرەی ئەو ئامارەی لەم توێژینەوەیە ئەنجامدراوە ، لەو ژمارەیە (٥٧٤٧) زاراوە یان ناوی پێکهاتەی لەشن یان بەشدارن لە ڕۆنانی زاراوەکان ، بەمەش ڕێژەکە دەبێتە (٤٧.٨٩١٦٧٪) ی یەکە فەرهەنگییەکانی پێك دەهێنێ . ئەوەی زیاتر جێی گرنگی پێدانی ئەم توێژینەوەیە بێت دەرهێنانی ڕێژەی هاوبەشی یەکە فەرهەنگییەکانی لەش ، یان ئەوانەی لە ڕۆنانیان بەشدارن لە فەرهەنگەکانی (کوردستان و هەنبانە بۆرینەیە ) ، چونکە فەرهەنگی گشتین و ژمارەکانیشیان لە یەکتر نزیکە لە کاتی کۆکردنەوەی سەرجەم وشەکانی ئەو دوو فەرهەنگە و دابەشکردنیان بەسەر کۆی وشەکانی هەردوو فەرهەنگەکە کە ناوی پێکهاتەی لەشن ، یان لە ڕۆنانیان بەشدارن دا ژمارەیەکی زانستی تر دەردەچێت . بەم شێوەیە کۆی وشەکانی هەردوو فەرهەنگەکە دەکاتە (١٠٩٦٤٠) ، دابەش کۆی وشەکانی هەردوو فەرهەنگەکە کە ناوی پێکهاتەی لەشن ، یان لە ڕۆنانیان بەشدارن (١٤٤٤٠) یەکەی فەرهەنگییە ، بە دابەشکردنیان بەسەر یەکتری ڕێژەی (٧.٥٩٢٧٩٧٨٪) دەردەچێت ، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە بەلایەنی کەمەوە پێکهاتەکانی لەش لەبەرهەمهێنانی فەرهەنگییدا ڕێژەی لە سەدا حەوت و نیوی دانەکانی هەر فەرهەنگێکی گشتی لە زمانی کوردی پێکدەهێنن ، بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە نەخشە ڕوونکاریەکانی خوارەوە .

---

وشەکانی فەرهەنگەکە( ٥٢١٢٣ ) بەسەر ژمارەی یەکە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەی لەشن یان لە ڕۆنانیان بەشدارن کە ( ٧٥٣٤ ) وشەیە ، ڕێژەی ( ٦.٩١٨٣٧٥١٪ ) ی فەرهەنگەکە پێکدێنن .

[٣٩٣] بۆ زانینی کۆی یەکەفەرهەنگییەکانی وشەی پێکهاتەکانی لەش و ئەوانەی لە ڕۆنانیان بەشدارە لە ( فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ) پێویست بە زانینی ژمارەی وشەکانی ئەو فەرهەنگە دەبێت کە لە فەرهەنگەکەدا ژمارەی وشەکانی دیاری نەکراوە ، بۆ ئەمەش پێویست بەئە نجامدانی ئامار دەکات بەهەمان شێوەی فەرهەنگی کوردستان : بە وەرگرتنی ژمارەی وشەکانی هەر پە نجا لا پەرە ، و دوا لا پەرە ( ١٠٣٥ ) ، چونکە ژمارەی لا پەرەکانی ناگاتە ( ١٠٥٠ ) ، و وەرگرتنی لا پەرە ( ٨٩٩ ) لە بەر ئەوەی لا پەرە ( ٩٠٠ ) هیچ وشەیەکی تێدانییە ، بەم شێوەیە (ل١- ٣٦ ) ، (ل٥٠- ٤٨ ) ، (ل١٠٠-٦١ ) ، (ل١٥٠- ٦٩ ) ، (ل٢٠٠-٦٧ ) ، ( ل٢٥٠-٦٤ ) ، (ل٣٠٠-٦٩ ) ، (ل٣٥٠-٦٢ ) ، (ل٤٠٠-٧١ ) ، (ل٤٥٠-٦٢ ) ، (ل٥٠٠-٥٩ ) ، (ل٥٥٠-٥٢ ) ، (ل٦٠٠-٥٦ ) ، (ل٦٥٠-٥٢ ) ، (ل٧٠٠-٦١ ) ، (ل ٧٥٠-٥٢ ) ، (ل٨٠٠-٦١ ) ، (ل٨٥٠-٦٥ ) ، (ل٨٩٩-٢٤ ) ، (ل٩٥٠-٥٤ ) ، (ل١٠٠٠- ٦٣ ) ، (ل١٠٣٥-٣٥ ) : لەبەرئەوەی لە کۆی ئەو ( ١٠٣٥ ) لا پەرەیە ( ١٧ ) لا پەرەیان هیچ وشەیەکی لێ تۆمار نەکراوە ژمارەی لا پەرەشی بۆ دانراوە ، لە کۆی ژمارەی لا پەرەکان دەری دەهێنین ( ١٠٣٥-١٧ = ١٠١٨ ) بەمەش ژمارەی ئەو لا پەرانەی ئاماری وشەمان بۆ ئە نجامداوە دەکاتە ( ٢٢ )لا پەرە ، ژمارەی کۆی وشەکانی ئەو لا پەرانەش ( ١٢٤٣ ) وشەیە ،بە دابەشکردنی بەسەر ( ٢٢ ) ، ڕێژەی هاوبەش بۆ هەرلا پەرەیەك لەو فەرهەنگە دەبێتە( ٥٦.٥ ) بە لێکدانی لە ( ١٠١٨ ) ژمارەی کۆی وشەکانی فەرهەنگەکە دەبێتە ( ٥٧٥١٧ ) پە نجاو حەوت هەزارو پێنجسەد و حەڤدە یەکەی فەرهەنگی . ژمارەی ئەو یەکانەش کە ناوی یەکێك لە پێکهاتەکانی لەشن ، یان لە ڕۆنایان بەشدارن ( ٦٩٠٦ ) شەش هەزار و نۆسەد و شەش ، دەبێت (کە دەکرێت ئەگەر کەسێکی تر دووبارە وشەکان بژمێرێتەوە هەمان ژمارە دەرنەچێت بە بەراورد بەو بنەمایانەی ئێمە پشتمان پێبەستووە لەکاتی ژماردنی وشەکان ، بەڵام ژمارەیەکی نزیك لەوەی دەست دەکەوێت کە کاریگەری لەسەر ڕێژەی گشتی لەسەداکە نابێت) بە دابەشکردنی وشەکانی فەرهەنگەکە ( ٥٧٥١٧ ) بەسەر ژمارەی یەکە فەرهەنگییەکانی پێکهاتەی لەشن یان لە ڕۆنانیان بەشدارن کە ( ٦٩٠٦ ) وشەیە ، ڕێژەی ( ٨.٣٢٨٥٥٤٩٪ ) ی فەرهەنگەکە پێکدێنن .

## ٢- نەخشە ڕوونکاریەکانی فەرهەنگە جیاوازەکان :-

<u>کۆی یەکەی فەرهەنگی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی یەکەی تری فەرهەنگی لە فەرهەنگی کوردستان</u>




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە ( ٤ )

<u>کۆی یەکەی فەرهەنگی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی یەکەی تری فەرهەنگی لە فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە</u>




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە ( ٥ )

**کۆی یەکەی فەرهەنگی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی یەکەی تری فەرهەنگی لە فەرهەنگی کوردستان ، و فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە**




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە ( ٦ )

**کۆی زاراوەی پزیشکی پێکهاتەکانی لەش یان بەشداربوو لە ڕۆنانی زاراوەی تری پزیشکی لە فەرهەنگی پزیشکی**




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە ( ٧ )

**کۆی ئیدیۆم کە پێکهاتەکانی لەش بەشدارن لە ڕۆنانیان لە فەرهەنگی ئیدیۆم**




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٨)

وا لە خوارەوەش کۆی ئەنجامەکانی هەرچوار فەرهەنگەکە دەخەینە ڕوو :-

**ڕێژەی سەدی بەشداری پێکهاتەکانی لەش لە یان ئەو وشانەی بەشدارن لەڕۆنانیان بەگوێرەی فەرهەنگەکانی (کوردستان ، هەنبانە بۆرینە ، ئیدیۆم ، پزیشکی) بەنەخشەی ڕوونکاری جیاواز**




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (٩)




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (١٠)




نەخشەی ڕوونکاری ژمارە (١١)

**(٥/٣ ) پێکهاتەکانی لەش و هەندێ چالاکی تر**

**(٥/٣-١ ) پێکهاتەکانی لەش لە زاراوەسازکردن**

داهێنانی بەردەوامی مرۆڤایەتی ، و داهاتنی زاراوەی نوێ لە هەموو بوارەکانی زانستدا ، و هاتنی بە لێشاو وخێرای ئەو وشانە بۆناو زمانی کوردی ، دانانی زاراوە بۆ ئەم وشانە بووە بە پێویستیەکی بەردەوام ، بەپشت بەستن بەڕێگاو ڕێبازە جۆراو جۆرەکانی زاراوەسازکردن ، جا ئەوانەی تایبەتن بەزمانی کوردی ، یان ڕێبازی جیهانین ، کە دەبنە بنەما بۆ بەرهەمهێنانی زاراوە . بە بەراورد بەبەشێك لەزمانانی جیهان ، زمانی کوردی لە سازکردنی زاراوە هێشتا لە قۆناغی سەرەتادایە، بەڵام بە پشت بەستن بەسامانە زمانی و ڕێگا هەمە چەشنەکانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی ئەم کارەی ئاسان کردووە . پێکهاتەکانی لەشیش بە سوود وەرگرتن لەم ڕێگایانە ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەیە لە بەرهەمداری و بە پێزکردنی فەرهەنگ ، و زاراوە ڕۆناندن .

( مەبەست لە زاراوە هەموو وشەیەك (word) یان دەستەواژەیەك یان دەربڕینێك (expression) ، کەمانایەکی وردو دەستنیشانکراوی هەبێت ، ئەگەر نا دەبێتە وشەیەکی زمانەوانی ئاسایی و هەموو کەسێك تێی دەگات ، کۆمەلێك لە کەسان یان نەتەوەیەك یان جیهان بریاری لەسەر دابێت و لەهەندێك مەیدانی زانستی (scientific) یان هونەری کارپێکردن ( technical) یان پیشەیی (profession) یان یاسایی ( legal) بەکاربهێنرێت ) ( کەمال جەلال غەریب ٢٠١٢: ١١) .ئەمەش بەهۆی ناهاوسەنگی لە نێوان وشە و زاراوەکانی هەر فەرهەنگێك و ژمارەی چەمکە زانستییەکان و ( کە ژمارەی ڕەگەکان لەهەر زمانێکدا لەچەند هەزارێك زیاتر نییە ، کەچی ژمارەی ئەو چەمکانەی ئێستا، کە هەن چەند ملیۆنێك دەبێت ، و بەردەوام بەرەو پتربون دەروات ، بەنموونە لەمەیدانی ئەندازەی کارەباییدا نزیکەی ٤ ملیۆن چەمك هەیە ، کەچی گەورەترین فەرهەنگ لەهەر زمانێکدا بێت (٦٠٠) هەزار ڕەگی تێدانییە .) ( سەرچاوەی پێشوو ل ١٥) ، وشەکانی زمان واتای دیاریکراویان هەیە کە لە فەرهەنگدا تۆمارکراوە و واتاکەی ڕوونکراوەتەوە ، ئەو وشەیە کاتێك دەبێت بە زاراوە کە پسپۆرانی هەر بوارێك ڕێك بکەون لەسەر ئەوەی جگە لە واتا زمانییەکەی کەلە فەرهەنگدا هەیە بۆ واتایەکی زانستی ورد بەکاری بهێنن زۆرێك لە ناوی پێکهاتەکانی لەش ڕێککەوتنی زانستیان لەسەرە و وەك خۆیان بوون بە زاراوە . وەك :-

| | | | |
|---|---|---|---|
| ئێسك | bone (ف . پ. ل ٦٢.) | گەروو | pharynx(س . پ. ل ٢٦٣.) |
| مێشك | cerebrum(س . پ. ل ٧٨.) | سپڵ | spleen(س . پ. ل ٣٣٤.) |
| جومگە | Joint(س . پ. ل ١٧٨.) | میز | Urine (س. پ . ل ٤٠١) |
| قورگ | larynx(س . پ. ل ١٨٦.) | منداڵدان | uterus(س . پ. ل ٤٠٣.) |
| سی | lung (س . پ. ل ١٩٦.) | خوێنهێنەر | vein(س . پ. ل ٤٠٩.) |

وە لەبەرئەوەی ( زۆربەی چەمك و مانا زانستییەکان ئەوەندە ئاڵۆز و فراوانن ، ناتوانرێت هەریەکەیان بەیەك بێژەی زمانەوانی دەربرێت ، لەبەرئەوە چارنییە هەردەبێ بە زاراوە دەربرێت مەرجیش نییە ئەوبێژەیە لە زماندا هەموو مانا ویستراوەکە بدرکێنێت بەڵکو نزیکترین مانای زانستی ، لەبەر ئەوە نزیکترین ئەو بێژانە

لەومانایەوە هەڵدەبژێرێت و بۆی تەرخان دەکرێت) ( سەرچاوەی پێشوو ل١٠٦-١٠٧) بۆیە زمانەکان بە سوود وەرگرتن لە رێگاکانی بەرهەمهێنانی زاراوە دەتوانن زاراوە بۆ ئەو چەمکە نوێیانە دیاری بکەن .

رێگاکانی بەرهەمهێنانی زاراوە

رێگاکانی ڕۆنانی زاراوە هەمان ئەو رێگایانەن کە بەهۆیەوە یەکەی فەرهەنگی بەرهەم دێت ، کە لە (٣/١-١) ئەو ڕێگایانە رِوونکراونەتەوە جگە لە ڕێگای وەرگێران و زرەرێژ ، کە سەرەرای جیاوازی زۆرلە نێوان وشەو زاراوە دەکرێ جیاوازی سەرەکی لەوەدابێت ، کە هەموو زاراوەیەك وشەیە ، بەلام هەموو وشەیەك زاراوە نییە دواتر بەشێك لەزاراوەکان دەبنەوە وشە ، کە ئەمەش تەنیا بۆ ئەو زاراوانە دەبێت کە لە قاڵبی وشەدان ، چونکە هەندێك زاراوە لە شێوەی هێمادان . بۆسەرجەم ڕێگاکان بڕوانە هەمان بەش (٣/١-١) لاپەرە (٧٤-١٠٨) ، لەم بەشەدا تەنیا هەندێك نموونەیان بۆ دەهێنینەوە ، جگە لە وەرگێران ، و زرەرێژ کە بە کورتی لەبارەیانەوە دەدوێن .

١- لێکدان – compounding of words

ئەم وشانەی خوارەوە لە فەرهەنگی زاراوەی راگەیاندن وەرگیراون .

| | |
|---|---|
| لە ڕوو دامان | الاحراج (ف . ز . ر . ل١٣) |
| دڵسۆزی | الاخلاص (ف . ز . ر . ل١٤) |
| سەرپێیی | إرتجالی (ف . ز . ر . ل١٥) |
| ریشەکێشکردن | الاستئصال (ف . ز . ر . ل١٦) |
| دەسگیربوون | استحصال (ف . ز . ر . ل١٧) |
| بەرچاوخستنی بابەت | إستعراض الموضوع (ف . ز . ر . ل١٧) |
| دەست بەسەرداگرتن | الاستیلاء (ف . ز . ر . ل١٨) |
| گوێرایەڵی | الاطاعة (ف . ز . ر . ل٢١) |
| پشت پێ بەستن | الاعتماد (ف . ز . ر . ل٢٢) |
| مانگی دەسکار | الاقمار الاصطناعیة (ف . ز . ر . ل٢٣) |
| سەرژمێر | تعداد (ف . ز . ر . ل٤٢) |
| گرتنە ئەستۆ | تولی (ف . ز . ر . ل٤٦) |

٢- داڕشتن –derivation

| | | | |
|---|---|---|---|
| دەمامك | قناع(ف . ز . ر . ل٢٣) | دەزگا | جهاز (الآلة) (ف . ز . ر .ل٥٠) |
| دەسك | باقة (ف . ز . ر . ل٣١) | لێوار | حافة (ف . ز . ر . ل٥٢) |
| سەرانە | جزیة(ف . ز . ر . ل٤٩) | سەرۆکایەتی | رئاسة (ف . ز . ر . ل٦٣) |
| چاوگە | بؤرة (ف . ز . ر . ل٣٤) | پێچکە | عجلة (ف . ز . ر . ل٨٣) |
| بێ گیان | جماد (ف . ز . ر . ل٥٠) | لووتکە | قمة (ف . ز . ر . ل٩٦) |

### ٣- وەرگێڕانی زاراوە – Translation

ئـەم ڕێگایـە بریتییـە لـە وەرگێڕانـی واتـای زاراوە وەرگیراوەکـە ، کـە ئامـانج لێـی وەرگێڕانـی واتـاو و مەبەستی زاراوەکەیە نەك وەرگێڕانی وشە بە وشەی زاراوە بیانییەکە ، یان ( بریتییە لە گواستنەوەی زاراوەی بیانی بۆ زمانی کوردی ، بە ماناکەی نەك بێژەکەی ، لێرەدا وەرگێڕە کوردەکە بێژەی ئەوتۆی بۆ هەڵدەبژێرێت ، کەبەمانا بەرامبەر بە بێژە بیانییەکە بێت .) (سەرچاوەی پێشوو ل٣١) سەرەرای پێویستی هەبوونی چەندین مەرج لە وەرگێر و وەرگێڕانەکە .

| | | |
|---|---|---|
| شاخوێنبەر | الابهر | Aorta (ف . پ . ل ٤٠) |
| گرووپی خوێن | زمرة الدم | blood group (ف . پ . ل ٦١) |
| وژەی دڵ | نفخة قلبية | Cardiac murmur (ف.پ.ل٧٢) |
| دەمارە خانە | عصبة | Neuron (ف . پ . ل ٢٢٣) |
| دووگیان | حامل | Pregnant (ف . پ . ل ٢٨٠) |
| مێخەکی ڕوومەتی | وتدی وجني | Spheno malar (ف . پ . ل ٣٣٢) |

بڕوانە ئەم وەرگێڕانانە کە لە بواری وەرزشیدایە .

| | |
|---|---|
| تەقڵەی دەست | Hand spring (عاصی فاتح وەیس ٢٠١٠:٥٠) |
| وەستان لەسەر هەردوو دەست | Hand stand (س .پ . ل ٥٠) |
| پاسدان لەسەر سنگەوە | Two-hand chest pass (س .پ . ل١١٧) |
| باری دەست لەسەر مێز | Hand on table (س . پ . ل ٢٩٧) |
| دەسەڵات پێدان | Authorization (فەرهەنگی تەکنەلۆژیای زانیاری ٢٠١٠:١٩) . |
| ڕوو نووس ، لەبەرگرتنەوە | Copy (س . پ . ل ٣٣) |
| دەست پێکەر | Newbie (س . پ . ل ٧٧) |
| دەست پیانان ، دەست خستنەسەر | Push (س . پ . ل ٩٠) |

### ٤- زرەڕێژ – پێوانە ( القياس) – calque

کـۆی ڕێبازەکـانی تـر دەتوانرێـت بکرێنـە بنـەما بـۆ سـازدانی زاراوە لـەم ڕێبـازە . ( ئەگـەر لـە سـامانی وشەکانی زمانەکەمان کە لە باو باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە و لە قۆناغی زمانی لە دایکبوونی کوردیدا پەیدابووە ، بکۆڵینەوە دەبینین کە هەر کۆمەڵێك لەو وشانە لەبەر ڕۆشنایی دەستورێکی ڕێزمانی و بەهۆی ڕێبازێکی تایبەتییەوە دانراون ئێمەش لەم قۆناغە مێژووییەی زمانی کوردیدا کە پێویستمان بە دانانی زاراوەی نوێ باو هەیە دەتوانین پشت بەبەڵگەیەکی ڕێزمانی ببەستین کە چۆنیەتی لە دایکبوونی وشەیەکی

کوردی ڕەسەن دەخاتە ڕوو چەند زاراوەیەك سازبکەین ،ئەم ڕێبازە لە هەموو زمانێکی پێشکەوتوودا پێڕەوی کراوە و زمانەکان لەسەری ڕۆیشتوون .) ( سەرچاوەی پێشوو ل٦٦) . بۆنموونە زرە ڕێژ لەم وشانە دەیبینین :-

( گۆشتخۆر ، خوێنخۆر ، ) (شیرەخۆر ، سەرەخۆر ، ....) ، ( دەمەوانە پەنجەوانە ، دەستەوانە ، ملەوانە ، .....) ( ددانساز ، چاویلکەساز ، ....) ، ( میزەرۆ ، سەرەرۆ ، ...) ( گورچیلە ، ئەنگوستیلە ، ....) ( هێلکەدان ، منداڵدان ، ....) ، ( ملوانکە ، بەروانکە ، خەناوکە ، ..... ) ، ( ئێسکدار ، ملدار ، سەردار ، ڕوودار ، گیاندار ، ....) . لەسەر بنەمای پێوانە ڕۆنراون .

(٢-٥/٣ ) **پێکهاتەکانی لەش لە سوێند خواردن ، دوعاکردن ، سڵاوکردن .**

١- **سوێند خواردن بە پێکهاتەکانی لەش**

مرۆڤ بەمەبەستی جۆراوجۆر پەنا بۆ سوێند خواردن دەبات بەپیرۆزترین سوێند پێخوراو بە گوێرەی ئەو بیرو باوەڕەی بە ڕاستی دەزانێت ، کەواتە سوێندپێخوراو (ئەو ناوە یان نازناوە یا سیفەتەیە یا ئەو شتە پیرۆزەیە ، کە سوێندی پێدەخورێ ) (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی و شلێر رسول محمد ٢٠٠٧:٥) ناوی پێکهاتەکانی لەشیش لەپاڵ سوێند پێخوراوەکان جێگەی دیاری هەیە بۆ سوێند پێخواردن ، ئەگەرچی لەڕووی ئایینیشەوە بەپەسەند نازانرێت ، دەکرێ لەسەردەمێکی کۆندا پیرۆزیان گەیشتبێتە ئەو ئاستە بەرزە بۆ سوێند پێخواردن تا ئەمرۆش مابنەوە ، (مۆرفیمی - بە- ئەرکی جۆراو جۆری هەیە و بە چەند جۆرێك دەردەکەوێ ، لەگەڵ ڕستەی سوێند خواردنیش بەکاردێت و دەکەوێتە پێش هەموو ئەو وشە و گرێ و لارستانەی سوێندی پێدەخورێ ) (سەرچاوەی پێشووڵ١٢) ئەمە لە کاتێ سوێندخواردن بە ناوی پێکهاتەکانی لەشیش دەبینرێت ، کە ڕاددەی سوێندپێخواردنی پێکهاتەکانی لەش لە نێوان خۆیاندا جیاوازە (سەر ، گیان ، .....) لە دیارترینی سوێند پێخوراوانن . وەك :

( بەسەری کاکم ، بە گیانی باوکم ، بەچاوی تۆ ، ......) .

قەسەم بەدڵی مات و خەمگینت

بەرەنگی زەرد و لەشی بێتینت

بە دەم و وانەی خۆش و شیرینت

خۆراکم بۆتە شیوەن وشینت ( بێکەس ل٥٦) .

**پێکهاتەکانی لەش لە وەڵامدانەوەی سڵاو**

سڵاو (ئەو جووتە گوتنانەی سەرەی ئاخاوتن دەگرێتەوە کە یەکێکیان لەلایەن قسەکەرەوە دەردەبردرێت و گوێگر پێویستە وەڵامی بداتەوە .) ( عەبدولواحید موشیر دزەیی ٢٠٠٥:١١٧) . کە زۆرجار ناوی پێکهاتەکانی لەش لە ڕۆنانی ئەو وشانەدا یان ڕستانەدا دەبن بۆ وەڵامدانەوەی سڵاو وەك ( سەرچاو ،چاوەکەمی ، سەرسەرم ، ڕۆحەکەمی ، بەڵێ گیانە ، .....) .

**٢- له دوعاكردن**

لەکاتی جیاواز و بەمەبەستی جۆراوجۆر مرۆڤەکان پەنا بۆ دوعاکردن دەبەن کە ( رستەی دوعاکردن یەکێکە لە باوترین شێوەزەکانی داخوازی ، کە تێیدا قسەکەر راستەوخۆ ڕووی دەمی خۆی دەکاتە کەسی دووەم کە خوایە کارێکی بۆ ئەنجام بدات یان ئەنجام نەدات ، ئەویش بە ناوهێنانی یان یەکێك لە سیفەتەکانی داوای لێدەکات) (ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی ٢٠٠٧:٨٥) .لێرە دا ئەم دوعایانە هەر بە چاکە ناکرێن ، بەڵکو :-

أ- دوعای چاکە بۆ پێکهاتەکانی لەش

(خوا سەر و ماڵت بپارێزێ، جەرگت نەسوتێ ، گیانت خۆشت بێ ، دەست نەرزێ ، چاوت ڕوون بێت ،.....) .

ب- دوعای خراپە بۆ پێکهاتەکانی لەش

(سەرت پانکەنەوە ، چاوت کوێربێت ، ملت بشکێ ، سەری زمانت سوتێ ، زمانت مووی لێ بێت ،دڵت لە لێدان بکەوێت ، ......) .

**(٣/٥-٣) پێکهاتەکانی لەش لە ناونان**

پێکهاتەکانی لەش لە ناونانی هەموو ناو نراوەکان دەبینرێن جیاوازیان لە زۆری و کەمیدایە مرۆڤ لە ڕێگای ناونانەوە دەوروبەری پۆلین دەکات ، و لێکیان جیادەکاتەوە ،ئەمە لە کۆنەوە هەبووە و بەردەوامیش دەبێت ، بەگوێرەی پێویست وا لە خوارەوە هەندێ لەو ناونانە لەپاڵ نموونە بەکاردەهێنین .

أ- ناونانی مرۆڤەکان

(دڵدار ، دڵخوین (شاعیرن ) ، سەرباز ، سەرخێڵ ، دلڤین ،دڵشاد ، دولبەر ، سەرکار ، ڕووخۆش ،......) .

ب- ناونانی ئاژەڵ و باڵندە

( بیبیلە گەرە (جۆرێ مامێلکە) ، پەرلەپێ (جۆرێك لە کۆترە) ، پێ بەقنگە (جۆرێ لە مراوی) ، چنگڵە (باڵدارێکە) ، سمبێلەك ، ( زەردە ماسی ) ، سمێلە ، سنگ زەرد (مەلێکە) ، سەر بلور (جۆرێك ماسی) ، سەربەروو( جۆرێك مارە) ، سەربەکلاو (مریشکی کاکۆڵدار ) ، سەر سەوز(مراوی نێر ) ، سەرشینك ، سەرەمێکوتە ، سەرمێوژە ( حۆرێك مارە) ، باسکە مەلە ، باڵ خەنجەرە ، خەنجەردەمە ( جۆرێك کوللەیە ) ، فسۆس (لەبەرەی سنجار) ، قژك (باڵدارێکە) ، قوونسوور (جۆرێك مەیموون) ، کەروێشك ، گوێ رەش (جۆرێك پشیلە) ، گەدەفسە (جۆرێ ماسی) ، گەردەن سۆر (باڵندەیەکی مل سوورە) ، هەشت پا ، یەك چاو ، پێ کورە (کوللەی باڵ نەگرتوو) ، پووش بە قوونە ، ستۆ بازن (جانەوەرێکی خزۆکە) ، دوڤ سنگ ( جۆرێ کلۆیە) ، گوێ درێژ ، گوێ رمە ، کەپۆ کەرە (باڵندەیە) ، .......) .

ت- ناونانی ڕووەك و گیا

( بزنە ریشە ، بسکۆڵ ، بەرزەلینگ ، پاکۆترە ، تاڵ تووك ، پێ پشیلە ، چاڤ چیچك (جۆرێك لە ترێ) ، چاڤ رەشۆك ، چاڤ ماسی ، چاوبازە ، چاو بۆرە ، چاو پشیلە ، چاوسپیلکە ، چاوکسکە ، چاو کەلەشێر ، چاوسوسکە ، چاوەگا ، پێ مریشکە ، دانەچۆلەکە ، دۆبەسەرە ، دوو گوونە ، دەست خورێنە ، دەمەشێر ، ریش بابا (جۆرێ ترێ ) ، زمان گا ، زمانە چوێلەکە ، سمبێلۆك ، سەر تەشی ، سێ بەلەك ،شیرحوشتر ، شیرشیرۆکە ، شیرەمار ، کەزیك ، کەژەسەر ، کێرقازی ، گاچاو ، گاگوێ ، گوبۆق (قەوزە) ، گۆشت بەرخۆك ،

گون گونەسەگانە ، گونە کەڵەبابە ، گوە بزن ، گوە کتك ، گوە بەران ، گوێ مشکە ، گوێ بەرخە ، گیا پرچ ، نینۆك خانم (جۆرێ ترێ) ، وشتر دیانە ( جۆرێ گەنم) ، یەکلنگە ،تل ریڤی ( جۆرێ ترێ)، ..................) .

پ- ناونانی نەخۆشی

( زك ئێشە ، مووخرکە (نەخۆشیەکی سەری منداڵانە ) ، میزەچۆرکێ ، چاوئێشە ، پاماسێ ، باڵەشۆرە ، چاوکولی ، پەنجەشێر ، سەردڵ ، سەرشینکە (نەخۆشی مریشك) ، قنگ خروکە (نەخۆشی ئاژەڵە) ، قنگ سووتەکە (١-نەخۆشی زارۆی ساوایە ٢- ئاخاوتنێکی مەرەزەیە) ، گوێ رەپە ، moomar (مووی بەژان کە لە قامك دێت) ، موو وەرین ، مەمك کولی (مەمك ئێشان )، سکە شۆرە ، .....)

ج- ناونانی شوێن

( دووسەرە ، داربەسەر ( ناوی سێگوندی کوردستانە ) ، دووملهێ (گوندی وێران ) ، دیدەڤان ، سمبێل (١- مووی پشتی لێوی پیاوان ٢- ناوی گوند .) ، سەرتانی ، سەرتەزێن ،سەردەرابات ، سەردەراڤکێ ، سەردەشت ( ناوی شار) ، سەرسنگ (شارۆچکە) ، سەرسوری ، سەرشیو ، سەرکەند ، سەرگیز ، سەرمەرزە ، سەروچاوە ، سەروکانی ، شیراوێژ ، شیرومەر ، قەلەنگوێ ، کانی باسکا ، گردەچاو ، گلێنان ، گۆرەشیر ، مل برکێ ، مل ناسر ، مەمکان ، مەمکێ ، مێرگەسەر ، وشترمل (ناوی کێو) ، خاڵدار شوێنی تر (سەر تاشخانە ، سەربازخانە ، ...) .

ح- ناونانی ئامێر

( پاژنەکێش ، دەم پۆر (تفەنگی ساچمە زەن ) ، پێمەرە ، چاویلکە ،دەستار ، موو کێش ، .....) .

خ- ناونانی چێشت : ( سەربەرۆنە ، سەروپێ ، کەللە ، ..................) . ....... هتد .

## (٣-٥/٣) پێکهاتەکانی لەش لە سێ دەقی جیاواز

مەبەست لە هێنانەوەی ئەو تێکستە جیاوازانە دەرخستی ناوی ئەو پێکهاتانەیە لە دەرەوەی فەرهەنگ ، لەو دەقانە وەکو خۆیان ( ناوی پێکهاتەی لەش ) ، یان ( بە واتای جیاواز ) زۆر دووبارە بوونەوەیانە لەو دەقە جیاوازانە .

١- دەستووری هەرێمی کوردستان – عیراق

بڕوانە دەستووری هەرێمی کوردستان – عیراق دەروازەی دووەم ، مافە سەرەکییەکان ، بەشی یەکەم ، مافەشارستانی و سیاسیەکان ، ماددەی (١٩) کەرامەت و ژیان و ئازادی بەندی سێزدەهەم (پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان – عێراق٢٠٠٩: ١٥) ، ( حکومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتیکردنی تازەپێگەیشتووان و گەنجان و گەشەپێدانی تواناکانیان و پاڵپشتی دەستپێشخەرییەکانیان و دروستکردنی دامودەزگای پێویست بۆ پێگەیاندنیان دەستەبەر دەکات و بواریان بۆ دەرەخسێنێ تا بتوانن شان بەشانی پێشوەچوونە زانستی و تەکنەلۆجییەکانی جیهان برۆن .......) . بڕوانە هەمان ماددە بە عەرەبی ( تكفل حكومة إقليم كوردستان رعاية النشء و الشباب و تنمية ملكاتهم و مؤهلاتهم و تشجيع مبادراتهم و انشاء الؤسسات اللازمة لتأهيلهم و تمكينهم من مسايرة التطورات العلمية و التكنلوجية في العالم ......) (ص ٧٢) ، یان بڕوانە بەشی دووەم مافە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکان ماددەی (٢٧) فێرکردن و خێزان ، بەندی چوارەم ) (حکومەتی هەرێم دامەزراندنی خانەی تایبەتی بۆ سەرپەرشتی و پاراستنی ئەو ژنانە لەئەستۆدەگرێ ، کە

لەبەر چەند هۆیەکی کۆمەڵایەتی ، دڵنەوایی خێزانیان لە دەستداوە .) (سەرچاوەی پێشوو ل٢٣) ، بڕوانە هەمان مادده لە وەرگێرانە عەرەبییەکەی هیچ پێکهاتەیەکی لەشی تێدا نابینیتـەوە : ( تكفل حكومة الإقليم تأسيس دور خاص لرعاية و حماية النساء اللواتي افتقدن الأمان لأسباب اجتماعية .) (ص٧٨) .

٢- هەڵبەست

- لە رۆما

لەم شارەدا ،

هەرلێوێ لێوێك راموسێ

راموسانی من و تۆیە .

هەردەستێ بکرێتە گەردەن

دەستەملانی من و تۆیە . (ل ٤٠، لە رۆما ، بروسکەچاندن ، هەسپم هەورەو رکێفم چیا ) .

- ڤالیا

نەوتەمەنم ، تین و تاوم ،

خوێنی گەرم و ماسولکەی لەش

شیلەی دڵ و پرشەی چاوم

واخەریکی ماڵئاوایین

لەئێسقان و پێستی ماوم ! ( ل ١٠٢ بتی شکاو ، پشت لەنەواو روو لەکرێوە ) .

هەڵەبجە

پێم سەیر نییە ، گەر لێرەو لەوێ

چاوم بەهەندێك بنیادەم کەوێ ،

لەباتی ددان – کەڵبەیان هەبێ

لەباتی نینۆك – ڕنۆکیان هەبێ

ئەوەی پێم سەیرە وەك موعجیزەی خوا

هەڵەبجە خنکێن

دووچاوی هەبێ و بە دوو پێ بڕوا ! ( ل ١٤٤بەرەو زەردەپەڕ ، هەسپم هەورەو رکێفم چیا ) .

٣- دەقی رۆمان

١- ژانی گەل

( شۆڕش نەبێ زوڵم و زۆرو چەوسانەوە بنبڕناکرێن ، لە کوورەی شۆڕشا نەبێ کۆت و زنجیری دەست و مل و مێشکی کۆمەڵانی خەڵك ناکرێنەوە ، شۆڕش ژانی گەلە ، ژانیش ناوی خۆی بەخۆیەوەیە چ هی ژن بێت چ هی گەل ، بۆیە ، شتێکی سەیر نییە کە ژانی گەلێك پڕ دەرد و ئازاروو و ئارەقەو فرمێسك و خوێن بێت ، ئەمە وایە ئایا هیچ گومان لەوەدا هەیە کە هاتنە دونیای نەتەوەیەکی ئازا و سەربەرز ، بەختیار ، ژانێکی لەوەش پڕ ئازارتر و ناخۆشتر ئەهێنێت ! ..... شۆڕشێك کە ئەم ئێش و ئازاروو کوێرەوەری و خوێن و ئارەقەو فرمێسکە بکەوێ لەسەر گەل ، پێویستە گەلیش لەبیبیلەی چاوی باشتر بەرەکەی بپارێزێت ، هەروەك دایکێکی دڵسۆز کزەی جەرگ و بەری ژانەکەی خۆی ئەپارێزێت ! ) (ئیبراهیم ئەحمەد ٢٠١٠:١٦٥،١٦٣) .

٢- **پێشمەرگە**

بروانە وەسفی (مرۆت لەرۆمانی پێشمەرگە) ( مرۆت تازە تەمەنی گەییبووە حەڤدە ساڵی ، باڵای وەك شمشاڵی ، چاوی گەورەو كاڵی برۆ و مژۆڵی وەك تیروكەوانی ، پرچی بریقەدار وەك رەشە ماری ، هەنیەی پان و پۆر وێنەی مانگی بەری بەیانی رەنگی روومەتی كوڵكە زێرینەی پاش بارانی ، لێوی ئاڵو خاڵی رەشی پاسەوانی ، ددانی وەك سەدەفی بەحری عوممانی ، چاڵی چەنەی زیندانی لاوانی ، جووتە هەناری نەگەییو و كاڵی ، قەدی باریك و شووش و نەونەمامی ، مەچەك و پووز و قەلاپەی سپی وەك بەفری پڕلەبازنەو خڕخاڵی ........ مەشرەف خۆش لەبەر دڵان بوو ، هەركەس چاوی پێ بكەوتبایە ، بەبێ ئیختیار سەیری دەكرد ، قامكت لە روومەتی دابایە كانیی خوێنی تێدا هەڵدەقووڵی ......) (رەحیمی قازی ٢٠٠٨:٣٨) .

٣- **ژنێكی منگن**

بروانە ژنێكی منگن (هەر بەخەیاڵ خۆی داوێتە ناو باوەشی ئەومایینە ژنە منگنەی بەردەمی و دەیەوێت لەبەرچاوی ئەو حەشاماتە واخۆی بنوێنێ كە بێباكە ، بەڵام ناتوانێ ، دەست لەكەلەشەكان دەداو رانەكان سەح دەكاتەوە و لە گۆشتی نەرمك دەگەرێ ، پاك و بێدەمار و رێ رێ ..... بێئاگا لە قەنارەو گۆشت كێردەكەی رادەوەشێنێ لە ناكاو كێرد و دەستی دەخاتە ناو هەناوی خوێناوی بەرخێك و بەو نیازەی جەرگو سیپەلاك و دڵ و گورچیلەی دەربێنێ ، مەچەك ئەستوور و تووكن ... نا ... لەبری جەرگ و هەناوی بەرخێك دڵی گامێشێك ، مەرێك ، بەرانێك ،جەرگ و دڵی پارەپارەی خۆی دەبینێ ، دڵی سووتاوی ئەو ژنە منگنەی بەردەمی ... ناو هەناوی كە خوێنێك دەیكولێنێ ....سەرەتا پاك و .... پاشان رەش رەش دادەگەرێت ، وای لە خەیاڵی حەرام زۆر شەیتانی لە جیاتی رانی خوێن تێزاوی بەرخێكی هەڵواسراو ..... ... ، لەبڕی قۆڵی كورتی بزنێكی تیسكن قۆڵ و باسكی لە بازن گیراوی ژنی بەگێك ، میرێك یان مووماندارێك دەبینێ ئەو كاتەی لەژێر جل و برگێكی خوێناویدا قوربانی لەبەر پێی ئەو خانمانە لە زەوی دەداو سەریان دەبرێ ..... ) (شێرزاد حەسەن٢٠٠٦:١٥٥،١٥٤) .

# ئەنجامەكان

١- ناوی پێکهاتەکانی لەش دەچنە خانەی وشە بنەرەتییە چالاکەکان ، و سەر بە کۆمەڵەی کراوەن ، وشەسادەکانیان لە ڕووی واتاوە تاریکن ، ڕەچەڵەکی بەشێکی زۆری وشەکانیان دەچێتە خانەی وشە ئێرانییەکان لە سەردەمی پەهلەویەوە تا ئەمڕۆ بۆنزیکەی زیاتر لە ( ٢٠٠٠ ) ساڵە بەشێکی زۆریان وەکو خۆیان یان کەمێك گۆڕانەوە بەکاردێن ، کە وشە هیندییەکانیان بۆ زۆر دوورتر لەو مێژووە دەگەڕێنەوە ، لەگەڵ بوونی ناوی تازە بۆپێکهاتەکانی لەش کە تەنیا لە فەرهەنگی کوردیدا دەبینرێن .

٢- پێکهاتەکانی لەش لە ڕووی شوێن وبوونەوە دابەشدەبن بەسەر پێکهاتەکانی لەشی بەر جەستەو نابەرجەستە ، و پێکهاتەکانی دەرەوە ،و ناوەوە ، و ناوەند ، و دەنگی ، پێکهاتەکانی سێیەم و چوارەم و نابەرجەستەش بە پێکهاتەی ناوەوە دادەنرێن ، کە نزیکی ، و هاوبەشی ، و جیاوازی زۆر لە ناونانی پێکهاتەکانی لەش لە نێوان زارو شێوە زارەکانی زمانی کوردیدا دەبینرێت .

٣- پێکهاتەکانی لەش ، و ئەو وشانەی بەرهەمیانهێناوە بەر کاریگەری فۆنیمە ناکەرتییەکان ، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی کەوتوون ، و ئەمەش ئاشکرا لەکاتی تۆمارکردنیان لە فەرهەنگە جۆراو جۆرەکان ڕەنگی داوەتەوە .

٤- پێکهاتەکانە لەش ، ئەو وشانەی بەرهەمیانهێناوە ، بوونەتە هۆی دروستبوونی دیاردەکانی لێڵی واتایی ، چەندین پەیوەندی تری جێنشینی و تەکنشینی لە نێوانیاندا هەیە .

٥- زاراوەسازکردن لەڕێگای ناوی پێکهاتەکانی لەشەوە خالێکی گرنگی ترە ، کە بەشێك لە پێکهاتەکانی لەش وەکو خۆیان بوون بە زاراوە ، و لە ڕێگای خستنەکاری سەرجەم ڕێبازەکانی بەرهەمهێنانی فەرهەنگیش دەبێت بە زیاردکردنی ڕێبازەکانی وەرگێران و پێوانە .

٦- خستنە ڕووی ئاماری چوار فەرهەنگ ئە نجامێکی ترە ئەم توێژینەوەیە پێی گەیشتووە ، کە دوو لەو فەرهەنگانە فەرهەنگی گشتین ئەوانیش فەرهەنگەکانی ( کوردستان ، و هەنبانە بۆرینە ) ن . دووانەکەی تر فەرهەنگی تایبە تمەندن ئەوانیش فەرهەنگی ( پزیشکی و ، ئیدیەم ) ن ،بەجۆرێك نزیکەی ( ٦.٩١٨٣٧٥١٪ ) فەرهەنگی کوردستان ، ( ٨.٣٢٨٥٥٤٩٪ ) فەرهەنگی هەنبانە بۆرینەو ، ( ٤٣.٥٣٥١٦٥٪ ) فەرهەنگی ئیدیۆم ، و ( ٤٧.٨٩١٦٧٪ ) فەرهەنگی پزیشکی پێك دەهێنن ( ٧.٥٩٢٧٩٧٨٪ ) دەبێتە ڕێژەی هاوبەش لە نێوان هەردوو فەرهەنگی کوردستان و فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە . دواتر کۆی ئەو پێکهاتانەی لەش کە لە زیاتر لە پە نجا یەکەی فەرهەنگی بە پێی فەرهەنگی کوردستان بەشدارن لە خشتەیەك ، و نەخشەیەکی ڕوونکاری خراونەتە ڕوو .

٧- پێکهاتەکانی لەش لە چەندین بواری ترچالاکن ، وەك لە سوێندخواردن ، و دوعاو سڵاوکردن و ناونان ، کە ئەم ڕۆڵەیان هەرلە ئاستی فەرهەنگ نامێنێتەوە ، بەڵکو لە بواری پەیوەندیی کۆمەڵایەتییدا زۆر بە بڕشتە .

٨- لەبەر ئەوەی زمانی کوردی لە جۆری زمانە نوساوەکانە ، یەکە فەرهەنگییەکانی ئەو زمانانەی لەو جۆرەن ژمارەیەکی یەکجار زۆری وشەکانی لێکدراو و ژمارەیەکی کەمتر وشەی دارێژراو و لەویش کەمتر وشەی سادەمان بەرچاودەکەوێت ، ئەگەر لە وشەکانی هەر فەرهەنگێکی زمانی کوردی بڕوانیین ، ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەکەوێت ، کە ئەمە لەو ئامارانەش دەردەکەوێت کەبۆ پێکهاتەکانی لەش ئە نجام دراون ، ئەگەر لەو یەکە فەرهەنگییە ناسادانەش بڕوانین ، بە ئاشکرا دەبینین کە وشە سادەکانن بە گەلێك جۆر و شێوەی جیاواز بوونە هۆی ڕۆنانی ئەو یەکە ناسادانە . بەشێوەیەکی گشتیش وشە سادەکانی زمان بە بەرهەمی هیچ ڕێگایەکی بەرهەمهێنان دانانرێن ، لێکسیکەکانی پێکهاتەکانی لەش بە ڕێگاو چەشن و تەرزی جۆراوجۆر ڕۆڵی گەورە دەگێرن لە بەرهەمهێنانی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا ، بەشێکی پڕ بایەخ و گر نکی فەرهەنگی کوردی پێکدەهێنێت کە ناتوانین دەستبەرداریان بین ، چونکە هۆکاری بەردەوامە بۆ گەشەکردن و نوێ بوونەوەی زمانی کوردی ،جگە لە وەرگرتن وشە بەرهەماتووەکان بەگۆڕانی شێوە یان نەگۆڕانی شێوەو گۆڕانی واتا کە دووەمیان ئیدیۆمیشی دەچێتە پاڵ بەرهەمهاتوون و دێنەبوون. لەم ڕێگایانەوە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی فەرهەنگی و زیاتر دەوڵەمەندکردنی زمانی کوردی .

# سەرچاوەکان

## بەکوردی

١. ئارا عەلی ئەحمەد (٢٠٠٧) ، کۆتێن واتایا شێوازی بۆ هەڤ واتایا تەواو ، نامەی ماستەر ، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی دهۆک .بڵاوکردنەوەی ، دەزگای سپیریز، چ / ١ (٢٠٠٨) .

٢. ئازاد ئەحمەد حسەین (٢٠٠١) ، ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاری دا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی ، کوردۆلۆجی ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، ژمارە (٣) ،٢٠١٠ .

٣. ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٧٤) ، چی لەبارەی زمانی کوردییەوەنووسراوە ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا .

٤. ...............(١٩٧٥)، وشەی زمانی کوردی ،چاپخانەی کۆری زانیاری کورد – بەغدا .

٥. ...............(١٩٧٦)، زمانی کوردی لەبەر رۆشنایی فۆنەتیکدا ، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا .

٦. ...............(١٩٧٩)، رێزمانی کوردی ،بەرگی یەکەم ،(مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم ، ناو، چاپخانەی کۆری زانیاری کورد، بەغدا

٧. ............... (١٩٨٦) ، نووسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی ، لەچاپکراوەکانی ئەمینداریێتی گشتی رۆشنبیری و لاوانی ناوچەی کوردستان ، چاپخانەی (علاء) بەغدا .

٨. ...............(١٩٨٧)، وشە رۆنان لە زمانی کوردیدا ، چاپی دووەم ، لەچاپکراوەکانی کۆری زانیاری کورد . چاپی یەکەم ١٩٧٧ .

٩. ............... (١٤١٢ك ـ ١٩٩٢ ز)، رێزمانی کوردی ،بەرگی یەکەم ،(وشەسازی) ، بەشی سێیەم ، ئاوەڵناو ، لەبڵاوکراوەکانی کۆری زانیاری عیراق ـ دەستەی کورد ، بەغدا .

١٠. ............... (١٩٩٨)، رێزمانی کوردی ،بەرگی یەکەم ،(وشەسازی) ، بەشی چوارەم، ژمارە و ئاوەڵکردار ، دەزگای رۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغدا .

١١. ...............-ا-٢٠٠٠)،رێزمانی کوردی،بەرگی یەکەم،(وشەسازی)،بەشی پێنجەم،کردار،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی .

١٢. ............... (٢٠٠٠-ب-)، دیاردەکانی دەنگی ( د ) لە شێوەی سلێمانیدا ، بەغدا .

١٣. بەکر عومەر عەلی (٢٠٠٠) ، میتافۆر لە روانگەی زمانەوانییەوە ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی .

١٤. بێستوون حەسەن ئەحمەد (٢٠١٢) ، کۆمەڵە وشەو پێکەوە هاتن لە زمانی کوردیدا ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان ، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی .

١٥. تابان محمد سەعید حەسەن(٢٠٠٨)،گەشەسەندن و پووکانەوەی گە نجینەی وشە لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،زانکۆی سلێمانی .

١٦. تالیب حوسێن عەلی (١٩٨٩) ، فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئاسانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین .

١٧. دولبەر ئیبراهیم فەرەج شالی (٢٠٠٠) ، یاسا دەنگییەکانی زمانی کوردی ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سلێمانی .

١٨. رحمان ئیسماعیل حسن (٢٠٠٥) ، جێگۆرکێی دەنگەکان و چەند یاسایەکی فۆنۆلۆجی لە کوردیدا ، گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتیەکان ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر- ژمارە (٢٤) لا ٢٥٣ تا ٢٧٧ .

١٩. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (٢٠٠٧)،شێوازی دوعاکردن لە زمانی کوردیدا،گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی/ زانکۆی سەلاحەددین ژ/٣٢.

٢٠. ............... – شلێر رەسول محمد (٢٠٠٧) ، سوێند خواردن لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانستی مرۆڤایەتی،ژمارە (٣٥) .

٢١. سادق بەهائەددین ئامێدی (١٩٨٧) ، رێزمانا کوردی ، چ / ١ .

٢٢. سازان زاهیر سەعید (٢٠٠٩) ، پیزی مۆرفیمە دارێژەکانی بچووککردنەوە ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان زانکۆی سلێمانی .

٢٣. سەباح رەشید قادر (٢٠٠٠) ، هاوبێژی و فرە واتایی لە گیرەکدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی .

٢٤. شاخەوان جەلال فەرەج (٢٠١١) ، تابۆ وەك نموونەیەکی پەیوەندی نێوان زمان و کلتوور ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سلێمانی .

٢٥. شیلان عومەر حسەین ( ٢٠٠٩ ) ، ئیدیۆم چەشن و پێکهاتەکانی لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، چاپخانەی رەنج / سلێمانی .

٢٦. شێروان حوسێن خۆشناو( ٢٠١٠ ) ، تێروانینێکی نویٚ بۆ سینۆنیم لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر ، کۆلێژی زمان ، زانکۆی سلێمانی – بڵاوکردنەوەی ،بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی ( ٢٠١١ ) .

٢٧. عەبدولسلام نەجمەددین ( ٢٠٠٧ ) ، شیکردنەوەی دەقی شیعری لە ڕووی زمانەوانییەوە ، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زمان ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر .

٢٨. عەبدوڵڵا عەزیز محمد ( ١٩٩٠ ) ،گۆڕانی واتای وشە لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ،کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.

٢٩. عەبدوڵڵا عەزیز محمد بابان ( ٢٠٠٥ ) ، هایپۆنیم و هەندیٚ پەیوەندی واتایی لە زمانی کوردیدا ، نامەی دوکتۆرا ،کۆلێژی زمان - زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر .

٣٠. عەبدولواحید موشیر دزەیی ( ٢٠٠٥ ) ڕەهەندی دەروونی لە بواری ڕاگەیاندندا ، چ١ ، چاپخانەی شەهاب ، هەولێر .

٣١. ........................ ( ٢٠١٠ ) ، واتاسازی وشە و ڕستە ،چ/١ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر.

٣٢. ........................ ( ٢٠١٢ ) ، وشەسازی زمانی کوردی ، چ/١ ، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر ، هەولێر .

٣٣. ........................ ( ٢٠١٣ )، لێکسیکۆلۆجی ،چ /١ ، چاپخانەی ماردین هەولێر.

٣٤. عەبدولوەهاب خالید موسا ( ٢٠٠٩ ) ، هێز و ئاوازە لە دیالێکتی کوردی ژووروودا ،نامەی دکتۆرا ، کۆلێژی زمان زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر ، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی .

٣٥. عەزیز گەردی ( ١٩٧٢ ) ، ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا ، بەرگی یەکەم ، ڕوونبێژی .

٣٦. عومەر ئەحمەد عەبدولرحمان ( ٢٠٠٩ ) ، فرێزی بەند لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین .

٣٧. غازی فاتح وەیس ( ١٩٨٤ ) ، فۆنەتیك ، چاپخانەی ئەدیب ، بەغدا .

٣٨. فاروق عومەر سدیق ( ٢٠١١ ) ، لەدایکبوونی وشە ، چ/١ ، چاپخانەی شڤان – سلێمانی .

٣٩. فەتاح مامە علی ( ١٩٨٩ ) ، هاودەنگ لە زمانی کوردیدا ، نامەی ماستەر ، کۆلێژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر .

٤٠. ........................ ( ٢٠٠٧ ) ، لەبارەی زمانەوانییەوە ، کۆلێژی پەروەردەی بنیات ، زانکۆی سەلاحەددین – هەولێر .

٤١. کامل حەسەن بەسیر ( ١٩٧٩ ) ، زاراوەی کوردی ، لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن ،چاپخانەی زانکۆی سلێمانی .

٤٢. ........................ ( ١٩٨١ ) ، زانستی ئاوەڵواتا، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق – دەستەی کورد .

٤٣. کەمال جەلال غەریب ( ٢٠١٢ ) ، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس – هەولێر .

٤٤. کوردستان موکریانی ( ٢٠٠٨ ) ، سەردەمانی زمانی کوردی و کۆمەڵەی زمانانی ئێرانی ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی ئاراس – هەولێر .

٤٥. مەسعود محمد ( ٢٠١١ ) ، زاراوەسازی پێوانە ، چاپی دووەم ، چاپخانەی ئاراس – هەولێر .

٤٦. محمد عمر عەول ( ٢٠٠١ ) ، دابەشبوونی کرداری لێکدراو لە ڕووی دارشتن و ئەرکەوە ، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ، کوردۆلۆجی ، گۆڤاری مەڵبەندی کوردۆلۆجی ، ژمارە ( ٣ ) ( ٢٠١٠ ) .

٤٧. محمد معروف فتاح ( ٢٠١٠ ) ، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان ،چاپخانەی ڕۆژهەڵات هەولێر ، چ/١.

٤٨. ........................ ( ٢٠١١ ) ، زمانەوانی، چاپخانەی حاجی هاشم بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی،ژمارە ( ١٢٤ ) ، چ / ٣ .

٤٩. ............... ، سەباح ڕەشید قادر ( ٢٠٠٦ ) ، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی ،چاپخانەی ڕوون ، سلێمانی .

٥٠. نەرمین عومەر ئەحمەد ( ٢٠١٠ ) ، بە بەرهەمی لە مۆرفۆلۆجی کوردیدا ، نامەی ماستەر زانکۆی سلێمانی .

٥١. نەسرین فەخری ( ١٩٨٢ ) پێشەکی چۆن بنووسین ، لە دەنگەوە بۆ وشە تا ڕستە ، چاپخانەی کۆری زانیاری عیراق / بەغدا .

٥٢. ............... (١٩٨٥) ، لێکۆلینەوەیێك دەربارەی جێگۆرکێ و هەلگێرانەوە و گۆرینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا . گۆڤاری کۆری زانیاری عیراق ، بەرگی سیازدەهەم .
٥٣. ه.ج.ویدۆوسن (٢٠٠٨) ، سەرەتایەك بۆ زمانەوانی ، وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە ، هۆشەنگ فاروق ، چ/ ١ ، دەزگای موکریانی .
٥٤. هودا عەبدولقادر قاسم (٢٠٠٨) ، دژواتا د زمانێ کوردیدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی دهۆك .
٥٥. یوسف شریف سعید (١٩٩٨)، کاری لێکدراو لە کوردی و فارسیدا ، نامەی دکتۆرا ، کۆلیژی ئاداب ، زانکۆی سەلاحەددین / هەولێر.
٥٦. ....................(٢٠١١) ، زمانەوانی، چ/ ١،لە بلاوکراوەکانی رێکخراوی زماننـاسی ژمارە (٥) ، چاپخانەی رۆژهەلات / هەولێر .

فەرهەنگ

٥٧. ئەورەحمان عەبدوللا (٢٠١٠) ، فەرهەنگی پزیشکی (ئینگلیزی – عەرەبی – کوردی) ، چ / ٣ ، چاپخانەی ئاراس ، هەولێر .
٥٨. بەدران ئەحمەد حەبیب (٢٠٠٢) ،فەرهەنگی زاراوە ،چاپی یەکەم ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستان .
٥٩. جەلال مەحمود عەلی سوبحانی (٢٠١٢) ، ئیدیۆم لە زمانی کوردیدا ، بەرێوەبەرێتی چاپ و بلاوکردنەوەی سلێمانی .
٦٠. حەمە کەریم عارف،فەرهەنگی گۆڤەند و زنار (فارسی- کوردی)، (ا – س ) چ / ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە- هەولێر/٢٠٠٦ .
٦١. .............. ، فەرهەنگی گۆڤەند و زنار (فارسی - کوردی ) (ش – ی ) چ/ ١ ،دەزگای توێژینەوە و بلاوکردنەوەی موکریانی – چاپخانەی خانی – دهۆك ٢٠٠٧ .
٦٢. حسن عمید ، فرهنگ عمید ، شامل واژەهای و لغات عربی و اوروپای مصطلح در زبان فارسی و اصطلاحات علمی و ادبی ، مؤسسة إنتشارات أمیر كبیر ، تهران ١٣٧٩ . جلد اول .
٦٣. ........... ، فرهنگ عمید ، شامل واژەهای و لغات عربی و اورثـای مصطلح در زبان فارسی و اصطلاحات علمی و ادبی ، مؤسسه إنتشارات أمیر كبیر ، تهران ١٣٧٩ . جلد دوم .
٦٤. شاکر عودیش خۆشناو (٢٠١٠) ، ناوی دەنگەکانی زمانی کوردی ، فەرهەنگۆکی دەنگ ، بەرێوەبەرایەتی بلاوکردنەوەی هەولێر .
٦٥. طارق الناصري (١٩٧٦) ،معجم المصطلحات الرياضية و الكشفية ، انكليزي – عربي ، الجزء الاول ، منشورات معهد التطوير اللغة الانكليزية في العراق ، مراجعة : خليل الحماش .
٦٦. عاصی فاتح وەیس (٢٠١٠) ، فەرهەنگی زاراوە وەرزشیەکان ،لە بلاوکراوەکانی یەکێتی ژنانی کوردستان ، زنجیرە (٤٧) ، چ /١ .
٦٧. عبدالرحمن شرفكندی (هەژار) (١٣٨١) ، فەرهەنگی هەنبانە بۆرینە ، (کوردی – کوردی – فارسی ) ، مجتمع فرهنگی سروش،تهران .
٦٨. فەرهەنگی تەکنەلۆژیای زانیاری (٢٠١٠) ، ئینگلیزی - کوردی ، زانستپەروەرانی کورد ، چ/ ١ پێداچوونەوەو هەلسەنگاندنی ئەکادیمیای کوردی ، چاپخانەی حاجی هاشم .
٦٩. گیوی موکریانی (١٩٩٩) ، فەرهەنگی کوردستان ، (کوردی – کوردی ) ، چاپی یەکەم دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس .

بە عەرەبی

٧٠. إبراهيم أنيس (١٩٦٣) ، دلالة الالفاظ ، ط/٢، مكتبة الا نجلوا المصرية .
٧١. ............. (١٩٧٩) ، الاصوات اللغوية ، مكتبة نهضة مصر .
٧٢. أحمد مختار عمر ( ١٩٩٧) ، دراسة الصوت اللغوي ، عالم الكتب ، القاهرة .
٧٣. ............... ( ١٩٩٨) ، علم الدلالة ، ط / ٥ ، عالم الكتب ، القاهرة .
٧٤. جان بريفو ، جانفرانسوا سابليرول (٢٠١٠) ، المولّد (دراسة في بناء الألفاظ)، ترجمة ، خالد جهيمة ، مراجعة ، د . حسن حمزة ، المنظمة العربية للترجمة ،ط / ١ ، بيروت .
٧٥. جون لاينز (١٩٦٨) ،علم الدلالة ،مقدمة في علم اللغة النظرى ، ترجمة(١٩٨٠)، مجيد عبدالحليم الماشطة ،حليم حسين فالح ،كاظم حسين باقر، كلية الآداب – جامعة البصرة .

٧٦. جون لوينز (٢٠٠٩) ، اللغة و اللغويات ، ترجمة ، محمد العناني ، ط / ١ ، دار جرير.
٧٧. حسن حمائز (٢٠١٢) ،التنظير المعجمى و التنمية المعجمية ، ط / ١ ، عالم الكتب الحديث ، اربد – الأردن .
٧٨. سالم سليمان خماش (١٤٢٨)، المعجم و علم الدلالة ،جامعة ملك عبدالعزيز، بجدة،كلية الاداب ، قسم اللغة العربية.
٧٩. ستيفن أولمان (١٩٩٧) ، دور الكلمة في اللغة ، ترجمة : كمال بشر الطبعة الثانية عشرة، دار غريب ، القاهرة .
٨٠. شحدة فارع ، موسى عمايرة، جهاد حمدان ، محمد العناني (٢٠٠٣)، مقدمة للغويات المعاصرة ، دار وائل للنشر ، الطبعة الثانية .
٨١. عبد السلام المسدي (١٩٨٢) الاسلوبية و الاسلوب ، طبعة ثالثة ،الدار العربية للكتاب .
٨٢. علي زوين (١٩٨٦) ، منهج البحث اللغوى ، بين التراث وعلم اللغة الحديث ،دار الشؤون الثقافية العامة ، ط / ١ ، بغداد .( لايدة ) .
٨٣. ف . بالمر (١٩٨١) علم الدلالة ، ترجمة ، مجيد عبد الحليم الماشطة ،كلية آداب – جامعة المستنصرية ، ١٩٨٥.
٨٤. محمد حسن عبدالعزيز (١٩٩٦) ، مدخل الى اللغة ، دارالكتاب الجامعي للنشر و التوزيع ، الطبعة الثالثة ،الكويت .
٨٥. محمد علي الخولي (١٩٨٢) ، معجم علم اللغة النظري، مكتبة لبنان ، بيروت .
٨٦. محمد محمد يونس علي (٢٠٠٧) ، المعنى و ظلال المعنى ، طبعة مزيدة و منقعة ، دارالمدار الاسلامي .
٨٧. محمود السعران (١٩٩٩) ،علم اللغة ، مقدمة للقارىء العربي ، دار الفكر العربي ، القاهرة .
٨٨. مسعود الصحراوي (٢٠٠٥) ، التداولية عندالعلماء العرب ، دار الطليعة بيروت – لبنان ، ط / ١ .
٨٩. منقور عبدالجليل (٢٠٠١) ، علم الدلالة ،من منشورات اتحاد الكتاب العرب ، دمشق .
٩٠. نور الهدى لوشن (٢٠٠٦) ، مباحث في علم اللغة ومناهج البحث اللغوي ، المكتب الجامعى الحديث .

## سەرچاوەی نموونەکان

٩١. پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان/ عێراق (٢٠٠٩) ، کە لە رۆژی ٢٠٠٩/٦/٢٤ پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کردووە ، مطبعة حاجی هاشم / اربیل .
٩٢. ئیبراهیم ئەحمەد (٢٠١٠) ، ژانی گەل ، چاپخانەی ئاراس / هەولێر – کوردستان ، چ / ٥ .
٩٣. دیوانی مەحوی (١٣٩١) ، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی مەلا عەبدولکەریمی مودەرریس ، بلاوکراوەی کوردستان ، چ /٧ .
٩٤. رەحیمی قازی (٢٠٠٨) ، پێشمەرگە ، چاپخانەی ئاراس / هەولێر – کوردستان ، چ/٣ .
٩٥. شێرزاد حەسەن (٢٠٠٦) ، خەونی جالجالۆکەکان ،و ژنێکی منگن ،چاپخانەی رەنج ، چ / ١ .
٩٦. عەبدوللا پەشێو (٢٠٠٦) ، ( پشت لە نەواو ، و روو لە کرێوە )، و ( هەسپم هەورەو رکێفم چیا ) ، چ /١.

## ئینتەرنێت

٩٧. تشريح الإنسان من ويكيبيديا، الموسوعة الحرة .

## بە ئینگلیزی

٩٧.Bauer , L (١٩٨٣) , English Word – Formation , Cambridge University Press .
٩٨.Crystal , D (٢٠٠٣) ,a dictionary of linguistics & phonetics , fifth edition , Blackwell publishing
٩٩.Fromkin. v, Rodman . R , Hymas . n (٢٠٠٢), an introduction to language , seventh edition.
١٠٠.Katamba . f , stonham .j (٢٠٠٦) , morphology , second edition .
١٠١.Plag , I (٢٠٠٢) , Word-formation in English , in press, Cambridge University Press .
١٠٢.Yule , g (٢٠٠٦) : The study of language ,third edition Cambridge University Press .

إقليم كوردستان ـ العراق
وزارة التعليم العالي و البحث العلمي
جامعة صلاح الدين ـ أربيل

# مكونات الجسم في التوليد المعجمي

رسالة
مقدمة إلى مجلس كلية اللغات – جامعة صلاح الدين – أربيل
كجزء من متطلبات نيل شهادة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل
**هلمت سردار عمر – بكالوريوس جامعة صلاح الدين - ٢٠٠٧**

بإشراف
**ب . د . يوسف شريف سعيد**

جوزردان ٢٧٣٣ كوردي رجب ١٤٣٤ هجري حزيران ٢٠١٣ ميلادي

## ملخص الرسالة


هذه الرسالة الموسومة (مكونات الجسم في التوليد المعجمي) تهتم بدراسة هذه المكونات ودورها في التوليد المعجمي فى اللغة الكردية ، تتضمن الرسالة ثلاثة فصول اضافة الى المقدمة و الاستنتاج .

### الفصل الاول

المعنون (وحدات المعجمية للجسم ، و تصنيف المكونات) ،يتناول هذا الفصل دراسة هذه الوحدات الليكسيكية ، في جوانب مختلفة ، كـ (الرجوع الى تاريخ إستعمال هذه الكلمات ، و حسب الإنتماء الى مجموعات المفتوحة ، و المغلقة ، أو الكلمات الأساسية أو العامة ، و مفهوم هذه مكونات ، ....) ، بعد ذلك تم إنشاء معجم لمكونات الجسم و تصنيفها على وفق المكان و الوجود مع استعراض أسماء المكونات حسب استعمال كل مفردة في لهجات اللغة الكردية .

### الفصل الثاني

في هذا الفصل تناولنا (مكونات الجسم و مستويات اللغة) ،مع الاهتمام بالمستويات التى لها علاقة بالوحدات المعجمية ، في مستوى الصوتى تم عرض أثر الأصوات الفوقطعية كـ (النبر) ، و القواعد الفونولوجية كـ (المماثلة ، التصحيف ، ظهور الصوت ، المخالفة ، و الإبدال ، قلب المكان ، انسجام الصوت و عدمه ) ، وفي المستوى الصرفي قمنا بدراسة أسماء مكونات الجسم من منظور مختلفة ، و جرى الحديث على الغموض الإفرادى ، و علاقات العمودية و الافقية في المستوى الدلالي .

### الفصل الثالث

المتضمن (معجمات مكونات الجسم في التوليد المعجمي حسب تصنيف جان تورنية ) ، الذى إعتمدتها الرسالة كوسيلة في التوليد المعجمي المنتمي الى نظام اللغة نفسها كـ (التوليد الشكلى (الصيغة الجديدة) ، و التوليد الدلالي (المعنى جديد ) حيث يتضمنان عدة مجموعات ، و ينقسم كل واحدة منها إلى مجموعات أصغر ، و وسيلة التوليد الخارجية (الاقتراض) . في النهاية استعرضنا الاحصاءات لأربعة المعاجم ، و إظهار كل مكون حسب معجم كوردستان بخطوط بيانية ، بعدها تم توضيح بإختصار دور هذه المكونات في بناء المصطلح ، و القَسَم ، و الدعاء ، و التسمية ، وتدعيماً للرسالة تم أخذ ثلاثة نصوص مختلفة كفضاء إجرائى لإظهار مدى فاعليتها خارج المعجم ، لدعم الرسالة كل هذا تحت مسمى بعض الانشطة الاخرى لهذه المكونات .

وفي النهاية عرضنا أهم النتائج التى توصلنا اليها ، إختتم البحث بتثبيت أهم المصادر و المراجع المستخدمة

# Abstract

This study entitled " **The parts of body in creating lexical items**" it is synchronic study, shows the roles of human body in creating lexical items .It consists of introduction to show the reason behind doing the study, and shows the methods which have been taken to do the study and consists of three chapters :

**Chapter one:**

" Body lexicons , the classification of then parts " it was attempted to see the words in a lexical unit and in different views, like the original of the word and the history of using the words generally and specifically, also it was compared with the names of the parts of other animates in the ways of activeness and inactiveness, and clarity and unclarity of the terms and the words, after that, the classification of lexical have been done according to the places and their existence, and showing the accurate names of these parts according to the places and the different Kurdish Dialects.

**Chapter Two:**

IS entitled " Parts of body and language levels" In this chapter, these levels have been taken into consideration which have related to the parts of dictionary and they find themselves in sound lexical and meaning . which are sounds, lexical. Regarding sounds, unsegment phones and the sound system have been clarified. Concerning lexicology, like nouns regarding (content, strecture) . Regarding meaning, under the title " semantic parts of body in regards of ambiguity of lexicons and in shown the relation of paradigmatic and syntagmatic .

**Chapter Three :**

" Part of body's Lexical in producing dictionary according to "Jean Tournier " 's division " .The ways in Kurdish language which have role in producing dictionary are clarified in support of parts of body, which was divided into the tongue and reception way, the former divided into two parts, changing in shape, change in meaning, and each of them have several subways, and both the main ways are standing against each other. At the end of this chapter, the statics of four dictionaries with full details of maps are shed light on, after that their roles in talking, swearing, making supplications and naming . As support to the thesis, three different texts have been taken to show the effectiveness of these parts outside of dictionary.

**Finally,** it can be realized that parts of body has great role in making lexical items.

Kurdistan Region - Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University - Erbil

# The Parts Of Body In Creating Lexical Items

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Language - Salahaddin University - Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements For the Degree of Master in Kurdish Language

By
**Halmat sardar omar** B.A. University of Salahaddin - ٢٠٠٧

Supervised by
**Pro . Dr. Yousif shareef Saeed**

June ٢٠١٣ A.D.   Rajab١٤٣٤ Al-H.   Jozardan ٢٧١٣ K.